**هەرێمی کوردستان / عێراق**

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**بەشی راگەیاندن-تەلەڤزیۆن**


# ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی

(ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە نموونە)

**نامەیەکە خوێندکار**

**کاروخ نامیق رضا**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی راگەیاندن-تەلەڤزیۆن.

**بەسەرپەرشتی**

**پ.د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا**

**٢٧٢٢ ک** **١٤٤٤ هـ** **٢٠٢٢ ز**

بِسْمِ اللَّــهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

# وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ

صدق الله العظيم

سورة القصص الاية (٧٧)

# ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (کاروخ نامیق رضا) بە ناونیشانی (ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی تەلەڤزیۆنە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی)، بەچاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن - تەلەڤزیۆن)، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ڕێکەوت: ١٤ / ٨ / ٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: د. سەلام نەسرەدین محەمەد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

سەرۆکی بەشی (ڕاگەیاندن)

ڕێکەوت: ١٤ / ٨ / ٢٠٢٢

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (کاروخ نامیق رضا)مان بە ناونیشانی (ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (                    ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (ڕاگەیاندن- تەلەڤزیۆن) پێبدرێت.

واژۆ:

ناو: د. ابتسام اسماعيل قادر

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: د. رضوان خضر على

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندامی لیژنە

ڕێکەوت: ٩، / ١١ / ٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: م. هەردەوان محمود کاکە شێخ

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندامی لیژنە

ڕێکەوت: ٩، / ١١ / ٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: د. ابراهيم سعيد فتح الله

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێکەوت: ١٠ / ١١ / ٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی - پەسەند کرا.

واژۆ:

ناو: پ.د. ابتسام اسماعيل قادر

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

ڕێکەوت: ٩ / ١ / ٢٠٢٣

**پێشکەشە بە:**

**باوکم...**

نامیق رەزا، ئەو کەسەی بەرلەوەی بانگی بکەم بابە، "ئەنفال" لە یەکی کردیین.

**دایکم...**

شیرین سابیر، ئەو ژنە مەزنەی نەیهێشت لە سۆزی دایک و باوک بێ بەشبین.

**برا و خوشکەکانم...**

کە هەمیشە بە سەرکەوتنی من لە قۆناغەکانی خوێندندا، دڵخۆشبوون.

**هاوسەر و جگەرگۆشەکانم...**

کە نووسینی ئەم نامەیە بەشێکی لەسەر حیسابی ژیان و کاتەکانی ئەوان بووە.

**بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی...**

کە یەکەم هەنگاوەکانی ژیانی پیشەیی و ئەکادیمییم لە بواری راگەیاندندا تیایدا دەستپێکرد.

**ئەو رۆژنامەنووسانەی...**

لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییدا، گیانی خۆیان بەخشی.

**کاروخ**

**سوپاس و پێزانین...**

- سوپاسی (پ.د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا) دەکەم کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەیەی لە ئەستۆ گرت و هاوکاریی زۆری کردم.

- سوپاسی سەرۆکایەتی بەشی راگەیاندن و راگرایەتی کۆلێج و یەکەی خوێندنی باڵا دەکەم کە لە ماوەی خوێندنی ماستەردا هاوکاربوون لە رایکردنی کاروبارەکانی خوێندن.

- سوپاسی هەردوو پەرلەمانتار (ئاشنا عەبدوڵا و دیاری ئەنوەر) دەکەم کە لە سەردانیکردنم بۆ پەرلەمانی کوردستان لە شاری هەولێر، ئاسانکاریی زۆریان بۆ کردم و هاوکارییان کردم لە دابەشکردنی فۆڕمی پێوانەیی توێژینەوەکە بەسەر پەرلەمانتاراندا.

- سوپاسی هاوڕێیانی ئازیز (دانا ساڵح، نەوشیروان فەرەج، سۆران رەشید، یاسین تەها، هاوبەش ئەبوبەکر، شەیدا ئەڵاکەرەم، کاردۆ عەبدولڕەحمان، هونەر ئیحسان، ئەیوب ساڵح، ئاکام نەجات) دەکەم کە هاوکارییان کردم لە رووی پێدانی سەرچاوە، وەرگێڕان، بە دەستهێنانی ماددەکانی شیکاریی ناوەڕۆک، ئەنجامدانی راپرسی توێژینەوەکە، رێکخستنی چاوپێکەوتنەکانی توێژینەوەکە.

- سوپاسی م. جەمیل عەلی شارەزای زانستی ئابووری و کارگێریی دەکەم کە زۆر سودمەند بووم لە سەرەنج و تێبینییەکانی سەبارەت بە لایەنی ئابووری توێژینەوەکە، هەروەها ئەرکی وەرگێڕانی پوختەی توێژینەوەکەی بۆ هەردوو زمانی ئینگلیزیی و عەرەبی لە ئەستۆگرت.

- سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانەش دەکەم، کە هاوکارییان کردووم و لێرەدا بیرم چووە ئاماژە بە ناوەکانیان بدەم.

**توێژەر**

**پوختەی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتارانە بە هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، لەگەڵ خستنەڕووی لێکەوتەی هەواڵەکان لەسەر ئاستەکانی زانیاریی و ویژدانیی و ڕەفتاریی لەسەر پەرلەمانتاران؛ هەروەها دیاریکردنی ئەو کەناڵە هەواڵییانەی کە زۆرترین ڕووماڵی هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایان کردووە و لەو ڕێگەیەشەوە ئاشنابوون بە دیارترین ئەو فۆرمە هونەرییانەی، کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، لە ڕووماڵکردنی هەواڵەکانی گەندەڵیی داراییدا پەنایان بۆی بردووە.

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر جۆری وەسفی گرتووەتە بەر، بۆ بەرجەستەکردنی لایەنی پراکتیکییەکەشی، پشتی بە هەردوو شێوازی شیکاری ناوەڕۆک و ڕووپێوی بەستووە؛ کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: زانینی ئاستی پشتبەستنی ناوەندە چاودێرییەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت پەرلەمانتاران، بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.

کۆمەڵگە و سامپڵی ئەم توێژینەوەیە بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێت: کۆمەڵگەی لایەنی شیکاریی بریتییە لە سەرجەم گەشتی هەواڵەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا و کۆمەڵگەی لایەنی ڕووپێویی بریتییە لە سەرجەم ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان؛ سامپڵی لایەنی شیکاریی سامپڵێکی هەڕەمەکی بازنەییە، مانگێکی دەستکرد (الشهر الاصطناعي) لە گەشتی هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی (کوردستان تیڤی، گەلی کوردستان، سپێدە، ئێن ئاڕ تی، ڕووداو و کوردسات نیوز) وەرگیراوە لە مانگەکانی (تەموز، ئاب و ئەیلول)ـی ساڵی ٢٠٢٠، سامپڵی لایەنی ڕووپێویی بەشێوەی گەمارۆدانی گشتگیر (حصر شامل) سەرجەم ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨- ) وەرگیراون کە ژمارەیان ١١١ کەسە.

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتین لە:

- پەرلەمانتاران تا رادەیەکی باش، پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستن لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.

- هەندێک لە پەرلەمانتاران تێبینییان لەسەر ئەو هەواڵانە هەیە کە وایکردووە پشتی پێ نەبەستن، دیارترین ئەو تێبینیانە ئەوەیە، متمانەیان بەو زانیارییانە نییە کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەوبارەیەوە بڵاویدەکەنەوە.

- پەرلەمانتاران هەندێکجار وەکو سەرچاوەی زانیاریی پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستن لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.

- جیاوازییەکانی وەکو ڕەگەز و تەمەن، هیچ جیاوازییەکی دروست نەکردووە لە پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا.

- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی وەکو "ئێن ئاڕ تی" و "سپێدە" کە لە لایەن حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە پاڵپشتی دەکرێن، زۆرترین ژمارەی هەواڵی گەندەڵیی داراییان بڵاوکردووەتەوە.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا چەند پێشنیازێکی خستووەتەڕوو:

- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە کاتی رووماڵکردنی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە گەندەڵیی دارایی، گرنگیی بە راستیی و دروستیی زانیاریی و بەڵگەنامەکان بدەن و لە زانیارییەکان دڵنیاببنەوە.

- کارکردن لەسەر دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی، بە ئامانجی وروژاندنی هەست و سۆزی وەرگر نەبێت و نەکرێتە بەشێک لە کەرستەکانی ململانێ، بەڵکو ئامانجەکە هەستکردن بێت بە بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانیی.

- ناوەندە چاودێرییەکان، میدیا و کەناڵە کەناڵەکان وەکو ئامرازێکی سەرەکی لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا تەماشا بکەن، چونکە رۆڵی گرنگیان هەیە لە گەیاندنی زانیارییەکان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک.

## پێرستی ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەتەکان |
| --- | --- |
| أ | قورئانی پیرۆز |
| ب | ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| ج | ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ |
| د | پێشکەش |
| هـ | سوپاس و پێزانین |
| و-ز | پوختەی توێژینەوە |
| ح-ط | پێرستی ناوەڕۆک |
| ي | پێرستی خشتەکان |
| ١-٢ | پێشەکی |
| **٣-٢٣** | **بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە (میتۆدنـامە)** |
| ٤ | کێشەی توێژینەوە |
| ٤-٥ | گرنگیی توێژینەوە |
| ٥ | ئامانجی توێژینەوە |
| ٥-٦ | سنوری توێژینەوە |
| ٦ | جۆر و ڕێبازی توێژینەوە |
| ٦-٧ | کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە |
| ٧-٩ | ئامرازەکانی توێژینەوە |
| ٩-١٠ | دروستی |
| ١٠-١١ | جێگیریی |
| ١١ | چارەسەرە ئامارییە بەکارهاتووەکان |
| ١١-١٢ | دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوە |
| ١٢-١٣ | تیۆری بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا |
| ١٣-٢١ | توێژینەوەکانی پێشوو |
| ٢١-٢٣ | سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو |
| **٢٤-٧٨** | **بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوە (هەواڵی تەلەڤزیۆنی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی)** |
| **٢٥-٣٦** | **باسی یەکەم: هەواڵی تەلەڤزیۆنی و ئەرکی چاودێری لە میدیادا** |
| ٢٥-٢٨ | یەکەم / تەلەڤزیۆن، تایبەتمەندی و ئەرک |
| ٢٩-٣١ | دووەم / ئەرکی چاودێری لە میدیادا |
| ٣٢-٣٦ | سێیەم / فۆرمە هونەرییەکانی تەلەڤزیۆن لە گەیاندنی ئەرکی چاودێریدا |
| **٣٧-٦٤** | **باسی دووەم: گەندەڵیی دارایی و مەترسییەکانی لەسەر کۆمەڵگە** |
| ٣٩-٤١ | یەکەم / پێناسەی گەندەڵیی و دیارترین تایبەتمەندییەکانی |
| ٤٢-٤٤ | دووەم / جۆرەکانی گەندەڵیی |
| ٤٤-٤٥ | سێیەم / گەندەڵیی دارایی |
| ٤٥-٤٨ | چوارەم / شێوازەکانی گەندەڵیی دارایی |
| ٤٨-٥١ | پێنجەم / هۆکارەکانی گەندەڵیی دارایی |
| ٥١-٥٣ | شەشەم / کاریگەرییەکانی گەندەڵیی دارایی |
| ٥٣-٥٥ | حەوتەم / بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی |
| ٥٥-٥٧ | هەشتەم / گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا |
| ٥٧-٥٩ | نۆیەم / قەبارە و بارودۆخی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا |

| | |
|---|---|
| ٦٤-٥٩ | دەیەم / بوارەکانی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا |
| **٧٨-٦٥** | **باسی سێیەم: کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی** |
| ٦٨-٦٦ | یەکەم / کورتەیەک دەربارەی تەلەڤزیۆنیی کوردیی و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان |
| ٦٩-٦٨ | دووەم / کورتەیەک دەربارەی کەناڵی هەواڵیی |
| ٧٨-٦٩ | سێیەم / ڕووماڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە بەرامبەر پرسی گەندەڵیی داراییدا |
| **١٢٣-٧٩** | **بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوە (ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا)** |
| **٩٨-٨٠** | **یەکەم: شیکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە گەندەڵیی دارایی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا** |
| ٨١-٨٠ | یەکەم / هەنگاوەکانی دروستکردنی فۆڕمی شیکاری |
| ٨٣-٨١ | دووەم / پێناسەکردنی دەستەکانی توێژینەوە |
| ٩٨-٨٣ | سێیەم / شیکردنەوەی دەستەکانی توێژینەوە |
| **١٢٣-٩٩** | **دووەم: ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا** |
| ١٠٢-٩٩ | یەکەم / خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی لێتوێژەران |
| ١١٩-١٠٢ | دووەم / خستنەڕووی ئەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپرسی |
| ١٢١-١٢٠ | دەرئەنجامەکان |
| ١٢٣-١٢٢ | پێشنیازەکان |
| ١٢٣ | ڕاسپاردەکان |
| ١٣١-١٢٤ | سەرچاوەکان |
| ١٤٢-١٣٢ | پاشکۆکان |
| ١٤٤ | ملخص البحث |
| ١٤٥-١٤٦ | Abstract |

## پێرستی خشتەکان


| ژ | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | خشتەی (١): تاقیکردنەوەی کرۆنباخ ئەلفا بۆ دەرهێنانی جێگیریی | ١١ |
| ٢ | خشتەی (٢): دەستەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا | ٨٤ |
| ٣ | خشتەی (٣): دەستەی فۆرمە هونەرییەکانی ئامادەکردنی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لە کەناڵەکاندا | ٨٥ |
| ٤ | خشتەی (٤): دەستەی سەرچاوەی زانیاریی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لە کەناڵەکاندا | ٨٧ |
| ٥ | خشتەی (٥): دەستەی جۆری لێدوان لەناو هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵەکاندا | ٨٩ |
| ٦ | خشتەی (٦): دەستەی رادەی هاوسەنگیی لە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵەکاندا | ٩١ |
| ٧ | خشتەی (٧): دەستەی بوارەکانی گەندەڵیی دارایی لە هەواڵی کەناڵەکاندا | ٩٤ |
| ٨ | خشتەی (٨): دەستەی ئامانج لە خستنەڕووی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لە کەناڵەکاندا | ٩٦ |
| ٩ | خشتەی (٩): دەستەی رەهەندی ناوچەیی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لە کەناڵەکاندا | ٩٨ |
| ١٠ | خشتەی (١٠): دابەشبوونی لێتوێژەران بەپێی رەگەز | ٩٩ |
| ١١ | خشتەی (١١): دابەشبوونی لێتوێژەران بەپێی تەمەن | ١٠٠ |
| ١٢ | خشتەی (١٢): دابەشبوونی لێتوێژەران بەپێی بڕوانامەی زانستی | ١٠٠ |
| ١٣ | خشتەی (١٣): دابەشبوونی لێتوێژەران بەپێی فراکسیۆن | ١٠١ |
| ١٤ | خشتەی (١٤): ئاستی پشتبەستنی لێتوێژەران بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵەکان | ١٠١ |
| ١٥ | خشتەی (١٥): هۆکارەکانی پشتنەبەستن بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵەکان | ١٠٢ |
| ١٦ | خشتەی (١٦): خستنەڕووی ئەنجامی تاقیکردنەوەی "ت" بۆ وەڵامی لێتوێژەران | ١٠٣ |
| ١٧ | خشتەی (١٧): پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی کەناڵە کوردییەکان وەکو سەرچاوەی زانیاریی | ١٠٥-١٠٦ |
| ١٨ | خشتەی (١٨): هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەسەر ویژدانی پەرلەمانتاران | ١٠٨-١٠٩ |
| ١٩ | خشتەی (١٩): پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵەکان لە نواندنی رەفتاردا | ١١٠-١١١ |
| ٢٠ | خشتەی (٢٠): ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی لە سەرجەم تەوەرەکاندا | ١١٢ |
| ٢١ | خشتەی (٢١): خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی رەگەزی لێتوێژەران | ١١٣ |
| ٢٢ | خشتەی (٢٢): خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی تەمەنی لێتوێژەران | ١١٤ |
| ٢٣ | خشتەی (٢٣): خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی بڕوانامەی لێتوێژەران | ١١٥ |
| ٢٤ | خشتەی (٢٤): خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی فراکسیۆنی لێتوێژەران | ١١٧ |
| ٢٥ | خشتەی (٢٥): خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی ئامرازی تەماشاکردن | ١١٨ |
| ٢٦ | خشتەی (٢٦): خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی ماوەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن | ١١٩ |

**پێشەکی:**

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ میدیا بە هەموو ژانرە جیاوازەکانییەوە، ڕۆڵ و کاریگەری زیاتر دەبێت چ لەسەر ئاستی تاک، چ لەسەر حکومەت و جوڵاندنی ڕایگشتی، لە ڕۆژگاری ئێستادا ئەرکی ئاشکراکردنی گەندەڵیی و چاودێری لە لایەن کەناڵە ئاسمانییەکانەوە، بووەتە ئەرکی هەرە لە پێش و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بایەخ و گرنگیی زیاتر پەیدا دەکات؛ بە جۆرێک لە پاڵ ئامرازەکانی دیکەدا، ڕاگەیاندن بووەتە ئامرازێکی کاریگەر، لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵیی داراییدا.

عێراق کە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لێی، بە یەکێک لە گەورەترین قوربانییەکانی گەندەڵیی لە جیهاندا هەژماردەکرێت؛ ساڵانە لە پێوەرەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیدا، لە پلەکانی پێشەوەی گەندەڵترین وڵاتانی جیهاندا دەبینرێت؛ بەگوێرەی ڕاپۆرتی لیژنەی دەسپاکی پەرلەمانی عێراق، لە ماوەی ١٨ ساڵدا (٢٠٠٣-٢٠٢١) نزیکەی ٣٥٠ ملیار دۆلار لە لایەن "گەندەڵکاران"ەوە بە تاڵان براوەتە دەرەوەی وڵات، کە یەکسانە بە ٣٢%ی کۆی داهاتی عێراق، لە ماوەی ئەو ١٨ ساڵەدا.

لە هەرێمی کوردستانیش گەندەڵیی دارایی بووەتە ئاڵنگارییەکی گەورە و بە یەکێک لە گەورەترین ئەو کێشانە هەژماردەکرێت، کە ڕووبەڕووی هەرێمەکە بووەتەوە؛ هەرچەندە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی عێراق و وڵاتە سەربەخۆکان خاوەنی ژمارە و پێوەری تایبەت بە خۆی نییە لە بواری گەندەڵییدا، بەڵام بەگوێرەی ئامارەکانی دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان، تەنها لە ماوەی نێوان ساڵانی ( ٢٠١٤ – ٢٠١٩) قەبارەی گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستاندا بە ٤٢٣ ملیار و ٢٩٠ ملیۆن دینار خەمڵێندراوە.

لەو چوارچێوەیەدا هەواڵەکانی تایبەت بە ئاشکراکردنی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا، بووەتە سیمایەکی دیاری زۆربەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە تایبەت کەناڵە هەواڵییەکان؛ کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەندین فۆڕمی هونەریی تەلەڤزیۆنییەوە، ڕۆژانە کار لەسەر ئەم دیاردەیە دەکەن و ڕۆژ نییە لە گەشتی هەواڵەکانیاندا، هەواڵێک یان چەند هەواڵێکی گەندەڵیی دارایی بڵاونەکرێتەوە.

لەو ڕوانگەیەوە توێژەر پێیوابوو، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بابەتە لە ڕێگەی توێژینەوەی ئەکادیمییەوە، بووەتە پێداویستییەکی توێژینەوەکانی بواری میدیا؛ بە تایبەت وەکو دەبینرێت، ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان، هەتا ئێستا ئاوڕێکی ئەوتۆیان لە بابەتی کارکردنی کەناڵەکان لەسەر پرسەکانی گەندەڵیی نەداوەتەوە؛ بۆیە توێژەر ئەم بابەتە هەڵبژارد، تاوەکو بەشێوازێکی زانستیی و ئەکادیمی لێکۆڵینەوە لەسەر کارکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا بکات و لایەنە ناڕوون و تەمومژاوییەکانی ڕوون بکاتەوە.

ئەم توێژینەوەیە سێ بەش لە خۆدەگرێت، بەشی یەکەم تایبەتە بە چوارچێوەی گشتی توێژینەوە کە هەریەک لە (کێشە، گرنگیی، ئامانج، سنوری توێژینەوە، جۆر و ڕێبازی توێژینەوە، کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە، ئامرازەکانی توێژینەوە، دروستی، جێگیریی، چارەسەرە ئامارییە بەکارهاتووەکان، دیاریکردنی چەمکە بنەڕەتییەکانی توێژینەوە، تیۆری بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا، توێژینەوەکانی پێشوو و سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو) لە خۆدەگرێت.

بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ لایەنی تیۆری توێژینەوەکە، کە سێ باس لە خۆدەگرێت ( باسی یەکەم تایبەتە بە تەلەڤزیۆن و ئەرکی چاودێری، باسی دووەم تایبەتە بە دیاردەی گەندەڵیی دارایی و مەترسییەکانی لەسەر کۆمەڵگە، باسی سێیەم تایبەتە بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی).

هەرچی بەشی سێیەمیشە تایبەتە بە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە و بەسەر سێ باسدا دابەشکراوە، (باسی یەکەم تایبەتە بە شیکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە دیاردەی گەندەڵیی دارایی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، باسی دووەم تایبەتە بە لێکەوتەکانی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا و لە کۆتاییشدا دەرئەنجامەکان و پێشنیاز و راسپاردەکان خراونەتەڕوو).

توێژەر لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا وەک زۆر توێژینەوەی دیکەی زانستی رووبەڕووی هەندێک ئاستەنگ و گرفت بووەتەوە، بە تایبەت لەوەها بابەتێکی توێژینەوەدا، کە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا کەمترین توێژینەوەی زانستی لەبارەوە کراوە.

ئەم توێژینەوە بەرهەمی توێژەرێکی ئەکادیمییە، هیچ کارێکی دەستی مرۆڤیش بێ کێشە نییە و بە دوور نییە لە کەموکوڕی و هەڵە و ناتەواوی، بەوپێیەی کامڵبوون تەنها بۆ خوداوەندە و تەنها ئەو ناکەوێتە هەڵەوە.

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

# (میتۆدنـامـە)

یەکەم: کێشەی توێژینەوە

دووەم: گرنگیی توێژینەوە

سێیەم: ئامانجی توێژینەوە

چوارەم: سنوری توێژینەوە

پێنجەم: جۆر و ڕێبازی توێژینەوە

شەشەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە

حەوتەم: ئامرازەکانی توێژینەوە

هەشتەم: دروستی

نۆیەم: جێگیریی

دەیەم: چارەسەرە ئامارییە بەکارهاتووەکان

یازدەیەم: دیاریکردنی چەمکە بنەڕەتییەکانی توێژینەوە

دوازدەیەم: تیۆری بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا

سێزدەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو

چواردەیەم: سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە**

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە: زانینی ئاستی پشتبەستنی ناوەندە چاودێرییەکان، بە تایبەت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؛ بەوپێیەی ساڵانێکە کەناڵە ئاسمانییەکان کار لەسەر دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی دەکەن، بەڵام بەئاگابوون لە رادەی پشتبەستن و سوودوەرگرتن لەو زانیاریانە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی، جۆرێک لە تەمومژاویی و ناڕوونیی پێوەدیارە؛ لەو روانگەیەوە و بۆ روونکردنەوەی فراوانتری کێشەی توێژینەوەکە، توێژەر پرسیارگەلێک دەخاتەڕوو:

١-ئایا پەرلەمانتاران پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستن وەکو سەرچاوەیەکی زانیاریی لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؟

٢-ئایا پشتبەستن بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، تا چ رادەیەک ویژدانی پەرلەمانتارانی لە بەرامبەر پرسی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا هەژاندووە؟

٣-ئەو رەفتارانە کامانەن کە پەرلەمانتاران نواندویانە بەهۆی پشتبەستن بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؟

٤-ئەو کەناڵە ئاسمانییە کوردییانە کامانەن کە زۆرترین بایەخیان بە هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی داوە و زیاتر بە چ فۆڕمێکی هونەریی تەلەڤزیۆنیی رووماڵی هەواڵەکانیان کردووە؟

٥-ئایا گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان هیچ کاریگەرییەکیان هەیە لە پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؟

**دووەم: گرنگیی توێژینەوە**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی بە دوو شێواز گرنگییەکەی دیاری دەکرێت:

**١-لە رووی تیۆرییەوە:** گەندەڵیی دارایی لە رۆژگاری ئێستادا هەرێمی کوردستانی تووشی تەنگەژەیەکی گەورەی ئابووریی کردووەتەوە و بە بەربەستی راستەقینەی بەردەم گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی هەرێمەکە دادەنرێت؛ بە جۆرێک زیاتر لە دەیەیەکە، پرسی گەندەڵیی هەموو لایەکی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی دووچاری کێشە و گرفتی گەورە کردووەتەوە؛ هەر بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر بابەتێکی لەم جۆرە، بێگومان گرنگیی و بایەخی زۆری هەیە و دەبێتە هۆکارێک بۆ ئاشناکردنی کۆمەڵگە بە مەترسییەکانی گەندەڵیی دارایی و ئەو کاریگەری و لێکەوتانەی لە ئاستە جیاوازەکاندا دروستی دەکات، هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی لە بواری راگەیاندن و ئابورییدا و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی ئەکادیمی، بە تایبەت کە بوونی سەرچاوەی زانستی لەم بوارەدا بە زمانی کوردیی کەمە؛ هەر بۆیە توێژەران و خوێندکاران دەتوانن سودی لێ وەربگرن و توێژینەوە زانستییەکانی بواری راگەیاندنی زیاتر پێ دەوڵەمەندتر بکەن.

**٢-لە رووی پراکتیکییەوە:** ناوەندە چاودێرییەکان و پەرلەمانتاران و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی، لەبەر رۆشنایی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، دەتوانن ئاگاداری رۆڵی میدیا بن لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؛ هەروەها هەوڵی چارسەرکردنی ئەو کەموکوڕییانە بدەن کە لەو

بوارەدا هەیانە و وای کردووە وەکو پێویست نەتوانن، سود لە زانیاریی دەزگاکانی راگەیاندن وەربگرن لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، هەروەها لەبەر رۆشنایی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەوە، کەناڵەکانی راگەیاندن بەگشتیی و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە تایبەتی، دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ رووماڵکردنی خۆیان بۆ هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی بکەن؛ هەروەها هاوکاریان دەبێت لە ئاشنابوونیان بەو کەموکوڕییانەی کە لە رووماڵکردنی هەواڵەکانی گەندەڵیی داراییدا هەیانە، دەشتوانن لایەنە باشەکانی خۆیان بزانن و هەوڵی بەهێزکردن و بەرەو پێشچوونی زیاتری بدەن.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێک، یاخود چەند ئامانجێکی زانستییە؛ کە توێژەر بە رێوشوێن و هەنگاوە زانستییەکانی لە رێگەی توێژینەوەکەیەوە، هەوڵی بەدیهێنانی دەدات؛ لە رێگەی ئەم توێژینەوەیەشەوە، توێژەر هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە دەدات:

١- دەستنیشانکردنی ئاستی پشتبەستنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.

٢- خستنەڕووی ئەو زانیارییانەی کە پەرلەمانتاران لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پشتیان پێ بەستووە لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.

٣- بەئاگابوون لەو کاریگەرێتییە ویژدانیانەی کە لەسەر پەرلەمانتاران دروست دەبێت لە ئەنجامی پشتبەستن بە هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

٤- زانینی ئەو رەفتارانەی کە پەرلەمانتاران دەینوێن بەهۆی پشتبەستن بە هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.

٥- خستنەڕووی ئەو کەناڵە ئاسمانییە کوردییانەی کە زۆرترین رووماڵی هەواڵەکانی گەندەڵیی داراییان کردووە؛ لەگەڵ دیاریکردنی ئەو بابەتانەی کە دەچنە چوارچێوەی بوارەکانی گەندەڵیی دارایی.

٦- ئاشنابوون بەو فۆڕمە هونەرییانەی کە کەناڵەکان لە رووماڵکردنی هەواڵەکانی گەندەڵیی داراییدا، پەنایان بۆ بردووە.

٧- نیشاندانی ئەو جیاوازییە ئامارییانەی کە لە وەڵامی پەرلەمانتاراندا هەیە، سەبارەت بە پشتبەستن بە هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەگوێرەی گۆڕاوەکانی (رەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، فراکسیۆن، ئامرازی تەماشاکردن و ماوەی تەماشاکردن).

**چوارەم: سنوری توێژینەوە**

بۆ دیاریکردنی سنوری توێژینەوەکە، چوار رەهەندی بنەڕەتی رەچاوکراوە:

**١-شوێن:** لە رەهەندی شوێنەوە، توێژینەوەکە پەرلەمانی کوردستانی وەرگرتووە؛ کە تەلاری پەرلەمان دەکەوێتە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە.

**٢-کات:** لە رەهەندی کاتەوە، لەم توێژینەوەیەدا دوو کاتی جیاواز هەیە؛ بۆ سامپڵی لایەنی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە، گشتی هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەرگیراوە لە ماوەی سێ مانگدا، کە بریتیین لە مانگەکانی (تەموز، ئاب و ئەیلول)ـی ساڵی ٢٠٢٠ ؛ بۆ لایەنی رووپێوییەکە، ئەو کاتەی کە

فۆڕمی ڕاپرسییەکە بەسەر پەرلەمانتاراندا دابەشکراوە و کۆکراوەتەوە و داتا بەدەستهاتووەکان لێک جیاکراونەتەوە کە لە ٢٠٢١/١١/٩ تا ٢٠٢١/١٢/٦ی خایاندووە.

**٣-مرۆیی:** ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەگرێتەوە کە ژمارەیان ١١١ کەسە بە دەستەی سەرۆکایەتییەوە.

**٤-بابەتیی:** هەواڵی تەلەفزیۆنیی و گەندەڵیی دارایی دەگرێتەوە.

**پێنجەم: جۆر و ڕێبازی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە لە رووی جۆرەوە توێژینەوەیەکی وەسفییە، کە زۆربەی توێژینەوە میدیاییەکان بۆ دەرخستنی دۆخی کێشەی توێژینەوە و ئەو فاکتەرانەی کاریگەرێتییان بەسەرەوە هەیە، پەنای بۆ دەبەن، تا لە ڕێگەیەوە چەند ئاراستەیەک بخرێنەڕوو؛ بۆ بەرجەستەکردنی لایەنی پراکتیکیەکەشی، پشتی بە هەردوو ڕێبازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک و ڕووپێوی بەستووە؛ کە هەردوو شێوازەکە وەکو ڕێبازێکی چالاک بۆ توێژینەوەکانی بواری ڕاگەیاندن، پەنایان بۆ دەبرێت.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بۆ جێبەجێکردنی لایەنی شیکردنەوەی ناوەڕۆک، فۆڕمێکی تایبەتی دروستکرد بۆ زانین و شیکردنەوەی هەواڵەکانی پەیوەست بە گەندەڵیی دارایی، لە گشتی هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، کە لەم توێژینەوەیە بە نموونە وەرگیراون لە ماوەیەکی دیاریکراودا؛ هەروەها بۆ بەرجەستەکردنی لایەنی ڕووپێوی توێژینەوەکەش، فۆڕمێکی ڕاپرسی لەسەر بنەمای لیکەرتی پێنجی بونیادنا، کە 37 بڕگەی لەخۆگرتووە بۆ پێوانەکردن و ئاگاداربوون لە ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.

**شەشەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێت:

**أ- کۆمەڵگەی لایەنی شیکردنەوەی ناوەڕۆک:** بریتییە لە سەرجەمی گشتی هەواڵەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، لەبەرئەوەی ئەو کەناڵانە لە ڕێگەی گشتی هەواڵەکانیانەوە، کار لەسەر زۆرینەی پرسە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، لەنێویاندا پرسی گەندەڵی دارایی، بۆ ئەو مەبەستە سود لە گشتی سەرەکی هەواڵەکانیان، بەتایبەت کاتژمێر هەشتی ئێوارە وەرگیراوە.

**ب- کۆمەڵگەی لایەنی ڕووپێویی:** بریتییە لە سەرجەمی ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، کە ژمارەیان بە دەستەی سەرۆکایەتییەوە ١١١ ئەندامە کە لە بەرئەنجامی هەڵبژاردنی ڕۆژی ٣٠ی ئەیلولی ٢٠١٨ وەکو نوێنەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە دەنگدانی سیستمی نیمچەکراوە هەڵبژێردراون؛ ١٦ لیست توانیویانە کورسی بەدەستبهێنن و فراکسیۆنی پەرلەمانیی پێکبهێنن؛ لەم توێژینەوەیەدا لیستی پێکهاتەکان، وەک یەک بژاردە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە؛ بۆیە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بەمشێوەیە دەبێت: پارتی ٤٥ کورسی، یەکێتی ٢١ کورسی، گۆڕان ١٢ کورسی، پێکهاتەکان ١١ کورسی، کۆمەڵ ٧ کورسی، یەکگرتوو ٥ کورسی، نەوەی نوێ ٤ کورسی، سەربەخۆکان ٤ کورسی، ئازادی ١ کورسی و سەردەم ١ کورسی[١].

---

[١] بڕوانە: ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی کوردستان: https://bit.ly/3BuYY8P

سامپڵی توێژینەوەکەش بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێت:

**أ- سامپڵی لایەنی شیکردنەوەی ناوەڕۆک:** سامپڵێکی هەڕەمەکی بازنەییە؛ مانگێکی دەستکرد (الشهر الاصطناعي) لە گەشتی هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی (کوردستان تیڤی، گەلی کوردستان، سپێدە، ئێن ئاڕ تی، ڕووداو و کوردسات نیوز) وەرگیراوە[*]، مانگە دەستکردەکە لە مانگەکانی (تەموز، ئاب و ئەیلول)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەرگیراوە بەمشێوەیە: ١٠ ڕۆژی یەکەم لە مانگی (تەموزی ٢٠٢٠) واتە ( ٧/١ – ٢٠٢٠/٧/١٠)، ١٠ ڕۆژی دووەم لە مانگی (ئابی ٢٠٢٠) واتە (٨/١١ – ٢٠٢٠/٨/٢٠)، ١٠ ڕۆژی سێیەم لە مانگی (ئەیلولی ٢٠٢٠) واتە (٩/٢١ – ٢٠٢٠/٩/٣٠)؛ هۆکاری وەرگرتنی ئەم سامپڵە بۆ لایەنی شیکردنەوەی ناوەڕۆک توێژینەوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەو ماوەیەدا، بەهۆی قوڵبوونەوەی قەیرانی دارایی و لێبڕین و دواکەوتنی موچە و بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا (covid-19)، بایەخی زۆریان بە هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی داوە؛ هۆکارێکی دیکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەرلەمانی کوردستان لەو ماوەیەدا یاسای چاکسازیی پەسەند کرد.

**ب- سامپڵی لایەنی ڕووپێویی:** توێژەر بەشێوەی گەمارۆدانی گشتگیر (حصر شامل) سەرجەم ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨- )ی وەرگرتووە کە ژمارەیان بە دەستەی سەرۆکایەتییەوە ١١١ ئەندامە؛ پاساوی هەڵبژاردنی پەرلەمانتارانی کوردستانیش وەکو لێتوێژەرانی توێژینەوەکە، لەو سۆنگەیەوە سەرچاوە دەگرێت، بەپێی بڕگەی یەکەمی ماددەی دووەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان لە هەرێمی کوردستاندا، باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە[١]؛ ئەوەش بە واتەی ئەوە دێت، کە ئەرکی چاودێریکردن و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی، یەکێکە لە ئەرکە گرنگ و بنەڕەتییەکانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

**حەوتەم: ئامرازەکانی توێژینەوە**

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست و گەیشتن بە ئەنجامێکی ورد، ئەم ئامرازانەی لای خوارەوە بەکارهێنراون:

**١- فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک:** ئەو فۆڕمەیە کە وەکو ئامرازێک بەکارهێنراوە بۆ دەرخستنی قەبارە و شێوازی ڕوومالکردنی هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی (کوردستانTV، گەلی کوردستان، سپێدە، ئێن ئاڕ تی، ڕووداو و کوردسات نیوز) کە فۆڕمەکە لە نۆ دەستە پێکهاتووە،

---

[*] سەبارەت بە کەناڵی ئاسمانی کوردستان٢٤ کە یەکێکە لە کەناڵە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان، توێژەر داواکاری فەرمی لە ڕێگەی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانییەوە پێشکەشکردن بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن لە پێدانی گەشتی هەواڵەکانیان، بەڵام بە چەندین پاساو و هۆکاری جۆراوجۆر، ئامادە نەبوون گەشتی هەواڵەکان بدەن بە توێژەر، لە دوای ئەوە توێژەر پەنای بۆ پەڕە فەرمییەکانی ئەو کەناڵە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان برد بە تایبەت فەیسبوک، تاوەکو گەشتی هەواڵەکانیان بە دەستبهێنێت، بەڵام دەرکەوت ئەو کەناڵە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش گەشتی هەواڵەکانی پەخش نەکردووەتەوە، بۆیە نەتوانرا دەست بگات بە زانیارییەکانی گەشتی هەواڵەکانی کەناڵی ناوبراو.

کەناڵی ئاسمانی پەیام-یش، بە هەمان شێوە توێژەر داواکاری فەرمی لە ڕێگەی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانییەوە پێشکەشکردن، بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن لە پێدانی گەشتی هەواڵەکانیان لەو ماوەیەی لەم توێژینەوەیەدا دیاریکراوە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی کەناڵەکە لە ڕێگەی نوسراوی فەرمییەوە وەڵامیان دایەوە کە دەتوانن تەنها چوار گەشتی هەواڵ بدەن بە توێژەر، ئەویش لە دەرەوەی ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکە بوو، بۆیە نەتوانرا هیچ سودێک لەو چەند ڤیدیۆیەی کەناڵی ناوبراو وەربگیرێت؛ لە لایەکی دیکەوە کەناڵی ئاسمانی پەیام گەشتی هەواڵەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دووبارە پەخش نەکردووەتەوە، بۆیە توێژەر نەیتوانی دەستی بگات بە زانیارییەکانی پەیوەست بە گەندەڵیی دارایی، لەناو گەشتی هەواڵەکانی ئەو کەناڵەشدا.

[١] بڕوانە: ماددەی دووەم بڕگەی یەکەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان: https://bit.ly/3b1gyq1

بەمەبەستی شیکردنەوەی چەندایەتی و چۆنیەتی وتن (فۆڕم)، هەروەها لە رووی ئەوەی چی وتراوە (ناوەڕۆک).

**٢- فۆڕمی راپرسی:** یەکێکە لە ئامرازە بە بایەخەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی بۆ توێژینەوەکانی بواری راگەیاندن؛ کە بەکاردەهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی و زانینی بۆچوون و بیرکردنەوەی لێتوێژەران؛ لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بە گرتنەبەری رێوشوێنە زانستییەکان، فۆڕمی راپرسی توێژینەوەکەی ئامادەکردووە؛ بەجۆرێک لە سەرەتادا فۆڕمێکی راپرسی بەرایی دروستکرد بەمەبەستی دەستکەوتنی زانیاری زیاتر تا لە ئامادەکردن و داڕشتنی کۆتایی بۆ تەوەر و بڕگەکانی فۆڕمە راپرسییەکە، هاوکاری توێژەر بکات؛ فۆڕمە بەراییەکە لە چوار پرسیاری کراوە پێکهاتبوو، توێژەر لە رێگەی چاوپێکەوتنی راستەوخۆوە، راوبۆچوونی ١٠%ی لێتوێژەرانی وەرگرت، لەو رێگەیەوە چەندان زانیاریی گرنگ و بایەخدار بەدەستهاتن، کە دواتر بوونە بنەمایەک و لە ئامادەکردنی بڕگەکانی فۆڕمی راپرسییەکە سودی لێوەرگیرا.

پاشان توێژەر بە بەسودوەرگرتن لە وەڵامەکانی فۆڕمی راپرسی بەرایی و توێژینەوەکانی پێشوو، هەروەها بە رەچاوکردنی سەرنج و تێبینی هەڵسەنگاندنەکانی پسپۆڕان، فۆڕمی راپرسی توێژینەوەکەی ئامادەکرد؛ تەوەر و بڕگەکانی فۆڕمەکە لەسەر بنەمای تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن داڕێژرا بۆ بە ئاگابوون لە ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە، لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییدا.

فۆڕمەکە لە سێ تەوەر پێکهات؛ تەوەری یەکەم لە چوار پرسیار پێکهاتبوو، تایبەت بوو بە زانیارییە بنەڕەتییەکانی لێتوێژەران، تەوەری دووەمیش لە چوار پرسیار پێکهاتبوو، تایبەت بوو بە بەرکەوتنی لێتوێژەران لەگەڵ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، تەوەری سێیەم لە ٢٩ پرسیار پێکهاتبوو، تایبەت بوو بە پێوانەکردنی ئاستی پشتبەستنی لێتوێژەران بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.

لە لایەکی دیکەوە بەهۆی ئەوەی لێتوێژەران، کەسانی دەستەبژێری کۆمەڵگەن و زۆرینەیان خاوەنی بڕوانامەی زانستین؛ بۆیە توێژەر لەسەر بنەمای لیکەرتی پێنجی، بۆ وەڵامی پرسیارەکانی فۆڕمەکە پێنج بژاردەی خستە بەردەم لێتوێژەران کە بریتی بوون لە بژاردەکانی (هەمیشە، زۆرجار، هەندێکجار، کەمجار، هەرگیز).

بەپێی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ١١١ فۆڕم لە لایەن توێژەرەوە بەسەر پەرلەمانتاراندا دابەشکرا؛ لە ئەنجامیشدا ٩٧ فۆڕم گەڕێندرایەوە بۆ توێژەر؛ واتە بە رێژەی ٨٧,٣٨% کە ئەم رێژەیەش گونجاو و قبوڵکراوە.

**٣- چاوپێکەوتن:** ئامرازێکی گرنگە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لە توێژینەوەی زانستییدا؛ توێژەران پەنا بۆ چاوپێکەوتن دەبەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەڕێوەبەر و بەرپرسانی بەشێک لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان کردووە بۆ بەدەستخستنی کۆمەڵێک زانیاریی دروست، سەبارەت بە پێگەی هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی لە کەناڵەکانیاندا و ئاستی بایەخپێدانی؛ هەروەها بۆ زانینی ستراتیژ و چۆنیەتی

رووبەڕووبوونەوەی هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی و ئەو کێشە و بەربەستانەی لە کاتی رووماڵکردندا دێنە بەردەمیان.

توێژەر پرسیارەکانی چاوپێکەوتنی لەسەر بنەمایەکی زانستی دارشتووە و پێشتر پیشانی ژمارەیەک هەڵسەنگێنەری ئەکادیمی* داوە؛ دواتر بۆ دەرهێنانی دروستییەکەی، پشتی بە رێگەی دروستی رواڵەتی بەستووە و بە بەکارهێنانی هاوکێشەی "هۆڵستی" بە رێژەی (٩٤,٤%) پرسیارەکان رێکەوتنی هەڵسەنگێنەرانی وەرگرت، ئەمەش لە رووی زانستییەوە دروستی پرسیارەکان پیشان دەدات.

**هەشتەم: دروستی**

دوای ئەوەی توێژەر کۆتاییهێنا بە ئامادەکردنی هەردوو فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک و فۆڕمی راپرسی توێژینەوەکە، هەستا بەپێدانی فۆڕمەکان بە ژمارەیەک پسپۆڕ و هەڵسەنگێنەری ئەکادیمی بواری راگەیاندن؛ بە ئامانجی یارمەتیدانی توێژەر بۆ دەرهێنانی دروستی رواڵەتی بەمشێوەیە:

**أ- دروستی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک:** دوای ئامادەکردنی فۆڕمەکە، توێژەر بۆ دەرهێنانی دروستییەکەی، پشتی بە رێگەی دروستی رواڵەتی بەستووە؛ کە بریتییە لە پیشاندانی فۆڕمەکە بە ژمارەیەک هەڵسەنگێنەری ئاکادیمی* بۆ ئەوەی سەرنج و تێبینییەکانی خۆیانی لەبارەوە بخەنە روو؛ بە دەستکاریکردنی بە زیاد یان کەمکردنەوەی پرسیارەکان یان گۆڕینی دارشتنەوەیان. دوای گەڕانەوەی فۆرمەکان لە لایەن هەڵسەنگێنەرانەوە، تێبینییەکانیان بەهەند وەرگیراو توێژەر جارێکی دیکە پێداچوونەوەی بە فۆڕمەکەدا کردەوە؛ بە بەکارهێنانی هاوکێشەی "هۆڵستی" بە رێژەی (٩١,٨%) رێکەوتنی هەڵسەنگێنەرانی وەرگرت؛ ئەمەش لە رووی زانستییەوە دروستی فۆڕمەکە پیشان دەدات؛ بۆ بینینی شێوازی کۆتایی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە یەک.

$$\text{هاوکێشەی راستی رواڵەت} = \frac{\text{بڕگە گونجاوەکان}}{\text{کۆی بڕگەکان}} \times ١٠٠$$

$$\text{راستی رواڵەت} = \frac{٤٥}{٤٩} \times ١٠٠ = ٩١,٨\%$$

---

*** هەڵسەنگێنەرانی پرسیارەکانی چاوپێکەوتن بەگوێرەی پلەی زانستییان:**
١- پ.ی.د. فوئاد عەلی ئەحمەد، بەشی راگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٢- پ.ی.د. سەلام نەسرەدین محەمەد، بەشی راگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٣- پ.ی.د. عومەر ئەحمەد رەمەزان، بەشی راگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
*** هەڵسەنگێنەرانی فۆڕمی شیکاریی بەگوێرەی پلەی زانستییان:**
١- پ.د. نەزاکەت حسێن حەمەسەعید، بەشی راگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٢- پ.ی.د. فوئاد عەلی ئەحمەد، بەشی راگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٣- پ.ی.د. حەکیم عوسمان حەمید، بەشی راگەیاندن، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
٤- پ.ی.د. سەلام نەسرەدین محەمەد، بەشی راگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٥- پ.ی.د. کاروان محەمەد حەسەن، بەشی راگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٦- پ.ی.د. سامان جەلال مەولود، بەشی راگەیاندن، کۆلێجی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین.
٧- پ.ی.د. یۆهان عوسمان حەمە حسێن، بەشی راگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

**ب- دروستی فۆڕمی ڕاپرسی:** بەهەمانشێوە دوای ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە، توێژەر بۆ دەرهێنانی دروستییەکەی، پشتی بە ڕێگەی دروستی ڕواڵەتی بەستووە؛ کە بریتییە لە پیشاندانی فۆڕمەکە بە ژمارەیەک هەڵسەنگێنەری ئەکادیمی(*) بۆ ئەوەی سەرنج و تێبینییەکانی خۆیانی لەبارەوە بخەنە ڕوو؛ بە دەستکارییکردنی بە زیاد یان کەمکردنەوەی پرسیارەکان یان گۆڕینی داڕشتنەوەیان؛ دوای گەڕانەوەی فۆرمەکان لە لایەن هەڵسەنگێنەرانەوە، تێبینییەکانیان بەهەند وەرگیراون و بە بەکارهێنانی هاوکێشەی "هۆڵستی" فۆڕمەکە بە ڕێژەی (٩٥,٧%) ڕێکەوتنی هەڵسەنگێنەرانی وەرگرت؛ کە ئەمەش لە ڕووی زانستییەوە دروستی فۆڕمەکە پیشان دەدات؛ بۆ بینینی شێوازی کۆتایی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە دوو.

$$\text{هاوکێشەی راستی رواڵەت} = \frac{\text{بڕگە گونجاوەکان}}{\text{کۆی بڕگەکان}} \times ١٠٠$$

$$\text{راستی رواڵەت} = \frac{٢٤٨}{٢٥٩} \times ١٠٠ = ٩٥,٧\%$$

**نۆیەم: جێگیریی**

بەمەبەستی دڵنیابوون لە ڕادەی جێگیریی هەردوو فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک و فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە، توێژەر ڕێوشوێنی جێگیریی بۆ فۆڕمەکان کرد، بەمشێوەیە:

**أ- جێگیریی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک:** توێژەر بۆ گەیشتن بە جێگیریی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک، ڕێگای دووبارە شیکردنەوەی دەستەکانی لەگەڵ خودی خۆی گرتەبەر؛ ئەویش پاش تێپەڕبوونی ماوەی سێ مانگ بەسەر مێژووی شیکردنەوەی یەکەمدا، توێژەر دووبارەکردنەوەکەی بەسەر ١٠%ی سامپڵی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرد؛ کە بریتی بوو لە ١٨ ڤیدیۆی گەشتی هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، دواتر بە پشت بەستن بە هاوکێشەی هۆڵستی، ناوەندی هاویەکی توێژەر لەگەڵ خودی خۆی کردییە (0.٩٠٢)؛ ئەمەش بە ڕێژەیەکی گونجاو دادەنرێت بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی دەستە شیکارکراوەکان.

$$\text{Coefficient Reliability}\quad CR = \frac{2M}{N1 + N2} \quad CR = \frac{2 \times 130}{144 + 144} = 0.902$$

---

(*) **هەڵسەنگێنەرانی فۆڕمی ڕاپرسی بەگوێرەی پلەی زانستییان:**
١- پ.د. نەزاکەت حسێن حەمەسەعید، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٢- پ.ی.د. فوئاد عەلی ئەحمەد، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٣- پ.ی.د. حەکیم عوسمان حەمید، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
٤- پ.ی.د. سەلام نەسرەدین محەمەد، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٥- پ.ی.د. کاروان محەمەد حەسەن، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٦- پ.ی.د. سامان جەلال مەولود، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین.
٧- پ.ی.د. یۆهان عوسمان حەمە حسێن، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

**ب- جێگیریی فۆڕمی ڕاپرسی:** توێژەر تاقیکردنەوەی کرۆنباخ ئەلفا (Cronbach's Alpha)ـی بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی جێگیریی بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە، بەپێی تاقیکردنەوەکە ڕێژەی ٠,٩١٥ بەدەستهات؛ ئەمەش ئاستێکی بەرزە و جێگیریی فۆڕمەکە دەسەلمێنێت، بەشێوەیەک بەشی پێوانەی فۆڕمەکە لە ٢٩ بڕگە پێکهاتبوو، بڕوانە خشتەی (١).

| خشتەی (١): تاقیکردنەوەی کرۆنباخ ئەلفا بۆ دەرهێنانی جێگیریی | | |
|---|---|---|
| ژمارەی سامپڵ | ژمارەی بڕگەی پێوانە | کرۆنباخ ئەلفا |
| ٩٧ | ٢٩ | ٠,٩١٥ |

**دەیەم: چارەسەرە ئامارییە بەکارهاتووەکان**

توێژەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە، ئەم شێوازە ئامارییانەی بەکارهێناوە:

- دووبارە و ڕێژەی سەدی، بۆ خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکانی لێتوێژەران.

- نێوەندی ژمێرەیی (Mean) و لادانی پێوەری (standert deviation) بۆ خستنەڕووی ئەنجامی بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی.

- (T-Test) بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی تاک سامپڵ.

- Independent-samples T-Test بۆ دەرهێنانی جیاوازی ئەو گۆڕانکارییانەی بژاردەکانی لە دوو دانە پێکهاتوون.

- (One-Way ANOVA) بۆ دەرهێنانی جیاوازی ئەو گۆڕانکارییانەی بژاردەکانی سێ بەرەو سەرن.

ـ ئەلفا کرۆنباخ Cronbach's Alpha بۆ دەرهێنانی جێگیریی بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە.

- (LSD) بۆ دیاریکردنی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان کە لە بەرژەوەندی کام لایەندایە.

- هاوکێشەی هۆڵستی بۆ دەرهێنانی ڕێژەی دروستیی و جێگیریی فۆڕمەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک و ڕاپرسی.

**یازدەیەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوە**

**- ئاست:** دەستەواژەیەکە بۆ پێوانەکردن، وەکو دووریی و نزیکیی، بەرزیی و نزمیی، ...هتد؛ بەڵام لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە ئاست، بۆ پێوانەکردنی ئاستی پشتبەستنە بە هەواڵیی تەلەڤزیۆنیی؛ واتە تا چ ڕادەیەک ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پشتیان بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەستووە لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا.

**- پشتبەستن:** مەبەست لە پشتبەستنە بە "هەواڵیی تەلەڤزیۆن"، وەکو ئامراز و ڕێبازێکی دیاریکراو، لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی.

**- هەواڵیی تەلەڤزیۆنیی:** مەبەست لەو هەواڵانەیە کە لە گەشتی هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بڵاوکراونەتەوە لەبارەی دیاردەی گەندەڵیی دارایی؛ کە بە فۆڕمە هونەرییە جیاوازەکانی وەکو هەواڵ و ڕاپۆرت ئامادەکراون.

- **کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان:** هەرچەندە بەپێی دوایین ئامارەکان، لە دوو دەیەی رابردوودا ٣١ کەناڵی ئاسمانیی کوردیی* مۆڵەتیان وەرگرتووە و بەشێکیان ئێستا پەخشیان وەستاوە، بەڵام لێرەدا بەمەبەست لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، تەنها کەناڵە هەواڵییە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان** دەگرێتەوە؛ واتە ئەو کەناڵانەی کە گەشتی هەواڵیان هەیە و رۆژانە لە چەند کاتێکی جیاوازدا پەخشدەکرێن.

- **بەرەنگاربوونەوە:** لێرەدا مەبەست لە بەرەنگاربوونەوە، بریتییە لە هەوڵەکانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی و ئەو سەرپێچییە نایاساییانەی، کە لە کەرتی دارایی هەرێمی کوردستاندا دەکرێن.

- **گەندەڵیی دارایی:** مەبەست لە هەموو ئەو رەفتار و لادانە داراییانەیە کە لە یاساکان و بڕیار و رێنماییەکان دەکرێت، لە پێناو بەرژەوەندی تایبەت لەسەر حیسابی بەرژەوەندی گشتیی؛ لەم توێژینەوەیەشدا مەبەست لە گەندەڵیی دارایی، بریتییە لە بەهەدەردانی سامانی گشتیی و خراپ بەکارهێنانی موڵک و ماڵی دەوڵەت و قاچاخچێتی خاڵە سنورییەکان قۆرخکاریی کەرتی تایبەت و هەموو ئەو رەفتارانەی کە زیان بە دارایی گشتی دەگەیەنن.

**دوازدەیەم: تیۆری بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا**

بۆ بەئاگابوون لە ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانی کوردستاوە لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، ئەم توێژینەوەیە پەنای بردووەتە بەر تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن و فۆرمی راپرسییەکەی لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە دروستکردووە؛ کە یەکێکە لەو تیۆرانەی هەوڵدەدات رادەی کاریگەری پەیامە میدیاییەکان لەسەر وەرگر دەستنیشان بکات؛ بنەچەی تیۆرەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مۆدێلەی هەریەک لە "ملفين ديلفير" و "ساندرا بول رۆکیچ" لە ساڵی ١٩٧٦ دا خستیانە روو، کە دواتر بووە وەرچەرخانێکی گرنگ لە توێژینەوەکانی کاریگەری و دیاریکردنی روخسارێکی دیاریکراو بۆ بونیادنانی ئەو تیۆرانەی راگەیاندن کە تێڕوانینێکی گشتگیر بۆ رۆڵی راگەیاندن پێشکەش دەکەن[1].

بەگوێرەی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن، بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە ئامانجە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بەدی بهێنن، پێویستە پشت بە کەناڵەکانی راگەیاندن ببەستن، بۆ وەرگرتنی زانیاریی کە وەڵامدەرەوەیە بۆ پێداویستییەکانیان و هاوکاریکردن لە بەدی هێنانی ئامانجەکانیاندا؛ دیلفیر و رۆکیچ پێیانوایە: لێرەدا زانیاری بریتییە لە هەموو پەیامێکی میدیایی، تەنانەت بەرنامەکانی خۆشی و کات بەسەربردنیش[2]؛ ئەم تیۆرە ئەوەش دەخاتە روو لە بەرەنجامی پشتبەستنی تاکەکان بە ئامرازەکانی راگەیاندن، سێ جۆر کاریگەری لەسەریان دروست دەبێت؛ ئەوانیش کە بریتیین لە: کاریگەری زانیاریی، کاریگەری ویژدانی و کاریگەری رەفتاری؛ لە رێگەی کاریگەرێتییە مەعریفییەکانەوە، تاکەکان دەتوانن زانیاری تەواویان دەستکەوێت و ئەو دۆخە تەمومژاویانە بڕەوێننەوە کە بۆ بوارێک هەیانە؛ ئیدی دەتوانن

---

* بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣).

** بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤).

[1] نها عبد المقصود، نظرية الاعتماد على وسائل الاعلام الاسس والمنطقات، القاهرة، المعهد المصري للدراسات، ٢٠١٨، ص١.

[2] هيثم هادي الهيتي، الإعلام السياسي والإخباري في الفضائيات، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٠، ص١٣٣.

راڤەی گونجاو بۆ ڕووداوەکان بکەن و بۆچوون و بایەخبەندیان گەڵاڵە بکەن و سیستمی بیروباوەڕەکانیان بەرفراوان بکەن[١].

هەرچی کاریگەری ویژدانییە، بریتییە لەو هەست و سۆزە مرۆییانەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە ناخی تاکەکاندا دروستی دەکەن، لە خۆشەویستی و ڕق و کینە و ترس و دڵەراوکێ و پشتگیری سۆزداری بەرامبەر بابەتە جیاوازەکان؛ سەبارەت بە کاریگەری ڕەفتاریش ئەم تیۆرە پێمان دەڵێت، لە بەرەنجامی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، تاکەکان کۆمەڵێک ڕەفتار دەنوێنن، جا ئەو ڕەفتارانە ڕەفتارێکی چالاکئامێز بێت (Activition) یاخود ڕەفتارێکی بێباکانە (ناچالاک) (Deactivition)، بۆ نموونە ڕاگەیاندن دەتوانێت لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا، کاریگەری لەسەر تاکەکان دروست بکات، تا بەشداری لە دەنگدان بکەن، دەشتوانێت وایان لێبکات بەشداری نەکەن[٢].

گرنگی ئەم تیۆرە لەوەدایە، زۆرێک لە توێژینەوە زانستییەکان پشتی پێ دەبەستن، بۆ ئاشکراکردنی کاریگەری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەسەر تاکەکان؛ بە تایبەت لە هەر سێ بواری مەعریفیی و ویژدانیی و ڕەفتارییدا.

**سێزدەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

توێژینەوەکانی پێشوو بە یەکێک لە گرنگترین بەشەکانی توێژینەوە زانستی لە قەڵەم دەدرێت و هەبوونی لە هەموو توێژینەوەیەکی زانستییدا، مەرجێکی سەرەکییە؛ توێژینەوەکانی پێشوو، بڕێکی زۆر لە زانیاریی دەخاتە بەردەستی توێژەر، کە هاوکاری دەکات بە باشی لە بابەتی توێژینەوەکەی تێبگات؛ هەروەها لە ڕێگەی چاوخشاندنەوە بە توێژینەوەکانی پێشوودا، توێژەر دەتوانێت خۆی لە دووبارەکردنەوەی ئەو هەڵانە بە دووربگرێت، کە توێژەرانی پێش خۆی تێیکەوتوون؛ هەروەک هاوکاری توێژەر دەکات لە ڕێکخستنی بەشەکان و هێڵی سەرەکی توێژینەوەکەی و بەراوردکردنی توێژینەوەکەی بەوانەی پێشوو؛ هەروەها توێژەر دەتوانێت سود لەو سەرچاوە و فەرهەنگانە وەربگرێت، کە توێژینەوەکانی پێشوو بەکاریانهێناوە.

توێژەر لێرەدا بە دوای ئەوەدا گەڕاوە و هەوڵییداوە ئەو توێژینەوانە بخاتە بەرچاو کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە بابەتی بنەڕەتی ئەم توێژینەوەیەوە نزیک و پەیوەندیدارن؛ بەڵام ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، توێژینەوەیەکی وای بەدی نەکرد، کە ڕاستەوخۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی پەیوەست کردبێت بە کاری کەناڵەکان و میدیا بە گشتی، بەڵام چەند توێژینەوەیەکی دەستنیشانکرد کە تا ڕادەیەک لە بابەتە بنەڕەتییەکانی توێژینەوەکەوە نزیکن؛ هەروەها لە چەند ژینگەیەکی دیکە کە نزیکن لە ژینگەی هەرێمی کوردستانەوە، توێژەر توانی دەستی بگات بە چەند توێژینەوەیەک، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاوڕی لە هەردوو گۆڕاوی کاری تەلەڤزیۆنیی و دیاردەی گەندەڵیی دارایی داوەتەوە.

---

[١] ملفين ل. ديفلير، ساندرا بول روكيتش، نظريات وسائل الاعلام، ترجمة: كمال عبد الرؤوف، القاهرة، الدار الدولية للنشر والتوزيع، ١٩٩٢، ص٢٤٢.

[٢] حسن عماد المكاوى و ليلى حسن السيد، الاتصال ونظرياته المعاصرة، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية، ١٩٩٨، ص٣٢٩.

**أ- ئەو توێژینەوانەی پێشوو کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەم توێژینەوەیەوە هەیە:**

لێرەدا ئەو توێژینەوانە خراونەتەڕوو کە گۆڕاوێک یاخود زیاتریان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا هاوبەشە و بەگوێرەی ساڵی ئەنجامدانیان لە تازەوە بۆ کۆن ڕیزبەندکراون:

**١- توێژینەوەی (روان عماد حمام)[١]**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە و توێژەر پشتی بە شێوازی ڕووپێویی بەستووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە؛ کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی: ڕۆڵی ڕۆژنامەی بنکۆڵکاریی لە ئوردن چییە لە بواری ئاشکراکردنی بابەتەکانی گەندەڵیی لە ڕوانگەی تێڕوانینی ڕۆژنامەنووسانی ئوردنییەوە؟ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەمی ڕۆژنامەنووسانی ئوردن کە ژمارەیان هەزار و ٢٦٧ ڕۆژنامەنووسە و لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئوردن ناویان تۆمارکراوە؛ سامپڵی توێژینەوەکە سامپڵێکی هەڕەمەکییە و توێژەر ١١٩ ڕۆژنامەنووسی وەرگرتووە؛ هەروەها فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە وەکو ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریی لە سامپڵی توێژینەوەکە بۆ زانینی دیدوبۆچوونیان لەبارەی ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی لە ئوردن لە ئاشکراکردنی دۆسییەکانی گەندەڵییدا؛ گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە: زانینی ئاستی درککردنی ڕۆژنامەنووسانی ئوردنی بە بوونی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی لە ئوردن بۆ ئاشکراکردنی دۆسییەکانی گەندەڵیی؛ درککردن بەو ڕۆڵەی کە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی لە ئوردن جێبەجێی دەکات بۆ ئاشکراکردنی دۆسییەکانی گەندەڵیی؛ دیاریکردنی ئەو بابەتانەی گەندەڵیی کە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی ئوردنی ئاشکرای دەکات.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پێی گەیشتووە، بریتین لە:

١- زۆرینەی ڕۆژنامەنووسانی ئوردن دەڵێن، ئاگاداری لێکۆڵینەوە بنکۆڵکارییەکانن لە ڕۆژنامەکاندا و بیرۆکەی باشیان تێدایە.

٢- چەندین ئاڵنگاریی لە بەردەم پێشکەوتنی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی لە ئوردن هەیە، وەکو ڕاهێنان و پێویستی درککردنی سەرجەم دامەزراوەکانی کۆمەڵگە، بە گرنگی ئەم جۆرە لە ڕۆژنامەوانیی.

٣- هەماهەنگییەکی لاواز لە نێوان دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و ئەو ڕۆژنامەنووسانەدا هەیە، کە لە بواری ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکارییدا کار دەکەن.

**٢- توێژینەوەی هاوبەشی (Chinwe Mirian, Mathew Danjuma)[٢]**

کێشە و پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی: کە ئایا ڕاوبۆچوونی داڕێژەران (هەواڵساز) لە دەزگا میدیاییە چاپکراوەکانی نەیجیریادا چییە، دەربارەی بابەتە جیاوازەکانی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی؟ ئەو فاکتەرانە چین کە لە کاتی ڕوومالکردنی بابەتەکانی پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییدا، کاریگەرێتییان لەسەر ڕاوبۆچوونی داڕێژەران هەیە؟ ئایا ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی نەیجیریا، بە چ ئاراستە و مەبەستێک، ڕوومالی هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی

---

[١] روان عماد حمام، دور الصحافة الاستقصائية في كشف قضايا الفساد من وجهة نظر الصحفيين الأردنيين، رسالة ماجستير، قسم الصحافة والإعلام، كلية الاعلام، جامعة الشرق الاوسط في الاردن، ٢٠١٩. https://bit.ly/3cHjqsJ

[2] Chinwe Mirian, Mathew Danjuma, Coverage of Corruption Cases in Nigerian Newspapers and Magazines and Print Editors' Perception about the Fight against Corruption in Nigeria, UNIUYO Journal of Humanities (UUJH), Vol. 22, No. 1, Nigeria, 2018. https://bit.ly/3op57LV

گەندەڵییان کردووە؟؛ توێژەران دوو ئامرازیان بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی و گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە، ئامرازی یەکەم بریتییە لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی قوڵ ( in-depth interview) کە یەکێکە لە شێوازە باوەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی لە توێژینەوە جۆرایەتییەکاندا (Qualitative Research)، توێژەران ئەم شێوازەیان بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ داڕێژەران لە دەزگا میدیاییە چاپکراوەکاندا، بە مەبەستی زانینی بیروبۆچوونیان دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لە نەیجیریادا؛ ئامرازی دووەم بریتییە لە شیکاریی ناوەڕۆک بۆ بابەتەکانی تایبەت بە گەندەڵیی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی نەیجیریادا؛ کۆمەڵگەی لایەنی مرۆیی توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەمی داڕێژەران لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی نەیجیریادا و کۆمەڵگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکیش سەرجەمی بابەتەکانی پەیوەست بە گەندەڵییە، لە ڕۆژنامە نیشتمانیی و گۆڤارە بەناوبانگەکانی نەیجیریادا؛ سامپڵی لایەنی مرۆیی توێژینەوەکە بریتییە لە ٢٢ داڕێژەری هەواڵ بە جۆرێک ١٢ داڕێژەر لە ڕۆژنامەکان و هەشت داڕێژەر لە گۆڤارەکان؛ سامپڵی شیکردنەوەی ناوەڕۆکیش بریتییە لە چوار مانگی بابەتەکانی تایبەت بە گەندەڵیی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا (تشرینی دووەمی ٢٠١٥، کانوونی دووەمی ٢٠١٦، ئازاری ٢٠١٦ و ئایاری ٢٠١٦) ؛ گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە: بەراوردکاریی لە نێون ڕاوبۆچوونی داڕێژەرانیی دەزگا میدیاییە چاپکراوەکان، دەربارەی بابەتە جیاوازەکانی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لە نەیجیریادا؛ دڵنیابوونەوە لەو هۆکارانەی کە کاریگەرێتییان لەسەر ڕاوبۆچوونی داڕێژەرانیی دەزگا میدیاییە چاپکراوەکان هەیە، لە کاتی ڕووماڵکردنی هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی؛ دیاریکردنی ئاراستەی ڕووماڵکردن لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە لە توێژینەوەکەدا وەکو نموونە وەرگیراون، دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لە نەیجیریا.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەران لە توێژینەوەکەیاندا پێی گەیشتوون، بریتین لە:

١- زۆرینەی داڕێژەرانی هەواڵ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی نەیجیریادا، هەڵمەتی حکومەتی ئێستا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی بە باشی وەسف دەکەن و دەڵێن ئەنجامی ئەرێنی لێکەوتووەتەوە، هەرچەندە پێیانوایە پرۆسەکە بە حزبیی کراوە.

٢- سەرەڕای ئەوەی کە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لە نەیجیریا بەردەوامە، بەڵام ڕۆژنامە و گۆڤارە نەیجیرییەکان بایەخی زۆریان بە ڕووماڵکردنی بابەتەکانی تایبەت بە هەڵمەتەکە نەداوە، بۆ ئەوەش گرفتی سەرەکی بریتییە لە پێنەدانی زانیاریی لە لایەن حکومەتەوە بە میدیاکان.

٣- زۆربەی ئەو بابەتانەی لەبارەی گەندەڵیی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی نەیجیریادا بڵاوکراونەتەوە، تەنها هەواڵ و بیروڕا بوون، بەبێ ئەوەی بنکۆڵکاریی و دەرخستنی ڕاستییەکان، لە دۆسییە ڕووماڵکراوەکاندا هەبێت.

### ٣- توێژینەوەی هاوبەشی (حاتم بديوي الشمري و ابتهال جاسم رشيد)[١]

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە و توێژەران لە ڕێگەی تێبینیکردنەوە، زانیارییان لەسەر بابەتەکانی توێژینەوەکەیان کۆکردووەتەوە و دواتر شییکردنەوەیان بۆ کردووە؛ کێشەی توێژینەوەکە

---

[١] حاتم بديوي الشمري و ابتهال جاسم رشيد، دور وسائل الإعلام في مكافحة الفساد العراق أنموذجا، مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية، مجلة علمية تصدر من قبل مركز بابل للدراسات الحضارية والتاريخية بجامعة بابل، المجلد ٦، العدد ٤، ٢٠١٦. https://bit.ly/3z7eHYv

بریتییە لەوەی کە ئایا ئامرازەکانی راگەیاندن رۆڵیان چییە لە دانانی سنور بۆ گەندەڵیی و بەرەنگاربوونەیدا؛ تا چ ئاستێک دەتوانرێت دەزگاکانی راگەیاندن بەکاربهێنرێن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی و دروستکردنی کاریگەری لەسەر رایگشتی؟ گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە: خستنەڕووی شێوازی چارەسەری میدیایی بۆ دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی و بڵاوکردنەوەی بۆ رایگشتی لە عێراقدا؛ هەوڵدان بۆ زانینی رادەی بایەخدانی ئامرازەکانی راگەیاندن بە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی و بەرەنگاربوونەوەی؛ بەئاگابوون لەو پلانە میدیاییەی کە دادەڕێژرێت بۆ ئاشکراکردن و دیاریکردنی گەندەڵیی و هۆکارەکانیی و چارەسەرکردنی.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەران لە توێژینەوەکەیاندا پێی گەیشتوون، بریتین لە:

١- ئامرازەکانی راگەیاندن رۆڵێکی سەرەکیی و بنەڕەتییان هەیە لە هۆشیارکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاریی لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی و بە ئەڵقەی بەیەکگەیشتنی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵات دادەنرێن.

٢- میدیای عێراقی رۆڵی خۆی نەبینیوە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیی و مافی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکانی پێنەدراوە، تاوەکو بڵاویان بکاتەوە و رووناکی بخاتە سەر کانگاکانی بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی دارایی.

٣- بەبێ بوونی میدیاییەکی ئازاد، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی مەحاڵە؛ ئامرازەکانی راگەیاندن دەبێت ئازادی گوزارشتکردنیان هەبێت، بتوانن کاری رۆژنامەوانیی بکەن بۆ سزادان و لێپرسینەوە و بڵاوکردنەوەی دەسپاکیی و ئاشکراکردنی کانگاکانی گەندەڵیی.

**٤- توێژینەوەی (محمد عبد البديع)[1]**

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاریی بەستووە و ئامرازی تێبینیکردنی گشتی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لە نموونەی توێژینەوەکە؛ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە بەرهەمی هزر و توێژینەوەکانی میسری و جیهانیی دەربارەی گەندەڵیی و ئامرازەکانی راگەیاندن کە لە رێگەی بڵاوکراوەکان و گۆڤارە زانستییەکان و تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بڵاوکراونەتەوە لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٣ تاوەکو ٢٠١٥ ، لەو چوارچێوەیەدا توێژەر سامپڵێکی مەبەستداری دیاریکردووە کە بریتییە لەو توێژینەوە میدیایانەی کە بابەتەکانی گەندەڵییان لەخۆگرتووە، وەکو توێژینەوەکانی ماجستێر و دکتۆرا و ئەو توێژینەوانەی لە گۆڤارە زانستییەکاندا بڵاوکراونەتەوە؛ گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە: زانینی رۆڵی تەلەڤزیۆن و رادیۆ لە بەرەنگاربوونەوەی جۆر و شێوازەکانی گەندەڵیی داراییدا، لە رێگەی ئەو رۆڵەی کە ئەو دوو ئامرازە لە کۆمەڵگەی میسریدا دەیگێڕن بۆ چاندنی رۆشنبیریی شەفافیەت و دەسپاکی؛ زانینی جۆری بابەتەکانی گەندەڵیی و شێوازەکەی کە رادیۆ و تەلەڤزیۆنی میسری بایەخیان پێداوە؛ بەئاگابوون لەو رووبەرە زەمەنییەی کە لە رادیۆ و کەناڵی میسری بۆ بابەتەکانی گەندەڵی تەرخانکراوە.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پێی گەیشتووە، بریتین لە:

---

[1] محمد عبد البديع، دور الراديو والتليفزيون في غرس قيم الشفافية والنزاهة ومحاربة الفساد في المجتمع المصري دراسة نظرية كيفية، مجلة الإعلام والعلوم الاجتماعية للأبحاث التخصصية، مجلة علمية تصدر من قبل المعهد الماليزي للعلوم والتنمية، المجلد ١، العدد ٣، ٢٠١٦. https://bit.ly/3J0gxPA

١- گرنگترین هۆکار کە وا لە گەنجان دەکات تەماشای زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکان بکەن، بوونی بابەتی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە لەنێو زنجیرەکاندا، هەروەها شێوازی خستنەڕووی بابەتەکانی گەندەڵیی دارایی و پەند و وانە لە چارەنووسی گەندەڵکاران و سەرکەوتنی زوڵم لێکراوان لە دیمەنەکانی زنجیرەکاندا.

٢- هۆکارەکانی گەندەڵیی دارایی بریتییە لە: هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەت، خزمخزمێنە و واستە و بێکاریی.

٣- زۆرینەی چارەسەری بەرنامە سیاسییەکان بۆ بابەتەکانی گەندەڵیی، بە پلەی یەکەم بۆ ئاشکراکردنی هەر لادانێک و گەندەڵییەک و کەمتەرخەمییەکە، لەگەڵ ئاراستەکردنی رەخنە و سەرزەنشتکردنی گەندەڵکاران.

**٥- توێژینەوەی هاوبەشی (Christopher Starke and others)**[1]

توێژەران میتۆدی (Inductive Analysis) (التحليل الاستقرائي)یان بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوە و تاوتوێکردنی بابەتی توێژینەوەکەیان؛ لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە: بەئاگابوون لە کاریگەری رۆژنامە لەسەر گەندەڵیی لە چەندین وڵاتدا؛ توێژەران ئامرازی پێوانەکردنیان بەکارهێناوە بۆ پێوانەکردنی گەندەڵیی و ئازادی رۆژنامەوانیی و پێوانەکردنی گەیشتنی زانیاریی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی؛ لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەران لە توێژینەوەکەیاندا پێی گەیشتوون، بریتین لە:

١- لەو وڵاتانەی کە ئازادیی رۆژنامەوانیی رەخساوە، گەندەڵیی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمە، هاوتەرییب لەگەڵ فەراهەمبوونی خزمەتگوزارییە حکومییەکان لە رێگەی ئینتەرنێت و ئاسانی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت.

٢- توێژەران بۆیان دەرکەوتووە کە کاریگەرییە نەرێنییەکانی گەندەڵیی لە وڵاتانەی توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە، بە روونی دیارە لەسەر ئابووری ئەو وڵاتانە.

٣- ئەنجامەکان ئاشکرایان کردووە، بەرزی ئاستی ئازادی میدیا و بەردەستبوونی زانیاریی لە لای ئەو کەسانەی بەدوایدا دەگەڕێن، بەشداری کارا دەکەن لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە مەترسییەکانی گەندەڵیی.

٤- ئەنجامەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، ئامرازەکانی راگەیاندن دەسەڵاتی کەمکردنەوە یاخود سزادانی گەندەڵکارانیان نییە، بەڵام فاکتەرێکی گرنگن لە فاکتەرە چاودێرییەکانی کۆمەڵگە و رەگەزێکی فشارن لەسەر بەرپرسان، بە تایبەت ئەگەر دەزگاکانی راگەیاندن سکاڵای هاوڵاتیان بڵاوبکەنەوە و ئەو بەرپرسانە ئاشکرا بکەن کەمتەرخەمن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خەڵک.

---

[1] Christopher Starke and others, The Impact of Media Freedom, Internet Access and Governmental Online Service Delivery on Corruption, International Journal of Communication, Vol. 10, California, 2016. https://ijoc.org/index.php/ijoc/article/view/5712/1793

### ٦- توێژینەوەی (مجاشع محمد علي)[١]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە و توێژەر هەردوو شێوازی رووپێویی و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە؛ کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: زانینی سروشتیی چارەسەریی میدیایی بۆ بابەتەکانی گەندەڵیی کارگێریی و دارایی لە کەناڵە ئاسمانییە عێراقییەکاندا؛ کۆمەڵگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆک توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەمی ئەو بەرنامانەی کە لە کەناڵە ئاسمانییە عێراقییەکان (عێراقییە، بەغدادییە و ئەلڕەشید) کە بابەتەکانی گەندەڵییان وروژاندووە؛ توێژەر سێ مانگی ئەو بەرنامانەی وەکو سامپڵی شیکردنەوەی ناوەڕۆک وەرگرتووە لە ماوەی نێوان ٢٠١٣/١١/١ بۆ ٢٠١٤/١/٣١ و فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ شیکارکردنی بەرنامەکانی تایبەت بە گەندەڵیی لەو سێ کەناڵە ئاسمانییە؛ کۆمەڵگەی مرۆیی توێژینەوەکە بریتییە لە بینەری ئەو بەرنامانە لە شاری بەغداد؛ سامپڵی مرۆیی توێژینەوەکە هەڕەمەکی سادەیە و توێژەر ٤٠٠ کەسی وەکو بینەری ئەو بەرنامانە لە بەغداد وەرگرتووە و فۆرمی راپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی لەسەریان؛ گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە: زانینی گرنگترین بەرنامەکانی گەندەڵیی دارایی و کارگێریی لە کەناڵە عێراقییەکاندا، کە وا لە بینەر دەکەن، تەماشایان بکەن و کاریگەربن بە زانیارییەکانیان؛ ئاشنابوون بە دیارترین شێواز و فۆرمی هونەریی ئەو بەرنامانەی کە پرسەکانی گەندەڵیی دەوروژێنن؛ دیاریکردنی شێوازەکانی گەندەڵیی کە ئەو بەرنامانە لە کەناڵە عێراقییەکاندا خستوویانە روو.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پێی گەیشتووە، بریتین لە:

١- لە نێو فۆرمە هونەرییەکاندا کە خراوەتەڕوو بۆ چارەسەریی بابەتەکانی گەندەڵیی کارگێریی و دارایی لە کەناڵە عێراقییەکاندا، فۆرمی بەرنامەی گفتوگۆئامێز بە پلەی یەکەم هاتووە بە رێژەی ٥٣%.

٢- گەندەڵیی دارایی سیاسی لە پلەی یەکەمی ریزبەندی شێوازەکانی گەندەڵیی داراییدایە لە عێراق.

٣- کەناڵە تایبەتەکان (ئەهلییەکان)، لە پێشەنگی ئەو کەناڵانەدا دێن، کە لە لایەن لێتوێژەرانی ئەم توێژینەوەیە، متمانەیان پێدەکرێت وەکو سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو بۆ بەئاگابوون لە هەواڵ و زانیارییەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی؛ دواتر کەناڵە حزبییەکان.

### ٧- توێژینەوەی (نور أنور عاشور الدلو)[٢]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە و توێژەر پشتی بە هەردوو شێوازی روپێویی و شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەستووە؛ هەروەها توێژەر هەردوو "تیۆری دەرگاوان" و "تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن"ی بەکارهێناوە لە توێژینەوەکەیدا؛ کۆمەڵگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەمی بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانیی لە هەریەک لە رۆژنامەکانی "الحياة الجديدة" و "فلسطين" و "الرسالة"، لەگەڵ گۆڤاری "السعادة"؛ توێژەر ژمارەی رۆژنامەکانی لە ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ و ٢٠١٤ وەکو سامپڵی توێژینەوەکە وەرگرتووە و دەرکەوتووە لەو ماوەیەدا ٢٣٧ بابەتی لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانیی لە لایەن ئەو رۆژنامانەوە بڵاوکراوەتەوە؛ هەروەها توێژەر فۆرمی

---

[١] مجاشع محمد علي، تناول برامج التلفزيون لقضايا الفساد بالعراق وعلاقتها بتشكيل معارف الجمهور تجاهها، اطروحة الدكتوراه، كلية الاداب، قسم علوم الاتصال والاعلام، جامعة عين شمس في مصر، ٢٠١٥. https://bit.ly/3Ov0FG6

[٢] نور أنور عاشور الدلو، دور التحقيق الصحفي في معالجة قضايا الفساد بالصحافة الفلسطينية دراسة تحليلية و ميدانية مقارنة، رسالة ماجستير، كلية الآداب، قسم الصحافة و الإعلام، الجامعة الإسلامية في غزة، ٢٠١٥. https://bit.ly/3opRn3l

شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ شیکارکردنی بابەتەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی لە هەریەک لەو ڕۆژنامانەدا؛ کۆمەڵگەی مرۆیی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕۆژنامەنووسانی لێکۆڵەر لە کەرتی غەززە و کەناری ڕۆژئاوا، کە لەو ڕۆژنامانەدا کار دەکەن و ڕۆژنامەکانیان وەکو نموونە لە توێژینەوەکەدا وەرگیراوە؛ توێژەر سامپڵی گەمارۆدانی گشتگیر (حصر الشامل)ـی بەکارهێناوە و سەرجەمی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی وەرگرتووە کە ٣٧ ڕۆژنامەنووسن و دابەشدەبن بەسەر غەززە و کەناری ڕۆژئاوادا؛ توێژەر لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە زانیاریی لە سامپڵی مرۆیی توێژینەوەکەی کۆکردووەتەوە؛ گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە: بەئاگابوونە لە ڕۆڵی "لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانیی" لە چارەسەرکردنی بابەتەکانی گەندەڵیی دارایی لە ڕۆژنامە فەڵەستینییەکاندا، لە ڕێگەی زانینی گرنگترین دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی لە ڕۆژنامەکاندا؛ هەروەها زانینی دیارترین ئەو سەرچاوانەی کە ڕۆژنامەکان وەکو سەرچاوەی زانیاریی پشتیان پێ بەستووە؛ قەبارەی ئەو ڕووبەرەی کە بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانیی، لە ڕۆژنامەکاندا داگیرییان کردووە.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پێی گەیشتووە، بریتین لە:

١- گەندەڵیی ئیداریی بە پلەی یەکەم دێت لە نێو جۆرەکانی گەندەڵییدا کە لە ڕۆژنامەکاندا گرنگی پێدراوە، دواتر گەندەڵیی کۆمەڵایەتیی و پاشان گەندەڵیی دارایی.

٢- لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەوانییەکان بە پلەی یەکەم بە ئاراستەی نەرێنی چارەسەریان بۆ بابەتەکانی گەندەڵیی دارایی خستووەتەڕوو، پاشان بە ئاراستەی تێکەڵ و دواتر ئاراستەی ئەرێنی.

٣- هەندێک بابەتی گەندەڵیی وەکو بابەتە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووری و ئیدارییەکان، سەختە ڕۆژنامەوانان بتوانن کاریان لەسەر بکەن؛ لەبەرئەوە پێویستە بەڕێوەبەرانی دامەزراوە میدیاییەکان، ڕاهێنان بە ڕۆژنامەنووسەکانیان بکەن، لەبارەی چۆنیەتی ڕووماڵکردنی ئەو بابەتە هەستیارانە.

**ب- ئەو توێژینەوانەی پێشوو کە نزیکن لە گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیەوە:**

لێرەدا ئەو توێژینەوانە خراونەتەڕوو کە تاڕادەیەک نزیکن لە گۆڕاوە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە و بەگوێرەی ساڵی ئەنجامدانیان لە تازەوە بۆ کۆن ڕیزبەندکراون:

**١- توێژینەوەی (ئاشتی حەمەساڵح حسێن)[١]**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە و توێژەر شێوازی ڕوپێویی بەکارهێناوە؛ کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی: تا چ ڕادەیەک بابەتە بنکۆڵکارییەکان لەناو دەزگا میدیاییە چاپکراوەکانی شاری سلێمانیدا (لەدیدی بەڕێوەبەری دەزگاکانیانەوە) ڕۆڵ دەبینێت و بایەخی پێدراوە؛ توێژەر بەڕێوەبەری دەزگاکانی وەکو سامپڵ وەرگرتووە و ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە، بەمەبەستی زانینی دیدوبۆچوونی بەڕێوەبەری کەناڵە چاپکراوە کوردییەکانی سنوری شاری سلێمانی، سەبارەت بە ڕۆڵ و بایەخی بابەتە بنکۆڵکارییەکان لە کاری ڕۆژنامەوانیدا؛ گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە: زانینی ئاستی بایەخپێدان بە بابەتی بنکۆڵکاریی لەناو گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا؛ دەرخستنی ئەو بابەتانەی کە گرنگە لە ئیشی بنکۆڵکارییدا کاریان لەسەر بکرێت؛ ئاگاداربوون لەو کەلێنانەی کە بەهۆی نەبوونی بابەتی بنکۆڵکارییەوە دروست بووە.

---

[١] ئاشتی حەمەساڵح حسێن، ڕۆڵ و گرنگیی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاریی لە ڕۆژنامەوانیی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی ٤، ژمارە ٢، ٢٠١٧. https://bit.ly/3Bmu4iu

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پێی گەیشتووە، بریتین لە:

١- بایەخپێدان بە ئیشی بنکۆڵکاریی لەناو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستاندا لە ئاستێکی خراپدایە.

٢- ئەو بابەتانەی گرنگە ئیشی بنکۆڵکارییان لەسەر بکرێت: بابەتی کۆمەڵایەتی، ژینگە، پەروەردە، سیاسی، ئابووری، نەوت، دەروونی، تەندروستی و خزمەتگوزاری گشتیی.

٣- ئەو کەلێنانەی کە بەهۆی نەبوونی بابەتی بنکۆڵکاریی لەناو گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا دروست دەبێت بریتین لە: کەمبوونەوەی ڕێژەی خوێنەرانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان؛ نەمانی متمانە لای خوێنەر؛ نەگەیشتن بە ڕاستی ڕووداوەکان؛ بەهەند وەرنەگرتنی بابەتی ڕۆژنامە لە لایەن دەزگا ڕەسمییەکانەوە؛ ناڕاستی هەواڵ و نەگەیشتن بە کۆتایی ڕووداوەکان؛ لەدەستدانی پرۆفیشنالی و میسداقیەت؛ نەمانی پردی پەیوەندی لە نێوان هاوڵاتیان و میدیادا.

**٢- توێژینەوەی (دەشتی عەلی ڕەشید)[١]**

یەکێکە لە توێژینەوە وەسفییەکان و توێژەر هەوڵیداوە بە پشتبەستن بە شێوازی ڕووپێویی، پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا، دەستنیشان بکات؛ کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: دیارنەبوونی سەنگ و قەبارە و کاریگەرێتییەکانی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی لە دنیای ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا؛ هەروەها ئاستەنگ و کێشەکانی بەردەمی چیین و کاریگەرێتییان لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێری ڕۆژنامەنووسیی و دروستبوونی "دەسەڵاتی چوارەم" تا چەندە؟؛ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە بوارە جیاجیاکانی ڕۆژنامەنووسیی "چاپکراو، بیستراو، بینراو و ئۆنلاین"دا کار دەکەن، کە ٢٥٠ کەسیان وەکو سامپڵی توێژینەوەکە دەستنیشانکراون؛ توێژەر فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە بۆ دەستکەوتنی زانیاریی و زانینی بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان لەسەر پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا؛ گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە: زانینی تێڕوانینی بژاردەی گەیاندنکار و میدیاکارانی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی لە هەرێمدا و بایەخ و پێویستی بۆ کۆمەڵ و وڵاتەکە؛ هەروەها ئاشکراکردنی ئاستەنگ و کێشەکانی بەردەم ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا و کاریگەری لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێری ڕۆژنامەنووسیی و دروستبوونی "دەسەڵاتی چوارەم".

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پێی گەیشتووە، بریتین لە:

١- ئاشکراکردنی گەندەڵیی دارایی و کارگێریی و سیاسیی، دیارترین ئەرک و ئامانجی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییە بەلای ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانەوە.

٢- زۆترین ئەو بابەتانەی کە ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بنکۆڵکارییان بۆ کردووە، پرسی گەندەڵیی بوون؛ وەکو "گەندەڵیی سیاسی، گەندەڵیی دارایی و ئابووری" هەرچەندە چەندین پرس و بابەتی

---

[١] دەشتی عەلی ڕەشید، پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن-ڕۆژنامە، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٧. https://bit.ly/3zu80RX

دیکە هەن شایەنی کاری بنکۆڵکاریین، بەڵام کەمتر لە لایەن رۆژنامەنووسانی هەرێمەوە، بنکۆڵکارییان بۆ ئەنجامدراوە.

٣- دەرکەوتووە، ئەو لایەنانەی کە رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییان لەبارەوە کراوە لە هەرێمی کوردستاندا، کاریگەرێتییان هەبووە و تا رادەیەک گۆڕانکارییان دروستکردووە؛ لەوانە: "ئاشکراکردنی زانیارییەکان" و "ئاشکراکردنی سەرپێچییەکان" و "بەدیهێنانی شەفافییەت".

**٣- توێژینەوەی (هیرش رسول مراد)[١]**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە و کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: نەبوونی وێنەیەکی روون دەربارەی سروشتی رۆڵی چاودێری لە رۆژنامەگەریی کوردییدا و ئاستی چوونییەکی ئەو رۆڵە لەگەڵ پێودانگە زانستیی و پیشەیی و جەماوەرییەکان؛ توێژەر پشتی بە هەردوو شێوازی روپێویی و شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەستووە؛ کۆمەڵگەی لایەنی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بریتییە لە هەردوو رۆژنامەی "کوردستانی نوێ" و "رۆژنامە" و فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ شیکارکردنی بابەتەکانی چاودێریکاریی لە هەردوو رۆژنامەکە لە ماوەی نێوان ٢٠٠٩/١/١ بۆ ٢٠٠٩/١٢/٣١ کە وەکو سامپڵی لایەنی شیکردنەوەی ناوەڕۆک وەریگرتووە؛ هەروەها فۆڕمی راپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی لە سامپڵی لایەنی روپێویی توێژینەوەکە کە بریتییە لەو رۆژنامەنووسانەی لە هەردوو رۆژنامەی "کوردستانی نوێ" و "رۆژنامە" کار دەکەن، بۆ زانینی ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکی چاودێری لە رۆژنامە کوردییەکانی هەرێمی کوردستاندا؛ لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە: دەستنیشانکردنی رادەی بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێریکاریی لە رۆژنامەنووسیی کوردییدا بەرامبەر بە پرسە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا بە شێوەیەکی گشتی؛ هەروەها زانینی ئاستەنگەکانی بەردەم ئەداکردنی ئەرکی چاودێری لە رۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستانی عێراق لەسەر ئاستی سیاسی، میدیایی و کارگێڕی؛ لەگەڵ دیاریکردنی سنوری هاریکارییکردن و بەدەمەوەهاتنی دەزگا و دامەزراوە حکومیی و حزبییەکان بۆ داواکاریی کاری رۆژنامەنووسیی چاودێری لە هەرێمی کوردستاندا.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پێی گەیشتووە، بریتین لە:

١- ئەرکی چاودێری، گرنگترین ئەرکی راگەیاندنە بەلای رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانەوە.

٢- ئاستەنگی سیاسی، دیارترین ئاستەنگی بەردەم ئەرکی چاودێری رۆژنامەنووسی کوردییە؛ رۆژنامەنووسان لە کاتی بەجێهێنانی ئەم ئەرکەدا، رووبەڕووی کۆسپ و لەمپەر بوونەتەوە.

٣- نزمی ئاستی بەدەستهێنانی زانیاریی گرنگ و پێویست لە لایەن رۆژنامەنووسانەوە، بۆ بەجێگەیاندنی کاریی چاودێری لە هەرێمی کوردستاندا.

**چواردەیەم: سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو**

دوای خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو، توێژەر هەوڵیداوە لە چەند لایەنێکی ئەرێنییەوە سودیان لێوەربگرێت، کە لێرەدا ئاماژەی بۆ کراوە:

- ئاگاداربوونی توێژەر لەو نووسین و هەوڵە زانستیانەی پێش خۆی لەو بوارەدا دراون.

---

[١] هيرش رسول مراد، الوظيفة الرقابية للصحافة الكردية في إقليم كوردستان، اطروحة الدكتوراه، كلية علوم الانسانية، قسم الاعلام-الصحافة، جامعة السليمانية، ٢٠١١.

- ئەو توێژینەوانە بەرچاو روونییەکی باش بووە بۆ دیاریکردنی میتۆد و شێوازی ئەم توێژینەوەیە.

- سودوەرگرتن لە رووی فۆڕم و خشتەی پلان و ناوەڕۆک و رێوشوێنە زانستییەکانی ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی پەسەندکراو.

- ئاگاداربوون لەو هەوڵە زانستیانەی لە بواری "میدیا و گەندەڵیی" لە عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی دیکەی جیهان دراون.

- سودوەرگرتن لەو توێژینەوانە لە رووی رێکخستنی فۆرمی راپرسی و شیکردنەوەی ناوەڕۆک.

- توێژەر گەڕاوە بە دوای چەند سەرچاوەیەکی زانستی کە لە هەندێک لەو توێژینەوانەدا بەکارهێندراون و بەلای توێژەرەوە سەرچاوەی جێگەی سەرنج و بە بایەخ بوون بۆ بەکارهێنانی لەم توێژینەوەیەدا.

- توێژەر سودی لەو توێژینەوانە وەرگرتووە بۆ دیاریکردنی شێوازی بەرەنگاربوونەوەی کێشەی توێژینەوەکە و گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە.

- سود لەو توێژینەوانە وەرگیراوە بۆ ریزبەندکردن و دابەشکردنی پێکهاتەی توێژینەوەکە.

**خاڵە لەیەکچووەکانی نێوان ئەم توێژینەوەیە و توێژینەوەکانی پێشوو:**

ئەگەرچی زۆرینەی ئەو توێژینەوانە لە رووی کێشە و ئامانجەوە لەم توێژینەوەیە جیاوازن، بە تایبەت هەندێک لەو توێژینەوانە زیاتر کاریان لەسەر رۆژنامە کردووە لە جێبەجێکردنی ئەرکی چاودێری و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا؛ هەندێکی تریشیان بە گشتی باسیان لە رۆڵی میدیا کردووە لەو بوارەدا؛ بەڵام ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ هەندێک لەو توێژینەوانەدا خاڵی هاوبەشیان هەیە وەکو:

١- لە رووی میتۆدی توێژینەوە و شێوازی بەکارهاتوو، زۆربەی توێژینەوەکان لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانن و شێوازی رووپێویی و شیکردنەوەی ناوەڕۆکیان بەکارهێناوە وەکو توێژینەوەکانی (هیرش رسول مراد) و (مجاشع محمد علي) و (نور أنور عاشور الدلو) ئەمەش خاڵی لێکچوونە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا، کە بەهەمانشێوە توێژینەوەیەکی وەسفییە و هەروەها هەردوو شێوازی رووپێویی و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە.

٢- لە رووی ئامانجەوە ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (نور أنور عاشور الدلو) خاڵی هاوبەشیان هەیە کە دیارترین ئامانجە لە یەکچووەکانی هەردوو توێژینەوەکە ئەوەیە هەوڵدەدەن بۆ زانینی گرنگترین دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی و دیارترین ئەو سەرچاوانەی کە وەکو سەرچاوەی زانیاریی پشتیان پێ بەستراوە.

٣- لە رووی فۆڕمی هونەریی بەکارهاتووەوە، ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (مجاشع محمد علي) خاڵی لەیەکچوویان هەیە کە هەردووکیان هەوڵدەدەن بزانن ئەو فۆڕمە هونەریانە کامانەن کە لە گەشتیی هەواڵەکان و بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا زۆرترین بەکارهێنانیان هەبووە بۆ رووماڵکردنی هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی.

٤- لە رووی ئامرازی توێژینەوە، ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی (هیرش رسول مراد) و (مجاشع محمد علي) و (نور أنور عاشور الدلو) و توێژینەوەی هاوبەشی (Chinwe Mirian, Mathew

(Danjuma خاڵی لێکچوویان هەیە و سەرجەمیان هەردوو ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسی و فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکیان بەکارهێناوە.

٥- لە ڕووی دەرئەنجامەوە ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی هاوبەشی (Chinwe Mirian, Mathew Danjuma) خاڵی لەیەکچوویان هەیە، ئەویش ئەوەیە هەردوو توێژینەوەکە گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی دامەزراوە فەرمییەکان هاوکاری میدیاکان بە تایبەت ئۆپۆزسیۆنەکان ناکەن، لە پێدانی زانیاریی و بگرە بەربەستیشیان بۆ دروست دەکەن.

# بەشی دووەم:

# هەواڵی تەلەڤزیۆنی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی

## باسی یەکەم: هەواڵی تەلەڤزیۆنی و ئەرکی چاودێری لە میدیادا

یەکەم / تەلەڤزیۆن، تایبەتمەندی و ئەرک

دووەم / ئەرکی چاودێری لە میدیادا

سێیەم / فۆڕمە هونەرییەکانی تەلەڤزیۆن لە گەیاندنی ئەرکی چاودێریدا

## یەکەم / تەلەڤزیۆن، تایبەتمەندی و ئەرک

### ١- تەلەڤزیۆن:

مارشاڵ ماکلۆهان* دەڵێت: تەلەڤزیۆن ئامرازێکی گرنگە بۆ گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگەدا، بە تایبەت دوای ئەوەی توانی جیهان بکاتە گوندێکی بچووک و مرۆڤی گەڕاندەوە بۆ پێگە سروشتییەکەی خۆی، دوای ئەوەی کە چاپەمەنی لە یەکتری دوور خستبوونەوە، وایکرد بوو کە مرۆڤ تەنها هەستی "بینین" بەکاربهێنێت، بەڵام تەلەڤزیۆن وایکرد هەموو هەستەوەرەکانی بەکاربهێنێت؛ ماکلۆهان پێشیوایە ئەگەر ئامرازەکە باش بێت، بە دڵنیاییەوە پەیامەکەش باش دەبێت و رێگە بە بینەر دەدات بەشداربێت و بە قوڵی تێکەڵاو بێت[١].

مێژووی دەستپێکی داهێنانەکانی تەلەڤزیۆن دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٥٣ تا ساڵی ١٩٢٣ کە "ڤلادیمێر زۆرکین" ئامێری "ئایکۆنۆسکۆبی" داهێنا، کە بە چاوی ئەلکیترۆنی تەلەڤزیۆن ناسراو بوو؛ لە ساڵی ١٩٢٤ "جۆن لۆجی بێرد" (John Logie Baird) توانی یەکەم سیستمی پەخشی تەلەڤزیۆن بخاتەڕوو، کە ناوینا بوو (Analog)[٢]؛ لە قۆناغی دووەمدا لە سییەکانی سەدەی رابردوودا، پەخشی بینراوی تەلەڤزیۆنیی لە ئاستێکی فراواندا لە وڵاتانی ئەورووپی بڵاوبووەوە؛ ساڵی ١٩٣٢ پەخشی ئەزموونی لە فەڕەنسا دەستپێکرد، بەڵام پەخشی فەرمی بۆ ساڵی ١٩٣٥ دواکەوت؛ بە دوای ئەوەدا لە ساڵی ١٩٣٦ بەریتانیا لە رێی دامەزراوەی B.B.C یەکەم پەخشی تەلەڤزیۆنیی دەستپێکرد، هەر لە هەمان ساڵدا ئەڵمانیاش پەخشی دەستپێکرد؛ بەڵام لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٣٩ەوە پەخشی تەلەڤزیۆنیی بەشێوەیەکی نا رێکخراو دەستپێکرد بوو هەتا ساڵی ١٩٤١ بوو بە شێوەیەکی رێکخراو[٣]؛ لە جیهانی عەرەبیشدا یەکەم پەخشی تەلەڤزیۆنیی لە رۆژی ٢ی ئایاری ١٩٥٦ لە عێراق پەخشکراوە، لە ١٩٥٩ لە لوبنان و ١٩٦٠ لە کوەیت و ١٩٦٥ لە لیبیا و ١٩٦٨ لە ئوردن و پاشان بە هەموو وڵاتانی عەرەبیدا بڵاوبووەتەوە[٤].

تەلەڤزیۆن یەکێکە لە ئامرازە کاریگەرەکانی میدیا، کە وێنە و دەنگ بەیەکەوە پەخشدەکات؛ واتە هەستی بینین و بیستن، دوو هەستەوەری گرنگن لە خودی مرۆڤدا، بە تایبەتی چاو کە وێنەکان لە رێگەیەوە وەردەگیرێن و لە مێشکی مرۆڤ پەسمەندە دەکات، بۆیە باوەڕی زیاتر لای تاکەکان دروست دەکات و بەهێزە لە راکێشانی سەرنجی خەڵک[٥]؛ هەر بۆیە توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە بینەران بڕوایەکی زۆریان بە کەناڵە، چونکە ئاشکرایان کردووە کە مرۆڤ ٨٨%ی زانیارییەکانی لەڕێی هەردوو

---

* (١٩١١-١٩٨٠): فەیلەسوفێکی کەنەدییە و تیۆریزانێکی دیاری بواری راگەیاندن و پەیوەندییەکانە؛ بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٤ دەستەواژەی "گوندی جیهانی" بەکارهێناوە بۆ باسکردنی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، بەهۆی زۆربوونی پەیوەندییەکان و میدیا؛ ماکلۆهان دەڵێت: مرۆڤ لە رێگەی تەکنیکی پەیوەندی ئەلکترۆنییەوە، بەربەستەکانی بۆشایی و کاتی لابردووە و جیهان بەرەو گوندێکی جیهانی بچووک هەنگاو دەنێت.

(١) شعبانی مالك، دور التلفزيون في التنشئة الاجتماعية، مجلة العلوم الإنسانية والاجتماعية، جامعة محمد خيضر، العدد ٧، الجزائر، ٢٠١٢، ص٢١٦. https://bit.ly/3cCUMtc

(٢) حەبیب کەرکوکی، پێشەکییەک بۆ زانستی راگەیاندن، دهۆک، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٨، ل٥٥.

(٣) مصطفى حميد كازم الطائي، التقنيات الاذاعية والتلفازية، الاسكندرية، دار الوفاء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧، ص٥٣.

(٤) علي فلاح الزعبى و عبدالعزيز مصطفى ابونعمة، هندسة الاعلان الفعال، العين، دار الكتاب الجامعي، ٢٠١٤، ص٢٩٣.

(٥) ئەرشەد خەلیل شوانی، راگەیاندن و هۆشیاری سیاسی، هەولێر، چاپخانەی موکریان، ٢٠١٤، ل٢٤.

هەستەوەری بینین و بیستنەوە وەردەگرێت؛ بەجۆرێک بینین ٧٥% و بیستن ١٣% ئەم تایبەتمەندییەش لە تەلەڤزیۆندا کۆبووەتەوە و بەوەش بووە بە ئامرازێکی هەرە کاریگەر لەسەر جەماوەر[١].

بایەخ و گرنگی تەلەڤزیۆن لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە توانای بەدیهێنانی ئامانجی درێژخایەنی هەیە؛ دەتوانرێت لە رێگەی بەرنامەکانی کەناڵەوە، ئاراستەیەکی دیاریکراو لە لای جەماوەر دروست بکرێت، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو کۆمەڵگە بە قۆناغی گۆڕانکاریی و راگوزەردا بڕوات؛ ئەو بابەتەی کە پێویستی بە دەرکەوتنی بەها و ئاراستەی نوێیە، تەلەڤزیۆن دەتوانێت رۆڵێکی گرنگی تێدا ببینێت بۆ بەدەستهێنانی ئاراستەی نوێ یان گۆڕانکاریی لە ئاراستەی پێشوو، بە جۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگەکە؛ ئەوەش بەندە لەسەر هەڵبژاردنی بابەتی میدیایی باش و گونجاو[٢].

**٢- تایبەتمەندییەکانی تەلەڤزیۆن:**

دەتوانین بڵێین تەلەڤزیۆن بە بەراورد بە ئامرازەکانی دیکەی میدیا، رۆڵ و کاریگەری زیاترە، ئەمەشە بەهۆی چەند تایبەتمەندییەکەوەیە، لە دیارترینیان[٣]:

أ- کاریگەریی گەورەی لەسەر وەرگر هەیە، چونکە لە یەککاتدا دەتوانێت دەنگ و وێنەی جوڵاو بەیەکەوە نیشان بدات؛ ئەوەش وا دەکات بەراورد بە ئامرازەکانی دیکەی راگەیاندن، ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر وەرگر دروستی دەکات، بۆ ماوەیەکی زیاتر بمێنێتەوە.

ب- بەکارهێنانی هونەرەکانی دەرهێنان و سیناریۆ و گفتوگۆ، بایەخدانی زۆر بە رەنگەکان، کە ئەمەش کاریگەریی زیاتر دەکاتە سەر هەست و سۆزی وەرگر.

ت- توانای راکێشانی بیروهۆشی جەماوەری هەیە بەلای خۆیدا، بە تایبەت کە کاتژمێرەکانی پەخشی تەلەڤزیۆن بە درێژایی ٢٤ کاتژمێر بەردەوامە.

ث- تەلەڤزیۆن توانای تەکنیکی باشی هەیە بۆ کورتکردنەوەی کات لە نێوان ساتی روودانی رووداوەکان و کاتی پیشاندانی بە بینەر؛ بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوە تەلەڤزیۆن دەتوانێت دیمەنی چرکە ساتی رووداوەکان لە کەمترین کاتدا بگوازێتەوە بۆ بینەر[٤].

ج- تەلەڤزیۆن ئامرازێکی گونجاوە بۆ ریکلامکردن، بە تایبەت ئەگەر ئامانجەکە دیاریکراو بێت کە ریکلامەکەی ئاراستە دەکرێت لە رووی تەمەن و ناوچەی جوگرافی و...هتد[٥].

ح- بووەتە باشترین ئامراز لە نێو ئامرازەکانی راگەیاندن، دوای ئەوەی چووە ناو هەموو ماڵێکەوە و لە رێگەی مانگە دەستکردەکانیشەوە بە تەواوی جیهاندا بڵاوبووەوە و پرۆسەی ئاڵوگۆڕی میدیایی و رۆشنبیریی چالاکترکرد و بوو بە ئامرازی نزیکبوونەوەی نێوان گەلان[١].

---

[١] عاطف عدلي العبد و نهى عاطف العبد، نظريات الإعلام وتطبيقاتها العربية، القاهرة، دار الفكر العرب، ٢٠١١، ص ١٤٢.

[٢] بلحفصي وفاء و مسلم لمياء، تأثير الرسوم المتحركة على شخصية الطفل الجزائري، رسالة الماجستير غير منشورة، قدمت الى جامعة أم البواقي، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم العلوم الإنسانية، الجزائر، ٢٠١٦، ص٤٥. https://bit.ly/3vcty33

[٣] محمد صاحب سلطان، العلاقات العامة ووسائل الاتصال، عمان، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، ٢٠١١، ص٢١٩.

[٤] عبد الرزاق محمد الدليمي، عولمة التلفزيون، عمان، دار جرير للنشر والتوزيع، ٢٠١٣، ص٣٣.

[٥] هەمان سەرچاوە، ل٣٣.

خ- تەلەڤزیۆن بەوە جیا دەکرێتەوە کە توانای گواستنەوەی ڕووداو و بۆنە گرنگەکانی هەیە، هەروەها توانای ئەوەی هەیە دیمەنی شوێنە سەخت و حاسییەکان بگوازێتەوە تا هەموو خەڵک ببینن، وەک قوڵایی زەریاکان و بورکانەکان و پرۆسەی چوون بۆ گەردوون و دابەزین لەسەر هەسارەکان[٢].

د- تەلەڤزیۆن بە ئەندازەیەکی زۆر چێژ و تێکەڵاوبوون بەو بابەتە دەبەخشێت کە پیشانی دەدات، هەر بۆیە وەرگر ناچار دەکات هەموو خەیاڵ و هەست و هۆشی بخاتە سەر ئەو بەرهەمەی کە پەخشی دەکات لە ڕێگەی دەنگ و وێنە و جوڵەوە[٣].

**٣- ئەرکەکانی تەلەڤزیۆن:**

توێژەران ئەرکەکانی تەلەڤزیۆنیان بە چەند ئەرکێک دیاریکردووە کە سەرەکیترینیان ئەمانەن:

أ- ئەرکی هەواڵیی: لە ڕێی ئەم ئەرکەوە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە نێوشیاندا تەلەڤزیۆن، هەڵدەستن بە گواستنەوەی ڕووداو و بابەتە گرنگەکان و چاودێریکردنی پێشهات و کاریگەرییەکانی ئەو ڕووداو و بابەتانە لەسەر کۆمەڵگە؛ ئەوەش وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ پێداویستییە سروشتییەکانی مرۆڤ، کە ئارەزوو دەکات ئاگاداری ژینگەی چواردەوری بێت و بزانێت ئەو ڕووداوانە چین کە لە دەوروبەری ڕوودەدەن؛ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا ناوەڕۆکی هەواڵی لە بابەتە میدیاییەکاندا، ڕێژەیەکی زۆری لە کاری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن داگیرکردووە و میدیاکانی ناچارکردووە کە بە هاوسەنگی و وردبینی و ڕاستگۆییەوە، ڕووماڵی ڕووداوەکان بکەن وەک ڕێزێک بۆ خواست و ئارەزووەکانی وەرگر[٤].

ب- ئەرکی ئاراستەکردن و پەروەردە و فێرکردن: سەرەڕای ئەوەی قوتابخانە و خێزان ئەرکی ئاراستەکردن و پێکهێنانی ئاراستەکانی تاک لە ئەستۆ دەگرن، بەڵام ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەدا ڕۆڵێکی گرنگ و بە بایەخ دەبینن بە شێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ئەویش لە ڕێی ناوەڕۆک و زمانی ئەو بابەتە میدیاییەی کە ئاراستەیان دەکرێت[٥]. هەروەها لە ڕووی پەروەردە و فێرکردنەوە، تەلەڤزیۆن سەرچاوەیەکی ترە بۆ فێربوون و بەڵکو شێوازێکی کاریگەرە لە پەروەردەکردنی منداڵدا، بە سروشتی خۆی تەلەڤزیۆن چەندین شێوازی فێربوون دەخاتە بەردەست وەک: پەروەردەکردن لە ڕووی زانست و زانیارییەوە، پەروەردەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی دەروونی؛ بەرنامە پەروەردەییەکانی تەلەڤزیۆن ئەزموون و شارەزایی منداڵان زیاد دەکات لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ژینگەیی و تەندروستی[٦].

ت- ئەرکی هۆشیاری و ئاگایی: ئامانج لە ڕۆشنبیرکردنی گشتی، زیادکردنی ڕۆشنبیریی تاکە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، نەک لە ڕێگەی ئامرازە ئەکادیمییەکانی فێرکردنەوە؛ لێرەدا پرۆسەی ڕۆشنبیرکردن بە دوو شێواز ڕوودەدات، بە شێوەی هەڕەمەکی و بێ مەبەست، یاخود بە شێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو و بە مەبەست؛ ڕۆشنبیرکردنی هەڕەمەکی بریتییە لە بەرکەوتنی بەردەوامی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە تاک؛ ئەم بەرکەوتنە بەبێ مەبەست ڕوودەدات، بە تایبەت ئەو زانیاریی و بیروبۆچوون و

---

[١] عبد الرزاق محمد الدليمي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.
[٢] اياد عمر ابو عرقوب، الاعلام الاذاعي والتلفزيوني، عمان، ٢٠١٢، ص٥١.
[٣] هەمان سەرچاوە، ل٥١
[٤] منال هلال المزاهرة، نظريات الاتصال، عمان، دار المسيرة للنشر والتوزيع، ٢٠١٢، ص٧٠.
[٥] هەمان سەرچاوە، ص٧١.
[٦] فرحات نادية، التلفزيون وتأثيره على القيم الاجتماعية، موقع بوابة علم الاجتماع، (٢٩ ديسمبر ٢٠٢١). https://bit.ly/3b2SItX

وێنانەی کە دەخرێنەڕوو؛ بۆ نموونە کاتێک خوێندکارێک بە گۆڕەپانی زانکۆکەیدا پیاسە دەکات، بە ڕێکەوت چاوی دەکەوێت بە نەخشە و زانیاریی سەر دیوارەکان، یاخود تەلەڤزیۆنیی کافتریای زانکۆ، یاخود لافیتە هەڵواسراوەکان لە شوێنە بەرزەکان؛ هەموو ئەمانە هەڵگری ئاماژەی دیاریکراون، کە سەرنج بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و پاڵنەر دەبن بۆ خوێندنەوە و تەماشاکردن؛ ئەو خوێندکارە لە هزریدا لێکدانەوە بۆ هەندێک لە وشەکان دەکات و هەندێک بیروبۆچوونی لە لا دروست دەبێت[١].

ث- ئەرکی بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوون و گەنگەشە: بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوون و بیروڕا جیاوازەکان دەربارەی دیاردە و پرسە جیاجیاکان، یەکێکی ترە لە ئەرکەکانی میدیا و لە نێویشیاندا تەلەڤزیۆن؛ هەروەها تەلەڤزیۆن یارمەتیدەرە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاریی و بیروبۆچوونەکان، بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی جیاواز لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان، لە ڕێگەی پرۆسەی گەنگەشە و مشتومڕەوە، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی توانای زانین و گەشەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە؛ هەروەها ئەمە یارمەتیدەر دەبێت لە یەکخستنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و لێکتێگەیشتنی تەواو لەبارەی بابەت و پرسەکانی کۆمەڵگە؛ هەروەک دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکەکان ئاگاداری ژیان و بارودۆخی یەکتر بن[٢].

ج- ئەرکی کاتبەسەربردن: بۆ دوورخستنەوەی جەماوەر لە بابەتە جددیی و وشکەکان، دامەزراوە میدیاییەکان بە پێشکەشکردنی بابەتی خۆش و هەمەڕەنگ هەوڵدەدەن دڵی جەماوەرەکەیان بە هەموو تەمەن و ڕەگەزەکەیانەوە ڕازی بکەن، تاوەکو کەمێک لە خەمەکانیان بە بادا بدەن و لە دڵەڕاوکێ و نارەحەتییەکانی ژیان دوور بکەونەوە و دەروونیان ئاسودە بکەن؛ لە ڕۆژنامەکاندا بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە، لاپەڕەی تایبەتیان تەرخانکردووە بە جۆرەها یاری و بابەتی کاتبەسەربردن؛ لە کەناڵەکانیشدا لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بەرنامەی کۆمێدیی و هەمەڕەنگ و گۆرانییەوە، کاتێکی خۆش بۆ بینەرەکانی تەرخاندەکات[٣]؛ هەربۆیە کاتبەسەربردن بە ئەرکێکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕەواندنەوەی ئاڵۆزییەکان لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵدا لە هەموو کۆمەڵگەکاندا[٤].

ح- ئەرکی ریکلام و بازاڕسازی: ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەرکی ریکلامکردن بۆ بەرهەمە نوێیەکان جێبەجێ دەکەن کە جێگەی بایەخ و گرنگی هاوڵاتیانن؛ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا تەلەڤیزیۆن ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی ریکلامدا دەبینێت، بەو پێیەی گرنگترین ئامرازی ڕاگەیاندنە بۆ ئەنجامدانی ریکلام و ڕاکێشانی سەرەنجی بەکاربەران؛ هەر بۆیە ساڵانە کۆمپانیاکان و خاوەن بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان، بڕێکی گەورە لە داهاتیان ریکلامی تەلەڤزیۆنیدا خەرج دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کڕیاران و ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان[٥].

---

[١] منال هلال المزاهرة، سەرچاوەی پێشوو، ص٧١.

[٢] فؤاد شعبان و عبيدة صبطي، تاريخ وسائل الاتصال وتكنولوجياته الحديثة، الجزائر، دار الخلدونية للنشر والتوزيع، ٢٠١٢، ص١٣٩.

[٣] مەجید ساڵح، ڕاگەیاندن و سیاسەتی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٦، ل٣٥.

[٤] حسين علي الفلاحي، الديمقراطية والإعلام والاتصال، بغداد، دار غيداء للنشر والتوزيع، ٢٠١٤، ص٢٣٨.

[٥] امنة علي احمد، الاعلان التلفزيوني والسلوك الاستهلاكي، رسالة الماجستير غير منشورة، قدمت الى جامعة الشرق الاوسط، كلية الاداب، قسم الاعلام، الأردن، ٢٠٠٨، ص١٥. https://bit.ly/3BbA9yr

## دووەم / ئەرکی چاودێری لە میدیادا

سەرەتای دەرکەوتنی رۆڵی میدیا وەك ئامرازێك بۆ چاودێریکردنی دەسەڵات، دەگەڕێتەوە بۆ گەشەی دیموکراسی لە ئەوروپا و دەرکەوتنی رۆژنامە و سەرەتای میدیای جەماوەریی؛ کۆمەڵی ئەوروپی لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم تا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، پەرەسەندنێکی ریشەیی بەخۆیەوە بینی لە بونیادی کۆمەڵایەتی و سیستمە سیاسییەکاندا، هەروەها شۆڕشی پیشەسازیی و زۆربوونی تیراژی رۆژنامەکان، بوونە هۆی پێشکەوتن و فراوانکردنی بازنەی خوێندنەوە و رۆشنبیرکردن و فراوانبوونی مەودای زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەی بیروڕا جیاوازەکان و گەیاندنیان بە جەماوەر؛ لێرەوە رۆژنامەکان توانیان بە رەخنە و هەڵسەنگاندن، چاودێری کارەکانی حکومەت بکەن و رایگشتی دروستبکەن[١].

بۆ بەجێهێنانی ئەرکی چاودێرکاریی میدیایی، ئامرازە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن دەبنە ناوەندێك بۆ تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵی گەندەڵی و هەڵە و لادانەکان لە دامەزراوەکانی کۆمەڵدا؛ ئەوەش لە پێناو پاککردنەوەی کۆمەڵ لە سەرجەم دیاردەکانی گەندەڵی، هەروەك رۆژنامەنووسیی رۆڵ دەبینێت لە رێککردنەوە و چاککردنەوەی پێشوەختی خودی، ئەوەش لە رێگەی پێدانی زانیاریی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە ئامانجی دەرکردنی بڕیار بۆ گۆڕانکاریی و راستکردنەوەی هەڵەکان[٢].

"کامۆ"ی نووسەر دەڵێت: "راگەیاندنی ئازاد دەشێت باش بێت یان خراپ، بەڵام راگەیاندن بەبێ ئازادی تەنها دەتوانێت خراپ بێت"[٣]؛ واتە راگەیاندن ئەگەر ئازاد نەبێت و لە وڵاتێکی ئازاددا نەبێت، ناتوانێت رۆڵی چاودێرییکردنی دەسەڵات و ئاشکراکردنی گەندەڵی و هەڵە و کەموکورییەکانی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت بە باشی جێبەجێ بکات؛ بۆیە مەرجی سەرەکی ئەوەیە سەرەتا دەبێت میدیا ئازاد بێت، پاشان دەتوانێت ئەو رۆڵە لە سودی بەرژەوەندی گشتی بهێنێتە دی.

زۆربەی توێژینەوەکانی بواری رۆڵ و کاریگەریی میدیاش جەخت لەوە دەکەنەوە، میدیا دەبێت ئازاد بێت بۆ ئەوەی رۆڵی راستەقینەی خۆی بگێڕێت، هەروەک ئەم سێ توێژەرە (کریستوڤەر ستارک، تێریزا کەی ناب و هڵمد شێیر) لە توێژینەوەیەکی هاوبەشدا ئاماژەیان بەوە کردووە، "بوونی ئاستێکی بەرز لە میدیای ئازاد لە هەر وڵاتێکدا، دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی ئاستی گەندەڵی لەو وڵاتەدا"[٤].

میدیای سەربەخۆ و لێهاتوو، رۆڵی گرنگی هەیە لە ئاشکراکردنی گەندەڵیی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە دژی ئەو کەسانەی ئەنجامی دەدەن و فشارکردن بۆ چاکسازیی؛ هەروەها راگەیاندنی ئازاد و بەرپرسیار، دەتوانێت لە رێی چاودێرییکردن و لێکۆڵینەوەوە، ئاستی لێپرسینەوە لە کارەکانی بەرپرسان بەرز بکاتەوە، ئەوانەی کە خیانەتیان لە متمانەی گەل کردووە کە ئەوانی گەیاندووەتە پلە و پایە و وەزیفەی گشتی؛ بە ئاشکراکردنی گەندەڵیی و کارە دزێوەکان، گەندەڵکاران باجی قورس دەدەن و هەروەک پارمەتیدەر دەبێت لە بڵاوکردنەوەی دەسپاکی و شەفافیەت و لێپرسینەوە وەک بەشێک لە رۆشنبیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی[٥].

---

[١] فاروق ئەبوزەید، میدیا و دەسەڵات، و: فاروق جەمیل، سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٠٣.

[٢] هیرش رسول، الوظيفة الرقابية للصحافة، بيروت، مكتبة زين الحقوقية والادبية، ٢٠١٦، ص٦٥.

[٣] هێرش رەسوڵ، میدیا و دەسەڵات، سلێمانی، لە کتێبە چاپکراوەکانی رۆژنامەی چاودێر، ٢٠٠٨، ل١١.

[4] Christopher Starke, Teresa k. Naab and Helmut Scherer, سەرچاوەی پێشوو , P:1

[5] Mara Mendes, Overview of corruption in the media in developing countries, Publication: Transparency International, No. 368, 2013, P:2. https://bit.ly/3zvNsbu

لە چەند دەیەی رابردوودا، لە زۆرێک لە وڵاتان ئازادی سیاسی وردە وردە بووە هۆکاری زۆربوونی دەسەڵاتی میدیا؛ بەهۆی هەوڵی میدیاکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی، دەوڵەتەکان لە بەرامبەر هاوڵاتیان وەڵامدەرتر بوون؛ یان لانیکەم تۆزێک شەفافیەت لە کاری دەوڵەتدا رەچاو دەکرێت؛ لە راستیدا لە هەندێک وڵات، میدیاکان بە بەدواداچوونی خۆیان زانیاریی وایان ئاشکراکردووە، کە کارمەندانی جێبەجێکاریی یاسای توانای بەدەستهێنانیان نەبووە؛ بۆیە میدیاکان بوونەتە سەرچاوەی سەرەکی زانیاری بە سود، وەک زانیاریی تایبەت بە کردەوەی گەندەڵکاریی لە ناو کۆمەڵگەدا[١].

بەڵام سەبارەت بە پەیوەندی ئامرازەکانی راگەیاندن بە وەرچەرخانی دیموکراسی و گۆڕانکاریی لە وڵاتدا بە شێوەیەکی گشتی، سێ ئاراستەی جیاواز هەیە کە هەڵسەنگاندن بۆ رۆڵی راگەیاندن دەکەن لەو پرۆسەیەدا ئەوانیش ئامانەن[٢]:

**ئاراستەی یەکەم:** دان بە رۆڵی چالاکی راگەیاندن دەنێت لە پرۆسەی چاکسازیی سیاسیی و وەرچەرخانی دیموکراسی، بەو پێیەی دەزگاکانی راگەیاندن ئامرازی سەرەکیین لە قۆناغی گواستنەوە بۆ پرۆسەی دیموکراسیی و چاکسازیی سیاسی بە مانا گشتییەکەی.

**ئاراستەی دووەم:** تێڕوانینێکی نەرێنی هەیە بۆ رۆڵی دەزگاکانی راگەیاندن لە پرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراسی و گۆڕانکاریی سیاسی، لەو سۆنگەیەوە کە پەیوەندییەکی ئەرێنی روون نییە لە نێوان وەرچەرخانی دیموکراسی و ئازادی راگەیاندن؛ یاخود گومانبردن و کەمکردنەوە لە کاریگەریی دەزگاکانی راگەیاندن، لە پرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراسیدا.

**ئاراستەی سێیەم:** ئەم ئاراستەیە تێڕوانینی وایە، کە پەیوەندییەکی ئاسایی هەیە لە نێوان دەزگاکانی راگەیاندن و دیموکراسییەتدا، لەو روانگەیەوە کە راگەیاندن رۆڵێکی دیاریکراوی هەیە لە قۆناغی وەرچەرخاندا.

چەند هۆکارێک کە رێگە لە بەردەم ئەرکی چاودێری دەزگاکانی راگەیاندن بەسەر دەسەڵاتەکانی دەوڵەتدا خۆشدەکەن، لەوانە[٣]:

أ- وازهێنان لە هەموو ئەو کۆتوبەندانەی کە بەربەست لە بەردەم رۆڵی راگەیاندن لە پرۆسەی چاودێریی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دروست دەکەن؛ جا ئەگەر لە رووی یاساییەوە بێت یان کێشەکانی بەردەم پێدان و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی، بەهۆی بڕیار و رێنماییە ئیدارییەکان کە کاری دەزگاکانی راگەیاندن سنوردار دەکەن.

ب- لە بەرچاوگرتن و بەهەندگرتنی رۆڵی گرنگی ئامرازەکانی راگەیاندن لە بەرگرییکردنی کۆمەڵایەتی دژی گەندەڵی؛ بەهۆش هێنانەوەی دەسەڵاتداران لە رادەی مەترسی گەندەڵی لەسەر کۆمەڵگە و شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوە و چارەسەرکردن.

---

[١] پائاتی ئۆفوسۆ و ئەوانی دیکە، چوارچێوە یاساییەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی، و: کاروان کەریمخان، سۆران، کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی، ٢٠٢٠، ل٣٤.

[2] Goran Hyden, Charles Okigbo, The Media and the Two Waves of Democracy, New York, transaction publishers, 2002, P:29.

[٣] مجاشع محمد علي، التلفزيون والفساد "دور التلفزيون فی مکافحة الفساد"، القاهرة، العربي للنشر والتوزيع، ٢٠١٦، ص٨٨.

ج- بایەخدان بە بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی دەزگاکانی راگەیاندن، کە بەهۆیەوە ئازادی رادەربڕین مسۆگەرتر دەکات؛ لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی مافی رایگشتی لە زانین و ئاگاداربوون لە رووداوەکان؛ هەروەها رەچاوکردنی "بابەتیی بوون" لە بڵاوکردنەوەی دۆسییەکانی گەندەڵی لە کۆمەڵگەدا.

د- بوونی پەیوەندییەکی باش لە نێوان رۆژنامەنووس و کاربەدەستانی سیاسی و ئیداریی و تێگەیشتینی لایەنی دووەم لە ئەرکە شەرعی و دەستوورییەکەی لایەنی یەکەم لە چاودێرییکردنی دەسەڵاتەکاندا؛ بۆیە بوونی پەیوەندییەکی نموونەیی و گونجاو لەسەر بنەمای متمانە و رێزگرتن لە بۆچوون و بۆچوونی بەرامبەر لە نێوان رۆژنامەنووس و کاربەدەستان رێخۆشکەرە بۆ بەجێهێنانی ئەرکی چاودێرکاری[١].

هـ بەگەڕخستنی بەند و بڕگە یاسایی و دەستوورییەکان، کە رۆژنامەنووس و دەسەڵاتدار پەیوەست دەکات پابەندبن بە بنەماکانی ئازادی راگەیاندن و مافی مرۆڤ و ئازادی رادەربڕینەوە[٢].

دەزگاکانی راگەیاندن بە زۆری لەم رێگایانەوە ئەرکی چاودێری و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی جێبەجێ دەکەن[٣]:

١- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری خۆپارێزیی و رەوشتی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستە چاودێرییەکان.

٢- رێکخستنی هەڵمەتی میدیایی بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، تاوەکو پاڵپشتی لە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بکەن.

٣- تیشکخستنە سەر کێشە و گرفتی دامودەزگا حکومییەکان و ئاشکراکردنی بەربەستەکانی بەردەم باش بەڕێوەنەچوونی کارەکانیان.

٤- رووماڵکردن و چاودێرییکردنی ئەو کۆنفرانس و کۆنگرانەی کە تایبەتن بە بابەتی گەندەڵیی و بڵاوکردنەوەی راپۆرت لەبارەیانەوە و گرنگیپێدانیکی تایبەت پێیان.

٥- چاودێرییکردنی ئەو رێوشوێنانەی کە حکومەت دەیگرێتەبەر تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

٦- بڵاوکردنەوەی ئەزموونی گەلانی دیکە کە سەرکەتووبوون لە دانانی سنووریک بۆ گەندەڵی و هەوڵدان بۆ تیشکخستنە سەریان.

٧- چاودێرییکردنێکی وردی ئەو بابەتانەی گەندەڵی کە هەستیارن و جێگەی مشتومڕی زۆرن، بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەری کۆتایی.

٨- هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە گرنگی چاکسازیی لە رێگەی کاری خۆبەشی، بە ئامانجی گەیشتن بە چاکسازییەکی ئەوتۆ کە لە جێگەی خواست و داواکاریی هەموو لایەکدا بێت.

٩- پەیڕەوکردنی پرەنسیپی شەفافیەت و روونی لە ئاشکراکردنی هەموو کارە ئیدارییە خراپەکان، ورووژاندنی گەندەڵییەکان و بایەخپێدانی زۆر پێی، تاوەکو دەبێتە ئەجێندای یەکەمی کاریی میدیایی و دەبێتە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی دەزگاکانی راگەیاندن.

---

[١] دەشتی عەلی رەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.
[٢] هەمان سەرچاوە، ل٢٩.
[٣] حاتم بديوي الشمري و ابتهال جاسم رشيد، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٨٧.

## سێیەم / فۆرمە هونەرییەکانی تەلەڤزیۆن لە گەیاندنی ئەرکی چاودێریدا

کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان لە بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێریدا، چەندین شێواز و فۆرمی هونەریی تەلەڤزیۆنیی پەیڕەو دەکەن، تا یارمەتیدەر بێت لە چاودێرییکردنێکی وردی دامەزراوە سیاسی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییەکان؛ کە بە زۆری لە کاتی جێبەجێکردندا ئەم شێواز و فۆرمە هونەرییانە بەکاردەهێندرێن:

**١- هەواڵی تەلەڤزیۆنیی:** شێوازێکی گرنگە بۆ کارکردن لەسەر پرسە هەنوکەییەکان و ڕووداوەکانی ڕۆژ لە نێویاندا پرسەکانی پەیوەست بە گەندەڵیی دارایی؛ هەواڵێکی ڤیدیۆییە لە شوێنی ڕووداوەکان دەخوڵقێت و بەرهەمدێت، کە تیمی ڕۆژنامەوانیی تەلەڤزیۆنیی (وێنەگر، پەیامنێر، کارمەندانی دەنگ و ڕووناکی) ئەرکی گواستنەوە و تۆمارکردنی لە ئەستۆ دەگرن؛ هەواڵی تەلەڤزیۆنیی، لە کۆمەڵە گرتەیەکی ڤیدیۆیی یەک لە دوای یەک پێکدێت، کە هەر یەکەیان پەیوەندیی بەوەی ترەوە هەیە؛ لە ڕووی زانستیشەوە، گرتەی ماوە کورت تەنها چەند چرکەیەکە؛ لە کاتێکدا گرتەکانی ڕووداوی هەواڵیی، دەکرێت لە چەند خولەکێک پێکبێت، وەکو ئەوەی لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا ڕوودەدات؛ لەبەرئەوە دەتوانرێت بوترێت، هەواڵی تەلەڤزیۆنیی، بریتییە لە گواستنەوەی ڕووداوی ڕۆژ، بە وشە و ڕستەی کورت و هاوتەریب بە ڤیدیۆ و ڕەنگ و جوڵە؛ بە ئامانجی تێرکردنی پێداویستییەکانی جەماوەر لە زانینی ئەو ڕووداوانەی لە دەوروبەریان ڕوودەدەن[١].

هەواڵی تەلەڤزیۆنیی لە ڕووی شێوازەوە (News Format)، دابەشدەبێت بەسەر چەندین شێوازی جیاواز و هەریەکەیان لە کاتێکی دیاریکراو و بەهۆکاری خۆی پەنای بۆ دەبردرێت، لێرەدا گرنگترین فۆرمەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆنیی خراونەتەڕوو کە بریتین لە[٢]:

* **Breaking news:** بریتییە لەو هەواڵەی کە بە نووسین لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن دەردەکەوێت؛ هەر هەواڵێک کە ڕوودەدات بۆ یەکەمجار بە شێوازی بەپەلە بڵاودەکرێتەوە، دواتر بە فۆرمەکانی دیکەی هەواڵ کاری لەسەر دەکرێت.

* **Read:** ئەو هەواڵەیە کە بێژەر دەیخوێنێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ وێنە و ڤیدیۆ و گرافیکێکی لەگەڵدا بێت، ئەم فۆرمەی هەواڵ کاتێک پەنای بۆ دەبردرێت کە هەواڵەکە تازە ڕوویداوە و هیچ وێنە و ڤیدیۆیەکی بەردەست نییە.

* **Cap:** ئەو هەواڵەیە کە لەگەڵیدا وێنەیەکی جێگیر نیشان دەدرێت؛ ئەم فۆرمە بە زۆری لەو کاتانەدا پەنای بۆ دەبرێت کە هەواڵەکە تازە ڕوویداوە و تەنها وێنەیەکی گەیشتووە بە ژووری هەواڵ و هێشتا ڤیدیۆ و وردەکاریی زیاتر نەگەیشتووە.

* **LVO:** کورتکراوە "live voice over" ئەو هەواڵەیە کە بێژەر لە کاتی خوێندنەوەیدا دەرناکەوێت، بەڵکو لە کاتی خوێندنەوەدا ڤیدیۆی هەواڵەکە لەسەر شاشەکە نیشان دەدرێت کە هەندێکجار ڕەنگە ڤیدیۆیەکی ئەرشیف بێت.

---

[١] عامر إبراهيم العمرو، تقييم الصحفيين الأردنيين لمهنية الأخبار في التلفزيون الأردني، رسالة الماجستير غير منشورة، قدمت الى جامعة البترا- الأردن، كلية الاعلام، قسم الصحافة والاعلام، ٢٠١٥، ص٥٥. https://bit.ly/3OufcS7

[٢] مصطلحات فنية تفيد العاملين والراغبين بالعمل في مجال التلفاز، موقع شبكة الصحفيين الدوليين، (٣٠ تشرين الاول ٢٠١٨). bit.ly/3zs9QSb

* **Clip:** بریتییە لە پارچە لێدوانێکی ڤیدیۆیی بەرپرسێکی گشتی یاخود هاوڵاتییەکی ئاسایی؛ دوای ئەوەی بێژەرەکە کورتەیەک لە قسەکانی دەخوێنێتەوە، لێدوانە ڤیدیۆیەکەی بڵاودەکرێتەوە؛ ئەم جۆری لێدوانە جیاوازە لە لێدوانی ناو راپۆرت (VT) کە پێی دەوترێت "Sound Bite".

* **Phono:** وەرگرتنی پەیوەندی لە رێگەی تەلەفۆنەوە لە گەشتی هەواڵەکاندا، لەگەڵیدا وێنەی کەسە یاخود لۆگۆی لایەنێکی فەرمی دادەنرێت.

* **DTL:** کورتکراوەی "down the line" بریتییە لە چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنیی لە رێگەی مانگە دەستکردەکانەوە لە سەرچاوەیەکەوە لە دەرەوەی ستۆدیۆ، کە زۆرجار لە گەشتی هەواڵدا پەنای بۆ دەبرێت بۆ وەرگرتنی دوایین زانیارییەکان.

**٢- راپۆرتی تەلەڤزیۆنی:** ئامادەکردنی راپۆرتی تەلەڤزیۆنی لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێرییکردندا زیاتر لەسەر کۆمەڵێک بابەتی وەک سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و... هتد دەکرێت؛ بنەما بنچینەییەکەی لەسەر بەدواداچوون و پشکنینە لەبارەی بابەتێکەوە؛ بابەتی راپۆرتەکە دەکرێت لەبارەی سودوەرگرتنی نەرێنیانەی دارایی، سودوەرگرتنی نارەوا لە دەسەڵات لە لایەن بەرپرسێکی حکومی یان کەرتی تایبەتەوە بێت؛ دەکرێت دۆزینەوەی رەگ و ریشەی ناتەبا کۆمەڵایەتی و کێشەی ئاڵۆزی ئالودەبووەکانی کۆمەڵگە بێت؛ لە کاتی ئامادەکردنی راپۆرتەکە گرنگترین بەش دەستنیشانکردنی "بابەت"ی راپۆرتەکەیە، هەڵبژاردنی بابەت پێویستی بە وردەکاری قوڵ و هەستیارییەکی زۆرە[١].

لە تەلەڤزیۆندا دوو جۆری سەرەکی راپۆرت بەرهەمدەهێنرێن کە ئەوانیش بریتین لە:

**- VT:** کورتکراوەی "Video Tape"ە، راپۆرتێکی ڤیدیۆییە کە پەیامنێر لە شوێنی رووداوەکان ئامادەی دەکات، کە بە یەکێک لە گرنگترین چالاکییەکانی هەواڵ دادەنرێت، بە تایبەت لە کەناڵە هەواڵییەکاندا؛ ماوەکەی لە نێوان دوو تا سێ خولەک دایە، چەند لێدوان"Sound Bite"ێکی تێدایە کە باشترە لە دوو لێدوان کەمتر نەبێت و ماوەکانیان لە ١٢ چرکە کەمتر و لە ١٨ چرکە زیاتر نەبێت؛ دەرکەوتنی پەیامنێر"Piece to Camera "PTC لەم جۆرە راپۆرتەدا بە چەند شێوازێک دەکرێت (سەرەتا و ناوەراست و کۆتایی)، بەڵام دەبێت لە هەر راپۆرتێکدا پەیامنێر یەکێک لەم شێوازانە هەڵبژێرێت بۆ دەرکەوتنی خۆی، ئەویش بەگوێرەی گونجاندنی لەگەڵ ئەو رووداوەی رووماڵی دەکات؛ توانای پەیامنێر لە ئامادەکردنی ئەم جۆرە راپۆرتەدا دەردەکەوێت کە تا چەند دەتوانێت رووداو و پێشهاتەکانی ژیانی رۆژانە، بە شێوازێکی باش و پرۆفیشناڵانە رووماڵ بکات[٢].

**- Inhouse:** راپۆرتی ناوخۆیشی پێدەوترێت، چونکە ئەو راپۆرتەیە لەناو ژووری هەواڵ ئامادە دەکرێت؛ بڕبڕەی پشتی گەشتەکانی هەواڵە؛ ئەو بیرۆکانەی دەکرێن بە راپۆرتی لەم جۆرە، رووداوە هەنووکەیی و هەواڵە گەرمەکانی رۆژن؛ کە بە شێوازێکی سەرەنجراکێش ئامادە دەکرێن بە گونجاندن و تەواوکاریی لە نێوان دەنگ و وێنەدا؛ پێویستە راپۆرتی ئینهاوس وەڵامی پرسیارەکانی **"چی روویداوە؟ چۆن روویداوە؟** فاکتەری سەرەکی لەسەر رووداوەکە چییە؟ پاشخان و رابردووی رووداوەکە **چییە؟"** بداتەوە؛ هەروەها پابەندبوونی تەواوەتی بە بنەماکانی دارشتن وەکو: وردی لە زانیاریی و وێنەکان؛ بابەتیبوون لە گواستنەوەی وردەکاریی رووداوەکە بەبێ زیاد و کەم؛ دەسپاکی لە خستنەڕووی

---

[١] ئەرشەد خەلیل شوانی، میدیای بەدواداچوون، هەولێر، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢٠، ل١٠٦-١٠٧.

[٢] الكتابة للتلفزيون، التقرير التلفزيوني الميداني، موقع بي بي سي عربي، تم الاطلاع عليه في (٥ آب ٢٠٢٢). https://bbc.in/3bBABeL

وردەکارییەکان بەبێ لایەنگریی یاخود دەرهێنان لە ناوەڕۆک؛ هاوسەنگیی لە خستنەڕووی بیروبۆچوونی هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدار بە هەواڵەکەوە[١].

**٣- بەرنامەی بنکۆڵکاریی تەلەڤزیۆنیی:** ئەگەر سەرەتا ناساندنێک بۆ بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی بکەین، بریتییە لە "کۆمەڵە تێڕوانین و دنیابینییەک، کە لە شێوازێکی دیاریکراوی تەلەڤزیۆندا دادەڕێژرێت؛ بە بەکارهێنانی دەنگ و وێنە، بە هەموو وردەکارییە هونەرییەکانیانەوە، بۆ هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو"[٢]؛ یاخود "بڵاوکردنەوەی کەرستە و ناوەڕۆکی هەمەڕەنگە، بۆ گروپە جیاوازەکانی بینەران"[٣].

بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی بنکۆڵکاریی، کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە جێبەجێکردنی ئەرکی چاودێرییکردن لە تەلەڤزیۆندا، بە گرنگترین و قورسترین بەرنامەی تەلەڤزیۆنی دادەنرێت کە لە یەککاتدا چەندین هونەری دارشتنەوە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و پێویستی بە توانا و لێهاتوویەکی بەرزی ڕۆژنامەوانیی و ئەو تیمە هەیە کە کاری تێدا دەکەن؛ ئەگەر بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی بەشێوەیەکی گشتی بریتی بێت لە "بیرۆکەیەک یاخود کۆمەڵە بیرۆکەیەک کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی تەلەڤزیۆندا دابڕێژرێتەوە بە بەکارهێنانی وێنە و دەنگ، ئەوا بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی بنکۆڵکاریی، پرۆسەی گەڕانە بە دوای ئەوەی چی لە پشتی ئەو بیرۆکەیە یاخود ئەو کۆمەڵە بیرۆکەیەوە هەیە؛ لێرەوە ڕۆژنامەنووسی ئامادەکار (یاخود ئەو تیمەی کاری لەگەڵ دەکەن) دەست بە ئەرکێکی قورس دەکەن، ئەرکی کۆکردنەوەی هەموو ئەوانەی پەیوەندیدارن بە بابەتەکەوە؛ گەڕان بە دوای هۆکار و فاکتەرە کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و هزرییەکانی کە ڕەنگە لە پشت ئەو هەواڵە یاخود ئەو دۆسییە و کێشە و بیرۆکە و دیاردەیەوە هەبێت، کە لە دەوروبەری ناوەڕۆکی بەرنامەکە دەخولێنەوە؛ تێکهەڵکێشکردن و دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان ئەو بۆچوون و زانیارییانەی کە لە بەردەستیدان و لێهەڵێنجان و پێشکەشکردنی بە بینەر[٤].

بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی بنکۆڵکاریی پرۆسەی گەڕان و پشکنینە بۆ ڕەهەندە جیاوازەکانی بابەتێک کە بایەخی زۆری هەیە لە کۆمەڵگەدا و هەستیارە، کارکردن بۆ دەرخستنی ڕاستییە شاراوەکانی ئەو بابەتە، جا ئەگەر بەمەبەست شاردرابێتەوە یاخود بێ مەبەست؛ لەگەڵ بەکارهێنانی فۆرمە هونەرییەکانی تەلەڤزیۆن بە تەواوەتی هەر لە هەواڵ و گفتوگۆ و مادەی درامی و وێنەی وەستاو و وێنەی ڕوونکردنەوە و کەرستەکانی دیکەی بەردەست کە سەرنجی ڕایگشتی ڕادەکێشێت بەلای بابەتەکەدا کە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکە وروژاندوویەتی[٥].

بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی بنکۆڵکاریی چەندین تایبەتمەندی هەیە کە لە بەرنامە ئاساییەکانی دیکەی تەلەڤزیۆنیی جیا دەکاتەوە ئەوانیش[٦]:

---

[١] التقرير التلفزيوني الداخلي In-house VT، الجزيرة التعليم الإلكتروني، (٢٣ آذار ٢٠٢٢).
https://bit.ly/3Sxrxsi

[٢] فهد بن عبدالرحمن الشميمري، التربية الاعلامية، الرياض، مكتبة الملك فهد الوطنية، ٢٠١٠، ص٢٢١.

[٣] حسين دبي الزويني، القنوات الفضائية والإعلام الاقتصادي، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٢، ص٦٤.

[٤] بشرى السنجري وايمان عبدالرحمن، أساليب إنتاج البرامج التلفزيونية العربية الاستقصائية، المجلة الباحث الاعلامي، مجلد ٧، العدد ٢٩، بغداد، ٢٠١٥، ص٣٩.
https://bit.ly/3Oy6CSx

[٥] بشرى السنجري وايمان عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٩.

[٦] بشرى السنجري، صناعة التحقيقات التلفزيونية الاستقصائية، الامارات، دار الكتاب الجامعي، ٢٠١٥، ص٣٧.

أ- گەڕان و پشكنين لە قوڵايى بابەتە مەترسيدارەكان كە كاريگەرييان لەسەر بەرژەوەندى گشتى هەيە؛ وەك گەندەڵى و بەرتيل، دەستدرێژكردنە سەر دارايى و سامانى گشتى؛ لەبەرئەوە پێويستە زانيارييەكان چڕ بكرێنەوە و تێگەيشتن لێيان ئاسان بكرێت و روون بكرێنەوە.

ب- ئەم جۆرە بەرنامانە پێويستى بە بە پلاندانان و لێكۆڵينەوە و پشكنين هەيە لە زانيارييەكان و دڵنيابوونەوە لە راستييان لە رێگەى چەندين سەرچاوەى جياوازەوە، هەوڵدان بۆ ئاشكراكردنى راستييە شاراوەكان و نهێنييەكان.

ت- بەكارهێنانى بەهرەى توێژينەوەى زانستى بۆ لێكۆڵينەوە لە سەرچاوەى زانيارييەكان و بوونى بەڵگە بۆ ئاشكراكردنى دزە پێكراوەكان و زانيارييە نا تەواوەكان، بە ئامانجى گەيشتن بە قوڵايى راستييەكان.

ث- لەم جۆرە بەرنامانەى تەلەڤزيۆن بە زۆرى شێوازێكى دياريكراو بەكاردەهێندرێت بۆ بڵاوكردنەوەى زانيارييەكان و روونكردنەوە، تا تێگەيشتن لاى بينەر ئاسان بكات؛ لە نێوياندا بەكارهێنانى شێوازى دووبارەكردنەوەى رووداوەكان كە بۆ تيمى بەرنامەكە سەخت بووە پێى بگەن و وێنەى راستەقينەى بەدەستبهێنن.

ج- بەكارهێنانى شێوازەكانى سەرنج راكێشان وەك بەكارهێنانى مۆسيقا و هەموو ئەو شتانەى كە هەست و هۆشى بينەر بە لاى خۆيدا رادەكێشێت بۆ گەيشتنى پەيامى بەرنامە تەلەڤزيۆنييەكە بە شێوەيەك كە بينەر بڕواى پێ بكات و كارلێك بكات لەگەڵيدا.

**٤- چاوپێكەوتنى تەلەڤزيۆنيى:** چاوپێكەوتن بنەمايەكى گرنگە لە كارى تەلەڤزيۆنيى و ميديا بەشێوەيەكى گشتى؛ زۆرينەى كارە رۆژنامەوانييە بنكۆڵكارييەكان، پشت بەو زانياريى و بەڵگانە دەبەستن، كە لە رێگەى ئەنجامدانى چەندين چاوپێكەوتنەوە بە دەست دەهێندرێن؛ چاوپێكەوتن بۆ كارى بنكۆڵكاريى و چاودێرييكردن، جياوازە لە چاوپێكەوتن بۆ كارە ئاساييەكانى ديكە؛ چونكە زۆربەى ئەو بابەتانەى كاريان لەسەر دەكرێت، پەيوەستن بە ئاشكراكردنى گەندەڵى و تاوان و پێشێلكاريى و كێشە و كەمتەرخەمييەوە؛ بۆيە پێويستە لە رووى كوالێتييەوە جياواز بێت و ئاستێكى بەرزى رۆژنامەوانى هەبێت و ئامادەكارييەكى باشى بۆ بكرێت لەگەڵ ئەو سەرچاوەيەى چاوپێكەوتنەكەى لەگەڵ دەكرێت؛ شوێن و كاتى ئەنجامدانى چاوپێكەوتنەكە دەبێت سەرچاوەكە ديارى بكات؛ لەگەڵ سروشتى ئەو پرسيارانەى كە ئاراستەى دەكرێت و كێ چاوپێكەوتنەكە دەكات و شێواز و پرۆسەى جێبەجێكردنى چاوپێكەوتنەكە[١].

ئەگەر يەكێك لە كەناڵە تەلەڤزيۆنييە عێراقييەكان ويستى كارێكى بنكۆڵكاريى بكات لەبارەى ئەوەى كە دەوترێت تووشبوون بە نەخۆشى شێرپەنجە زياديكردووە بەهۆى مادەى شێرپەنجەيى يەكێك لە كارگە پترۆكيميايييەكان كە پاشەرۆكانى دەچێتە ناو يەكێك لە رووبارەكانەوە، بۆ ئەم بابەتە پێويستە چاوپێكەوتن لەگەڵ سێ گروپ بكرێت[٢]:

أ- خاوەن بەرژەوەندييەكان: واتە ئەو لايەنە فەرمى (حكومى)يانەى كە پەيوەنديدارن بە بابەتەكەوە، وەك فەرمانگەكانى تەندروستى و ژينگە، هەروەها خاوەنى كارگەكە، كە بووەتە هۆى كارەساتێكى مرۆيى.

---

[١] حسين علي الفلاحي، صحافة التحري واستقصاء التحقيقات الصحفية الاستقصائية، العين، دار الكتاب الجامعي، ٢٠١٧، ص٢٧٧.

[٢] محمود معزز اسكندر الحديثي، أساليب التقصي المستخدمة في التحقيقات الاستقصائية التلفزيونية، رسالة الماجستير غير منشورة، قدمت الى الجامعة العراقية، كلية الاعلام، قسم الصحافة الاذاعية والتلفزيونية، ٢٠١٩، ص٩٤.
https://bit.ly/3RZLYxu

ب- خاوەن پسپۆڕییەکان: ئەو کەسانەی کە پسپۆڕییان هەیە لە شیکردنەوەی کیمیایی و هەروەها خاوەن تاقیگە باوەڕپێکراو و پەیوەندیدار بە پیسبوونی ژینگە.

ت- قوربانیان: ئەو کەسانەی کە زیانیان بەرکەوتووە و بەڵگەی سەلمێنەریانە هەیە، راستی تووشبوونیان دەسەلمێنێت بەهۆی پیسبوونەکەوە و زەرەر و زیانی لە ژیانیان داوە.

## باسی دووەم: گەندەڵیی دارایی و مەترسییەکانی لەسەر کۆمەڵگە

یەکەم / پێناسەی گەندەڵیی و دیارترین تایبەتمەندییەکانی

دووەم / جۆرەکانی گەندەڵیی

سێیەم / گەندەڵیی دارایی

چوارەم / شێوازەکانی گەندەڵیی دارایی

پێنجەم / هۆکارەکانی گەندەڵیی دارایی

شەشەم / کاریگەرییەکانی گەندەڵیی دارایی

حەوتەم / بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی

هەشتەم / گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا

نۆیەم / قەبارە و بارودۆخی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا

دەیەم / بوارەکانی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا

**دەستپێک:**

دیاردەی گەندەڵیی، هەر لەگەڵ دروستبوونی قەوارە سیاسییەکان و سەرهەڵدانی دەوڵەت و هەرێمەکاندا ئەویش بوونی هەبووە، ئەو سیستمە سیاسیانەی کە بە درێژایی مێژوو حکومڕانی کۆمەڵگەکانیان کردووە؛ ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە بەرەو رووی یۆنانییە کۆنەکان بووەتەوە و هەر لەبەرئەوەشە کە ئەوان کۆمەڵێک یاسایان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی هەبووە؛ دیاردەکە بەسەر گەلێک یان وڵاتێک یان رۆشنبیرییەکی دیاریکراو کورت ناکرێتەوە، بەڵکو مێژوو پێمان دەڵێت هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی، لە زۆرینەی کۆمەڵگەکاندا تا رادەیەکی زۆر چوونیەکن و لەیەک دەچن؛ تەنها ئەوە نەبێت کە دەکرێت خوێندنەوە بۆ تایبەتمەندی دیاردەکە بکرێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، یاخود لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر بە رەچاوکردنی جیاوازییەکانیان لە رووی رۆشنبیریی و بەها باوەکان کە لە ئایین و دابونەریتە کەڵەکەبووەکانەوە سەرچاوە دەگرێت[١].

دیاردەی گەندەڵیی، لە لایەن پسپۆڕانەوە بە کرمی سەرە خۆرەی وڵات دادەنرێت، کرمێک کە هەموو داهات و بەرهەمی وڵات دەخوات و وردە وردە وڵات بەرەو کەمی خوێن و شێرپەنجەی ئابووری دەبات کە سەرەنجام وڵات لە پرۆسەی پێشکەوتن و گەشەسەندن دوا دەخات و بەرەو دواوە پەلکێشی دەکات؛ وڵاتی گەندەڵ فریای هیچ ناکەوێت و هیچ شتێکیش بەشی ناکات؛ گەندەڵیی نەک تەنها سیستمی ئابوری وڵات ئیفلیج دەکات، بەڵکو سیستمی پەروەردەیی و ئیداریی و سیاسیی و ئایینی و کۆمەڵایەتیی و نەتەوەییش دووچاری نەخۆشی ئیسکە نەرمە دەکات و هەرگیز رێگەیان پێنادات بکەونە سەرپێ و بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێن[٢].

گەندەڵیی دڕندەیەکی ترسناک و ئەفسانەیی فرە سەرە، لە کاتی بڕینی هەر سەرێکیدا چەند سەرێکی تر سەرهەڵدەداتەوە؛ ئەمەش مانای بێ هیوا بوون نییە بەرامبەر بە دژیەتیکردنی گەندەڵیی و پێویستە خەبات دژی گەندەڵیی بەردەوام بێت و گەندەڵکاران رەوانەی دادگا بکرێن بۆ سزادانیان بەرامبەر بە گەندەڵییەکانیان؛ لەو چوارچێوەیەدا زۆرێک لە کۆمەڵگە تازەکان بە چەندین رێگە و رێبازی جیاواز هەوڵ و کۆششێکی زۆر دەدەن بۆ رزگاربوون لەو بەڵا کۆمەڵایەتییە، بەو پێیەی بەربەستە لە بەردەم پێشکەوتنی راست و دروستی کۆمەڵگەکان، لەنێویاندا پێشکەوتن و گەشەسەندنی توانا مرۆییەکان کە رەگەزێکی بنەڕەتییە بۆ گەشەپێدانی ئابوری هەر وڵاتێک لە وڵاتەکان[٣].

لە پێشەکی رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی هاتووە، گەندەڵی ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگا دەخاتە مەترسییەوە، دامودەزگا دیموکراسییەکان بنکۆڵ دەکات و بەها ئەخلاقییەکان و دادپەروەری هەڵدەتەکێنی، سەروەری یاسا و گەشەپێدانی بەردەوام دەخاتە مەترسییەوە؛ هەر بۆیە گەندەڵیی بە مەترسیدارتر لە تیرۆر وەسف دەکرێت کە متمانە لە نێوان دەسەڵات و هاوڵاتی لەناو دەبات، رێگا بۆ زۆر تاوانی دیکە خۆش دەکات و هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی[٤].

گەندەڵی لە جیهاندا، ساڵانە سەدان ملیار دۆلار زیان بە ئابوری وڵاتان دەگەیەنێت و ئەو زیانانە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو زۆر زیاترە، بەهۆی لاوازی دەزگاکانی حوکمڕانی و بوونی جۆرەها ململانێ لە

[١] أحمد سليم وأخرون، مؤشر الفساد اللأقطار العربية، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، ٢٠١٠، ص٣١.
[٢] سوزان رۆز ئەیکەرمان، گەندەڵی و حکومەت، و: گۆران سەباح غەفور، هەولێر، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٧، ل٥.
[٣] حامد حاجی قادر، گەندەڵی، سلێمانی، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، ٢٠١٢، ل٧.
[4] United Nation Convention Against Corruption, New York, 2004, iii.

نێوانیاندا و لاوازی هۆشیاری سیاسی و کلتوری دیموکراسی؛ دەرکەوتن و بەردەوام بوونیشی پەیوەندی هەیە بە خواستی مرۆڤەوە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی مادی یان مەعنەوی بە رێگەی نایاسایی، کە ئەمەش بە زۆری لە کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکان دەردەکەوێت بە تایبەت لە دامەزراوە حکومییەکاندا[١].

## یەکەم / پێناسەی گەندەڵیی و دیارترین تایبەتمەندییەکانی

سەرەتا لە رووی زمانەوانییەوە ناساندنێک بۆ وشەی "گەندەڵیی" دەکەین کە وشەیەکی کوردییە و لە وشەی "گەندەڵ"ەوە وەرگیراوە؛ لە "فەرهەنگی خاڵ"ی نووسەری دیاری کورد شێخ محەمەدی خاڵ، بەو جۆرە باس لە وشەی گەندەڵ کراوە کە بریتییە لە داری وشکی کەڕەپووی کلۆر[٢]، واتە بەو دارە دەوترێت کە کرم لێیداوە و دەمارەکانی ناو قەدەکەی بڕیوە و تووشی نەخۆشی کردووە، لە رووی دیمەنی دەرەوە کەموکوڕی نییە، بەڵام لە ناوەوە دارزاوە و بۆش بووە، بە بایەک یان پاڵەپۆستۆیەک دەکەوێت و لەناو دەچێت.

بەکارهێنانی وشەی گەندەڵیی لە جیاتی "فساد"ی عەرەبی و "Corruption"ی ئینگلیزی لە دەزگاکانی راگەیاندنی کوردیدا، شتێکی تازەیە و هێشتا لە عەقڵی خوێنەر و بیسەر و بینەری رۆژنامە و رادیۆ و کەناڵی کوردیدا ئەو مانایە نابەخشێ کە لە زمانەکانی تردا دەیبەخشێ، وشەی فەساد کە زۆرتر بەهۆی تێگەیشتنی ئاینییەوە لەناو ئێمەدا بڵاوبووەتەوە، زۆرجار کە ناو دەبرێ هەندێک کەس یەکسەر مەسەلەکانی "جنس"ی دێتە بیر و بەرچاو، فەساد و هاوتا ئینگلیزییەکەی و بەرامبەرە کوردییەکەی، کەمتر پەیوەندییان بە ناموسی مرۆڤەوە هەیە و زۆرتر پەیوەندییان بە رەفتاری کارگێڕیی و بەڕێوەبەرایەتی و دارایی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی و کەس و دەزگاو دامەزراوەکانەوە هەیە[٣].

لە لایەکی ترەوە بنەڕەتی وشەی Corruption کە بە مانای گەندەڵیی دێت لە زمانی ئینگلیزیدا، لە وشەی لاتینی Rumperەوە وەرگیراوە کە بە مانای "شکاندن"ە کەوابوو لە گەندەڵیدا شتێک دەشکێت، یان پێشێل دەکرێت کە رەنگە رەفتارێکی ئەخلاقی، شێوازێکی یاسایی، یان رێوشوێنێکی ئیداریی بێت[٤].

لە رووی چەمکەوە پێناسەی زۆر و جۆراوجۆر بۆ چەمکی گەندەڵیی کراوە، ئەو پێناسانەشی کە کراون گفتوگۆ و مشتومڕی گەورەی لەنێو توێژەران لێکەوتووەتەوە، رەنگە دژواری و رێککەوتن لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ چەمکی گەندەڵیی پەیوەندی بە چەندین هۆکارەوە هەبێت، دیارترین هۆکار ئەوەیە کە قوتابخانەیەکی فیکریی دیاریکراو نییە بە تەنها توێژینەوە لەسەر دیاردەی گەندەڵیی بکات، بەڵکو زۆرینەی ئەو کەس و رێکخراوانەی کە بایەخ بە توێژینەوە لەم دیاردەیە دەدەن، سەربە بوارە جیاوازەکانی وەک سیاسی و زانستە مرۆڤایەتییەکان و ئابوری و بەڕێوەبردنن؛ هەر بۆیە لێرەدا چەند پێناسەیەکی دیار و گرنگ بۆ دیاردەی گەندەڵیی دەخەینەڕوو:

---

[١] ابراهيم خليل سلطان القصير، الفساد المالي والاداري وأثره على مؤشرات التنمية البشرية في العراق للمدة (٢٠٠٤-٢٠١٤)، رسالة الماجستير غير منشورة، قدمت الى جامعة القادسية، كلية الادارة والاقتصاد، قسم الاقتصاد، ٢٠١٧، ص١٦. https://bit.ly/3orPraA

[٢] شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، ٢٠٠٥، ل٤١٥.

[٣] حامد حاجی قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

[٤] ناصر جاسم الصانع و عبداللة محمد النبياري، واقع الفساد في دولة الكويت واستراتيجية مكافحته، الكويت، مكتبة افاق للنشر، ٢٠٢٠، ص١٢٠.

ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی (Transparency International) گەندەڵیی بەوە پێناسە دەکات کە بریتییە لە "خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتێکی سپێردراو بەمەبەستی بەدەستهێنانی سود و قازانجی کەسی و تایبەتی".[١]

هەروەها بانکی نێودەوڵەتی (World Bank) دەڵێت گەندەڵیی بریتییە لە "خراپ سود وەرگرتن لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی تایبەت".[٢]

فەرهەنگی وێبستەر (Webster) پێناسەی گەندەڵیی بەوە دەکات کە بریتییە لە "ڕەفتارێکی نایاسایی بە تایبەت لە لایەن کەسانی دەسەڵاتدار وەک بەرپرسانی حکومیی و ئەفسەرانی پۆلیس".[٣]

ساموێل فلیپس هنتنگتۆن (SP. Huntington)* پێیوایە گەندەڵیی بریتییە لە ڕەفتاری فەرمانبەرێکی گشتی کە لە هەموو بنەما و پێوەرە ڕێککەوتن لەسەرەکان لادەدات، لەپێناو ئامانج و مەبەستێکی تایبەتدا[٤].

گەندەڵیی هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنانی سامان و دەسەڵات لە ڕێگای نایاساییەوە، قازانجی تاکەکەسی لە بەرامبەر قازانجی گشتی، یان سودوەرگرتنی خراپ لە دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆ بەرژەوەندی تاکەکەس و ڕەوشتێکی دژ بە نەریتی کۆمەڵایەتییە کە ئیمتیاز و تایبەتمەندییەک لە دەرەوەی ڕێسا و یاساکان و پێچەوانەی فۆڕمە ئاکاری و یاساییەکان دەبەخشێت و دەسەڵاتی چاککردنی بوارەکانی ژیانی خەڵک لاواز دەکات[٥]؛ یاخود گەندەڵیی بریتییە لە بۆگەنبوون، هەست بە بەرپرسیارێتی نەکردن و سستبوونی بناغەی ئەخلاقی کۆمەڵگە[٦].

خراپ سود وەرگرتنە لە دەسەڵاتی گشتی یان پلە و پۆستی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەت، بۆ نموونە فەرمانبەرێک بەرتیل وەردەگرێت لە بەرامبەر ئاسانکاریی بۆ گرێبەستێک یاخود پێشنیازکردنی تەندەر لە کەرتی گشتی، هەروەک دەگونجێت گەندەڵیی ڕوووبدات بەبێ پەنابردن بۆ بەرتیل، ئەویش لەڕێی خراپ کەڵک وەرگرتن لە پۆستی گشتی بۆ دامەزراندنی خزم و کەسە نزیکەکان، یاخود دەگونجێ گەندەڵیی ڕوووبدات بە دزینیماڵی دەوڵەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ[٧].

خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو پێناسانە ئەوەیە لە چوارچێوەیەکی گەندەڵدا، مافی کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسی هاوڵاتیان و یان مافی بێ ئەملا و ئەولای کەسێک یان گروپێک بە ئاسانی پێشێل یان بە کەس یان

---

(1) Transparency International Organization, Transparency International Corruption Perceptions Index 2002, Press officer Jana, Berlin, 2002, P:6. Web site: www.transparency.org

(2) World Bank, World development report (1997), Washington D.C. Oxford (1) University P:102.

(3) webster dictionary: https://bit.ly/3oqS4cN

(*) پسپۆڕی سیاسی و ڕاوێژکار و ئەکادیمییەکی ئەمریکییە، ١٨ی نیسانی ١٩٢٧ لەدایکبووە، زیاتر لە نیو سەدە لە زانکۆی هارڤەرد کاری کردووە؛ هەروەها لە ساڵانی هەشتاکان لە سەردەمی ئیدارەی سەرۆک جیمی کارتەر لە کۆشکی سپی کاری کردووە و ڕێکخەری بەشی پلاندانان بووە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی، لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨ کۆچی دوایی کردووە.

(4) Huntington, S.P., Modernization and Corruption, New York, Taylor & Francis Group, 2002, P:450.

(٥) عەلی ڕەبیعی، بژی گەندەڵی، و: ڕەفعەت مورادی، بێ شوێن، بێ دەزگا و ساڵی چاپ، ل٣٢.

(٦) حەکیم خۆشەوی، ئەخلاق لە بەڕێوەبردندا، هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٥، ل٢٥٦.

(٧) حسنين محمدي بوادي، الفساد الإداری لغة المصالح، الإسكندرية، دار المطبوعات الجامعية، ٢٠٠٨، ص ١٦.

گروپێکی تر دەدرێت؛ بەڵام بەگشتی گەندەڵیی ئاماژەیەکە بە هاندانی بە هەڵەی تاکەکەس لە ڕێگەی پێدانی بەرتیل یان ئامرازە نایاساییەکانی تر[١].

بەپێی ئەو پێناسانەی کە بۆ گەندەڵیی کراون، گەندەڵیی شتێک نییە جگە لە سودوەرگرتنی خراپ لە سامان و دەسەڵاتی گشتی بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی و دەبێتە هۆی پێکهێنانی سیستمێکی چینایەتی و نابەرانبەر و بەفیڕۆدانی سامان و سەرچاوە گشتییەکان و بەربەستێک لەڕێی پەرەسەندنی کۆمەڵگە و پێشکەوتنیدا دروست دەکات.

لە ڕێگەی ئەو پێناسانەی خستمانە روو، دەردەکەوێت کە گەندەڵیی چەندین تایبەتمەندی هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەن[٢]:

**أ- نهێنی:** گەندەڵیی بەهۆی ئەوەی کردەوەیەکی ناڕەوا و نایاساییە و دوورە لە هەموو رەوشتێک، بەنهێنی و لە تاریکیدا دەکرێت بە بەکارهێنانی شێوازەکانی فێڵکردن و ساختەکاریی؛ لەبەرئەوە نهێنی بوون لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ناسینەوەی گەندەڵیی، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا دەکرێت بە ئاشکراش بکرێت، ئەویش ئەوکاتەیە کە هەندێک لە شێوازەکانی گەندەڵیی لە کۆمەڵگەدا، وەک بابەتێکی ئاسایی لێیان دەڕوانرێن، ئەمەش یەکێکە لە خراپترین قۆناغەکان کە کۆمەڵگە پێیدا تێپەڕدەبێت.

**ب- زیاتر لە لایەنێک بەشدارە تیایدا:** بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٨٩، گەندەڵیی زیاتر لە لایەنێک لەخۆدەگرێت، کە سود و بەرژەوەندی هاوبەش و پابەندییەکانیان بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە؛ سەرباری ئەوەی ئەوانەی تێوەگلاون، هەوڵی خۆحەشاردن و خۆ ونکردن دەدەن لە ڕێگەی ئەنجامدانی چالاکی دیکە بەو دەستکەوتە ناڕەوایەی لە ڕێگەی گەندەڵییەوە بەدەستیان هێناوە، کە لەوانەیە کاری خێرخوازیشی پێ ئەنجام بدەن؛ هەروەها ڕێککەوتنێکە لە نێوان ویستی بڕیار بەدەست، لەگەڵ ئەوانەی پێویستیان بە بڕیارێکی دیاریکراو هەیە کە خزمەتی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان دەکات و بەس.

**ت- شێوازە کۆن و دواکەوتووەکانی بەڕێوەبردن و کارگێڕی:** هەندێکجار گەندەڵیی هاوڕێیە لەگەڵ هەندێک لە شێوازەکانی گەندەڵیی، وەک دواکەوتنی مامەڵەی هاوڵاتیان، دواکەوتن و نەهاتنی فەرانبەران بۆ دەوام، سودوەرگرتنی خراپ لە کاتی دەوامکردن، توڕەبوون لە سەردانیکەرانی فەرمانگەکان و چەندین کێشە و گرفتی ئیداریی دیکە، کە ئەمانە بە گشتی کەشوهەوایەکی لەبار بۆ نەشونماکردنی گەندەڵیی دەڕەخسێنن؛ لێرەدا پارێزگاری لە گەندەڵکاران و ئاشکرانەکردنی رەفتارە گەندەڵکارییەکانیان، شوێنەوارێکی مەترسیدار دروست دەکەن کە لەوەیە پەرژینی فەرمانگەکان ببڕێت و کاریگەریی لەسەر کۆی کۆمەڵگە هەبێت.

**ث- خێرایی بڵاوبوونەوە:** گرنگترین تایبەتمەندی گەندەڵیی، بریتییە لە خێرا بڵاوبوونەوە؛ کە هاوشێوەی نەخۆشی شێرپەنجە وایە و بەرە بەرە دامودەزگا ئیدارییەکان لە پەلوپۆ دەخات، ئەگەر ژینگەی گونجاوی دۆزییەوە؛ بەو شێوەیە هەژمونی گەندەڵکاران زیاد دەبێت و تین و تاوی زیاتریان پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی فشار بکەن لە دامودەزگاکانی دیکە، تا پلانەکەیان بە تەواوی جێبەجێ بکەن؛ هەروەها تایبەتمەندی بڵاوبوونەوە تەنها لە سنوری دامودەزگاکانی بەڕێوەبردندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو سیفەتێکی جیهانییە و لە کیشوەرێکەوە بۆ کیشوەرێکی تر و لە وەڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگوازرێتەوە؛ بە تایبەت لە سایەی ئاڵنگارییە زۆرەکانی وەکو جیهانگیریی و شۆڕشی پەیوەندییەکان و بازاڕی ئازاد و تەقینەوەی زانیاریی.

[١] مێهدی مێهرپەروەر، گەندەڵی ئیداری-کۆمەڵە وتار، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١١، ل٢٥.
[٢] لؤي العيسى، الفساد الاداري والبطالة، عمان، دار الكندي للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩، ص٧٠-٧١.

## دووەم / جۆرەکانی گەندەڵیی

جۆرەکانی گەندەڵیی بەپێی چەندین بوار و شێوازی جیاواز، دابەشکاری بۆ دەکرێت و هەر یەکێک لەو بوار و شێوازە جیاوازانەش، چەندین لقی جۆراوجۆریان لێدەبێتەوە؛ لێرەدا گرنگترین پۆلێنکارییەکان بۆ جۆرەکانی گەندەڵیی دەخەینەڕوو:

### ١- جۆرەکانی گەندەڵیی بەپێی بوارەکانی:

**أ- گەندەڵیی دارایی (financial Corruption):** بریتییە لە کۆی ئەو سەرپێچی و لادانە داراییانەی کە لە بنەما و یاساکانی کاری دەوڵەت و دامەزراوەکانیدا دەکرێن، کە پێچەوانەن بە ڕێنماییەکانی دەزگای چاودێری دارایی کە چاودێری ژمێرکاریی و سەروەت و سامانی دەوڵەت و دەستە و دامەزراوە گشتییەکان و کۆمپانیاکان دەکات[١].

**ب- گەندەڵیی کارگێڕیی (Administrative Corruption):** مەبەست لێی دەرچوونە لەو سیستمە ئیدارییەی کە بۆ بەڕێوەبردنی دەزگا و دامەزراوەکان دانراوە، بە ئامانجی بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی تایبەت لە لایەن کارمەند یان بەرپرسێکی دەزگاکەوە، وەک بەکارهێنانی ئامێر و کەرەستەکانی کار لە دەرەوەی چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی، یاخود ڕێزنەگرتن لە کاتی دەوام و بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەت لەسەر حیسابی بەرژەوەندی گشتی[٢].

**ج- گەندەڵیی سیاسی (Political Corruption):** بریتییە لەوەی کە بەرپرسی حکومی بەبێ گوێدانە یاساکان و بنەما پەیڕەو کراوەکان دەیکات بۆ دەستکەوتنی سودی مادی یان مەعنەوی بۆ خۆی؛ گەندەڵیی سەرۆکایەتی یەکێکە لە جۆرەکانی گەندەڵیی سیاسی کە لوتکەی هەرەمی سیاسی دەگرێتەوە، واتە ئەو سەرۆک و فەرمانڕەوایانەی دەسەڵاتەکانیان بەکاردەهێنن بۆ وەدەستهێنانی سودی تایبەتی[٣]؛ یاخود گەندەڵیی سیاسی بریتییە لە پارەدارکردنی ناشەرعی و نایاسایی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و داڕشتنی یاساکانی هەڵبژاردن بەجۆرێک ببێتە هۆی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان[٤].

**د- گەندەڵیی ڕەوشتی (Moral corruption):** تێڕوانینی جۆراوجۆر هەیە بۆ پێناسەی گەندەڵیی ڕەوشتی، بە تایبەت کە تێڕوانین لە بابەتی ڕەوشت لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت، هەندێک پێیانوایە ئەمجۆرەی گەندەڵیی بریتییە لە گۆڕینی بەها و بنەما ڕەوشتییە پەسەند و نیشتمانییەکان بە داب و نەریت و بەها دەگمەن و نامۆکان؛ هەروەها گەندەڵیی ڕەوشتی کارە ئابڕووبەرەکانی بەرپرسانی باڵای وڵات دەگرێتەوە، وەک بازرگانیکردن بە مرۆڤ و کارکردن و چەکدارکردنی منداڵ و بازرگانیکردن پێیانەوە[٥].

---

[١] أحمد مصطفى معبد، الأثار الاقتصادية للفساد الإداري، الإسكندرية، دار الفكر الجامعي، ٢٠١٢، ص٢٣.
[٢] حسني عايش، الفساد: عوامله وعلاقته وسبل التصدي له، مجلة دراسات عربية، العدد ١١، ١٩٩٧، ص١١٢.
[٣] ناسر عوبێد ئەلناسر، دیاردەی گەندەڵی، و: سەڵاح شاکەلی، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٥، ل٤٨.
[٤] محمد أحمد درويش، الفساد مصادره - نتائجه - مكافحته، القاهرة، عالم الكتب، ٢٠١٠، ص١٨.
[٥] هاشم الشمري، إيثار الفتلي، الفساد الإداري والمالي وآثاره الاقتصادية والاجتماعية، عمان، دار اليازوري العلمية، ٢٠١١، ص٢٤.

**٢- جۆرەکانی گەندەڵیی بەپێی قەبارەکەی:**

بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبێت کە ئەوانیش بریتیین لە[١]:

**أ- گەندەڵیی بچووک (Minor Corruption):** بە زۆری ئەنجامدەرانی ئەم جۆرە گەندەڵییە کارمەندە ئاسایی و پلە نزمەکانن، کە پەنادەبەنەبەر ئەنجامدانی هەندێک لە شێوازەکانی گەندەڵیی، وەک بەرتیل و بردنی بڕێک پارە کە بە زۆری بڕکەی زۆر نییە و تەنها بۆ دابینکردنی هەندێک لە خەرجییە سەرەکییەکانی ئەو کارمەندیە کە گەندەڵییەکەی کردووە.

**ب- گەندەڵیی گەورە (Gross Corruption):** ئەو کەسانەی پێی هەڵدەستن بریتین لە فەرمانبەرە گەورەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان، ئەم جۆرە بەوە جیا دەکرێتەوە کە قەبارەی ئەو گەندەڵییەی کراوە گەورەیە و کاریگەریی فراوانی لەسەر کۆمەڵگە هەیە؛ لەبەرئەوە لە جۆری یەکەم (گەندەڵیی بچووک) مەترسیدارترە، لە شێوازە دیارەکانی ئەم جۆرە گەندەڵییە پێدانی دەرفەتی زیاترە بەو کۆمپانیایانەی کە بەرتیل دەدەن، یاخود فرۆشتنی ماڵ و موڵکی کەرتی گشتی کە حکومەت خاوەندارێتی دەکات بە کەرتی تایبەت بە کەمتر لە نرخی راستەقینەی خۆی، ئەویش لە بەرامبەر پێدانی بڕێک بەرتیلدا.

**٣- جۆرەکانی گەندەڵیی بەپێی بڵاوبوونەوەی:**

بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا دابەش دەبێت کە ئەوانیش بریتین لە[٢]:

**أ- گەندەڵیی ناوخۆیی (Local Corruption):** مەبەست لەو جۆرە گەندەڵییە کە تەنها لە ناوخۆی یەک وڵاتدا بڵاودەبێتەوە، وەک گەندەڵیی فەرمانبەرە پلە نزمەکان و ئەو کەسانەی کە خاوەنی پلە و پۆستی بچوکن لە کۆمەڵگەدا، لێرەدا ئەو فەرمانبەرانەی ئەم جۆرە گەندەڵییە دەکەن هیچ پەیوەندییەکیان بە کۆمپانیا بیانییەکانەوە نییە کە سەر بە وڵاتانی دیکەن.

**ب- گەندەڵیی نێودەوڵەتی (International Corruption):** ئەو جۆرە گەندەڵییە کە بوارێکی فراوان و گەورەی هەیە و لەسەر ئاستی جیهانی دەبێت لە چوارچێوەی ئەو سیستمەدا کە بە بازاڕی ئازاد ناو دەبرێت؛ ئەوەش بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و سەرکردایەتییە سیاسییەکان بەڕێوەدەچێت، ئەم جۆرەی گەندەڵیی مەترسییەکی مەزنی هەیە و کاریگەرییەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن بەردەوام دەبێت.

**٤- جۆرەکانی گەندەڵیی بەپێی ئەو لایەنەی ئەنجامی دەدات:**

ئەم جۆرەی گەندەڵیش دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر کە ئەوانەش بریتین لە[٣]:

**أ- گەندەڵیی ڕێکخراو (Regulating Corruption):** ئەم جۆرەی گەندەڵی پێشتر بەرنامەڕێژی بۆ کراوە و ئەو کەس و لایەنانەی کە بەشدارن تیایدا، یەکتر دەناسن و ئەو بڕەی پێویستە وەک بەرتیل و گەندەڵیی

---

[1] Naomi, J Caiden, Shortchanging the Public, Public Administration Review, Vol. 39, No. 3, 1979, P:295. https://bit.ly/3oxFY1n

[٢] هاشم الشمري، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٤.

[٣] خالد عيادة نزال، انعكاسات الفساد على التنمية الاقتصادية، اطروحة دكتوراه غير منشورة، قدمت الى جامعة الجزائر، كلية العلوم الإقتصادية والعلوم التجارية وعلوم التسيير، قسم علوم اقتصادية، ٢٠١٥، ص٨٨.https://bit.ly/3op5GFo

بدرێت بڕەکەی دیاریکراوە؛ هەر بۆیە ئەنجامەکەی دڵنیاکەرەوەیە و سەرکەوتنی مسۆگەرە؛ لێرەدا خاوەن پڕۆژەکان دەزانن پێویستە بەرتیل بەکێ بدەن.

**ب- گەندەڵیی هەڕەمەکی (Unregulated Corruption):** جیاوازە لە جۆری پێشوو، خاوەنی پڕۆژەکان پێویستە بەرتیل بدەنە چەندین بەرپرس، بەبێ ئەوەی هیچ گرەنتییەکیان هەبێت کە داوای بەرتیلی دیکەیان لێ ناکرێت، یاخود ئەو ئامانجە بپێکن کە هەوڵی بۆ دەدەن؛ لێرەدا زۆری داواکاری بەرتیل، بەبێ ئەوەی هیچ هەماهەنگییەک هەبێت لە نێوان ئەو کەسانەی داوای دەکەن، لەوانەیە ببێتە هۆی سەرنەکەوتن و شکستهێنانی پڕۆژەکە، هەر بۆیە هەندێک کەس لەم جۆرە گەندەڵییەدا زەرەر و زیانێکی زۆر دەکەن.

**٥- جۆرەکانی گەندەڵیی بەپێی کەرتەکان:**

گەندەڵیی بەپێی کەرتەکان دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر کە ئەوانیش بریتیین لە[١]:

**أ- گەندەڵیی کەرتی گشتی (Public Sector Corruption):** بریتییە لەو گەندەڵییەی کە لە جومگە جیاوازەکانی دامودەزگاکانی دەوڵەت بڵاودەبێتەوە؛ بەرپرسە باڵاکان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتدا پەیڕەوی لە جۆرەها شێوازی گەندەڵیی دەکەن، هەر لە دزینی ماڵی گشتییەوە بیگرە تا قاچاخچێتی و بەرتیل خۆری لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت و جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا.

**ب- گەندەڵیی کەرتی تایبەت (Private Sector Corruption):** ئەو گەندەڵییەیە کە لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتدا بڵاودەبێتەوە؛ بەپێی ڕاپۆرتێکی "ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەڵەتی" کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە هەموو کۆمپانیاکانی تر زیاتر ڕێگای نامەشروع لە کاروبارەکانیاندا بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی قازانج، بەدوای ئەوەدا کۆمپانیا فەرەنسی و چینی و ئەڵمانییەکان دێن.

## سێیەم / گەندەڵیی دارایی

گەندەڵیی دارایی یەکێکە لە دیارترین جۆرەکانی گەندەڵیی، کە پەیوەستە بە دەستکەوتی ماددی لە لایەن فەرمانبەرەوە بە بەکارهێنانی پلە و پۆست بۆ سودی تایبەت؛ لە ڕێگەی لادان لە یاسا و ڕێنماییە داراییەکان کە کاروباری دارایی حکومەت و دامەزراوەکان ڕێکدەخەن؛ یاخود لە ڕێگەی سەرپێچیکردنی ڕێنماییە تایبەتییەکان سەبارەت بە دەزگای چاودێریی دارایی تایبەتمەند بە پشکنین و چاودێری هەژمار و پارەکان؛ دەکرێت شێوازەکانی ئەم گەندەڵییە لە مانەدا تێبینی بکرێت: بەرتیل، ئیختیلاس، ساختەکردنی بەڵگەنامە سپیکردنەوەی پارە، خۆدزینەوە لە باج و گومرگ و چەندین شێوازی دیکە[٢].

یاخود گەندەڵیی دارایی بریتییە لە: نواندنی ڕەفتارێک بە پێچەوانەی یاسا لە لایەن فەرمانبەرێکی گشتییەوە، لەرێی سودوەرگرتنی خراپ لە پێگەکەی و دەسەڵاتەکانی بۆ دروستکردنی کۆسپ و بەربەست و بیرۆکراسیەت لە بەردەم کارەکاندا؛ هەروەها لە ڕێگەی خراپی پلاندانان و دانانی بەرژەوەندی تایبەت لەسەروو بەرژەوەندی گشتی، سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات[٣].

---

[١] شریهان ممدوح حسن، جهود مكافحة الفساد الإداري والمالي في المملكة العربية السعودية، مجلة القانونية، العدد ٤، مصر، ٢٠١٨، ص٩. https://bit.ly/3vcpTlE

[٢] فاطمة عبد جواد، الفساد الاداري والمالي واثاره السلبية على مؤسسات الدولة العراقية وسبل معالجته، بحث مقدم إلى الندوة العلمية. https://bit.ly/3b6ogPK

[٣] محمد الأمين البشري، الفساد والجريمة المنظمة، الرياض، جامعة نايف للعلوم الأمنية، ٢٠٠٧، ص٤٧.

مەبەست لە گەندەڵیی دارایی بریتییە لەو ڕەفتارە نایاساییەی کە دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی دارایی گشتیی و کاری دەڵاڵی و بەرتیلخۆری لە پڕۆژەکاندا؛ بەفیڕۆدانی دارایی گشتیی چەندین شێوازی هەیە، گرنگترینیان ئەمانەن([1]):

١- دزینی ماڵی گشتی و هێرشی دوژمنکارانە بۆ سەری، وەک زیادکردن و گەورەکردنی خەرجی و تێچووە گشتییەکان لە بەرژەوەندی هەندێک کەس، یاخود چین و گرووپێکی دیاریکراو.

٢- بازرگانیکردن بە فەرمانبەرییەوە کاتێک فەرمانبەرێکی گشتیی پارە وەردەگرێت بەرامبەر خزمەتگوزارییەک کە حکومەت بە خۆڕایی پێشکەشی هاوڵاتیانی دەکات، یاخود زیادکردنی نرخەکەی لەو بڕەی کە بڕیاری لێدراوە، ئەمەش یەکێک لە سەرپێچییە یاساییەکان چونکە فەرمانبەر مافی ئەوەی نییە بە ئارەزووی خۆی ڕەفتاری پێوە بکات.

٣- ساختەکردنی دراو و کارتی بانکی کە لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و بە چەندین شێوازی دیکە ئەنجام دەدرێت؛ یاخود یارییکردن بە بازاڕی دراو بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە و بەکارهێنانی زانیاریی نهێنی بۆ ئەمجامدانی گرێبەستەکان.

**چوارەم / شێوازەکانی گەندەڵیی دارایی**

گەندەڵیی دارایی چەندین شێوازی جیاوازی هەیە، لەبەرئەوە کاریگەرییەکانیشیان جیاوازە لەسەر بوارەکانی ژیان، هەندێکیان ترسناک و وێرانکەرن و هەندێکی تریان کەمتر مەترسیدارن؛ شێوازەکانی گەندەڵیی دارایی هەمەجۆرن بە هەمەجۆری بوارەکانیان و ئەو لایەنانەی تێوەگلاون، سەرباری یاسا و بەها باوەکان لە کۆمەڵگەدا کە دیاری دەکەن چی گەندەڵییە و چی گەندەڵیی نییە؛ لێرەدا گرنگترین شێوازە باوەکانی گەندەڵیی دارایی دەخەینەڕوو کە ئەمانەن:

**١- بەرتیل (Bribery):** بە بەربڵاوترین و بەناوبانگترین شێوازی گەندەڵیی دارایی دادەنرێت، کە بریتییە لە پێدانی بڕێک پارە یان هەر سودێکی تر لە لایەن کەسانێکەوە بە دادوەران یاخود دەسەڵاتدارەکان و ئەو کەسانەی بە ئەنجامدانی خزمەتی گشتی ڕاسپێردراون، جار ئەگەر وەزیر یان بەڕێوەبەر یان فەرمانبەرێک یاخود ئەندامێکی لیژنە بێت، بە ئامانجی جێبەجێکردنی کارێک بە پێچەوانەی بنەما و یاسا کارپێکراوەکان[2].

بە زۆری ئەگەری بەرتیلدان لەو مامەڵانە زۆرە کە پەیوەندیدارن بەم بابەتانەوە[3]:

أ- کەلوپەلی سەربازی، فڕۆکە، کەشتی و ئامێرەکانی پەیوەندی.

ب- پرۆژە پیشەسازیی و کشتوکاڵییە گەورەکان، وەک دروستکردنی بەنداوەکان و بەندەرە ئاوییەکان.

ت- پرۆژە پیشەسازییە ستراتیژییەکان.

---

(١) إيثار عبود كاظم، الفساد الإداري والمالي وآثاره الاقتصادية والاجتماعية في بلدان مختارة، رسالة الماجستير غير منشورة، قدمت الى جامعة كربلاء، كلية الإدارة والإقتصاد، قسم الإقتصاد، ٢٠٠٩، ص١٣.https://bit.ly/3BeKpWx

(٢) عامر الكبيسي، الفساد الإداري، مجلة العربية للإدارة، العدد ١، مصر، ٢٠٠٠، ص١٠٠.https://bit.ly/3BdW7AI

(3) George Moody-Stuart, The Cost of Grand Corruption, Washington D.C, Center for International Private Enterprise, 2003, P:2. https://www.transparency.org

ث- کڕیارانی گەورەی حکومەت، وەکو کڕیارانی سوتەمەنی و کانزاکان، پیشەسازی پەین و دەرمان... هتد.

نمونەکان لەسەر بەرتیل زۆرن، دیارترینیان لە راپۆرتی نێودەوڵەتی بۆ گەندەڵیی ساڵی ٢٠٠٥ ئاماژەیان پێکراوە وەک:

أ- پرۆژەی ئاوی بەرزاییەکانی لیسۆتۆ لە ئەفریقای باشوور کە لە لایەن کۆمپانیای Acres (International) لەگەڵ ١١ کۆمپانیای دیکەی نێودەوڵەتی تایبەت بە دروستکردنی بەنداو، بڕی دوو ملیۆن دۆلار وەک بەرتیل درا، تا بەشداربن لە دروستکردنی پرۆژەکەدا.

ب- پرۆژەی سوتاندنی پاشەڕۆ لە ئەڵمانیا، کە لە ماوەی دروستکردنی پرۆژەکەدا بڕی ١٣ ملیۆن دۆلار وەک بەرتیل درا، کە تێچووی گشتی دروستکردنی پرۆژەکە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار بوو.

**٢- دزینی ماڵی گشتی (اختلاس) (Embezzlement):** بریتییە لە هەموو ئەو ماڵ و موڵکانەی کە بە حوکمی ئەرکەکەی لە ئەستۆی فەرمانبەرێکی گەشتیدایە، بەڵام ئەو فەرمانبەرە بە فرت و فێڵ و رێگەی نادروست، ئەو موڵک و ماڵە گشتییە دەگوازێتەوە بۆ سەر خۆی یان بۆ کەسانی تر[١]؛ جیاوازی ئیختیلاس لەگەڵ دزی ئەوەیە، دزی لە ماڵێک دەکرێت کە کەسی دز لێی بەرپرس نییە، بەڵام ئیختیلاس لە سەروەت و سامانێک دەکرێت کە سپێردراوە و کەسی گەندەڵکار لێی بەرپرسە[٢]؛ بە زۆری فەرمانبەرانی ژمێریاری و بودجە و بەرپرسی کۆگا و کەسانی وردبینی کار و ئەو کەسانەی باج وەردەگرن و ئەندامانی لیژنەکانی کڕین و فرۆشتن و جەردی کۆگا و ئەو کەسانەی کاری نۆژەنکردنەوە دەکەن، زۆرجار لایەنێکن لە روودانی تاوانی ئیختیلاس[٣].

**٣-ساختەکردنی بەڵگەنامە (الاحتيال) (Forgery):** بریتییە لەوەی کە فەرمانبەری بەرپرس دەستکاری پسوڵە و فایل و دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامەی فەرمی دەکات و یارییان پێدەکات بە ئامانجی بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی دارایی بۆ خودی فەرمانبەرەکە یان کەس و گروپی دیکە؛ لە دیارترین نیشانەکانی ئەوەیە گۆڕانکاریی لە دەستوخەتی نووسین، ساختەکردنی پسوڵەکان، کەمهێنانی سندوق و کۆگا، داهات و خەرجی ساختە[٤].

**٤- سپیکردنەوەی پارە (Money Laundering):** یەکێکە لە شێوازە نێودەوڵەتییەکانی دیاردەی گەندەڵیی کە پەیوەندیدارە بە بڵاوبوونەوەی تاوانی رێکخراو لە جیهاندا؛ بریتییە لە پرۆسەی بەگەڕخستنەوەی ئەو پارەیەی کە بە رێگەیەکی نادروست بەدەستهاتووە لە بوارە شەرعییەکاندا و بەمەبەستی شاردنەوەی سەرچاوە راستەقینەکەی، تا وا دەربکەوێت کە لە سەرچاوەیەکی شەرعییەوە دەستکەوتووە[٥].

**٥- خۆدزینەوە لە باج و گومرگ:** بریتییە لە خۆدزینەوەی تاکەکان و دامەزراوەکان لە دانی باج بە حکومەت، ئەوەش لە رێگەی ئاشکرانەکردنی بڕی راستەقینەی داهات؛ ئەم شێوازە زیاتر لە کەرتی

---

[١] محمد جمعة عبدو، الفساد أسبابه.. ظواهره.. اثارة.. الوقاية منه، بنغازي-ليبيا، دار الكتب الوطنية، ٢٠١٩، ص٣٧.

[٢] صالح نفسي، جريمة السرقة دراسة مقارنة في الفقهي الإسلامي وقانون العقوبات الجزائري، رسالة الماجستير غير منشورة، قدمت الى جامعة الوادي، كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية، قسم العلوم الإنسانية، ٢٠١٤، ص٢٤.
https://bit.ly/3zuSSDW

[٣] عامر الكبيسي، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٢.

[٤] رفيق يونس المصري، الفساد لماذا لانحاربه؟ دمشق، دار المكتبي للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠١٢، ص٥١.

[5] Kevin Sullivan, Anti–Money Laundering in a Nutshell, 2015, P:2.

تایبەتدا بەدی دەکرێت؛ هەروەها خۆدزینەوە لە گومرگ بریتییە لە کۆنترۆڵی بەرپرسانی باڵا بەسەر گومرگ و خاڵە سنورییەکانی وڵات؛ بەپێی بەڵگەنامەکانی بانکی نێودەوڵەتی گومرگەکان و فەرمانگەکانی دانی باج و زەریبە لە لوتکەی سەری سەرەوەی فەرمانگە گەندەڵەکانن[١].

جگە لەو شێوازانەی گەندەڵیی دارایی کە ئاماژەیان پێکرا، چەند شێوازێکی تری گەندەڵیی هەن کە پێویستە ئاماژەیان پێبکرێت و بناسرێن، چونکە دواجار ئەوانەش لە کاتی ئەنجامدانیاندا دەبنە هۆی بەفیڕۆدانی داهات و دارایی دەوڵەت و دەزگا و دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و تایبەت، ئەو شێوازانەش بریتیین لە:

**١- خراپ بەکارهێنانی موڵک و ماڵ:** لەژێر باڵی ئەم شێوازەی گەندەڵیدا، چەندین رەفتاری گەندەڵکارانە دەبینرێت؛ وەک: کەمتەرخەمییەکی مەبەستدار بەرامبەر ئەو ئامێر و کەلوپەلانەی لە کاردا بەکاردەهێنرێن؛ یاخود پابەندنەبوون بە کاتەکانی دەوامی فەرمی؛ بەکارنەهێنانی کاتی پێویست بۆ کار و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی کارکردن؛ کەمتەرخەمی لە هێنانەدی ئامانجەکانی دامەزراوە و خزمەتکردنی سەردانکەران؛ زیادەڕەوی لە کڕین و بەکارهێنانی شت و مەکی دامەزراوە، یان بەکارهێنان و ئیشپێکردنی کارمەند و خەڵکی ناو دامەزراوە لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا[٢].

**٢- واستە و نێوەندگیریی (Mediation and Bias):** یەکێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە؛ ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگە تازە گەشەسەندووەکان زیاتر بەدی دەکرێت لە چاو کۆمەڵگە گەشەسەندووەکاندا؛ واستە ئامرازێکە لە لایەن تاکەکانەوە بەکاردەهێنرێت بۆ گەیشتن بەو کەسانەی کە بڕیار بەدەستن؛ بۆ بەدیهێنانی ئامانجی کەسێک یان زیاتر لە دەرەوەی یاسا و رێسا و رێوشوێنە یاساییەکان[٣].

**٣- هەڕەشە (Extortion):** بریتییە لە هەڕەشەکردن بەشێوازێکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بۆ دروستکردنی کاریگەریی لەسەر کارمەندی دامەزراوەیەک بۆ ئەنجامدانی کارێک لە بەرژەوەندی ئەو کەس و لایەنانەی کە هەڕەشەکەیان کردووە؛ هەڕەشەکە لەوانەیە جەستەیی یان لەکەدارکردنی کەسایەتی کارمەندەکە بێت بە هەڵبەستنی تۆمەتی بێ بنەما؛ بۆ نموونە لەم حاڵەتەدا کارمەندەکە لەژێر هەڕەشەدا ناچار دەکرێت بە رەزامەندبوون و وەرگرتنی کاڵایەک بۆ دامەزراوەیەک بە پێچەوانەی رێنماییەکان و تایبەتمەندییەکان؛ یاخود ناچارکردنی بەڵێندەرەکان بە پێدانی بڕێک پارە لەو شوێنەی کە کارەکەیان جێبەجێ دەکەن، بەپێچەوانەوە رێگەیان پێ نادرێت کار بکەن[٤].

**٤- خزمەیاتی (Nepotism):** بریتییە لە دابەشکردنی داهات و سەروەت و سامانی وڵات و پلە و پۆستەکانی دەوڵەت بە شێوازێکی نادادپەروەرانە و لایەنگرانە، بەسەر هاوڕێ و ئەندامانی خێزان و گروپێکی دیاریکراو؛ ئەم شێوازە لە گەندەڵیی دەبێتە هۆی جیاکاریی لە نێوان هاوڵاتیان یاخود ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر یان چینێک لە چینەکانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای رەگەزیی و بیروباوەڕ و چینایەتی؛ کە

---

[١] أسماعیل یاسین، أثر الفساد الاقتصادي في السلوك المهني والنمو الاقتصادي، مجلة القادسية للعلوم الادارية والاقتصادية، المجلد ٨، العدد ١، جامعة القادسية، العراق، ٢٠٠٦، ص٤٨. https://bit.ly/3Ov3bfw

[٢] نواف سالم كنعان، الفساد الاداري والمالي، مجلة الشريعة والقانون، العدد ٣٣، الإمارات، ٢٠٠٨، ص١١٦. https://bit.ly/3OKRjWV

[٣] فايز المجالي، معنى الواسطة وأسبابها لدى الشباب في المجتمع الأردني، مجلة مؤتة، المجلد ١١، العدد ٣، الأردن، ١٩٩٦، ص٧٨. https://bit.ly/3OuEpw0

[4] The Department for International Development, leading the UK Government's fight against world poverty, London, 2015, P:12.

له کۆتاییدا دەبێته هۆی لێکترازانی ریزەکانی کۆمەڵگه و چاندنی تووی دوژمنکارانه و رەق و کینه بەرامبەر یەکتر[١].

**٥- فێڵی یاسایی (Fraud):** بریتییه له فرت و فێڵ و لێکدانەوەی هەڵه بەڵام مەبەستدار بۆ راستییەکان خۆی له بەڵگەنامه و یاسا و رێنماییەکاندا دەبینێتەوه تا بڕوا به کەسێک بکات واز له مافی یاسایی خۆی بهێنێت بۆ بەرژەوەندی کەسێک یان گروپێکی دیکه[٢].

## پێنجەم / هۆکارەکانی گەندەڵیی دارایی

گەر ئێمه هۆکارەکانی گەندەڵیی بکەین به سێ جۆر هۆکار "سیستم، بابەتی (دەرەکی)، خودی" ئەوا دەتوانین بگەینه ئەو دەرەنجامەی که له تێڕوانینی هاوڵاتییەوه بۆ دروستبوونی گەندەڵیی، به زۆری هۆی کاریگەریی لاوازی سیستمەکەیه (پەیڕەونەکردنی یاسا، ناتەواوی سیستمی دادگا، یاسادانانێکی نالەبار، سروشتی سیستمی سیاسی و ئابوری...هتد) و کەمتر بەرپرسیارێتییەکه دەگێڕنەوه بۆ بارودۆخه بابەتییەکان وەک (جەنگ، سزا سەپێنراوەکان، هەژاریی گشتی) هەروەها بۆ سیما خودییەکانی کۆمەڵگه و خەڵکی وەک تاکه کەس[٣].

چەندین هۆکاری جۆرواجۆر هەن که دەبنه هۆکاری بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی دارایی له هەر وڵاتێک و ناوچەیەکدا، وەک له خوارەوه ئاماژەیان پێکراوه:

**١- هۆکاره ئابورییەکان:**

**أ- قۆرخکاریی:** واته دەسەڵاتی ئابوری له دەوڵەتدا یاخود رێکخراوێکی دیاریکراودا، تاکڕەوانه بڕیار دەدات و هەوڵدەدات ئیمپراتۆریەتێکی ئابوری تایبەت بەخۆی بنیاد بنێت؛ ئەگەرەکانی بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی زیاتر دەبێت، ئەگەر له هەر شوێنێک ئەمجۆره دەسەڵاته بڕیاردەری سەرەتایی و کۆتایی بێت و دەسەڵاتێکی فراوانی هەبێت، لەگەڵ لاوازیی چاودێریی و لێپرسینەوه بەسەر دەسەڵاتەکانییەوه[٤].

**ب- فراوانبوونی رۆڵی ئابوری دەوڵەت:** زۆری دەستوەردانی دەوڵەت له کەرتی ئابوری، به یەکێک له هۆکاره سەرەکییەکانی بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی دارایی هەژماردەکرێت، چونکه تاکەکان به سروشت ئارەزووی پێدانی بەرتیل دەکەن به بەرپرسان، تاوەکو ئەو رێوشوێن و بنەما گشتیانه تێپەڕێنن که به شێوازێکی رۆتینی له کاتی راپەڕاندنی مامەڵەکانیان یەخەیان دەگرێت[٥].

**ت- گەندەڵی له میکانیزمی به تایبەتکردنی کەرتەکان:** بریتییه له فرۆشتنی کەرته گشتییەکان به کۆمپانیاکان؛ له لایەکەوه به مەبەستی باشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوڵاتیان و له لایەکی ترەوه به ئامانجی ئەوەی که حکومەت قازانجێکی زیاتر بکات و داهاتێکی باشتری دەستبکەوێت، وەک فرۆشتن و به تایبەتکردنی کەرتەکانی کارەبا و پەیوەندییەکان و...هتد؛ بەڵام زۆرجار ئەم کەرتانه به شێوازێک

---

(1) Enayatulla Adel, Understanding and Explaining Corruption, Master Thesis, Södertörns University, Department of Social Science, Political Science, 2016, P:18.

(2) Michael D. Akers and Jodi L. Gissel, What Is Fraud and Who Is Responsible?, Journal of Forensic Accounting, Vol. 7, No. 1, 2006, U.S.A, P:248. https://bit.ly/3Oy7erj

(٣) بۆریس بیگۆڤیچ و بۆشکۆ میباتۆڤیچ، گەندەڵی له سڕبیا، و: محەمەد مستەفا قەرەداغی، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی لیبراڵ-دیموکرات، بێ ساڵ، ل٣٦.

(٤) أحمد محمود أبو سويلم، مكافحة الفساد، عمان، دار الفكر للنشر والتوزيع، ٢٠١٠، ص٢٠.

(٥) خالد عيادة نزال، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٠.

نافرۆشرێن کە قازانجی بۆ دەوڵەت هەبێت، ئەویش لە ئەنجامی گەندەڵیی لە شێوازی فرۆشتن، یاخود نەبوونی چوارچێوەیەکی رێکخستنی چالاک بۆ سەرپەرشتییکردن و چاودێرییکردن لە لایەن لایەنە پەیوەندییدارەکانەوە[١].

**ث- نزمی ئاستی داهات:** کاتێک داهاتی فەرمانبەر و کارمەند کەم بێت، بە تایبەت بە بەراورد بە ئاستی هەڵئاوسان و نرخی کاڵا و کەلوپەل لە وڵاتدا، ژینگەیەکی لەبار بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی دەرەخسێت؛ ئەم بارودۆخە وا دەکات فەرمانبەر و کارمەندان نەتوانن بە داهاتی راستەقینەی خۆیان، پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی رۆژنەیان دابین بکەن؛ هەر بۆیە پەنا دەبەنەبەر بەرتیل و دزی لەو داهاتە گشتییەی کە لە بەردەستیان دایە[٢].

**ج- بێکاریی:** بێکاریی و هەژاریی لە گرنگترین هۆکارە ئابوورییەکانن کە دەبنە هۆی ئەنجامدانی چەندین تاوان و رەوشتی گەندەڵکارانە لە ناو کۆمەڵگەدا[٣].

**٢- هۆکارە سیاسییەکان:**

گەندەڵیی لە هەر وڵاتێکدا گەشە دەکات ئەگەر هەندێک لە هۆکارە سیاسییەکان بەردەستبن وەک نەبوونی سەرکردەیەکی باڵای سیاسی، لاوازی ئیرادە لای سەرکردە سیاسییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی بەوپێیەی بە کارێکی خۆکوژی دەزانن یاخود چالاکنەکردنی رێوشوێنە خۆپارێزییەکان، لێرەدا گرنگترین هۆکارە سیاسییەکان دەخرێنەڕوو:

**أ- پوکانەوەی سیستمی سیاسی:** وەک بڵاوبوونەوەی بیرۆکراسیەت لە دامودەزگاکانی حکومەت، زیادەرۆیکردن لە بە سەنتەرکردنی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت، لاوازی رۆڵی سێ دەسەڵاتەکە (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی)[٤].

**ب- سیستمە رەهاکان:** کە گیرۆدەن بە دیکتاتۆریەتی کەسێک یان حزبێک، لەو سیستمانەن کە زیاتر ئامادەن بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی تیایاندا؛ چونکە نەبوونی چاودێریی گشتی دەبێتە هۆی بەهەدەردانی دارایی گشتی، هەروەک دەشزانرێت لەم جۆرە سیستمانەدا، دامەزراوەکانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی هەر نین یاخود رۆڵێکی زۆر لاواز دەبینن[٥].

**ت- بەرتەسککردنەوەی ئازادی:** وەک ناشەفافی و دەست رانەگەیشتنی هاوڵاتیان و دەزگاکانی راگەیاندن بە سەرچاوەکانی زانیاریی، یاخود بەرتەسککردنەوەی ئازادی رادەربڕین و چاپەمەنییەکان کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوە یان نەمانی یەکێک لە رێگاکانی چاودێریی بەسەر دامودەزگاکانی حکومەتەوە؛ ئەوەش هۆکارێکی بەهێزی بڵاوبوونەوەی گەندەڵییە[٦].

---

[١] أحمد مصطفى معبد، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٨.

[2] Paolo Mauro, The Effects of Corruption Growth, Investment, and Government Expenditure, Scientific paper submitted to the IMF, 1998, P:304.

[٣] عادل بن أحمد الشلفان، الفساد الإداري في المؤسسات العامة- المشكلة والحل، مجلة البحوث التجارية، جامعة الزقازيق، المجلد ٢٥، العدد ١، مصر، ٢٠٠٣، ص٣٣٥.

[٤] هەمان سەرچاوە، ص٣٤٣.

[٥] شوقي رافع، الأمم المتحدة قصر بلا اوراق، مجلة المجاهد، العدد ١٢٣، القاهرة، 2000، ص٤.

[٦] أحمد ابو دية، الفساد: اسبابه وطرق مكافحته، منشورات الائتلاف من أجل النزاهة والمساءلة – أمان، الفلسطين، ٢٠٠٤، ص٤. https://bit.ly/3zwMj3L

**ث- گرنگی نەدانی سەرکردایەتی سیاسی بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی:** لێرەدا بەڵاکە زیاتر دەبێت ئەگەر سەرکردەکان خۆیان تێوەبگلێن لە کارە گەندەڵییەکان؛ یاخود گەندەڵییەکانی خێزان و کەسە نزیکەکانیان و هاوڕێکانیان بشارنەوە؛ بێگومان لە دۆخێکی لەم جۆرەدا چاوەڕێ ناکرێت فەرمانبەرە حکومییەکان بە ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی هەستن، مادام دەبینن بەرپرسەکانیان ئەو کارە ناکەن[1].

**ج- کەموکورتی یاسایی:** رەنگە خراپی ئیدارە و بەڕێوەبردن، بەشێکی پەیوەندی هەبێت بە خراپی داڕشتنی یاساکان و پەیڕەوی ناوخۆی کاری دامودەزگاکان؛ ئەویش بەهۆی تەمومژاویی یاساکان و دژ بەیەکییان لە هەندێککاتدا؛ ئەم گرفتە یاساییانە هەل دەداتە فەرمانبەر تا خۆی لە جێبەجێکردنی بدزێتەوە، یاخود خوێندنەوە و لێکدانەوە بە جۆرێک بۆ دەقە یاساییەکان بکات کە پێچەوانە بێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی[2].

**٣- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:**

فەرمانبەر بەشێکە لە کۆمەڵگە و ناتواندرێت لێی جیابکرێتەوە؛ لەبەرئەوە هەڵسوکەوتوو و رەفتارەکانی، کاریگەرە بە دابونەریت و بەها باوەکان لە کۆمەڵگەدا، لێرەدا گرنگترین هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کە دەبنە هۆکاری بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی دەخرێنەڕوو:

**أ- هەژاری:** بە شێوەیەکی ئاسایی بەهۆی خراپی دابەشکردنی سەروەت و سامانی دەوڵەتەوە سەرهەڵدەدات؛ هەر بۆیە هەژارەکان زیاتر لە دەوڵەمەندەکان، رووبەڕووی گەندەڵیی دەبنەوە؛ بە تایبەت کە ناچار دەبن بە پەسەندکردنی بەرتیل و واستە و خزمخزمێنە؛ لەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی کە دەبنە هۆی هەژاری، نزمی ئاستی پەروەردەیە لە خێزان و قوتابخانە؛ هەروەها پابەندبوونی زۆر بە خێڵ و بنەماڵەوە[3].

**ب- هەستنەکردنی تاکەکان بە مافەکانیان:** پێویستە لە لایەن دەوڵەتەوە تاکەکان بە مافەکانیان ئاشنا بکرێن، چونکە ئەگەر کەسێک ئاستی زانینی کەم بێت، زیاتر ئامادەیە بۆ ئەوەی سودی خراپ لە کارەکەی ببینێت بۆ دەستکەوتنی داهات لەرێگەی نایاسایی وەک بەرتیل یاخود دزی لەماڵی گشتی[4].

**ت- چاولێکەری:** بڵاوبوونەوەی دیاردەی خەرجی زۆر و زیاد لە پێویست و هەوڵدان بۆ ژیانێکی شاهانە لە نێوان هەندێک لە فەرمانبەراندا، ئەمەش فشارێکی زۆر لەسەر فەرمانبەرەکانی دیکە دروست دەکات بۆ ئەوەی کێبڕکێی فەرمانبەرەکەی هاوڕێی بکات؛ زۆرجاریش ناتوانن ئەم کێبڕکێیە بکەن بۆیە پەنادەبەنە بەر رێگەی لادەر و نایاسایی بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێداویستییەی کە مەبەستیانە[5].

---

[1] محمود عبد الفضيل، الفساد وتداعياته في الوطن العربي، مجلة المستقبل العربي، المجلد ٢٢، العدد ٢٤٣، بيروت، ١٩٩٩، ص٧. https://bit.ly/3J1v6SS
[2] يوسف عطية بحر، الفساد الإداري الأسباب والمسببات، مجلة جامعة الأزهر بغزة، سلسلة العلوم الإنسانية، المجلد ١٣، العدد ٢، غزة، ٢٠١١، ص١٢. https://bit.ly/3OxDOts
[3] حسن أبو محمود، الفساد ومنعكساته، مجلة جامعة دمشق للعلوم الاقتصادية والقانونية، المجلد ١٨، العدد ١، دمشق، ٢٠٠٢، ص٤٥٦. https://bit.ly/3cE9Nuw
[4] نور أنور عاشور، سەرچاوەی پێشوو، ص٨٤.
[5] خالد عيادة نزال، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٣.

**ث- خراپی پەروەردەی فەرمانبەر و بەرپرسی ئیداریی:** وەک گەندەڵیی لە بەهاکانیان و خوورەوشتیان بە شێوەیەکی گشتی، دواتر هەڵیە بەرپرسی باڵای ئیداری ئەم جۆرە فەرمانبەرانە لە پێگەی بەرپرسیارێتی و بڕیاریدان دابنێت[١].

## شەشەم / کاریگەرییەکانی گەندەڵیی دارایی

گەندەڵیی دارایی لە زۆر رووەوە ئەنجامی خراپی هەیە لەسەر بوارە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا؛ هەروەها کاریگەریی خراپی لەسەر تاکەکان و دامەزراوەکان هەیە، وەک لە خوارەوە خراونەتەڕوو:

### ١- کاریگەریی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی ئابوری:

أ- حکومەت بڕێکی گەورە لە داهاتی راستەقینە لەدەستدەدات، چونکە فەرمانبەری دەوڵەت بەهۆی ئەو بەرتیلەی پێیدەدرێت، بەشێک لە بەرهەم و داهات و دەستکەوتی کەس و کۆمپانیاکان پشتگوێدەخات، تاوەکو باجی راستەقینە لەسەر ئەو چالاکییە ئابورییە وەرنەگیرێت[٢].

ب- دەبێتە هۆی بەهەدەردانی بڕێکی زۆر لە سەرچاوەکانی حکومەت، کاتێک پێشکەشی چەندین گروپی ناشایستە دەکرێت کە لە رێگەی بەرتیل و هەژموون و هەر ئامرازێکی ترەوە بەدەستی دەهێنن؛ ئەوش دەبێتە هۆی پووکانەوەی گەشەی ئابوری وڵات[٣].

ت- لە ماوەی درێژ خایەندا دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی ئابوری وڵات؛ بەهۆی ئەو کاریگەرییەی لەسەر دابەشکردنی داهات و بەرهەم و بەکارهێنان هەیەتی[٤].

ث- دەبێتە هۆی راوەدوونانی وەبەرهێنانەکانی کەرتی تایبەت لە وڵاتدا، چونکە ئەو بڕەی دەبێت کەرتی تایبەت لەسەر شێوەی بەرتیل بیدات بە کەرتی حکومی، دەبێتە هۆی زیادبوونی تێچووی ئەو پڕۆژانەی دروستی دەکات، واتە کەمبوونەوەی قازانجی پڕۆژەکە؛ ئەم دۆخەش وا لە وەبەرهێن دەکات، بەدوای ژینگەیەکی ئارام و سەقامگیردا بگەڕێت بۆ خۆی و سامانەکەی[٥].

ج- گەندەڵیی دەبێتە هۆی دابەزینی ئاست و کوالێتی وەبەرهێنانی گشتی لەژێرخانی ئابوری وڵاتدا؛ ئەویش بەهۆی بڵاوبوونەوەی بەرتیل لە جۆر و شێوازی ئەو کەرەستانەی لە پڕۆژەکاندا بەکاردەهێنرێن، وەک زیادبوونی تێچووی کڕینیان کە لە رێگەی پێدانی بەرتیلەوە نرخێکی زیاتر لەسەر کەرستەکان دادەنرێن؛ رەنگە کوالێتییەکەشی بەو جۆرە بەرز نەبێت کە پڕۆژەکە پێویستی پێیەتی[٦].

---

[١] حمزة حسن الطائي، الفساد الإداري في الوظيفة العامة، عمان، مركز الكتاب الاكاديمي، ٢٠١٤، ص٣٢.

[٢] يوسف خليل اليوسف، الفساد المالي والإداري-الأسباب والنتائج وطرق العلاج، مجلة العلوم الاجتماعية، المجلد ٣٠، العدد ٢، الامارات، ٢٠٠٢، ص٢٦٦. https://bit.ly/3vdHfOW

[٣] هەمان سەرچاوە، ص٢٦٦.

[4] David J. Gould; Jose A. Amaro-Reyes, The effects of corruption on administrative performance: illustrations from developing countries, World Bank, Washington, DC, 1983, P:27.

[5] Prateck Goortha, Corruption: Theory and evidence through economies in transition, International Journal of Social Economics, Vol. 27, No.12, 2000, P:1196. https://bit.ly/3vbIezm

[٦] محمد أحمد درويش، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٧.

**٢- كاریگەریی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی سیاسی:**

أ- حکومەتێکی لاواز لە وڵاتدا دروست دەبێت کە نەک تەنها بەرامبەر بە ناوخۆ، بەڵکو بەرامبەر بە دەرەوەش لاواز دەبێت؛ خەڵکانی پسپۆڕ و لێهاتوو لە ناو حکومەتدا زۆر کەم دەبن، چونکە بەهۆی بڵاوبوونەوەی دیاردەی خزمایەتی و حزبایەتی و دانەنانی خەڵکی شیاو لە شوێنی شیاو، زۆربەی خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا بەرەو وڵاتانی دەرەوە کۆچ دەکەن؛ ئەوەش کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر کارەکانی حکومەت و دەبێتە هۆی پاشەکشەی گەورە لە تێکڕای بەرهەمی نەتەوەیی[١].

ب- کاریگەریی دەبێت لەسەر توانای حکومەت بۆ رێزگرتن لە مافەکانی هاوڵاتیان و دابینکردنی مافە دیموکراسییە بنەڕەتییەکان، لە سەرووی هەموویانە دەرفەت و مافی یەکسان لە نێوان دانیشتواندا، هەروەها ئازادی راگەیاندن و دەستگەیشتن بە زانیارییەکان، هەموو ئەمانە رادەی شەفافیەتی دەوڵەت و کرانەوەی دیاری دەکەن[٢].

ت- دەبێتە هۆی لەکەداربوونی ناو و ناوبانگی دەوڵەت و خراپبوونی پەیوەندییە دەرەکییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، بە تایبەت لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە هاوکاریی ماددی دەبەخشن؛ ئەو وڵاتانە ئەگەر هاتوو هاوکاریشی بکەن، هەندێک مەرجی بەسەردا دەسەپێنن کە زیان بە سەروەریی دەوڵەت دەگەیەنێت؛ ناتوانێت لە بڕیارداندا سەربەخۆ بێت، یاخود هەندێک بڕیار بدات بۆ بەرەو پێشبردنی توانا ئابورییەکانی وڵات[٣].

ث- گەندەڵیی دەتوانرێت بەکاربهێندرێت بۆ مانەوە و پارێزگارییکردن لە دەسەڵات؛ لەم حاڵەتەدا فەرمانڕەواکان کار دەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی گەندەڵیی لە ئاستێکی زۆر فراواندا، تاوەکو زۆرینەی بەرپرسانی وڵات لە دۆسییەکانی گەندەڵییەوە تێوەدەگلێن، دواتر هەر بە ئابڕوچوونەکانی خۆیان هەڕەشەیان لێدەکرێت، ئەمەش هاوکاری فەرمانڕەوەکان دەکات بۆ پارێزگارییکردن و مانەوە لە دەسەڵاتدا[٤].

ج- لەوانەیە گەندەڵیی بۆ ماوەیەکی کورت ببێتە هۆی سەقامگیریی و رێژەیەکی بەرزی وەبەرهێنان بە وڵات ببەخشێت، بەڵام لە دوور مەودادا ئەو وڵاتانە زەرەر و زیانێکی زۆر دەکەن، بە تایبەت ئەگەر بەردەوامبن لەسەر گەندەڵیی؛ حوکمی یاسا نامێنێت و دیاردەی بەرتیلخۆری بڵاودەبێتەوە و سەروەت و سامانێکی زۆری ناشەرعی بە دەستهاتوو لەڕێی گەندەڵییەوە، کەڵەکە دەبێت[٥].

---

[١] عصام أحمد البهجی، الشفافیة وأثرها فی مكافحة الفساد الإداری، الإسكندریة، دار الفكر الجامعي، ٢٠١٤، ص٣٥٨.

[٢] عصام عبد الفتاح مطر، الفساد الاداري: ماهيته – أسبابه – مظاهره، الاسكندرية، دار الجامعة الجديدة، ٢٠١١، ص٣٨٣.

[٣] محمود الميالي واخرون، الفساد الاداري والمالي "المفهوم والمظاهر، الاسباب والعلاج"، النجف، موسسة الغدير الثقافية، ٢٠٠٩، ص٣٧.

[٤] محمد أحمد درويش، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٩.

[٥] سوزان رۆز ئەیکەرمان، سەرچاوەی پێشوو، ٢١٢.

**٣- کاریگەریی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی:**

أ- کۆچی توانا زانستی و تەکنیکییەکان لە هەموو ئاست و توانا جیاوازەکان، بەهۆی پێنەزانین و نەنرخاندنیانی رۆڵ و تواناکانیان، ئەویش بەهۆی بڵاوبوونەوەی دیاردەی خزمایەتی و حزبایەتی لە پۆستە گشتییەکان و دانەنانی خەڵکی شیاو لە شوێنی شیاو[١].

ب- لاوازبوونی هەستی نیشتمانپەروەریی و هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی و بڵاوبوونەوەی بێ دەربەستی بەرامبەر بە نیشتمان و هەموو بوارەکانی ژیان و گوێ پێنەدان بە بەرژەوەندییە گشتییەکان[٢].

ت- هانی خەڵک دەدات بۆ ئەوەی بە رێگەی نایاسایی هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بدەن؛ بۆ هەر کارێک بیانەوێت بکەن، پێش هەموو شتێک بیر لە پێدانی بەرتیل دەکەنەوە، چونکە دەزانن لە رێگە یاساییەکان زیاتر ئامانجەکەیان دەپێکێت[٣].

ث- دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی تاوان بەهۆی نەمانی بەهاکان و دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە؛ هەستکردن بە ستەم لای زۆربەی خەڵک دروست دەبێت و لە ئاکامدا بێزاریی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، هەروەها رق و کینە لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگە پەرەدەسێنێت[٤].

ج- یەکێکی تر لە کاریگەرییە خراپەکانی لایەنی کۆمەڵایەتی گەندەڵیی ئەوەیە، ئەگەر ئەو کەسانەی تێوەگلاون دادگاییکراون و سزادران بە بەندکردن یان هەر شێوازێکی تر، ئەو کاتە ئەندامانی خێزانەکەی رووبەڕووی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، بەهۆی نەمانی چاودێری بەسەر منداڵەکانی خێزانەکەوە، کە رەنگە رووبەڕووی لادان و چەندین تاوان ببنەوە وەک سواڵکردن[٥].

**حەوتەم / بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی**

رێگا و شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی گەلێک زۆرن، هەندێکیان راستەوخۆن لە رێگەی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتەوە (یاسادانان، دادوەریی و جێبەجێکردن) دەگیرێنەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی؛ هەندێکی تریان ناراستەوخۆن، وەک رۆڵی دەزگاکانی راگەیاندن و رێکخراوەکانی مەڵگەی مەدەنی؛ هەر یەکێک لەو رێگا و شێوازانە، دەکرێت بە گرتنەبەر و بە باشی جێبەجێکردنیان، رۆڵێکی گرنگ و پڕ بایەخ ببینن لە کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵیی؛ لێرەدا ئاماژە بە چەند شێوازێکی سەرەکی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی کراوە لە هەردوو جۆری راستەخۆ و ناراستەوخۆ؛ لەوانە:

**أ- رێگا راستەوخۆکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی:**

*** شەفافیەت (Transparency):** شەفافیەت لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، لە گرنگترین پێداویستییەکانە بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵیی؛ یەکێکە لە ستراتیژییە گشتییەکان کە وڵاتان لە جەنگی بەرەنگاربوونەوەی شێوازە جیاوازەکانی گەندەڵییدا پەنای بۆ دەبەن؛ هەتا ئاستی شەفافیەت لە وڵاتدا زیاتر بێت، بڕوای هاوڵاتیان بەو کەسانە زیاتر دەبێت کە متمانەیان پێبەخشیون و لە کەرتی گشتیی و تایبەتدا کار دەکەن؛

---

[١] علي عبد الحسين، دور القيادة الاستراتيجية والشفافية في محاربة الفساد الاداري، رسالة الماجستير غير منشورة، قدمت الى الجامعة كربلاء، كلية الادارة والاقتصاد، قسم ادارة الاعمال، ٢٠١٠، ص١٢٦.https://bit.ly/3PNvmao

[٢] هەمان سەرچاوە، ص١٢٦.

[٣] هەمان سەرچاوە، ص١٢٦.

[٤] أحمد ابو دية، سەرچاوەی پێشوو، ص٦.

[٥] السيد علي شتاء الفساد الإداري ومجتمع المستقبل، القاهرة، مكتبة الإشعاع الفنية، ١٩٩٩، ص١٦٥.

هەروەک شەفافییەت لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا یەکسانە بە روونی لە ڕێوشوێنەکانی کار و دوورکەوتنەوە لە ڕۆتین و ئاڵۆزکردنی کاروبارەکان؛ سەرباری ئەوەی ئاسانکاریی بۆ هاوڵاتیان دەکات تاوەکو ئەو خزمەتگوزاریانە بەدەستبهێنن کە مەبەستیانە؛ ئەوەش لە دەرەنجامدا دەبێتە هۆی تێرکردنی پێداویستییەکان و ڕەزامەندی خەڵک و زیادبوونی تێکڕای بەرهەمی نەتەوەیی وڵات[1]؛ لەبەرئەوە شەفافیەت بریتییە لە: مافی هەر هاوڵاتییەک بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان و زانینی شێوازی بڕیاردانی دامەزراوەکان؛ هەروەها شەفافیەت داواکارییەکی پێویستە بۆ دانانی بنەما و پێوەرە رەوشتییەکانی کارکردنی دامەزراوەکان، چونکە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی متمانە و هەروەها یارمەتیدەر دەبێت لە ئاشکراکردنی گەندەڵیدا[2].

* **لێپرسینەوە (Accountability):** واتە تاکەکان تەنها بە سەربەخۆیی خۆیان کار ناکەن، بەڵکو بەرامبەر ئەوانی تریش بەرپرسیار دەبن؛ لێپرسینەوە ئەو ئامرازەیە کە کەسەکان و دامەزراوەکان دەتوانن لەڕێیەوە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە ئەرکەکانیان هەڵبگرن، بەوەش جۆرێک لە دڵنیایی دروست دەبێت و هەر کەسێک دەزانێت مامەڵە لەگەڵ کێ بکات، سەرەنجام کاری دامودەزگاکان بە گوێرەی ئەو ئامانجەی دانراوە، بە قازانجی بەرژەوەندی گشتی دەچێتە پێشەوە؛ پاڵپشت بە فراوانکردنی کارەباشەکان و بچوککردنەوە و گەمارۆدانی کارە خراپەکان؛ واتە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکاندا بە دادوەریی و یەکسانی[3]؛ لێپرسینەوەی سیاسی، خاڵی دەستپێکی چاودێرییەکی چالاک و کاریگەرە؛ ئەم لێپرسینەوەیە لە بنەڕەتدا بە هەڵبژارنێکی ئازاد و شەفاف دەستپێدەکات؛ لە دیموکراسیەتی هەڵبژاردندا خەڵک چەکێکی کاریگەری بە دەستەوەیە بۆ سزادان یان پاداشتکردنی ئەو کەسانەی پێشتر بە دەنگی ئەوان چوونەتە پۆست و بەرپرسیارێتییەکان؛ یەکێکی دیکە لە ئامرازە سیاسییەکان بۆ چاودێرییەکی ورد و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی، بریتییە لە جیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتەکە (یاسادانان، دادوەریی و جێبەجێکردن) لەیەکتر، تاوەکو هەریەکە و چاودێر بێت بەسەر ئەوەی ترەوە؛ بە تایبەت دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) کە لەڕێی پەرلەمانتارەکانییەوە دەتوانێت لێپرسینەوە لە وەزیر و بەرپرسانی دیکەی حکومەت بکات، لە هەر کارێک کە گومانی خراپ و گەندەڵیی لەسەر بێت[4].

* **ئاشکراکردنی دارایی:** لە ڕێگەی ئەم شێوازەوە ڕەوایەتی سەرچاوەی داهات و دەستکەوتی ئەو کەسانە دەخرێنە ژێر پرسیارەوە کە خاوەنی پلە و وەزیفەی گشتین؛ ئەم شێوازە وا دەکات ئەو خاوەن پلە گشتییانەی کە داراییەکانیان لە کاتی هەبوونی پۆست بە شێوەیەکی ناسروشتی هەڵکشاوە و لەگەڵ دەستکەوت و داهاتە یاساییەکانیان ناگونجێ، دادگایی بکرێن و دواتر سزا بدرێن؛ بۆ هاتنەدی ئەم ئامانجە، پێویستە حکومەتەکان و هەندێکجار تەواوی خەڵک، ئەوە لەبەرچاو بگرن کە دارایی ڕاستەقینەی خاوەن پلە گشتییەکان، پێش وەرگرتن و پاش وەرگرتنی پۆست بزانن و بەراوردی بکەن؛ ئەم هەڵسەنگاندنە داراییە لە کاتی دادبینی تۆمەتی گەندەڵیی، بەڵگەیەکی گرنگ دەبێت؛ هەروەها ئاشکراکردنی گەندەڵیی ئاسان دەکات[5].

* **دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو:** فەرمانبەر هەمیشە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاردا چاو لە بەرپرسەکەی دەکات؛ لەبەرئەوە نابێت دەسەڵاتی جێبەجێبەجێکردن قبوڵ بکات، بەرپرسانی گەندەڵ و

---

[1] موسى اللوزي، التنمية الإدارية، عمان، دار وائل للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٢، ص١٤١.

[2] عبدالعزيز مخيمر وآخرون، قياس الأداء المؤسسي للأجهزة الحكومية، القاهرة، المنظمة العربية للتنمية الإدارية، ٢٠٠٠، ص١٠٥.

[3] Hammond, Tinda, Developing Professional Model of Accountability for Our School, New York, Stanford University, 1999, P:14.

[4] خالد عيادة نزال، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٦.

[5] پائاتی ئۆفوسۆ و ئەوانی دیکە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

دەست پیس لە پۆستەکاندا بن، پاشان هەر خۆی داوا لە لایەنی چاودێریکار و پەیوەندار بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی بکات، کە سزایان بدات و رێگرییان لێبکات گەندەڵیی بکەن و لێکۆڵینەوەیان لێبکات لەو دەستکەوتانەی بە رێگەی ناشەرعی و لەرێی قۆستنەوەی دەسەڵاتە گشتییەکانیانەوە بەدەستیانهێناوە؛ لەبەرئەوە پێویستە فەرمانبەران و بەرپرسەکانیان، لەسەر بنەما و رێوشوێنی باش هەڵببژێردرێن؛ پێویستە کەسانێک کە بەتوانا و دەستپاک و جیددی و خاوەن ئەزموون و توانای سەرکردایەتییان هەبێت لە هەرەمی سەرەوەی دامەزراوەکان و فەرمانگەکان دابنرێن؛ بەو جۆرە ئەگەر فەرمانبەر و بەرپرسەکان لەسەر ئەو بنەمایانە دانران، بە شێوەیەکی ئاسایی دەبنە لەمپەرێکی گەورە لە بەردەم سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی گەندەڵیدا[١].

**ب- رێگا ناراستەوخۆکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی:**

* **راگەیاندن:** لە گرنگترین ئامرازەکانی چاودێری جەماوەرییە لەسەر دەسەڵات و دەزگا کارگێڕییەکان، چەکێکی بەکاریشە بۆ دۆزینەوە و بەگژداچوونی گەندەڵیی؛ لە رێگەی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە، هاوڵاتی دەتوانێ رۆڵی خۆی جێبەجێ بکات لە دۆزینەوە و نەشاردنەوەی عەیب و خراپەکان؛ هەروەها دەشتوانێ شوێنی نارێکییەکان لە هەڵسوکەوتی حکومەتدا دیاری بکات؛ دەزگاکانی راگەیاندن خەم و سکاڵای هاوڵاتیان نیشان دەدەن و بە شوێن کاری دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دەچن و ئەو سەرپێچی و تاوانکاریانەی روودەدەن دەریان دەخەن؛ قسەی بەرپرسان بڵاودەکەنەوە و شیان دەکەنەوە و قسەی لەسەر دەکەن[٢]؛ لەبەرئەوەی لە باسی یەکەمی ئەم بەشەدا بە وردەکارییەوە باسمان لە ئەرکی چاودێری دەزگاکانی راگەیاندن کرد لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا، بۆیە لێرەدا بە درێژیی ناچینەوە سەر ئەو باسە.

* **رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:** وەک رێکخراوەکانی بواری پاراستنی مافی بەکاربەر، دەستپاکی، شەفافیەت، سەندیکان و کۆمەڵەکان؛ ئەم کۆمەڵە و رێکخراوە مەدەنیانە، ئامرازی گرنگ و کاریگەرییان بەدەستەوەیە بۆ ئاشکراکردن و هاندان و پڕکردنی خەڵک لە دژی گەندەڵیی و بە سزاگەیاندنی گەندەڵکاران؛ بەڵام بە مەرجی ئەوەی ئەو رێکخراو و کۆمەڵانە، شەفافیەت و دەستپاکی لە کارەکانی خۆیاندا هەبێت؛ ئاراستەی سیاسییان نەبێت و لەلایەن بەڕێوەبەرەکانیانەوە نەقۆسترێنەوە بۆ بەدەستهێنانی سودی مادی، یان لە لایەن لایەنی دەرەکییەوە بەکاربهێندرێن بۆ هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو[٣].

## هەشتەم / گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا

هەرێمی کوردستان-عێراق، لە بەرەنجامی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دامەزرا، دوای هاتنە ئارای ئەو هەلومەرجە سیاسییە نوێیەی کە بەهۆی داگیرکردنی کوەیتەوە لە عێراق و ناوچەکە دروستبوو، بۆ یەکەمجار لە مێژووی خەباتی گەلی کوردستان لە عێراقدا، بەرەی کوردستانی بە پشتیوانی و بەشداری جەماوەری کوردستان، توانیان بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی عێراق، بە شاری کەرکوکیشەوە رزگار بکەن؛ پاشانیش رژێمی بەعس داموەزگا ئیدارییەکانی لە پارێزگاکانی کوردستان کشاندەوە؛ ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمان) و رابەری گشتی بزوتنەوەی

---

[1] Stephen P. Heyneman, Kathryn H. Anderson, and Nazym Nuraliyeva, The Cost of Corruption in Higher Education, Journal of Comparative Education Review, Vol. 52, No. 1, 2008, P:18. https://bit.ly/3Bjac01

[٢] ناسر عوبێد ئەلناسر، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

[٣] حسين محمد مصلح، دور الاعلام في مكافحة الفساد، بحث مقدم للمؤتمر العلمي السنوي العاشر الذي تقيمه كلية حقوق، جامعة طنطا، ٢٠١٧، ص٢٣.

رزگاریخوازی کوردستان بەڕێوەچوو، هەر لە هەمان ساڵدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دامەزرا؛ دواتریش پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە ٢٢ لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ کوردستانی عێراقی وەک هەرێمێکی فیدراڵ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا ناساند[١]؛ بەڵام ئەم ناساندنە تاکلایەنە بوو، چونکە حکومەتی ناوەندی لە بەغدا بە سەرۆکایەتی رژێمی بەعس، ئامادەنەبوو دان بە فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستاندا بنێت؛ دۆخەکە بەو جۆرە تا ساڵی ٢٠٠٣ و رووخانی رژێمی بەعس درێژەی کێشا؛ ساڵی ٢٠٠٥ دەستوورێکی نوێ بۆ عێراق نوسرایەوە و عێراقی وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی راگەیاند و لە ماددەی ١١٧ برگەی یەکەم دەڵێت: "ئەم دەستوور لە بەرواری پیادەکردنییەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەهێنێت وەک هەرێمی فیدراڵی"[٢]؛ بەو شێوازە هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکی یاسایی وەرگرت و بە فەرمی بوو بە هەرێمێکی فیدراڵ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

ناوچە کوردستانییەکانی کەرکوک، خانەقین، دوزخورماتوو، مەخمور و شنگال و دەیان شارۆچکە و سەدان گوندی دیکە، کە ناوچەی کوردنشینن و نزیکەی سەد ساڵە، چەقی ناکۆکیی و ململانێی نێوان کورد و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا بووە، تائێستا چارەنووسیان یەکلانەکراوەتەوە و نەگەڕاونەتەوە باوەشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتووانەکانیان کوردن، هەر بۆیە ئێستا هەرێمی کوردستان تەنها لە پارێزگاکانی هەولێر(پایتەخت)، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان، راپەڕین، سۆران و زاخۆ پێکدێت؛ کە رووبەری هەرێمی کوردستان جگە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ٤٢ هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشەیە[٣]، بەگوێرەی ئامارەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانیش (ساڵی ٢٠٢٠) ژمارەی دانیشتووانی هەرێم شەش ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس بووە[٤].

ئەم کیانەی هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی مایەی دڵخۆشییە بۆ هەر کوردێک لە هەر شوێنێکی دنیا بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێ کەموکورتی و هەڵە و پەڵە نەبووە؛ بەڵکو هەر لە یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمەوە کە لە رۆژی ٤ی تەموزی ساڵی ١٩٩٢ پێکهات بە سەرۆکایەتی دکتۆر فوئاد مەعسوم لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، باسوخواسی گەندەڵیی کەوتە ناوانەوە و بوو بە مشتومڕی ناو هاوڵاتیان؛ سەرەتای بە ئاشکرا دەرکەوتنی گەندەڵیی لەو سەردەمەدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە حزبە سیاسییەکان بە تایبەت یەکێتی و پارتی، رێککەوتن لەسەر دابەشکردنی داهاتەکانی کوردستان لە نێوان خۆیاندا، لە نموونەی داهاتی خاڵە سنورییەکان (گومرگەکان) و دابەشکردنی داهات و هاوکارییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان؛ ئەمەش سەرەتای بەکارهێنانی سامانی گشتی بوو، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و حزبی[٥].

سەرەڕای ئەوانە لەو کاتەدا هەرێمی کوردستان لە رووی کارگێڕییەوە بەسەر دوو ئیدارەدا دابەش ببوو: ئیدارەی هەولێر و ئیدارەی سلێمانی؛ لەژێر روشنایی ئەو ئەزموونەدا دامودەزگەکانی هەرێمی کوردستان لە رووی راپەڕاندنی ئەرکە ئیدارییەکانیانەوە لاواز بوون، ئەویش لەبەر نەبوونی شایستەیی و

---

[١] بروانە: دەقی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بۆ راگەیاندنی فیدراڵی ژمارە ٢٢ی ساڵی ١٩٩٢: https://bit.ly/3ztSGVe
[٢] بروانە: دەستووری هەمیشەیی عێراق، ماددەی ١١٧ برگەی یەکەم: https://bit.ly/3z6AU98
[٣] ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان / cabinet.gov.krd
[٤] ماڵپەری فەرمی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، رۆژی سەردانکردن (٢٨ ئازار ٢٠٢٢).https://bit.ly/3JhfT0t
[٥] گەیلان عەباس، گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ژووری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، تەموزی ٢٠٢١، ل٣٢.https://bit.ly/3SaOFN5

پسپۆڕی لەو کاتەدا؛ کە بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆتین و دیکتاتۆریی کارگێڕی و دیاردەی قۆرخکاریی ئابووری و واستە و تەزویرکردنی بڕوانامە و بەڵگەنامە فەرمییەکان[١].

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە تا ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بە تەواوی پشتی بە داهاتی ناوخۆ دەبەست بۆ دابینکردنی موچەی فەرمانبەران و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، بەڵام لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و پێکهێنانی حکومەتی کاتی لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٤، بە ڕێککەوتنی سیاسی پشکی ١٧% لە بودجەی گشتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان دیاریکرا کە بە شێوەیەکی گشتی مانگانە بە تێکڕا دەگەیشتە ترلیۆنێک و ٢٠٠ ملیار دینار؛ بەوەش حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوی پشتی بە بەشە بودجەی هەرێم لە بەغدا دەبەست بۆ دابینکردنی موچە و خەرجییەکانی دیکە، بەڵام بەهۆی هاتنی بودجەیەکی زۆر لە بەغداوە بۆ هەرێم و چالاک نەبوونی چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە، لە لایەک داهاتی ناوخۆ ناشەفاف و نادیار بووە و لە لایەکیش زۆرترین گەندەڵیی و بەهەدەردان لە بودجەدا کراوە[٢].

## نۆیەم / قەبارە و بارودۆخی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا

تا ساڵی ٢٠١٠ـش زۆرجار بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان، نکوڵییان دەکرد لە بوونی گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستاندا و بە توندی ڕووبەڕووی هەر کەس و لایەنێک دەبوونەوە کە باسی هەبوونی گەندەڵیی بکردایە لە هەرێم، بەڵام لە دوای ڕووداوی خۆپیشاندانەکانی شوباتی ساڵی ٢٠١١ی شاری سلێمانی، سەرۆکایەتی هەرێم وەک بەرزترین دامەزراوەی جێبەجێکردن لە کوردستان و پەرلەمانی کوردستان، دانیان بە بوونی گەندەڵیی و پێویستی بەرەنگاربوونەوەی نا[٣].

لێرە بەداوەوە هەرێمی کوردستان، هەنگاوە دامەزراوەییەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دەستپێکرد، پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١١، یاسای ژمارە ٣ی پەسەند کرد کە تایبەت بوو بە دامەزراندنی دەستەیەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی؛ بەپێی یاساکە ساڵی ٢٠١٤ دەستەی "گشتی دەسپاکی هەرێمی کوردستان–عێراق" پێکهات، کە دەستەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان لە ئەستۆ دەگرێت و لەژێر چاودێری پەرلەماندایە[٤].

هەرێمی کوردستان تائێستا لە بواری گەندەڵیدا خاوەنی ژمارە و ئاماژەی تایبەت بە خۆی نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە هەر ئەو ژمارە و ئاماژانەیە لە سەر ئاستی عێراق وەک وڵاتێک هەیە، عێراقیش ساڵانە لە پێوەرەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، لە پلەکانی پێشەوەی گەندەڵترین وڵاتانی جیهانە؛ بەگوێرەی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٢١ی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، عێراق دەیەم گەندەڵترین وڵاتی جیهانە؛ لە کۆی ١٨٠ وڵات لە پلەی ١٥٧یەمیندا دێت و لە کۆی ١٠٠ نمرە تەنها ٢٣ نمرەی بەدەستهێناوە[٥]. لێرەدا

---

[١] جونا سوبحی و دڵخواز ئیسماعیل، دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، پێگەی پێنووس، (١٠ ئاب ٢٠١٧). https://bit.ly/3RWlbSM

[٢] محەمەد ڕەوف، بودجە و کارتێکەرەکانی (شیکاریی گەندەڵی و بەهەدەردانی بودجەی هەرێم)، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٥، ل٥.

[٣] هێمن ناميق جەمیل، ئیرادەی سیاسی وەکو پێداویستییەکی گرنگی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٣، ژمارە ٢، زانکۆی سۆران، ٢٠٢٠، ل٢٠١. https://bit.ly/3PyNxRA

[٤] ماڵپەری فەرمی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی سەردانکردن (٣٠ ئازار ٢٠٢٢).https://bit.ly/3orj8Zn https://bit.ly/3orj8Zn

[٥] ماڵپەری فەرمی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، ڕۆژی سەردانکردن (٣٠ ئازار ٢٠٢٢). https://bit.ly/3OwOLe

ناتوانین ئەوە یەکلابکەینەوە کە ڕێژەی گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستاندا بە بەراورد بە تەواوی عێراق زیاترە یان کەمترە، ئەوەی دەتوانێت ئەو بەراوردە بکات و هەرێمی کوردستان لە عێراق جیا بکاتەوە لەو ژمارە و پێوەرانەی خاوەنییەتی، تەنها دامەزراوەی تایبەتمەندی نێوخۆیی یان نێودەوڵەتییە؛ واتە دەبێت پێوەری زانستی ئێمە بگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە ئایا هەرێمی کوردستان خاوەنی هەمان ئەو ڕێژە و ژمارە "پیس"انەیە کە عێراقی پێ ناسراوە لەبارەی گەندەڵییەوە، یان نەخێر بارودۆخەکە باشترە و هەرێمی کوردستان هەنگاوێک یان چەند هەنگاوێک لەپێشەوەیە؟[١].

"دۆسییەکانی گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستاندا زیادیان کردووە و هەفتانە چەندین دۆسیەی تازەی گەندەڵیمان بۆ ڕەوانە دەکرێت"[٢] ئەمە دوایین لێدوانی حاکم ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستانە (٢٨-٠٣-٢٠٢٢) کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی سەرباری هەوڵ و کۆششەکانی ساڵانی ڕابردوو، بەڵام گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستاندا، هێشتا لە قۆناغی نەشونماکردن و پەلهاویشتندایە، تائێستاش هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوە و خۆپارێزی، لە ئاستێکی پێویستدا نییە.

ڕۆژی ٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، ئەحمەد ئەنوەر سەرۆکی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند: "لەم کاتەدا ٨٠٤ دۆسیەی گەندەڵی لێکۆڵینەوەیان تێدا دەکرێت و لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوە سەرپەرشتی دەکرێن؛ ئەمساڵ ١٣٦ کەیسی گەندەڵیی ڕەوانەی دادگاکان کراون و چوونەتە قۆناغی دادگاییکردن پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەیان تێدا تەواو کراوە؛ هەر ئەمساڵ ١٢١ زانیاریی تۆمارکراوە و لە داوای هەواڵدەری ١٤٧ داوا تۆمارکراوە کە ئێستا لەگەڵ خولاوی ساڵانی ڕابردوو ٢٤٥ داوای هەواڵگریمان هەیە؛ ئەمساڵ ٤٤٥ داوای سزایی تۆمارکراوە کە ئەمە ژمارەیەکی زۆرترە لەچاو ساڵانی ڕابردوودا، لەگەڵ داوا خولاوەکانی ساڵانی ڕابردوو ئێستا ٥٦٠ داوای سزایی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدان؛ بەمەش بە هەموو داوا سزایی و هەوڵدەرییەکان ٥٦٠ داوای سزایی و ٢٤٥ داوای هەواڵدەریمان هەیە[٣]؛ هەروەها بەپێی ئامارەکانی دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ تا کۆتایی ٢٠١٩ قەبارەی گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستاندا بە ٤٢٣ ملیار و ٢٩٠ ملیۆن دیناری دەخەمڵێندرێت؛ لەو برە پارەیە تەنها ١٠ ملیار و ٨٢٦ ملیۆن دینار گەڕێندراوەتەوە[٤].

ئامارەکانی دەستەی دەسپاکی ئاشکرای دەکەن، کە بەروارد بە ساڵی ٢٠٢٠ لە ساڵی ٢٠٢١دا ژمارەی دۆسییەکانی گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستاندا زیادیانکردووە، چونکە لە ساڵی ٢٠٢٠ کۆی گشتی کەیسەکانی گەندەڵی ١٠٢ کەیس دراونەتە دادگاکان، بەڵام وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، لە ساڵی ٢٠٢١ ئەو دۆسیانەی ڕەوانەی دادگاکان کراون ١٣٦ دۆسییە بووە، هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٠، (٦٨) داوای هەواڵدەری هەبووە لەلایەن هاوڵاتییانەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢١ زیادیکردووە بۆ ١٤٧ داوا؛ لە ساڵی ٢٠٢٠ (١٦٨) داوای سزایی هەبووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢١ ئەو ژمارەیە زیادیکردووە بۆ ٤٤٥ داوای سزای[٥].

---

[١] عومەر عەبدوڵا گوڵپی، گەندەڵی، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٤، ل١٤١.

[٢] حاکم ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان، کۆنفرانسی ڕۆژنامەنووسی، پەیجی وێستگە نیوز، (٢٨ ئازار ٢٠٢٢).
https://fb.watch/c1UeEdNlXp/

[٣] حاکم ئەحمەد ئەنوەر، کۆنفرانسی ڕۆژنامەنووسی، پێگەی کەناڵی کوردستانTV، (٩ کانوونی یەکەم ٢٠٢١).
https://bit.ly/3Oy3OEO

[٤] ئاماری پێنج ساڵی دەستەی دەسپاکی هەرێم، پێگەی KNN، (٢١ کانوونی یەکەم ٢٠١٩).
https://bit.ly/3RZObJi

[٥] ماڵپەری فەرمی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی سەردانکردن (٣٠ ئازار ٢٠٢٢).

سەبارەت بە دۆخی ئێستای گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستاندا، حاکم ئەحمەد ئەنوەر سەرۆکی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان دەڵێت: لە هەرێمی کوردستاندا سەرەڕای ئەوەی کە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزارییەکان لە ئاستێکی باشترن لە چاو بەشەکانی تری عێراق، بەڵام گەندەڵیی تا ئێستاش هەڕەشەیە لەسەر سەقامگیریی و پێشکەوتنی زیاتری ئابوری و سەرجەم کەرتە خزمەتگوزارییەکان؛ بەردەوامیش لە هەموو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا لە ساڵانی رابردوودا، بابەتی گەندەڵیی پانتایەکی زۆری لە بەرنامەی سیاسی سەرجەم قەوارە سیاسییەکان بۆ تەرخانکرابوو، واتە کوردستان قۆناغی دانان بە گەندەڵیی تێپەڕاندووە و ئێستا لە قوناغی بەرەنگاربوونەوەی دایە، هەرچەندە تا ئێستا لە ئاستی پێویست نییە؛ ئەو پرسە بە سستی بەڕێوەدەچێت، چەند ساڵە لە هەرێمی کوردستاندا پرۆسەی چاکسازی لە کەرتی گشتی بەڕێوەدەچێت و بەتایبەتیش لەم کابینەیەی حکومەتی هەرێم (کابینەی نۆیەم) بووەتە هێڵی سەرەکی بەرنامەی کارکردنی، بەڵام پرسی چاکسازی و دژایەتی گەندەڵیی، دوو پرسی بەیەکەوە بەستراون، ناتوانرێت جیابکرێتەوە، واتە هەردوو پرسەکە دەبێت کاری زۆرتریان لەسەر بکرێت[1].

**دەیەم / بوارەکانی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا**

گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستاندا بە جۆرێک رۆچووەتە بنج و بنەوانی دەزگا و دامەزراوەکانی حکومەت، وەک دەوترێت کارگوزاری قوتابخانەیەکیش بە یاسایی و شایستەبوون دانانرێت، بەڵکو جۆرەها دەستوەردان دەکرێت بۆ دانانی، ئەم بارودۆخە وایکردووە بوارەکانی گەندەڵیی بە ئەندازەیەکی زۆر فراوان بێت و زۆربەی کەرت و بوارە جیاوازەکان بگرێتەوە، هەر لە وەزیفەی گشتی و دۆسیەی نەوت و داهاتی ناوخۆوە تا بواری نیشتەجێکردن و وەبەرهێنان و تەندەر و موساتەحە و زەوی کشتوکاڵی و دەرمان و تەندروستی و چەندین بواری دیکە؛ لێرەدا ئاماژە تەنها بە گرنگترین بوارەکانی گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستاندا کراوە کە توێژەر لەسەر بنەمای خوێندنەوە و بەدواداچوونەکانی خۆی، بوارەکانی گەندەڵی دارایی لە هەرێمی کوردستان لە پێنج بواری سەرەکیدا دیاریکردووە و بەمشێوازە پۆلێنی کردووە:

**١- سیستمی موچە:** بەهۆی دەستوەردانی حزبی لە دامەزراندنی خەڵک بۆ کەرتی گشتی، ئەمڕۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری موچەخۆر و کارمەندی گشتییە؛ راستە لە ئەنجامی گەشەی دامەزراوەکانی حکومەت لە دوای ساڵی ١٩٩٢ەوە، حکومەتی هەرێم پێویستی بەوە هەبووە فەرمانبەری پێویستی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی، بەڵام ژمارەکە بە گوێرەی تەنانەت دانپێدانانی بەرپرسانی حکومەتیش لەوە زیاترە کە پێویستە؛ بەرپرسانی حکومەتی هەرێم رایانگەیاندووە، کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ ژمارەی ئەو کەسانەی موچەیان لە حکومەت وەرگرتووە گەیشتووەتە ١٣٠،٠٠٠ کەس، لە ساڵی ٢٠٠٠ گەیشتووەتە ٤٥٠ هەزار و لە ساڵی ٢٠١٥ بەرزبووەتە بۆ یەک ملیۆن و ٣٤٤ هەزار موچەخۆر[2]؛ لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ حکومەتی هەرێم پرۆسەی تۆمارکردنی موچەخۆرانی لە سیستمی بایۆمەتریدا دەستپێکرد بەمەبەستی خاوێنکردنەوەی تۆماری موچەخۆران و ئامادەکردنی داتایەکی راست و دروست، بەوەش ژمارەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بوو بە یەک ملیۆن و ٢٥٥ هەزار و ٢٧٣ کەس؛ بۆ دابینکردنی موچەی ئەو ژمارەیەش، حکومەت مانگانە پێویستی بە

---

[1] حاکم ئەحمەد ئەنوەر، ماڵپەری دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان، (٩ کانوونی یەکەم ٢٠٢١). https://bit.ly/3OBifId
https://bit.ly/3OxD9bs

[2] Hemn Namiq Jameel (Hemn Merany), A case study of Political Corruption in Conflict-Affected Societies (The Kurdistan Region of Iraq 2003-2013), Unpublished thesis, University of Leicester, Department of Politics and international Relations, 2017, P:210. https://bit.ly/3BbCvxh

٨٩٠ مليار ديناره؛ هيوا ئەفەندی سەرۆکی فەرمانگەی تەکنەلۆجیا و زانیاریی لە ئەنجومەنی وەزیران رایگەیاند، لە سیستمی بایۆمەتری ئاشکرا بووە ١٠٠ هەزار کەس دوو موچەیی و سێ موچەیی و چوارموچەییان هەیە، کە هەندێکیان بەپێی یاسا زیاتر لە موچەیەکیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێك هەیە بە نایاسایی هەیەتی؛ هەروەها عیزەت سابیر کە لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان (خولی چوارەم) سەرۆکی لیژنەی دارایی بوو، رایگەیاند ٥٥ هەزار موچەخۆری وەهمی ئاشکرا بوون کە بندیوارن و خۆیان لە سیستمی بایۆمەتری تۆمارنەکردووە[١].

لیژنەی بەدواداچوونی پرۆژەی چاکسازیی سەرۆکی هەرێم کە لە ساڵی ٢٠١٢ سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایسپاردبوون بۆ بەدواداچوونی دۆسییەکانی گەندەڵیی، لەبارەی گەندەڵیی لە وەزیفەی گشتی، گەیشتبوون بەم ئەنجامانە[٢]:

أ- پرۆسەی دامەزراندنی تواناکان، بەپێی پلانێکی شەفاف و زانستی زانستیانە نەبووە.

ب- رێژەیەکی یەکجار زۆر خەڵک، بەبێ رەوچاوکردنی پلە و وەزیفیە پێویستییەکان و پسپۆرییەکان دامەزراون.

ت- خەڵکێکی زۆر بەدەر لە رێنماییەکان بە پلەی جۆراوجۆر خانەنشین کراون.

ث- دیاردەی کارمەند و موچەخۆری بندیوار زۆربووە و قورساییەکی زۆری بۆ سەر بودجەی هەرێم دروستکردووە.

ج- بۆ ماوەیەکی زۆر بەرپرسی یەکە کارگێڕییەکان لە پۆستەکانیان دەمێننەوە و ئاڵوگۆڕیان پێناکرێت.

**٢- دۆسیەی نەوت:** لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە مەسەلەی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا لە رێگەی گرێبەستەکانی نەوتەوە، بەردەوام جێگەی مشتومڕی نێوان هەولێر و بەغدا بووە و زۆرجار کێشەکانی هێندەی تر ئاڵۆز کردووە؛ لە ئاستی عێراقیشدا هەمیشە ئەو گرێبەستانەی هەرێم جێگەی گومان و سەرەنجی لێکۆڵیاران و بەرپرسان بووە؛ بە جۆرێک پرسی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم تائێستاش دیارترین ناکۆکی و خاڵی نارەزایی نێوان هەولێر و بەغدایە[٣]؛ بۆ یەکەمجار نەوتی هەرێمی کوردستان لە یەکی حوزەیرانی ٢٠٠٩ هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کرا، کە بەرهەمی کێڵگەکانی نەوتی تەقتەق و تاوکێ بوون[٤]؛ لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ش حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکرد بە ناردنە دەرەوەی نەوت لە رێگەی بۆرییەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ، ئەمەش هێندەی تر قەیرانەکانی نێوان هەولێر و بەغدای ئاڵۆزتر کرد؛ چەند مانگێکی کەم پێش هەناردەکردنی نەوت لە لایەن هەرێمەوە، بەغدا پشکی ١٧%ی هەرێمی کوردستانی بڕی کە لە ساڵی ٢٠٠٤وە بە رێککەوتنی سیاسی ئەو بڕە وەک بودجەی هەرێمی کوردستان دیاریکرا کە بە شێوەیەکی گشتی مانگانە بە تێکڕا دەگەیشتە ترلیۆنێک و ٢٠٠ ملیار دینار[٥].

گرنگترین ئەو رەخنانەی لە دۆسیەی نەوتی هەرێم دەگیرێت ئەمانەن:

---

[١] بارام سوبحی، بندیوار.. مۆتەکەی بەردەم چاکسازی، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٢، تەموزی ٢٠٢٠، ل١٤٢-١٤٣. https://bit.ly/3cHlPUh

[٢] عومەر عەبدوڵا گوڵپی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٦.

[٣] محەمەد رەوف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٨.

[٤] هەمان سەرچاوە: ل٢٥٠.

[٥] محەمەد رەوف، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

أ- جۆری گرێبەستە نەوتییەکان: حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠١٤ زیاد لە ٥٢ گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە جیهانییەکان کردووە[١]؛ شێوازی گرێبەستەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە قازانجی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوتە، بەو پێیەی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم لە جۆری گرێبەستی هاوبەشە، بەپێ ئەم جۆرە لە گرێبەست، خەرجی و بەرهەم و داهاتی نەوت لە نێوان کۆمپانیاکە و حکومەتدا بە ڕێژەیەکی جیاواز دابەش دەکرێت، کە لەم جۆرەدا کۆمپانیاکە زۆرترین قازانج دەکات، وەک لە گرێبەستەکانی دیکە؛ بۆیە کۆمپانیاکان بە لێشاو ڕوو لە هەرێمی کوردستاندا دەکەن[٢].

ب- شەفافیەت لە دۆسیەی نەوت: حکومەتی هەرێم بەبیانووی ئەوەی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم لەو ئاستەدا نییە وردبینی بۆ سکێتەرێکی وەکو نەوت بکات، بۆیە ڕازی نەبووە کاری وردبینیان بۆ بکات؛ لە هەموو ئەو ماوەیەدا و تائێستاشی لەگەڵدابێت دیوانی چاودێری دارایی ڕێگە پێدراو نییە بۆ وردبینیکردنی داهاتی نەوت؛ لە بەرامبەردا حکومەتی هەرێم بۆ وردبینی لە داهاتی پرۆسەکانی نەوت، گرێبەستی لەگەڵ دوو کۆمپانیای بیانی کردووە، ئەوانیش هەریەکە لە کۆمپانیای دیلۆیت (Deloitte) و ئێرنست یۆنگ ( E & Y) بوون[٣]؛ عومەر گوڵپی ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، بەدواداچوونێکی بۆ داهاتی نەوت کردووە و دەڵێت: "پرۆسەی دەرهێنانی نەوت تا فرۆشتنی لە ژێر چاودێریدا نییە، هیچ دەزگایەکی فەرمی لە دەرەوەی چەند کەسێکی کەم لە حکومەت زانیارییەکان پشت ڕاست ناکاتەوە؛ جگە لەو داتایانەی حکومەت خۆی دەیانداتە کۆمپانیای دیلۆیت، ئەویش ساڵی جارێک بڵاویان دەکاتەوە، هیچ سەرچاوەیەکی تر بەردەست نییە و حکومەت زانیاریی بە پەرلەمان و پەرلەمانتاران نادات لە بارەی نەوت و فرۆشتن و داهاتەکەی؛ ڕێگە نادات دیوانی چاودێری دارایی وردبینی لە دۆسیەی نەوتدا بکات"[٤].

ت- داهاتی نەوت: داهاتی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا ٥٨%ی بۆ خەرجی کۆمپانیا نەوتییەکان دەڕوات، لە ٤٢%ی وەک داهات بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە، ڕێژەی ١٠٠%ی ئەوەی وەکو داهات دەمێنێتەوە ڕادەستی وەزارەتی دارایی دەکرێت و بۆ موچە خەرجدەکرێت[٥]؛ بەڵام بە گوێرەی دوایین ڕاپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت کە وردبینی بۆ دۆسیەی نەوتی هەرێم دەکات، لە ساڵی ٢٠٢١ دا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەواوی ساڵەکەدا بڕی ١٥٢ ملیۆن و یەک هەزار و ١٥٤ بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کردووە، بە تێکڕا هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە ٥٩ دۆلار فرۆشراوە و کۆی داهاتەکەی بریتی بووە لە ٩ ملیار و ٣٧ ملیۆن و ٨٨٧ هەزار و ٢٢ دۆلار؛ لەو بڕەش ٥ ملیار و ١٦١ ملیۆن و ١٧٢ هەزار و ٥٥٤ دۆلاری بە ڕێژەی ٥٦% چووە بۆ خەرجی پرۆسەی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت، لە ١٠%ی ئەو لە ٥٦%ە کە دەکاتە ٨٧٠ ملیۆن و ١٧٤ هەزار و ٢٨٦ دۆلار، چووە بۆ کرێی بۆری نەوتی هەرێم کە لەناو خاکی هەرێم هەردوو کۆمپانیای "کار و ڕۆسنەفت" خاوەندارێتی دەکەن و لەناو خاکی تورکیاش خاوەندارێتی بۆ "کۆمپانیای وزەی تورکی" دەگەڕێتەوە؛ لە دەرەنجامدا تەنها بڕی ٣ ملیار و ٩٦٤ ملیۆن و ٨١٤ هەزار و ٥٠٢ دۆلار گەڕاوەتەوە بۆ وەزارەتی

---

[١] یادگار سدیق و فریا کاڵێ، چەند سەرنج و تێبینییەک لەسەر وردبینی دیلۆیت بۆ نەوتی هەرێم ٢٠١٩، ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ڕوونبین، حوزەیرانی ٢٠٢٠، ل٨.
https://bit.ly/3ooFT0f

[٢] محەمەد ڕەوف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٦.

[٣] یادگار سدیق و فریا کاڵێ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

[٤] ماڵپەری فەرمی عومەر گوڵپی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، (١ ئەیلول ٢٠٢١).
https://bit.ly/3OrAPT7

[٥] ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، ماڵپەری درەو، (٢١ کانوونی یەکەم ٢٠٢١).
https://bit.ly/3J3RScV

سامانە سروشتییەکان بە ڕێژەی ٤٤%[١]، عەلی حەمەساڵح سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، کێشە و گرفت و گەندەڵییەکانی داهاتی نەوتی هەرێم بەمجۆرە دەخاتەڕوو[٢]:

* نرخی بەرمیلێک نەوتی هەرێم: لە ساڵی ٢٠٢١ بەرمیلێک نەوتی برێنت بە ٧٠ دۆلار بووە، بەڵام هەرێمی کوردستان بەرمیلێک نەوتی بە ٥٩ دۆلار فرۆشتووە، کە ئەوەش ١١ دۆلار کەمترە لە نرخی نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا.

* پارەی کۆمپانیا نەوتییەکان (cost recovery): بڕێکی ئێکجار زۆری داهاتی نەوتی هەرێم بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان دەڕوات، لەکاتێکدا هەندێک لە کێڵگەکان وەک کێڵگەی خورمەڵە کە لە ٣٩%ی نەوتی هەرێم پێکدەهێنێت، ئەو تێچووە زۆرەی نییە؛ بەڵام لە ڕابردوودا بەهۆی گەندەڵیی و قۆرخکارییەوە، کارێک بە ملیۆنێک دۆلار بێت بە پێنج ملیۆن دۆلار کراوە، ئەگەر بە ١٠٠ هەزار دۆلار کرا بێت بە پێنج هێندە کراوە؛ ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە تێچووی دەرهێنانی نەوت لە هەرێم زۆر بێت.

* کرێی بۆری: کرێی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان جێگەی سەرنج و ڕەخنەیەکی جدیە، ٧٤%ی بوری نەوتی هەرێم لە سنوری تورکیایە و ٢٦%ی لە سنوری هەرێمی کوردستانە؛ بەڵام کرێی بۆری ئەو بەشەی لە ناو خاکی هەرێمە دوو هێندەی ئەوبەشەیە کە لە خاکی تورکیایە؛ کە جگە لە گرێبەستی خراپ و گەندەڵیی هیچ بیانوویەکی دیکەی نییە، چونکە ئەگەر حکومەتی هەرێم خۆی بۆرییەکەی دروستبکردایە، نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری تێدەچوو، بەڵام ئێستا دەبێت ساڵانە ٨٤٠ ملیۆن دۆلار بدات بە کرێی بۆری؛ بابەتێکی دیکەی جێی سەرنج ئەوەیە، نەوتی کەرکوک بە هەمان بۆری هەرێم هەناردەی تورکیا دەکرێت، ئەوان بۆ هەر بەرمیلێک نەوت دۆلارێک و ٢٠ سەنت دەدەن بە کرێی بۆری، بەڵام هەرێمی کوردستان بۆ هەر بەرمیلێک ٩ دۆلار دەدات.

* نەبوونی دامەزراوەی نەوتی: ٦٣٧ ملیۆن دۆلاری داهاتی نەوتی هەرێم لە بانکێکی لوبنان بلۆک کراوە، بەهۆی ئەوەی نەوتی هەرێم لە لایەن هاوڵاتییەکی پاکستانی بەناوی مورتەزا لاخانی دەفرۆشرا و پارەکە دەچووە سەر هەژماری کۆمپانیایەکی ناوبراو کە قوبرسی بوو لە لوبنان، بەڵام کێشەی بۆ دروستبوو بەهۆیەوە ئەو بڕە لە داهاتی نەوتی هەرێم بلۆک کرا، لەکاتێکدا ئەگەر کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازاڕکردنی نەوت (KOMO) دروستبکرایە وەک لە یاسای نەوت و گازی هەرێمدا هاتووە، ئەم ڕووداوانە ڕوویان نەدەدا.

**ث- جێبەجێ نەکردنی بەشێک لە مادە گرنگەکانی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان:** دوای ١٥ ساڵ لە دەرچوونی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کە ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە، تائێستاش بەشێکی زۆر لە ماددەکانی یاساکە جێبەجێنەکراون بە تایبەت ئەو مادانەی کە پەیوەندییان هەیە بە دامەزراندنی کۆمپانیا گشتییەکان، وەک: کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت (KEPCO)، کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت (KNOC)، کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازاڕکردنی نەوت (KOMO)، کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پاڵاوتن و پاشکۆکانی (KODO)، سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکان (KOTO)، ئەو مادانەی پەیوەندیدان بە

---

[١] ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی کۆمپانیای (دیلۆیت) سەبارەت بە وردبینی کەرتی نەوت و گازی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢١.
https://bit.ly/3b3lWJ2

[٢] عەلی حەمەساڵح سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، چاوپێکەوتن، تەلەفزیۆنی ڕووداو، بەرنامەی ڕووداوی ئەمڕۆ، (٣١ ئازار ٢٠٢٢).
https://fb.watch/cb6czBK-h8/

وەرگرتنی باجەوە هەیە لە کۆمپانیاکان، سندوقی ژینگە، هەروەها مادەکانی ٥٨،٥٧ چەندین برگەو ماددەی دیکە[١].

**٣- داهاتی ناوخۆ:** لە سێ سەرچاوەی سەرەکی داهات پێکدێت کە ئەوانیش بریتیین لە گومرگ، رسومات و باج؛ عومەر گوڵپی ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، بەمشێوەیە باس لە داهاتی ناوخۆ و گرفت و گەندەڵییەکانی دەکات[٢]:

أ- گومرگ (خاڵە سنورییەکان): گومرگەکان ٢٥،٦%ی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن، دەروازە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستانیش بەمشێوازە داهاتی گومرگ دابین دەکەن: ئیبراهیم خەلیل ٥٣%، پەروێزخان ١٥%، باشماخ ١٤%، حاجی ئۆمەران ١٢%، پشتە ٣%، سەیرانبەن ١%، پێشخابور ٠،٤٣% و تەوێڵە ٠،٣٢%؛ داهاتی "راستەقینە"ی گومرگ مانگانە ٣٠٠ ملیار دینارە، بەڵام بەپێی داتا و زانیاری وەزارەتی دارایی، داهاتی مانگانەی گومرگ ١٠٧ ملیار و ٥٤٨ ملیۆن دینارە؛ لەکاتێکدا وەزارەتی دارایی و سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و هەموو وەزیرەکان دەزانن کە لە رێگەی قاچاخچێتی و رێگای جیاجیاوە، برێکی زۆری داهاتی گومرگ ناگەڕێتەوە خەزێنەی گشتی، بەو پێیەش کۆی ئەو پارەیەی کە بەهۆی قاچاخچێتی و گەندەڵیی و کۆمپانیاکاری مانگانە لە داهاتی گومرگ ناگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی، بریتییە لە ١٩٢ ملیار و ٤٥١ ملیۆن دینار.

ب- رسومات: بریتییە لە رسوماتی خزمەتگوزاری وەزارەتەکان کە ٨،٥٤%ی داهاتی حکومەتی هەرێم دابین دەکەن، داهاتی مانگانەی رسومات ١٠٠ ملیار دینارە؛ زۆرینەی زۆری وەزارەتەکان داهاتی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٩ تەنها وەزارەتی داد ١٣٢ ملیار دینار داهاتی هەبووە، بەڵام وەک پێویست داهاتی رسومات ناگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی.

ت- باج: لە ٧،٦٩%ی بودجەی هەرێم لە رێگەی باجەوە دابیندەکرێت، کە داهاتی باج لە مانگێکدا ٩٠ ملیار دینارە؛ کێشەکانی باج و هۆکاری کەمی داهاتەکەی ئەمانەن: خۆدزینەوەی بەشێکی زۆر لە کۆمپانیاکان لە دانی باج بە تایبەت کۆمپانیاکانی دەسەڵات یان نزیک لەوان بەهۆی بەکارهێنانی دەسەڵات و نفوزیان؛ وەرنەگرتنی باج لە کۆمپانیاکانی بواری نەوت کە داهاتێکی زۆریان دەستدەکەوێت؛ وەرنەگرتنی باج لە کۆمپانیاکانی خەڵە سنورییەکان؛ وەرنەگرتنی باج لە کۆمپانیاکانی پەیوەندی کە داهاتێکی گەورەیان دەستدەکەوێت.

**٤- بەرتیل:** لە هەرێمی کوردستاندا بەرتیل بوونی هەیە، لە هەندێک دامودەزگای حکومەت رێژەی بەرتیلخۆری زیاتر لەو دامودەزگایانە دەردەکەوێت کە پەیوەندییان بە بواری خزمەتگوزاری و کەرتی ئابوری و بانک و پرۆژەی بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنانەوە هەیە؛ بە وتەی چەند بەرپرسێکی دەستەی دەسپاکی و دادوەرانی هەرێمی کوردستان، بەرتیل و بەرتیلدان بۆ بەرێوەچوونی مامەڵەی نایاسایی لە زیادبووندایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەراورد بە عێراق، ئەو بابەتە لە هەرێمی کوردستاندا کەمترە و لە عێراق رێژەکەی زیاترە؛ محەمەد رێکانی ئەندامی داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستاندا دەڵێت: "بەرتیلخۆری لە دامودەزگاکانی حکومەت زیادیکردووە، یەکێک لە هۆکارەکانی دەرکەوتن و زیادبوونی بەرتیل، ناهەمواری باری ئابورییە، چونکە هەرێمی کوردستان چەند ساڵێکە لە قەیرانی داراییدایە،

---

[١] عەبدوڵا مەلا نوری، ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، پەڕەی فەرمی فەیسبووک، (١١ نیسان ٢٠١٢).
https://bit.ly/3RRxHTH

[٢] عومەر گوڵپی ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، کۆنفرانسی رۆژنامەنووسی، (٢٤ ئایار ٢٠٢١).
https://fb.watch/cb_ftjeFeD/

حاڵەتەکانی بەرتیل زیاتر لەو وەزارەت و فەرمانگە خزمەتگوزاریانە دایە کە خەڵکێکی زۆر بەهۆی مامەڵە روویان تێدەکەن، بەرتیل شتێکی نهێنییە و ئاشکراکردنی کارێکی ئاسان نییە، بۆیە ئامارێکیش لەبەر دەست نییە، تا بزانین چۆنە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا زیادی کردووە"[١].

**٥- دزینی پارەی گشتی (اختلاس):** سەرۆکی دەستەی دەسپاکی هەرێم رایگەیاند، ئەمساڵ (٢٠٢٢) چەند دۆسییەکی گەورەی ئیختیلاس هەبووە لە هەولێر و دهۆک کە ئێستا دەستەی دەسپاکی کاری تێدا دەکات[٢]؛ بە گوێرەی یەکێک لە دۆسییەکان لە دهۆک، بە تۆمەتی گەندەڵی لە چەند دۆسییەکی جیاجیادا، لێکۆڵینەوە لەگەڵ ١٦ فەرمانبەر لە نوسینگەی کۆچ و کۆچبەران و بۆردی مرۆڤایەتیدا کراوە و دوو کەسی دیکەش دەستگیرکراون، هەروەها بە تۆمەتی گەندەڵیی بەڕێوەبەری نوسینگەی کۆچ و کۆچبەرانی دهۆک لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٩ دەستگیرکراوە، دەستگیرکردنی ئەو دوو کەسەش بە تۆمەتی دۆسییەکی تایبەت بووە لەسەر گەندەڵی لە پسووڵە و کڕینی کەلوپەلی ئاوارەکان[٣].

---

[١] ساری ئەبوبەکر زەڵمی، چوارچێوەیەکی زانستی بۆ گەندەڵی ئابوری لە عێراق و هەرێمی کوردستان، سلێمانی، ناوەندی سارا، ٢٠٢٠، ل١٠٦-١٠٧.

[٢]حاکم ئەحمەد ئەنوەر، سەرچاوەی پێشوو، (٢٨ ئازار ٢٠٢٢).
https://fb.watch/c1UeEdNlXp/

[٣] ماڵپەری تۆڕی میدیایی رووداو، (٢٨ ئازار ٢٠٢٢).
https://bit.ly/3SaH29p

## باسی سێیەم: کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی

یەکەم / کورتەیەک دەربارەی تەلەڤزیۆنیی کوردیی و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

دووەم / کورتەیەک دەربارەی کەناڵی هەواڵیی

سێیەم / رووماڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە بەرامبەر پرسی گەندەڵیی داراییدا

## یەکەم / کورتەیەک دەربارەی کەناڵی کوردیی و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

### ١- کەناڵی کوردیی پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١

مێژووی دامەزراندنی تەلەڤزیۆن لە باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی بیست، کاتێک لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٧ کەناڵی کەرکوک دەستی بە پەخشکرد، کە یەکەم وێستگەی کەناڵی ناوچەیی بووە لەسەر ئاستی هەموو عێراق دامەزراوە[١]؛ تا پێش ئەو ڕێکەوتە، کەناڵی کوردیی لە باشوری کوردستاندا بوونی نەبووە؛ کەناڵی کەرکوک بەرنامەکانی بە زمانی کوردی (شێوەزاری کرمانجی خواروو) و زمانەکانی عەرەبیی و سریانیی و تورکمانی پەخشدەکرد، بەڵام دوای ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠[*] زۆرینەی بەرنامەکانی بە زمانی کوردیی پەخش دەکران؛ دامەزراندنی کەناڵی کەرکوک بێ ئامانج نەبوو، لەژێر چاودێریی و سەرپەرشتیی ڕژێمی دەسەڵاتداریی ئەو کاتە بەڕێوەدەبرا، لەگەڵ ئەوەی گرنگیی زۆری دەدا بە بواری هونەریی و گۆرانیی و موزیکیی کوردی، بەڵام لەژێر چاودێریی تووندا تێدەپەڕی لە پێناو خزمەتکردن بە بیری شۆڤێنی و بەعسیزم، بە تایبەت لە دوای ساڵی ١٩٧٤ بەدواوە سانسۆری زیاتری خرایە سەر، تا ساڵی ٢٠٠٣ لە دوای ڕزگارکردنی عێراق و کۆتایی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس، پەخشی کەناڵی ناوبراو لە کارکردن وەستا[٢].

بەشی کوردی کەناڵی موسڵ لە هاوینی ١٩٧٨ دەستیپێکرد، کە بە زمانی کوردیی (شێوەزاری کرمانجی ژوورو) پەخشی بەرنامەکانی بۆ ماوەی دوو کاتژمێر و نیو دەکرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٠ داخراوە و جارێکی تر لە ساڵی ١٩٩٢ دەستیپێکردووەتەوە تا ساڵی ٢٠٠٣، ئەم کەناڵەش بەهەمانشێوەی کەناڵی کەرکوک لە خزمەتی بیرو سیاسەتی حزبی بەعس و دیکتاتۆریەتدا بووە[٣].

### ٢- کەناڵی کوردیی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١

دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و گەڕانەوەی سەرجەم پارتە کوردییەکان بۆ ناو شارەکانی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی بنکە و بارەگاکانیان، دواتریش کە لە ساڵی ١٩٩٢ بڕیاری هەڵبژاردن درا بە شێوەیەکی دیموکراسی بۆ دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرۆسەی هەڵبژاردن بووە بەهۆی دانانی بەردی بناغەی میدیا و کەناڵی کوردیی بە گشتی لە هەرێمی کوردستاندا؛ هەرچەندە پێشتر لێرە و لەوێ پارتە سیاسییەکان چەند کەناڵێکی کەناڵی ناوخۆییان دامەزراندبوو وەکو سەرەتایەک بە مەبەستی بانگەشە بۆ کاروچالاکی حزبەکانیان بەمەبەستی خۆناساندن بە جەماوەرێکی فراوانتر، هەروەها بە ئامانجی خستنە ڕووی پلانی داهاتوویان و گەیاندنی پەیامیان بە جەماوەرەکانیان[٤].

---

[١] خالد حبيب الراوي، تاريخ الاذاعة والتلفزيون في العراق، بغداد، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢، ص١٢١.

[*] ئەو ڕێککەوتنە بوو کە لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لە نێوان شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان (ئەیلول) بە سەرۆکایەتیی مەلا موستەفا بارزانی لەگەڵ ڕژێمی بەعس ئیمزا کرا و دەوڵەتی عێراق بۆ یەکەمجار بەشێوەی فەرمیی و نووسینەکی دانی نا بە زۆرینەی مافەکانی کورددا؛ لە لایەنی ڕژێمی بەعسەوە سەدام حوسێن کە ئەو کات جێگری سەرۆککۆمار بوو، ڕێککەوتنەکەی ئیمزاکرد؛ بەڵام کۆسپی سەرەکی گفتوگۆی نێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشی کورد، پرسی دیاریکردنی سنوری جوگرافی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و کەرکوک بوو، هەر ئەوەش ڕێککەوتنەکەی پەکخست و وەکو خۆی جێبەجێنەکرا؛ لە ساڵی ١٩٧٤ شەڕ لە نێوان هەردوولا دەستیپێکردەوە.

[٢] سەباح مەجید، کەناڵە کوردییەکان و ڕۆڵیان لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا، کەرکوک، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٧، ل٢٥-٢٨.

[٣] هەمان سەرچاوە، ل٢٥.

[٤] ئەمیر نامیق عەبدوڵا، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری ی.ن.ک، ٢٠٠٥، ل٣٦.

کەناڵی گەلی کوردستان کە دواتر ناوەکوەی گۆڕا بۆ PUKtv یەکەم کەناڵی کوردیی بوو لە دوای ڕاپەڕین، بە دیاریکراوی لە ١١ی ئەیلولی ١٩٩١ پەخشی ناوخۆیی لە شاری سلێمانی دەستپێکرد و لە لایەن یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە دامەزرا[١]، دوای ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٢ی ئایاری ١٩٩٢ کەناڵی K.tv دامەزراند کە بارەگا سەرەکییەکەی لە پیرمام بوو؛ دواتر هەردوو کەناڵەکە ( PUK tv و K.tv) لە شارەکانی وەکو هەولێر و سلێمانی و دهۆک و زاخۆ پەخشی ناوچەییان دەستپێکرد، حزبەکانی دیکەش هەریەکە و کەناڵی تەلەڤزیۆنیی تایبەت بە خۆی کردەوە، بەو شێوەیە لە ماوەی ساڵانی ١٩٩١ بۆ ١٩٩٧ چەندین کەناڵی ناوخۆیی دامەزران، بەڵام زۆرینەیان ماوەی پەخشیان زۆر کورت بوو، زۆربەشیان بەهۆی شەڕی ناوخۆوە لە کارکردن وەستان[٢].

**٣- سەرهەڵدانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان**

پەخشی تەلەڤزیۆنیی لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە، دیاردەیەکی گرنگی ڕاگەیاندنە کە بەهۆیەوە تەلەڤزیۆن لە کەناڵێکی لۆکاڵییەوە بۆ ناوەندێکی نێودەوڵەتیی گۆڕا؛ لەگەڵ گەشەکردنی تەکنەلۆجیا لە بواری پەخشی تەلەڤزیۆنیی لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە، جەماوەری تەلەڤزیۆن شێوازێکی نوێی وەرگرت لە ناوخۆییەوە بوو بە نێودەوڵەتیی؛ لەم سەردەمەدا، کەناڵە ئاسمانییەکان لە ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندی کاریگەرتر و بڵاوترن، ڕۆڵی سەرەکی و کارا دەبینن لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا[٣].

سەرەتای دامەزراندن و هاتنە کایەی کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، دەستکەوتێک بوو لە سایەی بارودۆخێکدا کە تیایدا نەتەوەی کورد لە قۆناغێکی هەستیار و نالەباری سیاسی دەیگوزەراند و هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئەزموون و قەوارە سیاسییەکەی، هێشتا لە بەرامبەر مەترسی گەورەترین ڕژێمی دیکتاتۆریەتدا بوو لە ناوچەکەدا؛ ئەم کەناڵانە توانییان خەونی کورد لە بنیادنانی پردێکی بەهێزی گرێدانی کوردستان بە جیهانی دەرەوە بهێننە دی[٤].

کورد لە بواری کەناڵی ئاسمانیی توانی زوو فریای خۆی بکەوێت و کەناڵی ئاسمانیی دابمەزرێنێت؛ یەکەم کەناڵ کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی کەناڵی ئاسمانیی کوردییدا دەستی بە پەخشکرد، کەناڵی ئاسمانی مەد تیڤی (Med.TV) بوو کە لە ڕۆژی ١٥ی نیسانی ١٩٩٥ بە شێوەیەکی فەرمی لە وڵاتی بەلجیکا دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کرد کە لە سەرەتادا ڕۆژانە تەنها شەش کاتژمێر پەخشی دەکرد، خاوەندارێتییەکەشی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان دەگەڕایەوە[٥].

سەتەلایتی کوردستان (Kurdistan.tv) بە یەکەمین کەناڵی تەلەڤزیۆنیی ئاسمانیی کوردیی دادەنرێت کە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان پەخشبکات؛ لە لایەن پارتیی دیموکراتیی کوردستانەوە دامەزراوە، لە ڕۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٨ لە شاری هەولێر پەخشی ئەزموونی بە ناوی (کوردستان تیڤی-KTV) دەستپێکرد و لە ڕۆژی ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩ قۆناغی ئەزموونی تێپەڕاند و یەکەم بەرنامەی پەخشکرا؛ کوردستان تیڤی لەم چەند ساڵەی دواییدا زیاتر ئاراستەی هەواڵیی گرتووە و لە لایەن

---

[١] وەسفی حەسەن ردینی، ئێزگە و تەلەفزیۆنێت کوردی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیریی، ٢٠٠٥، ل٦١.

[٢] گەشاو عەلی فەرەج، ڕۆڵی دەزگاکانی چاودێریکردنی میدیایی، لە چاودێری کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، پێشکەشی زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێجی ئەدەبیات، بەشی ڕاگەیاندن کراوە، هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٠، ل١٩.

[٣] ئەرشەد خەلیل شوانی، میدیای بەدواداچوون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

[٤] هەمان سەرچاوە، ل١٤٠.

[٥] سێرگێی میخایلۆڤ و مەغدید سەپان، پەیامنێری تەلەڤزیۆنی، هەولێر، چاپخانەی موکریانی، ٢٠١٣، ل١٤١.

دەزگای رۆشنبیریی و راگەیاندنی پارتییەوە سەرپەرشتی دەکرێت، هەروەها بودجەی ئەم کەناڵە لە لایەن پارتییەوە دابیندەکرێت[١].

کەناڵی کوردسات لە دوای کوردستان تیڤی، بە دووەمین کەناڵی ئاسمانیی هەرێمی کوردستان دادەنرێت کە دامەزراوە؛ ئێوارەی یەکی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ لە شاری سلێمانی پەخشی دەستپێکرد، کەناڵێکی گشتییە و بەرنامەی جۆراو جۆری هەیە؛ خاوەندارێتییەکەی بۆ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەگەڕێتەوە؛ سەرەتا پەخشی بەرنامەکانی بە سیستمی ئەنەلۆگ بووە و تەنها دوو کاتژمێر پەخشی هەبووە، دواتر پەخشەکە گۆڕاوە بە دیجیتاڵ و ماوەی پەخشەکەش کرا بە سێ کاتژمێر[٢]، بەڵام ئێستا کەناڵی کوردسات بووە بە دامەزراوەیەکی میدیایی فراوان بە ناوی "دامەزراوەی میدیایی کوردسات" خاوەنی دوو کەناڵی ئاسمانییە کە یەکێکیان هەر ئەو کەناڵەیە کە لە سەرەتادا دامەزراوە و کەناڵێکی هەمەڕەنگە، ساڵی ٢٠١٤ش کەناڵێکی تایبەت بە هەواڵ و سیاسەتی کردەوە بە ناوی "کوردسات نیوز"، هەروەها خاوەنی رادیۆکە بە ناوی "دەنگی کوردسات" کە زیاتر موزیک و گۆرانییە، ئەمە بێجگە لەوەی سەرجەم بەشەکانی دامەزراوەکوە ئامادەییان لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای نوێ هەیە و پێگەی تایبەتی خۆیان کردووەتەوە.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و روخاندنی رژێمی بەعس، کرانەوەیەک لە هەموو بوارەکاندا رووی لە هەرێمی کوردستان کرد، لە نێویاندا بواری میدیا بە گشتیی و تەلەڤزیۆن بە تایبەتی؛ لەو چوارچێوەیەدا دەیان کەناڵیی ئاسمانیی لە لایەن حزبەکان و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کرانەوە کە بۆ زانیاریی زیاتر و وردەکاریی لە بارەی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان لە دوو دەیەی رابردوودا، دەتوانیت تەماشای پاشکۆی ژمارە (٣) بکەیت.

## دووەم / کورتەیەک دەربارەی کەناڵی هەواڵیی

دامەزراندنی کەناڵی تایبەتمەند بە هەواڵ، مێژووییەکی زۆر کۆنی نییە؛ بە دیاریکراوی لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا دەرکەوتن، دوای ئەوەی کە هەواڵ بوو بە جۆرێک لە پێداویستی لە زۆربەی کۆمەڵگە گەشەسەندووەکانی جیهاندا[٣]؛ کەناڵی CNN کە بە دایکی کەناڵە هەواڵییەکان دادەنرێت لە جیهاندا، بووە یەکەم کەناڵی هەواڵیی بە درێژایی ٢٤ کاتژمێر لە رۆژێکدا هەواڵ پەخش بکات؛ ئەوەش پەیوەندی هەبوو بە رووداوە نێودەوڵەتییە دیارەکان وەکو هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، پێش ئەوەش رووداوەکانی ئەڵمانیای رۆژهەڵات لە نێویاندا رووخانی دیواری بەرلین، رووداوەکانی بۆردومانکردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی روسیا (دۆما) بەڵام دیارترین رووداو کە وایکرد CNN وەکو تەلەڤزیۆنێکی تایبەتمەند بە هەواڵ خۆی نیشان بدات، جەنگی دووەمی کەنداو بوو کە لە ساڵی ١٩٩١ لە لایەن هاوپەیمانانەوە کرایە سەر عێراق دوای ئەوەی هێزە عێراقییەکان لە مانگی ئابی ١٩٩٠ کوەیتیان داگیرکرد[٤].

---

[١] هەڵەت هەمەوەندی، راگەیاندنی کوردی لە رەورەوەی پرۆسەی نوێی گەیاندندا، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە ٢٥، هەولێر ٢٠١١، ل١٦٣.

[٢] دیاری عوسمان عارف، هونەری بەڕێوەبردن و بەڕێوەبردنی کەناڵە تەلەڤزیۆنییە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ماستەرنامەی بڵاوکراوە، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٠، ل١٤٧.

[٣] إخلاص حمدان، الإعلام الإذاعي والتلفزيوني المتخصص، سوريا، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، ٢٠٢٠، ص٣٣.

[٤] وسام فاضل راضي، الاعلام الاذاعي والتلفزيوني الدولي، دمشق، دار ومكتبة عدنان، ٢٠١٣، ص١٥٥.

لەسەر ئاستی ناوچەکە و وڵاتانی عەرەبییش، زۆر دوانەکەوتن لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە رووی کاتەوە بۆ دامەزراندنی کەناڵی تەلەڤزیۆنیی تایبەتمەند بە هەواڵ؛ دەتوانرێت کاتی دەرکەوتنی کەناڵی هەواڵیی لەم ناوچەیەدا لە ساڵی ١٩٩٦ دیاری بکرێت، کاتێک کەناڵی " الجزيرة" لە دەوحەی پایتەختی قەتەر وەک یەکەم کەناڵی هەواڵیی عەرەبیی دەستی بە پەخشکرد کە بە درێژایی کاتژمێرەکانی ڕۆژ پەخشی بەردەوام بوو[١].

کەناڵە هەواڵییەکان جۆرێکن لە میدیای سیاسیی، کە بەرگریی لە لایەنێکی سیاسیی یاخود لە چوارچێوەی لایەنێکی فەرمی حکومەتدا کار دەکەن؛ بایەخ دەدەن بە بابەتە سیاسییەکانی ناوخۆ و جیهان؛ ئێستا لەسەر ئاستی جیهان چەندین کەناڵی هەواڵیی بەناوبانگ هەن وەکو "CNN، BBC، Sky news، France24، Euro News" لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبیش دیارترین کەناڵە هەواڵییەکان بریتین لە: "الجزيرة، العربية، سكای نيوز عربية"[٢].

## سێیەم / رووماڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە بەرامبەر پرسی گەندەڵیی داراییدا

لەبەرئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی وەکو کتێب و گۆڤار و..هتد لە بەردەست نەبوو سەبارەت بە چۆنییەتی رووماڵکردنی هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، بۆیە توێژەر بۆ دەستخستنی زانیاریی لەوبارەیەوە، پەنای بردە بەر ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەر و بەرپرسانی هەندێک لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، هەربۆیە لەم بەشەدا باس لە رووماڵکردن و پێگەی هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی، لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا کراوە، لەگەڵ خستنەڕووی کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی هەر یەکێک لەو کەناڵانە؛ بە تایبەت کەناڵەکانی "پەیام، گەلی کوردستان، سپێدە و ئێن ئاڕ تی" کە توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسەکانیان کردووە و وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە لەبارەی ستراتیژیەتی رووماڵکردنی هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی و پێگەی ئەو هەواڵانە لە کەناڵەکانیاندا*.

### ١- پەیام:

#### أ- کورتەیەک دەربارەی کەناڵی ئاسمانیی پەیام

کەناڵی ئاسمانیی پەیام دوای ماوەیەک لە پەخشی ئەزموونی، لە ڕۆژی ١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨ دەستی بە پەخشی ئاسایی بەرنامەکانی کرد، کە بنکەی سەرەکی دەکەوێتە شاری سلێمانییەوە؛ کەناڵی پەیام بەشێکە لە تۆڕی میدیای کۆمەڵی دادگەریی کوردستان کە تا پێش کۆنگرەی چوارەم لە شوباتی ٢٠٢١، ئەو حزبە بە "کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان" ناسراو بوو؛ سەرچاوەی دارایی کەناڵەکەش، هەر لە لایەن ئەو حزبەوە دابیندەکرێت؛ کەناڵی ئاسمانیی پەیام یەکەمین کەناڵی ئاسمانیی بوو لە هەرێمی کوردستاندا کە لە دەرەوەی کەناڵە ئاسمانییەکانیی هەردوو حزبە باڵادەستەکە (یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی

---

[١] عبدالله بيلا، "القنوات الإخبارية .. وصناعة الوهم"، موقع قناة الجزيرة، (٦ تشرين الاول ٢٠١٦).
https://bit.ly/3vRQViJ

[٢] إخلاص حمدان، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٣.

* هەرچی سەبارەت بە کەناڵەکانی "کوردسات نیوز، ڕووداو، کوردستان٢٤ و کوردستان تی ڤی"ە، سەرەڕای هەوڵدانێکی زۆری توێژەر بەهەردوو ڕێگەی تایبەت و فەرمیی، وەکو ئاراستەکردنی نوسراوی فەرمی لە ڕێگەی یەکەی خوێندنی باڵای کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانییەوە، بەڵام هیچکام لە بەرپرسانی ئەو کەناڵانە ئامادەنەبوون بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژەر؛ بۆ ئەوەش پاساو و بەهانەی جۆربەجۆریان دەهێنایەوە.

ديموكراتيی كوردستان) دابمەزرێت، چونكە تا ئەو كاتە بێجگە لە پارتی و يەكێتی، هيچ حزبێكی ديكە نەيتوانی بوو ببێتە خاوەنی كەناڵی ئاسمانيی؛ هەروەها پەيام بوو بە يەكەمين كەناڵی ئاسمانيی ئيسلاميی كوردی لە هەرێمی كوردستاندا[١].

**ب- رووماڵكردنی هەواڵەكانی تايبەت بە گەندەڵيی دارايی لە كەناڵی پەيام**

كەناڵی ئاسمانيی پەيام هەر لە سەرەتای دامەزراندنييەوە لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە، يەكێک لەو بابەتە گرنگانەی كە بە پێويستيی زانيوە كاری لەسەر بكات، بابەتی گەندەڵيی بووە؛ چونكە گەندەڵيی بووەتە گرفت و مشەخۆرە بۆ ئەو جەستەی كە پێی دەوترێت هەرێمی كوردستان؛ پەيام يەكەم كەناڵی ئاسمانيی بوو لە دەرەوەی ميديا زەبەلاحەكانی يەكێتی و پارتی كە دامەزرا بۆ باسكردنی دۆسييەكانی گەندەڵيی، چونكە تا ئەو كاتە هيچ بوێرييەكی ئەوتۆ نەبوو، ياخود حزبە دەسەڵاتدارەكان لە ميدياكانياندا هيچ بوارێكيان نەدەدا ئەم بابەتە بە ئاسانی قسەی لەبارەوە بكرێت؛ هەر بۆيە بۆشاييەكی گەورە هەبوو، ئێمەش سەرنجی زۆرمان خستە سەر؛ وەرگر كاردانەوەيەكی باشی بۆ كارەكانی ئێمە هەبوو، كەناڵی پەيامامان كردە مينبەری هەموو ئەو دەنگە سەربەخۆ و نارازييانەی، كە دەيانويست دژی گەندەڵيی قسە بكەن؛ وەكو بنەما، كەناڵی ئاسمانيی پەيام كاتێک قسە دەكات، وەكو ميدياييەكی حزبيی سەر بە كۆمەڵی دادگەريی كوردستان قسە دەكات، چونكە لە لايەن ئەو حزبەوە سپۆنسەری دارايی دەكرێت؛ بەڵام لە بواری كردارييدا، ئێمە هەوڵمانداوە لە خەڵک زۆر نزيكبين، سروشتی حزبەكەشمان وايە، چونكە سروشتێكی ئۆپۆزسيۆنيی هەڵگرتووە و كەمترين كات لە كابينەكانی حكومەتدا بەشدارييكردووە؛ ئەمەش دەستكراوەی كردووين لەوەی قسە لەسەر هەموو گرفتەكانی كۆمەڵگە بكەين بە تايبەتی گەندەڵيی دارايی؛ پەيام كەناڵێكی هەواڵييە، رۆژانە شەش گەشتی هەواڵمان هەيە كە تيايدا قسە لەسەر رووداو و پێشهاتەكانی هەرێمی كوردستان دەكەين، لەنێوياندا گەندەڵيی دارايی؛ هەواڵ، راپۆرت، بەدواداچوون و بنكۆڵكارييمان هەيە لەوبارەيەوە؛ لە گەشتی هەواڵەكاندا ميوانمان هێناوە بۆ قسەكردن لەسەر ئەو بابەتانە؛ بێجگە لە گەشتی هەواڵەكان، بەرنامەيەكی رۆژانەمان هەيە كە هەر لە سەرەتای پەخشی پەيامەوە تائيستاش بەردەوامە بە ناوی "ئەمڕۆ" و شەوانە پەخشدەكرێت؛ هەموويیمان تەرخانكردووە بۆ قسەكردن لەسەر كەموكورتييەكان، بە تايبەتی گەندەڵيی؛ شەوانە ميوانێک يان زياتر بانگهێشتدەكرێت و گرنگيی زۆر بە بابەتی گەندەڵيی دراوە لە بەرنامەكەدا؛ پێشتريش بەرنامەيەكمان هەبوو بە ناوی "ديوی دووەم" كە دەنگدانەوەيەكی گەورەی هەبوو، هەميشە كاری لەسەر پرسە سياسييەكان و گەندەڵييەكان كردووە[٢].

لە كەناڵی ئاسمانيی پەيام بە درێژايی ساڵانی كاركردنمان، كارمان لەسەر چەندين دۆسيەی گرنگيی گەندەڵيی كردووە وەكو دۆسيەی نەوت كە يەكێكە لە سێكتەرە گرنگەكان و كێشەی گەورەی نێوان حكومەتی هەرێم و حكومەتی ناوەندە؛ داهاتی نەوت شادەماری داهاتی هەرێمی كوردستانە، گەندەڵيی و ناشەفافييەتێكی زۆری تێدايە، پرسياری گەورەمان لەسەر كارەكانی كۆمپانيای ديلۆيت دروستكردووە كە كار لە وردبينی دۆسيەی نەوتی هەرێم دەكات؛ هەروەها باسمان لە گرێبەستە نەوتييەكان كردووە و رەخنەمان لە كەموكورتييەكانی گرتووە؛ لە لايەكی ديكەوە كارمان لەسەر نەبوونی ياسای بودجە و گرفتەكانی موچە و دواكەوتنی كردووە؛ باسمان لە كێشەی دەرمان كردووە بە تايبەتی كە ئێستا قەيرانی گەورەی دەرمان لە نەخۆشخانە حكومييەكان بە تايبەتی لە سنوری زۆنی سەوز هەيە؛ داهاتی خاڵە

[١] ماڵپەری كەناڵی ئاسمانی پەيام، رۆژی سەردانيكردن (١٥ی ئاياری ٢٠٢٢).
https://www.peyam.net/About
[٢] عەباس محەمەد عەلی، بەڕێوەبەری كەناڵی ئاسمانيی پەيام، ئۆفيسی كەناڵی ئاسمانيی پەيام لە سلێمانی، رۆژی چاوپێكەوتن ٢٠٢٢/٥/١٧، كاتژمێر ٣:٠٠ی پاشنيوەڕۆ.

سنورییەکان کە ئێستا بابەتی ڕۆژە، ئێمەش قسەی زۆرمان لەسەری کردووە و باسمان لەوە کردووە داهاتی سلێمانی بۆ کوێ دەچێت، داهاتی هەولێر چی لێدێت؛ وەکو کەناڵی ئاسمانیی پەیام لە ڕووماڵکردنی هەواڵەکانی گەندەڵیی داراییدا ڕووبەڕووی چەندین گرفت و بەربەست دەبینەوە، یەکێک لە بەربەستە گەورەکان پینەدانی زانیاریی و شاردانەوەیەتی؛ داخستنی دەرگاکانی دەزگا فەرمییەکانی حکومەتە بە ڕووی مایکەکانی ئێمەدا؛ لەکاتێکدا یاسای بەدەستهێنانی زانیاریی چەندین ساڵە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، بەڵام حکومەت هیچکات ئەو یاسایەی جێبەجێنەکردووە بۆ پێدانی زانیاریی پێویست بە ڕۆژنامەنووسان، هەر بۆیە ئێمە نەمانتوانیوە بچنە ناو دەزگا هەستیارەکانەوە و زانیاریی و داتا فەرمییەکان بەدەستبهێنین؛ یەکێکی دیکە لە گرفتەکانمان، گرفتێکی زاتییە ئەویش توانای مرۆیی و تەکنیکیی کەناڵەکەمانە، کە بای ئەوە نییە بتوانین ڕووماڵی هەموو بابەتێک بکەین و فریای هەموویان بکەوین؛ توانای ئەوەمان نییە لە هەولێر و سلێمانی لە جیاتی پەیامنێرێک پێنج پەیامنێرمان هەبێت، بۆیە کاتێک ڕووماڵی ڕووداوێکمان کردووە، بە ئەگەری زۆرەوە سێ ڕووداوی دیکەمان لە دەستچووە؛ ئەو گرفتە کە لە سەرچاوەی زانیارییەکان هەمانە، وایکردووە بە دوای سەرچاوەی دیکەدا بگەڕێین؛ یەکێک لەو سەرچاوانە پەرلەمانتارانە بە تایبەت پەرلەمانتارانی دەرەوەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بە تایبەتتر پەرلەمانتارانی خۆمان (کۆمەڵی دادگەریی) چ لە پەرلەمانی کوردستان و بەغداش، خۆشبەختانە لە ڕێگەی ئەوانەوە توانیومانە داتای باش کۆبکەینەوە؛ بێجگە لەوە لە ژووری هەواڵی پەیام خۆشمان بەشێکی تایبەتمان هەیە کە بەدواداچوون و بنکۆڵکاریی دەکات بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کەناڵی لەبارەی گەندەڵییەکان[١].

لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا ڕووماڵی هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی دەکەین؛ ئەگەر چاوی زیاترمان لەسەر هەولێر بووبێت بەو هۆیەوە بووە، کە ناوەندە حکومییەکان زیاتر لەوێن و دۆسییە گرنگەکان لە هەولێرن؛ ئەگەرنا هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستانمان بە یەک چاو سەیرکردووە، گەندەڵیی لە هەر شوێنێک هەبوو بێت بۆ ئێمە جیاوازی نەبووە؛ لە تەوێڵە بێت یان زاخۆ. هەروەها هیچ جیاوازییەک ناکەین لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا، بە تایبەت سێ حزبە حکومڕانەکە (پارتی، یەکێتی و گۆڕان) هەر لایەنێک بەشداری حکومەتی کردبێت، بەپێی قەبارەی خۆی بە بەرپرسیارمان زانیوە بەرامبەر کێشە و گرفتەکان، تەنانەت کۆمەڵی دادگەرییش؛ ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بەشداریی حکومەتی کردبێت، چاوپۆشییمان لە گەندەڵییەکانی حکومەت نەکردووە؛ حزب دەستوەردانی ڕاستەوخۆی نەکردووە لەوەی باسی چ گەندەڵییەک بکەین و باسی چ گەندەڵییەک نەکەین؛ چونکە خوا فەرمانمان پێدەکات ڕاستگۆبین، کە واتە حزب ناتوانێت تەکلیفمان لێبکات لە دۆسییەکدا ڕاستگۆ نەبین؛ بە پێچەوانەی ئایدۆلۆجییەکانی تر، ئێمە زۆر دەستکراوە بووین و دەرفەتی باشمان لە بەردەمدا بووە، هەر دۆسییەکی گەندەڵی هی هەر کەس و لایەنێک بووبێت، ئەگەر ڕاستیی بووبێت و لە بەرژەوەندی خەڵکدا بووبێت، ڕاشکاوانە باسمان لێکردووە؛ تەنها بە ئامانجی وروژاندن کارمان لەسەر دۆسییەکانی گەندەڵیی نەکردووە؛ بەڵکو چارەسەرییشمان خستووەتە ڕوو بە تایبەت لە ڕێگەی ئەو میوانانەی کە بانگهێشتی تەلەفزیۆن کراون، هەروەها ڕەخنەگرتنییش بۆ خۆی ڕێگە خۆشکردنە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان؛ ئەوەش بە ئامانجی ئەوە بووە خەڵک بەرچاویان ڕوون بێت و هۆشیار ببنەوە بەرامبەر مافەکانیان، ئەمەش بەشێکە لە چارەسەرەکان بۆ گەندەڵیی، هەروەها لە ڕێگەی پەیامە ئاینییەکانەوە هەوڵمانداوە کاریگەریی دروست بکەین لەسەر خەڵک؛ ئەو پەیامەمان پێگەیاندوون کە ڕاستگۆ بن، خیانەتکار نەبن، دز نەبن و شت نەشارنەوە ئەمەش بۆ خۆی چارەسەرکردنی گەندەڵییە؛ چونکە گەندەڵی لە ڕێگەی کەسی پەروەردە

---

[١] عەباس محەمەد عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

نەکراو، خیانەتکار، بەرژەوەندیخواز و پاوەنخوازەوە دەکرێت، هەر بۆیە لە رێگەی میوانەکانمان لە بەرنامەکاندا و لە رێگەی پەیامە ئاینییەکانەوە، هەوڵمانداوە چارەسەر بۆ گەندەڵیی بخەینە روو[١].

**٢- گەلی کوردستان:**

**أ- کورتەیەک دەربارەی کەناڵی ئاسمانیی گەلی کوردستان**

کەناڵی ئاسمانیی گەلی کوردستان یەکێکە لە دامەزراوە میدیاییەکانی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بارەگای سەرەکی لە شاری سلێمانییە؛ لە ١١ی ئەیلولی ١٩٩١ وەك یەکەم کەناڵی کوردیی دوای راپەڕین، پەخشی ناوخۆیی لە شاری سلێمانی دەستپێکردووە؛ لە رۆژی ١ی حوزەیرانی ٢٠٠٨ پەخشی ئاسمانیی کەناڵی گەلی کوردستان بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و کورمانجی دەستپێکرد، نێردراوی لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و عیراق و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان هەیە؛ ئێستا کەناڵی ئاسمانیی گەلی کوردستان لەسەر مانگی دەستکردی نایلسات بە سیستمی SD بەردەوامە لە پەخشی بەرنامەکانی[٢].

**ب- رووماڵکردنی هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی لە کەناڵی ئاسمانیی گەلی کوردستان**

پرسی گەرم لە ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا بابەتی گەندەڵییە؛ کەناڵی ئاسمانیی گەلی کوردستان لە پێشوودا گرنگییەکی کەمی بابەتی گەندەڵیی دەدا، ئەویش پەیوەندی بە سیاسەتی کاری کەناڵەکەوە هەبوو؛ بەڵام لە شەش مانگی رابردوودا بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە، گۆڕانکاریی زۆرییش بەسەر سیاسەتی کاری کەناڵەکەدا هاتووە؛ دەستکراوەتر کراوە و ئازادانەتر کار دەکات، بە جۆرێک ئێستا رۆژانە هەواڵمان لەسەر گەندەڵیی و ئەو کێشە داراییانە هەیە کە رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە؛ بابەتی تازەی گەندەڵیی کە وروژاندوومانە لەسەر داهاتی نوسینگەکانی شۆفێری بووە؛ وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریارێکی نهێنی دەرکردووە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە پێویستە تەواوی داهاتی نوسینگەکانی شۆفێری، بگەڕێتەوە بۆ هەولێر؛ ئەمە دۆسییەکی گەندەڵییە و هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی داهاتی ناوخۆی سلێمانی، بە فەرمانێکی نهێنی لە وەزارەتی ناوخۆوە دەرچووە؛ لە گەشتی هەواڵەکانی ئابووریيدا زیاتر بابەتەکانی گەندەڵیی دارایی دەخەینە روو، کە رۆژانە دوو گەشتی هەواڵیی ئابوورییمان هەیە؛ هەر ئەو هەواڵە گرنگانەی کە پەیوەندی بە گەندەڵییەوە هەیە و لە گەشتە ئابوورییەکاندا باس دەکرێن، جارێکی تر لە گەشتی هەواڵە سیاسییەکاندا دادەنرێنەوە؛ لە رێگەی فۆرمە هونەرییەکانی وەکو ئینهاوس و راپۆرتی مەیدانی و بەرنامەی گفتوگۆئامێز، کار لەسەر هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی دەکەین؛ هەروەها بەرنامەیەکی تایبەتمان هەیە بە ناوی "شرۆڤە" کە کاتژمێر هەشتی ئێوارە پەخشدەکرێت؛ لەم بەرنامەیەدا زۆرێک لە بابەتەکانی گەندەڵیی دارایی دەخرێتە روو وەکو هۆکارەکانی قەیرانی دارایی، گەندەڵیی لە دۆسیەی نەوت و چۆنیەتی دابەشکردنی موچە و کێشە و گرفتەکانیی؛ بەڵام هیچ بەرنامەیەکی بنکۆڵکارییمان لەسەر گەندەڵیی نییە[٣].

سەرچاوەی زانیارییەکانمان ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت و بەشێکی کەمی پەیامنێرەکانمانە؛ چونکە لە هەرێمی کوردستاندا هەرچەندە یاسای بەدەستهێنانی زانیاریی هەیە، بەڵام تائێستا جێبەجێناکرێت؛ فەرمانگە

---

[١] عەباس محەمەد عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

[٢] ماڵپەری فەرمی کەناڵی ئاسمانیی گەلی کوردستان، رۆژی سەردانیکردن (١٧ی ئایاری ٢٠٢٢).
https://www.gksat.tv/about.aspx

[٣] دیدار لەتیف محەمەدسالح، بەرهەمهێنەری هەواڵ لە ژووری هەواڵی کەناڵی ئاسمانیی گەلی کوردستان، ئۆفیسی کەناڵی ئاسمانیی گەلی کوردستان لە سلێمانی، رۆژی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/١٨، کاتژمێر ٤:٠٠ی پاشنیوەڕۆ.

حکومییەکان ئامادەنین زانیاریی بدەنە پەیامنێرەکانمان، سەرباری ئەوەی حزبەکەمان بەشێکە لە دەسەڵات؛ بێجگە لەوانە چەند سەرچاوەیەکی تایبەتمان لە دامودەزگا حکومییەکان هەیە کە ناتوانین ناویان ئاشکرا بکەین، زانیارییمان پێدەدەن لە بارەی دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی؛ لەبارەی ئەو بەربەستانەی لە رووماڵکردنی هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی رووبەڕوومان دەبێتەوە، سیاسەتی کاری تەلەڤزیۆن یەکێکە لە بەربەستە گەورەکان؛ چونکە کەناڵەکەی ئێمە کەناڵێکی حزبییە، حزبەکەشمان بەشێکە لە دەسەڵات، بەڵام ئێستا ئەو سیاسەتە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە پێشتر سیاسەتەکە زۆر ڕێگر بووە، بەڵام ئێستا کەمێک کراوەتر بووە؛ لە مەکتەبی راگەیاندنەوە بریاردراوە راگەیاندنی یەکێتی زیاتر روو لە خەڵک بێت و کێشەی خەڵک بخاتە روو؛ ئەمڕۆش پرسی گەندەڵیی یەکێک لە بابەتە جێبایەخەکانی خەڵک، بۆیە میدیای یەکێتی بە گشتی و گەلی کوردستان بە تایبەت، گرنگی زیاتری پێدەدەن؛ بەدەستهێنانی زانیاریی یەکێکی ترە لە بەربەستەکانی بەردەم رووماڵکردنی هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی؛ ئەگەر رۆژنامەنووسێک بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێک لەسەر گەندەڵیی دارایی بچێتە فەرمانگە حکومییەکان و داوای زانیاریی بکات، ئەو فەرمانگەیە ئامادە نییە زانیاریی بداتە کەناڵەکە. بەربەستی دیکە، توانای مرۆیی کەناڵەکەمانە؛ لە سەردەمێکدا کاتی وا هەبووە لە ژووری هەواڵ ١٣ هەواڵسازمان لە شەفتێکدا هەبووە، بەڵام قەیرانی دارایی کاریگەریی زۆری لەسەر کەناڵەکە هەبووە، ئێستا لە شەفتێکدا تەنها دوو هەواڵسازمان هەیە، ئەمەش کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەوەی دەستمان بە هەموو زانیارییەک بگات[١].

وەکو کەناڵی ئاسمانیی گەلی کوردستان، زیاتر چاومان لەسەر هەواڵەکانی گەندەڵیی داراییە لە شاری هەولێر، چونکە هەولێر ناوەندی بریارەکانە و زۆربەی وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم لەوێن؛ هەروەها بەهۆی ئەوەی کە کەناڵێکی حزبین، زیاتر تەرکیزمان لەسەر ئەو وەزارەتانەیە کە بە دەستی یەکێتییەوە نییە، مامەڵە لەگەڵ هەواڵی گەندەڵیی دارایی ئەو وەزارەتانە زیاتر دەکەین کە بەڕێوەبردنیان بە دەست حزبەکانی دیکەوەیە؛ لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی لە سلێمانی (زۆنی سەوز) مامەڵەی جیاواز دەکەین، یان دارِشتنەوەیەکی جیاواز بەکاردەهێنین؛ هەرچەندە ئێستا بریارێک هەیە کە یەکێتی نەکرێتە قوربانی بەڕێوەبەرێکی گشتی، ئەگەر گەندەڵییەکی هەبوو راگەیاندنی یەکێتی پێش کەناڵەکانی دیکە باسی بکات، نەک بەرگریی لێبکات؛ بەپێی سیاسەتی ئەو رۆژەی حزبەکەمان (یەکێتی) کار لەسەر هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەسایەتیی و لایەنەکانی دیکە دەکەین؛ بۆ نموونە کەسایەتی هەبووە لە دۆسییەکی گەندەڵییەوە تێوەگلاوە لە کاتی خۆیدا کار لەسەر هەواڵی گەندەڵییەکەی نەکراوە، بەڵام رۆژێک هاتووە پێویستی بەوە هەبووە کار لەسەر ئەو هەواڵە بکرێت؛ هەتا توانییێتمان لە وروژاندنی خەڵک دوورکەوتووینەتەوە و تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییمان رەچاوکرووە؛ تەلەڤزیۆنیی گەلی کوردستان زۆرجار بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ هەواڵەکاندا دەکات، هەموو رەهەندەکانی لێکدەداتەوە؛ بۆیە زۆر دڵنیانەبین لە هەواڵێکی گەندەڵیی دارایی و سەرچاوەی باوەڕپێکراومان نەبێت و بەڵگەی پێویستمان لە بەردەستدا نەبێت، ئەوا ئەو هەواڵە بڵاوناکەینەوە ئەگەر هەواڵەکە هی یەکێتیی یان هەر لایەنێکی تر بێت. زۆرجار ئامانجمان لە وروژاندنی دۆسییەکانی گەندەڵیی بۆ خستنە رووی راستییەکانە، هەندێکجاری تر بۆ بەرگرییکردنە؛ بۆ نموونە لایەنێک یەکێتی تۆمەتبار دەکات بەوەی دەستی بەسەر داهاتی سلێمانیدا گرتووە، ئێمە دۆسییەکی گەندەڵی دەدۆزینەوە کە هۆکاری نەمانی داهاتەکەیە و پەیوەندی بە یەکێتییەوە نییە ئەو دۆسییە دەخەینە روو؛ زۆرجاریش ئەو کەسانەی

[١] دیدار لەتیف محەمەدسالح، سەرچاوەی پێشوو.

بانگهێشتیان دەکەین بۆ قسەکردن لەسەر دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی  لە گەشتی هەواڵ و بەرنامەکانماندا، چارەسەر دەخەنە روو[١].

**٣- سپێدە:**

**أ- کورتەیەک دەربارەی کەناڵی ئاسمانیی سپێدە**

کەناڵی ئاسمانی سپێدە لە ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ دامەزراوە و دەستیکردووە بە پەخشکردنی بەرنامەکانی؛ خاوەندارێتی و سەرچاوەی دارایی کەناڵەکە بۆ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەگەڕێتەوە و بارەگا سەرەکییەکەی لە شاری هەولێری پایتەختە، هەروەها لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی  هەرێمی کوردستان نوسینگە و ستافی هەیە؛ لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧دا پەخشی بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی سپێدە بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ راگیرا، دواتر لە ناوەڕاستی مانگی ئازاری ٢٠١٨ بە سیستمێکی نوێ دەستیکردەوە بە پەخشکردن و لەسەر مانگی دەستکردی نیلسات بە سیستمی HD پەخشی بەرنامەکانی دەستپێکردەوە[٢].

**ب- رووماڵکردنی هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی لە کەناڵی سپێدە**

کەناڵی ئاسمانی سپێدە، کەناڵێکی حزبیی سەربە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە؛ یەکگرتووش هێزێکی ئۆپۆزسیۆن و ئیسڵاحخوازە، کە لە سەرەتای دروستبوونییەوە تائێستا، دروشمی چاکسازیی و دژەگەندەڵیی بەرزکردووەتەوە؛ بۆیە لە کەناڵی سپێدەش، بەشێوەیەکی بەرچاو گرنگییمان بە بابەتی گەندەڵیی داوە، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەستمان کەوتووە؛ زانیارییەکانمان وەکو خۆی بڵاوکردووەتە بەبێ زیادکردن و کەمکردن؛ بەشێوەیەکی گشتی گوتاری ئێمە جگە لە پیشەییبوون، گوتارێکی ئۆپۆزسیۆنانەیە؛ بەدوای گەندەڵیی و کەلێنەکانی حکومڕانییدا دەگەڕێیین؛ لە سەرەتای دامەزراندنی سپێدەوە تائێستا، زەمەنێک نەبووە کە باسی گەندەڵیمان نەکردبێت؛ تەنانەت ئەوکاتانەش کە یەکگرتوو لە حکومەتدا بەشداربووە، هەر وازمان لە باسکردنی گەندەڵیی نەهێناوە؛ بە چەندین فۆرمی هونەریی کەناڵی ، کارمان لەسەر بابەتەکانی گەندەڵیی دارایی کردووە؛ لە گەشتی هەواڵەکاندا، بە راپۆرت و هەواڵ کارمان لەسەری کردووە؛ هەروەها لە بەرنامەکانی گفتوگۆی سیاسی بەپێی ئەو دۆسێیانەی کە دەستمان دەکەوێت، گرنگیمانداوە بەقسەکردن لەسەر دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی ؛ بەرنامەی بەدواداچوونمان هەیە کە بەرنامەیەکی بنکۆڵکارییە و ئێستا بەردەوامە لە پەخشکردن، دوو هەفتەجارێک پێشکەشدەکرێت، لە بەرنامەکەدا گرنگی تەواو دەدرێت بە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی؛ بەرنامەیەکی تەنزئامێزیشمان هەیە بە ناوی "مقۆمقۆ" لەو بەرنامەیەشدا ئاماژە بە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی دەکرێت، هەر جارەی بابەتێکی گەندەڵیی لە بەرنامەکەدا دەوروژێنرێت بە شێوازێکی رەخنەیی و تەنزئامێز، وەکو بابەتەکانی خەرجی حکومەت، پڕۆژەکان بەڵام بەبێ ئاماژەکردن بە ناوی پڕۆژەکە؛ بەرنامەی "ئابوری بە ژمارە" ئێستا نەماوە، بەرنامەیەکی رۆژانە بوو؛ زۆر بە بایەخەوە قسەی لەسەر دۆسییەکانی گەندەڵیی دەکرد و داتا و ژمارەی دەخستە روو؛ سەبارەت بە سەرچاوەی زانیارییەکانمان، پەرلەمانتارانی خۆمان (فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی) سەرچاوەیەکی باشن بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەبارەی دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی؛ لەگەڵ ئەوەشدا خۆمان وەکو دامەزراوەیەکی راگەیاندن، کاتێک دۆسییەک دەبینین، کاری بەدواداچوونی بۆ دەکەین؛ هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاریی دەدەین لەبارەیەوە، تا بیکەین بە راپۆرت و فۆڕمە هونەرییەکانی

---

[١] دیدار لەتیف محەمەدساڵح، سەرچاوەی پێشوو.

[٢] ماڵپەری کەناڵی ئاسمانی سپێدە، رۆژی سەردانیکردن (٢٨ی ئایاری ٢٠٢٢).
http://speda.net/index.php/ku/ku-bout

دیکە؛ بەڵام لە لایەن بەرپرسانی حکومەتەوە کەمترین زانیارییمان پێدەگات؛ هەرچەندە هەندێکجار بەرپرس هەبووە لە ئاستەکانی خوارەوە، بابەت و دۆسییەی بۆ ناردووین؛ بەڵام کاتێک لێکۆڵینەوەمان لێکردووە بۆمان دەرکەوتووە، هێندەی "تەسفییە حساباتە" بۆ دژایەتی کەسێکی هاوڕێی خۆی، هێندە مەبەستی ئاشکراکردنی دۆسییەکی گەندەڵیی نەبووە؛ بۆیە لێی گەڕاوین، چونکە میدیا دەبێت بەرپرسیارانە کار بکات و زانیارییەکانی دروستبن، ناکرێت هەر تەنها کەسێک ئاماژەی بە زانیارییەک کرد، بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەیەک یەکسەر بخرێتە سەر شاشە[١].

بەربەستی راستەقینە و سەرەکی بۆ رووماڵکردنی هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی، بریتییە لە سکاڵا تۆمارکردن لە دژمان و دادگاییکردنمان؛ یاخود رێگریی حکومەت لە باسکردنی ئەو بابەتانە؛ تەنانەت هەندێکجار وەکو جۆرێک لە هەڕەشەکردن، دۆسییەی ناراستمان لەسەر دروست دەکرێت، کاتێک بابەتێکی گەندەڵیی دارایی دەوروژێنین؛ هەندێکجاریش ئەو تۆمەت هەڵبەستنانە دەخرێتە پاڵ یەکگرتووی ئیسلامیی کە پاڵپشتی کەناڵی سپێدە دەکات؛ بۆ نموونە کۆمپانیایەکی دیاریکراو نزیک لە دەسەڵات، کە یەکێکە لە کۆمپانیا دیارەکانی کوردستان و سێکتەرێکی گرنگی بەدەستەوەیە، کاتێک قسەمان لەسەری کردووە، هەوڵی زۆریان داوە بە هەڕەشە و "ئیغرا" و شتی دیکە، بە هەر جۆرێک بێت ئەو بابەتە پەخش نەکرێت یان لاببرێت یان گۆڕانکارییەکی تیایدا بکرێت؛ بەڵام ئێمە نەکەوتووینەتە ژێر هیچ فشارێکەوە، ئەوەی راستی بووبێت وتوومانە و مامەڵەیەکی رۆژنامەوانییمان لەسەر بابەتەکە کردووە؛ ئەگەر وتەی بەرپرسێکی ئەوانمان وەرنەگرتبێت، یان کەموکورتییەک لە زانیارییەکاندا هەبووبێت، هەوڵمانداوە لێدوان لە لایەنی بەرامبەریش وەربگرین، وەک راستکردنەوەیەک بۆ ئەو کەلێنەی کە لای خۆمان هەبووە؛ بەربەستێکی دیکە بریتییە لە بەدەستهێنانی زانیاریی، کە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ئێستا بەدەستهێنانی زانیاریی لە قەیراندایە؛ کەمترین زانیاریی بە دەزگا میدیاییەکانی غەیری دەسەڵات دەدرێت؛ ئەو زانیارییانەشی دەدرێت بە دەزگاکانی خۆیان، زانیاریی ئاسایین و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر حکومەت و دۆسییەکانی گەندەڵیی نییە؛ کەناڵی ئاسمانی سپێدە لە زۆرێک لە شار و شارۆچکەکاندا پەیامنێری هەیە، بە هاوسەنگیی گرنگی بە سەرجەم ناوچەکان دەدات؛ جیاوازی ناکات لە دۆسییەکدا کە لە کەلار بێت یاخود زاخۆ؛ هەرێمی کوردستان یەک پارچەیە، بەڵام دوو زۆنە؛ ئەوەی زۆنەکانی دروستکردووە، ئەو دوو هێزەن (پارتی و یەکێتی)؛ دەشزانین ئەو دوو هێزە، لە گەندەڵیی و کارەکانیاندا لە یەکدەچن؛ لەبەرئەوە لە هەردوو زۆنەکە پێمان کرابێت گرنگییمان بە دۆسییەکانی گەندەڵیی داوە، بەبێ جیاوازیی؛ هەروەها لە بەرامبەر حزبە دەسەڵاتدارەکانییشدا، هەر بە هاوسەنگیی و بەبێ لایەنگریی بۆ لایەک و هەڵاوێردەکردن، مامەڵەمان لەگەڵ هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی پەیوەست بە حزبە دەسەڵاتدارەکان کردووە؛ چونکە ئەوەی بەشداری حکومەتی کردبێت، پشکێک لەو کەلێن و کەلەبەر و گەندەڵییانەی بەردەکەوێت؛ بەڵام هەر بەشدارییکردنی حزبەکان لە حکومەتدا وامان لێ ناکات بەوان بڵێین گەندەڵ، بەڵکو دەبێت گەندەڵییەکە ئەو حزبە بگرێتەوە، ئەو کاتە قسەی لەسەر دەکەین[٢].

ئەو هێزانەی نزیکن لە ئێمەوە لە رووی ئایدۆلۆجییەوە، برایانی کۆمەڵی دادگەریی و بزوتنەوەی ئیسلامییە؛ بە دیاریکراوی شتێکی وامان لەسەریان دەست نەکەوتووە، کە کەیسی گەندەڵیی بووبێت تا قسەی لەسەر بکەین؛ تەنانەت لە باسی بندیوارەکاندا، جیاوازییمان نەکردووە لە نێوان کەسێک ئەگەر سەر بە پارتێکی ئیسلامی بووبێت، یان لایەنێکی تر؛ بۆیە دەتوانین بڵێین، ئەوانەی هەمان ئاراستەی ئایدۆلۆجی ئێمەیان هەیە، ئەگەر نەشڵێین گەندەڵییان نییە، دەتوانین بڵێین کەمترین گەندەڵییان هەیە؛ کە شیاوی ئەوە

---

[١] عەبدولکەریم ئەحمەد قادر، بەڕێوەبەری گشتی کەناڵی ئاسمانی سپێدە، پەیوەندی تەلەفۆنی، رۆژی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/٢٩، کاتژمێر ٢:٠٠ی پاشنیوەڕۆ.

[٢] هەمان سەرچاوە.

نییە قسەی لەسەر بکرێت؛ لەسەر زۆربەی بوارەکانی گەندەڵیی دارایی کارمان کردووە، هەندێکیان زیاتر قسەمان لەبارەیانەوە کردووە وەک نەوت و دەرمان و موچەی فەرمانبەران، تەنانەت سکاڵاشمان لەسەر تۆمارکراوە؛ لە کەناڵی سپێدە بەجدی قسەمان لەسەر بابەتەکانی گەندەڵیی دارایی کردووە، نەک تەنها بۆ وروژاندن؛ بۆ نموونە ئەگەر هەواڵێک یان بەدواداچوونێکی خۆمان دەربخستبێت، پردێک لە ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان بەهۆی خواردنی پارەکەی یان کەمتەرخەمییەک لە دروستکردنیدا رووخاوە، هەوڵمانداوە ئەندازیارێک بانگ بکەین، بۆ ئەوەی قسە لەسەر بابەتەکە بکات، ئەو دیوە بخاتە روو کە پەیوەستە بە چارەسەر؛ بۆیە ئێمە ئەگەر باسی گەندەڵیی بکەین، تەنها بۆ ئەوە باسی ناکەین کە باسی بکەین، بەڵکو هەوڵی چارەسەرکردنیشی دەدەین؛ وەکو حزبییش، ئەوەی سەیری ئەدەبیاتی یەکگرتووی ئیسلامی بکات دەزانێت، کە یەکگرتوو حەزی بە موزایەدە نییە؛ کە رەنگە خەڵکانێک هەبن ئەمە بە کێماسی ببینن، بەڵام ئەمە ستراتیژی یەکگرتووە؛ باڵە ئایدۆلۆجییەکەمان کە بریتییە لە درۆنەکردن و فێڵ نەکردن، زاڵە بەسەر سیاسەت و راگەیاندنی یەکگرتوودا؛ ئێمە بە قەناعەتەوە کار دەکەین، نەک بۆ وروژاندن[١].

**٤- ئێن ئار تی:**

**أ- کورتەیەک دەربارەی کەناڵی ئاسمانیی ئێن ئار تی**

ساڵی ٢٠١٠ لە شاری سلێمانی دامەزراوە و وەکو " تاکە کەناڵی ئەهلی بێلایەن" لە هەرێمی کوردستاندا خۆیناساند؛ ئێوارەی رۆژی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ لەژێر دروشمی "راستگۆیی و هاوسەنگیی و بوێریی" دەستی بە پەخش کرد؛ بودجەی کەناڵەکە لە لایەن کۆمپانیای وەبەرهێنانی نالیاوە دابیندەکرێت؛ لە دوای ساڵی ٢٠١٥ەوە کەناڵی ئێن ئار تی فراوان بوونی زیاتری بەخۆیەوە بینی و بوو بە دامەزراوەیەکی میدیایی بە ناوی "دامەزراوەی میدیایی نالیا" کە ئێستا لە چەندین کەناڵی ئاسمانیی و ماڵپەر و تۆری کۆمەڵایەتیی پێکهاتووە[٢].

**ب- رووماڵکردنی هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی لە کەناڵی ئێن ئار تییدا**

هەواڵەکانی گەندەڵیی بە گشتی و گەندەڵیی دارایی بە تایبەت، لە پلەی یەکەمی بایەخبەندییەکانی ئێن ئار تی دایە؛ تاوەکو هەواڵێکی گەندەڵیی دارایی هەبێت، ئێمە ئەوە رووماڵ دەکەین، بایەخێکی زۆری پێدەدرێت: دەبێت بە سەردێری گشتی سەرەکی هەواڵەکان، دەبێتە پاکێجی یەکەمی گشتی هەواڵەکان، بەرنامەی لەسەر دەکرێت، لە بەرنامە رۆژانەکان و بەرنامە هەفتانەکاندا گرنگی زۆری پێدەدرێت، بێجگە لەوانە لە ماڵپەر و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان جارێکی تر بڵاودەکرێنەوە و بازارگەریی بۆ دەکرێت؛ لە کەناڵی ئێن ئار تی بە چەند فۆرمێکی هونەریی جیاواز کار لەسەر هەواڵەکانی گەندەڵیی دەکرێت، وەکو: راپۆرتی مەیدانی، راپۆرتی ئینهاوس، راپۆرتی نهێنی، بەرنامەی بنکۆڵکاریی، بەرنامەی بەدواداچوون، بەرنامەکانی ستۆدیۆ؛ بۆ نموونە ئەو بابەتانەی کە رۆژانە دەوروژێندرێن لە بارەی هەواڵەکانی گەندەڵیی، لە رێگەی پەیامنێرەکانمانەوە دەکرێن بە راپۆرتی مەیدانی، یاخود ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەی تایبەتەوە بە دەستمان دەگات، دەکرێن بە راپۆرتی "ئینهاوس" و شەوانە لە گشتی هەواڵەکاندا بڵاودەکرێنەوە؛ سەبارەت بە راپۆرتی نهێنی، برگەیەکی تایبەتمان هەیە بە ناوی "کامێرای نهێنی" بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٢١ لە چوارچێوەی ئەو برگەیەدا راپۆرتێکمان ئامادەکرد لەسەر ئەوەی کە چۆن لە

---

[١] عەبدولکەریم ئەحمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو.

[٢] ماڵپەری ئێن ئار تی، رۆژی سەردانیکردن (١٢ی ئایاری ٢٠٢٢).
https://nrttv.com/About.aspx

یەکێک لە فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی شارەوانی لە یەکێک لە شارەکانی هەرێم بەرتیل وەردەگیرێت بۆ راییکردنی مامەڵەی هاولاتیان؛ راپۆرتەکە کاردانەوەی زۆر باشی هەبوو، لایەنە پەیوەندیدارەکان وەکو دادگا و پۆلیس هاتنە سەر هێڵ و هەموو زانیارییەکانی ناو راپۆرتەکە بە هەموو وردەکارییەکانەوە، رادەستی دادگامان کرد؛ هەروەها بەرنامەیەکی بنکۆڵکارییمان هەیە بە ناوی "مەلەف" کە دوو هەفتە جارێک پەخشدەکرێت و باس لە دۆسییەکانی گەندەڵیی دەکات، بۆ نموونە لەو بەرنامەیەدا کارمان لەسەر چۆنیەتی هێنانی"باری قاچاغ" کردووە بۆ ناو هەرێمی کوردستان وەکو هێنانی هێلکەی بەسەرچوو؛ لە لایەکی ترەوە سەبارەت بە بەرێوەچوونی مامەڵەی هاولاتیان لە فەرمانگەکانی حکومەت، بەرنامەیەکی هەفتانەمان هەیە بە ناوی "مامەڵە" کە گرنگی دەدات بە رۆتین و خراپ بەرێوەچوونی کاروبارەکانی هاولاتیان لە فەرمانگەکانی حکومەت و ئەو کێشە و ئاستەنگانەی رووبەروویان دەبێتەوە[١].

سەرچاوەی زانیارییەکانی ناو ئەو راپۆرت و بەرنامانە، بە پلەی یەکەم پەیامنێرانی ئێن ئاڕ تییە، دووەم ئەو کەسانەی لە دامودەزگاکان زانیارییمان دەدەنێ، سێیەم کارمەندەکانی ئێن ئاڕ تی وەکو هەواڵساز و بێژەر و پێشکەشکارەکان، دواتر ئەو کەسانەی کە نایەنەوێت بە ناوی خۆیانەوە زانیارییەکان بڵاوببنەوە، کە بە زۆری ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە گەندەڵیی دارایییەوە هەیە، زۆرجار سەرچاوەکانیان ئاشکراناکرێن و تەنها زانیارییەکە بە دەستمان دەگات و دواتر خۆمان بەداواداچوون دەکەین بۆ راستی و دروستی؛ گرنگی زۆر بە گەندەڵییەکانی پەیوەندار بە دۆسیەی نەوت دەدەین لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی نەوتەوە دەستدەکەوێت، دواتر گەندەڵییەکانی پەیوەست بە داهاتی ناوخۆ (گومرگ، باج و رسومات) پاشان گەندەڵییەکانی پەیوەست بە دەرمان و خۆراک و..،هتد؛ لە رووماڵکردنی هەواڵەکاندا هاوسەنگی دەپارێزین لە نێوان ناوچەکاندا، لە هەر شوێنێکی هەرێمی کوردستان هەواڵی گەندەڵیی هەبێت رووماڵی دەکەین بەبێ جیاوازی، هەروەها هاوسەنگی دەپارێزین لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا و هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی پەیوەندی بە هەر حزبێکەوە هەبێت کاری لەسەر دەکەین، چاوپۆشی لە هیچ لایەنێک ناکرێت؛ هەموو ئەو راپۆرت و بەرنامانەی لە ئێن ئاڕ تی دەکرێت لەسەر گەندەڵیی دارایی، بە هەر شێوەیەک بێت دەبێت رای بەرامبەری تێدا بێت، ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار ئامادە نەبێت قسە بکات، پەیامنێرەکەمان دەچێتە بەردەم فەرمانگەکە و لەوێ دەردەکەوێت و باس لەوە دەکات کە ئامادەنین لێدوان بدەن، یاخود ئەگەر دەوام نەبوو پەیامنێرەکە لە بەردەم فەرمانگەکە تەلەفۆن بۆ بەرێوەبەرەکە دەکات، ئەگەر وەڵام نەداتەوە دەخرێتە ناو راپۆرتەکەوە کە ئەو کەسە وەڵام ناداتەوە[٢].

ئەو کەس و لایەنانەی هۆکاری گەندەڵیی بن لە هەر شوێنێک بن ناویان دەهێنین، دەڵێین ئەم سنورە لەژێر دەسەلاتی فلانە حزب و بەرپرسە ناوی دەهێنین جا ئەگەر لە سلێمانی بێت یان هەولێرن، بەلام لە حاڵەتێکدا ناوی ئەو شوێن و کۆمپانیایانە ناهێنین ئەگەر لایەنێک بن لە دۆسییەکی گەندەڵییدا، ئەگەر هاتوو گرێبەستی ریکلامان هەبێت لەگەڵیاندا، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بە ناراستەوخۆ هەر باسی دەکەین؛ لە گرنگترین بەربەستانەی کە دێنە رێگەمان لە رووماڵکردنی هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی ئەوەیە: بەرپرسەکان وەڵامی پەیوەندی نادەنەوە، وەزارەکان زانیاریی نادەن یان دەسی دەسی زۆرت پێدەکەن و هەریەکە و دەڵێ پەیوەندی بە منەوە نییە؛ دواجار دەڵێ مافی ئەوەمان نییە لێدوان بدەین، یان داوای نوسراوی فەرمی کەناڵەکە دەکەن، کاتێک نوسراوەکەیان بۆ دەکەی دوای هەفتەیەک وەڵام دەدەنەوە ئەو کاتەش هەواڵەکە هیچ بایەخێکی نەماوە، کە وەڵامیش دەدەنەوە ٨٠% بابەتەکە وەڵام نادەنەوە؛ ئێن ئاڕ تی

---

[١] هونەر ئیحسان، بەرێوەبەری کەناڵی ئێن ئاڕ تی، ئۆفیسی کەناڵی ئێن ئاڕ تی لە سلێمانی، رۆژی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/١٥، کاتژمێر ٤:٣٠ی پاشنیوەڕۆ.

[٢] هەمان سەرچاوە.

تەنها بە ئامانجی وروژاندن یان لایک و کۆمێنت کار لەسەر بابەتەکانی گەندەڵیی ناکات، بەڵکو ئامانجی چارەسەرکردن و شیکردنەوەی هۆکاری ئەو گەندەڵییەیە کە کراوە، بۆ نموونە بەرنامەی "تاوتوێ" کە رۆژانە پێشکەشدەکرێت لە رێگەی پرسیارەکانی پێشکەشکارەکەوە لە میوانەکانی، چارەسەر بۆ هەموو کێشە و قەیرانەکانی هەرێم دەخرێتە روو لە ناویاندا بابەتەکانی گەندەڵیی، بە زۆری لە بەرنامەکەدا پرسیار لە بارەی چارەسەرەکانەوە دەکرێت؛ یاخود لە کۆتایی هەموو راپۆرت و بەرنامەکانی تایبەت بە گەندەڵیی، باس لەو چارەسەریانە دەکرێت کە وڵاتان گرتوویانەتە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی گەندەڵیی، بۆ نموونە باس لەوە دەکرێت لە عێراق ئەو چارەسەرە گیراوەتە بەر، لە ئەمریکا و وڵاتانی دیکە چارەسەرێکی دیکە هەیە، لە ئەوروپا ئەو یاسایەیان دەرکردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، جا ئەگەر گەندەڵیی دارایی بێت یان هەر جۆرە بەهەدەردانێکی سامانی گشتی بێت[١].

---

[١] هونەر ئیحسان، سەرچاوەی پێشوو.

# بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوە

## (ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا)

**یەکەم: شیکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە گەندەڵیی دارایی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا**

یەکەم / هەنگاوەکانی دروستکردنی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک

دووەم / پێناسەکردنی دەستەکانی توێژینەوە

سێیەم / شیکردنەوەی دەستەکانی توێژینەوە

**دووەم: ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا**

یەکەم / خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی لێتوێژەران

دووەم / خستنەڕووی ئەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپرسی

**سێیەم: خستنەڕووی دەرئەنجامەکان و پێشنیاز و ڕاسپاردەکان**

## یەکەم: شیکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە گەندەڵیی دارایی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

لێرەدا ئەنجامەکانی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک خراونەتەڕوو کە تایبەتە بە شیکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە گەندەڵیی دارایی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی (کوردستانTV، گەلی کوردستان، سپێدە، ئێن ئاڕ تی، رووداو و کوردسات نیوز)، هەروەها هەنگاوەکانی دروستکردنی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک و پێناسەی دەستەکانی توێژینەوەی باسکراون، پاشان شیکردنەوە بۆ دەستەکانی توێژینەوەکە کراوە و بۆ هەر دەستەیەک خشتەیەکی تایبەت دروستکراوە و ئەنجامەکانی تێدا روونکراوەتەوە.

### ١- هەنگاوەکانی دروستکردنی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک:

توێژەر بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی ئەم بەشەی توێژینەوەکە، ژمارەک رێوشوێنی زانستی گرتووەتەبەر بە پشتبەستن بە ئامرازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک؛ بەوپێیەی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەیەکی پاشوەختەیە، واتە فۆڕمێکی ئامادەکراو نییە کە توێژەر پشتی پێ ببەستێت، بۆیە بۆ دروستکردنی فۆڕمی شیکردنەوەکە، سەرەتا توێژەر تەماشای تەواوی گەشتی هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی کرد کە وەکو نموونە وەری گرتبوو؛ پاشان یەکە و دەستەکانی دیارییکرد بەمشێوەیە:

### أ- دیاریکردنی یەکەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک:

زۆرترینی توێژینەوەکان کە ئەم شێوازە بەکاردەهێنن و شیکاری بۆ ناوەڕۆکی نووسین دەکەن، چەند یەکەیەکی شیکردنەوە دەگرنەبەر وەکو یەکەکانی وشە، بیرۆکە، بڕگە و کەسێتی، بەڵام ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی نووسینی گەشتی هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەگەڵ زانینی فۆڕمە هونەرییە بەکارهاتووەکان لە گەشتی هەواڵەکاندا؛ لەبەرئەوە لەم توێژینەوەیەدا پشت بە یەکەکانی بیرۆکە و کەسێتی بەستراوە.

### ب- دیاریکردنی دەستەکانی شیکاری:

مەبەست لە دەستەکانی شیکردنەوە، پۆلێنکردنی یەکەکانە بە گوێرەی ناوەڕۆک، واتە ئەو بابەتانەی شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت، دەکرێن بە چەند پۆلێنێکەوە کە سیما و خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە لەسەر بنەمای ئەو پێودانگە پۆلێنکاریانەی کە پێداویستی و ئامانجەکانی توێژینەوە مەبەستیانە؛ بۆ ئەم مەبەستەش بە رێگای شیکردنەوەی راستەوخۆ بەرهەمەکان دەخرێنەڕوو و شیدەکرێنەوە کە بریتین لە ئەوانەی کە وتراون و راگەیەندراون، هاوکات بایەخ بە شیکردنەوەی چەندێتی دەدرێت کە بە دوای چەندبارەی بیرۆکەکانەوەیە.

دەستەکانی شیکردنەوە بە گوێرەی شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک دەکرێن بە دوو جۆری سەرەکییەوە کە بریتین لە[١]:

جۆری یەکەم: وەڵامی پرسیاری (چی وتراوە) دەداتەوە، کە تایبەتە بە خستنەڕووی بابەتی ئەو ناوەڕۆکانەی کە شیکار دەکرێن.

---

[١] سمير محمد حسين، بحوث جامعية في الاعلام، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٢، ص١٨١.

جۆری دووەم: وەڵامی پرسیاری (چۆن وتراوە) دەداتەوە، کە تایبەتە بە خستنەڕووی ئەو شێوازەی کە ناوەڕۆکەکەی پێ خراوەتەڕوو کە زیاتر پەیوەستە بە فۆڕمی ناوەڕۆکەوە.

ئەم توێژینەوە پشتی بە هەردوو جۆر (جۆری یەکەم و جۆری دووەم) بەستووە تایبەتە بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە دەڵێین (چی وتراوە، چۆن وتراوە).

هەروەها ئەم توێژینەوەیە، بایەخی بە شیکردنەوەی چەندێتی داوە کە بە دوای چەندبارەی بیرۆکەکانەوەیە و بۆ ئەو مەبەستە دەستەیەکی تایبەتی بۆ دیاریکردووە.

**٢- پێناسەکردنی دەستەکانی توێژینەوە**

**دەستەی یەکەم: دەستی چەندێتی:**

لێرەدا مەبەست ئەوە کە ئایا کەناڵەکانی: کوردستانTV (Kurdistantv)، گەلی کوردستان (GKsat)، سپێدە (Speda)، ئێن ئاڕ تی (NRT)، رووداو (Rudaw) و کوردسات نیوز (Kurdsat)، لەو ماوەیەی کە لەم توێژینەوەیەدا وەکو سامپڵ وەرگیراوە، چەند هەواڵی تایبەت بە گەندەڵیی داراییان لە گەشتی هەواڵەکانیاندا بڵاوکردووەتەوە، لێرەدا تەنها ئامانجەکە چەندێتییە بۆئەوەی بزانرێت ژمارەی هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵی لە هەریەکێک لەو کەناڵانە لەو ماوەیەدا چەندە.

**دەستەی دووەم: دەستەی چۆن وتراوە (لە رووی فۆڕمەوە) ئەم دەستەیە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:**

١- دەستەی فۆڕمە هونەرییەکان: لێرەدا مەبەست ئەوەیە ئایا هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی لە ناو گەشتی هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، بە چ ژانر و فۆڕمێکی هونەریی تەلەڤزیۆنیی ئامادەکراون کە ئەوانیش بریتین لە:

- راپۆرت (VT): مەبەست لە راپۆرتی هەواڵییە، کە پەیامنێر لەسەر بابەتە گەرمەکانی رۆژ لە شوێنی رووداوەکان ئامادەی دەکات.

- راپۆرت (Inhouse): مەبەست لەو راپۆرتەیە، کە لە ناو ژووری هەواڵدا ئامادە دەکرێت؛ کە بە زۆری بۆ شیکردنەوە و روونکردنەوەی هەواڵ و زانیارییە جۆربەجۆرەکان پەنای بۆ دەبرێت.

- هەواڵ (LVO+Clip): مەبەست لەو هەواڵەیە کە لەگەڵ خوێندنەوەی بێژەردا، ڤیدیۆی رووداوەکەی لەگەڵدا دەروات و لە کۆتایی هەواڵەکەدا لێدوانی کەسێک دەخرێتە روو.

- هەواڵ (LVO): مەبەست لەو هەواڵەیە کە لەگەڵ خوێندنەوەی بێژەردا، تەنها ڤیدیۆی رووداوەکە دەروات.

- راستەوخۆ (Live Streaming): مەبەست لە گواستنەوەی راستەوخۆی هەواڵ و زانیارییەکانە لە شوێنی رووداوەکان، لە رێگەی مانگە دەستکردەکانەوە.

٢- دەستەی سەرچاوەی زانیاریی: لێرەدا مەبەست ئەوەیە ئایا ئەو هەواڵانەی گەندەڵیی دارایی کە لە رێگەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە بڵاوکراونەتەوە، سەرچاوەی زانیارییەکەی کێیە؟ کەناڵەکە خۆیەتی؟ یاخود لە سەرچاوەی دیکەوە دەستیکەوتووە وەکو: هاوڵاتیان، بەرپرسە حکومییەکان،

پەرلەمانتاران، کۆمەڵە و سەندیکا پیشەییەکان، چالاکانی مەدەنی، بەرپرسە حزبییەکان، دامەزراوە حکومییەکان و بەرپرسانی حکومەتی عێراق.

٣- دەستەی جۆری لێدوان: مەبەستی ئەم دەستەیە ئەوەیە ئەو کەسانەی لە ناو هەواڵ و راپۆرتەکاندا لێدوانیان لێ وەرگیراوە کێن؟ ئایا هاوڵاتیانن، بەرپرسە حکومییەکانن، چالاکانی مەدەنین، پەرلەمانتارانن، کارمەندانی کەرتی تایبەتن، فەرمانبەرانی حکومەتن، کۆمەڵە و سەندیکا پیشەییەکانن، کەسانی پسپۆڕن، بەرپرسە حزبییەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگان؟.

٤- دەستەی رادەی هاوسەنگیی: لێرەدا مەبەست ئەوەیە ئایا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە رووماڵکردنی هەواڵەکانی گەندەڵیی داراییدا، تا چەند پابەندبوون بە بنەما پیشەییەکانی کاری رۆژنامەوانییەوە، ئایا هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە هەواڵەکە وەرگیراون؟ یاخود هەواڵەکە تاک لایەنەیە و تەنها راوبۆچوونی یەک لایەن وەرگیراوە؛ لێرەدا مەبەست لە "هاوسەنگ" ئەوەیە کە ئەو هەواڵ و راپۆرتە بە هاوسەنگیی کاری لەسەر گەندەڵیی دارایی کردووە و رای هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەرگرتووە؟؛ مەبەستیش لە "نا هاوسەنگ" ئەوەیە کە ئەو هەواڵ و راپۆرتەی بڵاوکراوەتەوە تاک لایەنەیە و رای لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەی وەرنەگرتووە.

**دەستەی سێیەم: دەستەی چی وتراوە (دەستەی ناوەڕۆک)، ئەمانە لەخۆدەگرێت:**

١- دەستەی بوارەکانی گەندەڵیی دارایی: لێرەدا مەبەست ئەوەیە ئەو هەواڵانەی بڵاوکراونەتەوە دەچنە خانەی کام جۆر و شێوازی گەندەڵیی داراییەوە کە ئەوانیش بریتین لە:

- بەهەدەردانی سامانی گشتی: مەبەست لەو داهاتەی حکومەتە کە بەهۆی گەندەڵیی و سەرپێچی یاساییەوە، لە جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا و کارە جۆربەجۆرەکاندا بەهەدەرچووە.

- قۆرخکاریی کەرتی تایبەت: مەبەست لە قۆرخکردنی کەرتە خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانە لە لایەن کەرتی تایبەتەوە، کە لە ئەنجامدا بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخ لەسەر هاوڵاتیان، هەروەها قۆستنەوەی کاتی قەیران بۆ زۆرترین قازانج، بۆ نموونە نەخۆشخانە تایبەتەکان (ئەهلییەکان) لە سەردەمی کۆرۆنادا، نرخی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانیان چەندین هێندە بەرز کردەوە.

- قاچاخچێتی خاڵە سنورییەکان: مەبەست لەو قاچاخچێتییەیە کە لە خاڵە سنورییەکاندا دەکرێت، کە زۆرجار حزبە دەسەڵاتدارەکان تۆمەتبار دەکرێن بە ئەنجامدان و کارئاسانی بۆ ئەو کارە نایاساییە، کە لە ئەنجامدا بووەتە هۆی زیانگەیاندن بە داهاتی گشتیی و کەمبوونەوەی داهاتی راستەقینەی گومرگ لە خەزێنەی گشتی حکومەتدا.

- خراپ بەکارهێنانی موڵک و ماڵی دەوڵەت: مەبەست لە بەکارهێنانی موڵک و ماڵ و دامەزراوەکانی حکومەتە لە پێناو بەرژەوەندی کەسیی و تایبەتدا، وەکو بینا و ئۆتۆمبێل و خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەکان، یاخود کەمتەرخەمی و نەپاراستنی موڵک و ماڵی دەوڵەت.

- فێڵی یاسایی: مەبەست لە فرت و فێڵ و لێکدانەوەی هەڵە بەڵام مەبەستدارە بۆ یاسا و بڕیار و رێنماییەکان، تا وا لە کەسانێک بکەن بڕە پارەیەک بدەن بۆ کارێک، بەڵام لە ئەنجامدا کارەشیان بۆ نەکرێت.

- قۆرخکاریی کەرتی گشتی: مەبەست لە کۆنترۆڵی کەرتی گشتییە بەسەر هەموو سێکتەر و بوارە جیاوازەکاندا و نەهێشتنی کێبڕکێ لە بازاڕدا، بۆ نموونە گۆڕینەوەی بەشێک لە داهاتی حکومەتی هەرێم لە دۆلارەوە بۆ دینار تا چەند ساڵێک لەوەبەر تەنها بۆ چەند بانکێکی حکومی قۆرخ کرابوو.

- خزمایەتی Nepotism: لێرەدا مەبەست لێی گروپایەتیی و حزبایەتییە، بۆ نموونە پێدانی داهات و بەرژەوەندی بە هەندێک کەس لەسەر بنەمای حزبایەتی و نزیکیبیان لە حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە.

٢- دەستەی ئامانجی خستنە روو: مەبەست لەم دەستەیە ئەوەیە کە ئایا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بە چ ئامانجێک کاریان لەسەر هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی کردووە؛ ئایا بە ئامانجی ئەوە بوو کە ببنە بەشێک لە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەو گەندەڵییە داراییەی کە باسکراوە، یاخود تەنها رۆڵی گواستنەوەی هەواڵەکەیان بینیوە؛ وەکو ئەوەی دەزگایەک ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لە دۆسییەکی گەندەڵیی دارایی راگەیاندووە و کەناڵەکانیش تەنها هەواڵی ئەنجامەکانیان گواستووەتەوە و خۆیان هیچ سەربارێکیان بۆ نەکردووە؛ هەروەها وروژاندنی هەست و سۆز لێرەدا مەبەست ئەوەیە ئەو هەواڵەی کەناڵەکە بڵاویکردووەتەوە زیاتر بە ئامانجی وروژاندنی هەست و سۆزی وەرگر بووە و بەڵگە و زانیاریی پێویستی نەخستووەتە روو.

٣- دەستەی رەهەندی ناوچەیی: مەبەست ئەوەیە ئەو هەواڵە گەندەڵییە داراییەی کە خراوەتە روو لە چ ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان بووە؛ ئایا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بە گشتی پەیوەندار بووە بە هەموو هەرێمەوە، یاخود پەیوەندی هەبووە بە پارێزگایەکی دیاریکراوەوە؛ هەولێر و سلێمانی و دهۆک مەبەست لە پارێزگاکانیانە؛ گەرمیان مەبەست لە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و راپەرین مەبەست لە ئیدارەی سەربەخۆی راپەرینە.

**٣- شیکردنەوەی دەستەکانی توێژینەوەکە:**

**یەکەم: دەستەی چەندێتی: پێگەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا**

بە گوێرەی داتا بەدەستهاتووەکانی ئەم دەستەیە، دەردەکەوێت لەو ماوەیەی کە وەکو سامپڵی لایەنی شیکردنەوەی ناوەڕۆک لەم توێژینەوەیەدا وەرگیراوە، کەناڵی ئێن ئاڕ تی ٣٢ هەواڵی لەبارەی گەندەڵیی دارایی لە گەشتی فراوانی هەواڵەکانیدا بڵاوکردووەتەوە؛ بەو پێیەش لە پلەی یەکەمدایە بە رێژەی ٤٨,٤%. دوای ئەوە کەناڵی ئاسمانی سپێدە دێت کە ١٨ هەواڵی گەندەڵیی دارایی بڵاوکردووەتەوە و لە پلەی دووەمدا دێت بە رێژەی ٢٧,٢%. کەناڵی رووداو نۆ هەواڵی گەندەڵیی دارایی لە گەشتی فراوانی هەواڵەکانیدا بڵاوکردووەتەوە، بەوەش لە پلەی سێیەمدا دێت بە رێژەی ١٣,٦%. کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان چوار هەواڵی پەیوەست بە گەندەڵیی دارایی لە گەشتی فراوانی هەواڵەکانیدا بڵاوکردووەتەوە و بەوەش لە پلەی چوارەمدایە بە رێژەی ٦%. کەناڵی کوردسات نیوز دوو هەواڵی گەندەڵیی دارایی بڵاوکردووەتەوە و لە پلەی پێنجەمدایە بە رێژەی ٣%. کەناڵی ئاسمانی کوردستان تی ڤی تەنها یەک هەواڵی پەیوەست بە گەندەڵیی دارایی بڵاوکردووەتەوە و لە پلەی شەشەمدا دێت بە رێژەی ١,٥%.

بە گوێرەی ئەو ئەنجامانەی خرانەڕوو، دەردەکەوێت ئەو کەناڵانەی کە زۆرترین ژمارەی هەواڵی گەندەڵیی داراییان بڵاوکردووەتەوە، لە لایەن ئەو حزب و لایەنە سیاسییانە پاڵپشتی دەکرێن، کە ئێستا لە پێگەی ئۆپۆزسیۆندان لە چوارچێوەی سیستمی حکومڕانی هەرێمی کوردستاندا؛ لە بەرامبەردا ئەو کەناڵانەی کە سەر بە حزبە دەسەڵاتدارەکانن یاخود نزیکن لێیانەوە، ژمارەیەکی کەمتر هەواڵی گەندەڵیی داراییان بڵاوکردووەتەوە؛ ئەوەش رەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێت ئەو حزبانەی لە پێگەی ئۆپۆزسیۆندان،

بە هەموو ڕێگەیەک هەوڵی زەقکردنەوەی لایەنە نەرێنییەکانی حکومڕانی دەدەن کە یەکێک لەو ڕێگایانە بەکارهێنانی میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنە؛ لە بەرامبەردا میدیاکانی حزبە حکومڕانەکان کەمتر گرنگیی پێدەدەن، یاخود بە زۆری خۆیان دەبوێرن لە باسکردن و ڕۆچوونە ناو وردەکارییەکانی بابەتەکانی گەندەڵیی دارایی، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢).

**خشتەی ژمارە (٢)**

**دەستەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا**

| کەناڵ | ژ. هەواڵی گەندەڵیی دارایی | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| NRT | ٣٢ | ٤٨,٤ | یەکەم |
| Speda | ١٨ | ٢٧,٢ | دووەم |
| Rudaw | ٩ | ١٣,٦ | سێیەم |
| GKsat | ٤ | ٦ | چوارەم |
| Kurdsatnews | ٢ | ٣ | پێنجەم |
| Kurdistantv | ١ | ١,٥ | شەشەم |
| کۆی گشتی | ٦٦ | ١٠٠ | - |

**دەستەی دووەم: دەستەی چۆن وتراوە (لە ڕووی فۆڕمەوە)**

**١- دەستەی فۆڕمە هونەرییەکان:**

بە گوێرەی داتا بەدەستهاتووەکان بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە ڕووی فۆڕمی هونەرییەوە، (ڕاپۆرت VT) بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی ٤٦,٩% ؛ فۆڕمی ڕاپۆرت (Inhouse) لە پلەی دووەمدایە بە ڕێژەی ٣٧,٥% ؛ هەواڵ (LVO) بە ڕێژەی ١٢,٥% لە پلەی سێیەمدایە؛ هەواڵ (LVO+Clip) لە پلەی چوارەمدایە بە ڕێژەی ٩,٣%.

ئامادەکردنی زۆرینەی هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی بە فۆڕمی (ڕاپۆرت VT) لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گەندەڵیی دارایی بابەتێکی هەستیار و جێی بایەخە؛ بۆیە پێویست دەکات لە کاتی ئامادەکردندا ڕۆژنامەنووس بچێتە بنج و بنەوانی هەواڵەکە و هەموو لایەنەکانی لەبەرچاو بگرێت، بۆ ئەو مەبەستەش فۆڕمی (ڕاپۆرت VT) یەکێکە لە فۆڕمە هونەرییەکانی تەلەڤزیۆن کە گونجاوە بۆ کارکردن لەسەر دۆسییەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی؛ چونکە بواری ئەوەی تێدایە وەڵامی بەشێکی زۆر لە پرسیارەکانی "چی، کەی، چۆن، بۆ، لەکوێ و کێ"ی تێدا بدرێتەوە؛ هەر بۆیە دەبینین ئەو کەناڵانەی بایەخی زۆریان بە گەندەڵیی دارایی داوە بە شێوەیەکی سەرەکی فۆڕمی (ڕاپۆرت VT)یان بەکارهێناوە، هەروەها فۆڕمی ڕاپۆرت (Inhouse) زیاتر لە لایەن ئەو کەناڵانەوە بەکارهێنراوە کە لە لایەن حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە پاڵپشتی دەکرێن، چونکە ئەم شوازە لە فۆڕمی کەناڵی ، بواری شیکردنەوە و جوڵاندنی هەست و سۆزی وەرگری تێدا زیاترە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣).

**خشتەی ژمارە (٣)**

**دەستەی فۆرمە هونەرییەکانی ئامادەکردنی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لە کەناڵەکاندا**

| کەناڵ / دەستە | NRT | | Speda | | Rudaw | | GKsat | | Kurdsat | | Ktv | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | |
| راپۆرت (VT) | ١٣ | ٤٠,٦ | ١٢ | ٦٦,٦ | ٥ | ٥٥,٥ | ٠ | ٠ | ١ | ٥٠ | ٠ | ٠ | ٣١ | ٤٤٦,٩ | ١ |
| راپۆرت (Inhouse) | ١٢ | ٣٧,٥ | ٣ | ١٦,٦ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٥ | ٢٢,٧ | ٢ |
| هەواڵ (LVO+Clip) | ٣ | ٩,٣ | ١ | ٥,٥ | ٣ | ٣٣,٣ | ٤ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١١ | ١٦,٦ | ٣ |
| هەواڵ (LVO) | ٤ | ١٢,٥ | ٢ | ١١,١ | ١ | ١١,١ | ٠ | ٠ | ١ | ٥٠ | ٠ | ٠ | ٨ | ١٢,١ | ٤ |
| راستەوخۆ Live | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١,٥ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٣٢ | ١٠٠ | ١٨ | ١٠٠ | ٩ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٦٦ | ١٠٠ | - |

**٢- دەستەی سەرچاوەی زانیاریی:**

بە گوێرەی داتا بەدەستهاتووەکانی پەیوەست بە "دەستەی سەرچاوەی زانیاریی" بۆمان روون دەبێتە، ئەو هەواڵانەی گەندەڵیی دارایی کە سەرچاوەی زانیارییەکان خودی کەناڵەکان خۆیانن بە پلەی یەکەم دێت بە رێژەی ٥١,٥% ؛ ئەو هەواڵانەی کە هاوڵاتیان سەرچاوەی زانیارییەکان بوون بە پلەی دووەم دێن بە رێژەی ١٥,١% ؛ بەرپرسە حکومییەکان سەرچاوەی زانیاریی هەشت هەواڵ بوون بە رێژەی ١٢,١% بە پلەی سێیەم دێن؛ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان سەرچاوەی چوار هەواڵی گەندەڵیی دارایی بوون بە رێژەی ٦% بە پلەی چوارەم دێن؛ کۆمەڵە و سەندیکا پیشەییەکان و چالاکانی مەدەنی هەریەکەیان سەرچاوەی سێ هەواڵ بوون، بە رێژەی ٤,٥% لە پلەی پێنجەمدا دێن؛ بەرپرسە حزبییەکان (ئۆپۆزسیۆن و حکومڕانەکان) سەرچاوەی دوو هەواڵ بوون بە رێژەی ٣% بە پلەی شەشەم دێن؛ دامەزراوە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی حکومەتی فیدراڵی عێراق هەریەکە و سەرچاوەی یەک هەواڵ بوون، بە رێژەی ١,٥% بە پلەی حەوتەم دێن.

بە گوێرەی ئەنجامەکان دەردەکەوێت ئەو کەناڵانەی گوتاری ئۆپۆزسیۆنیان هەیە وەکو ئێن ئاڕ تی و سپێدە، خۆیان سەرچاوەی زۆرینەی هەواڵەکانی گەندەڵیی داراییین، دواتریش هاوڵاتیان پاڵپشتیان دەکەن لە پێدانی زانیاریی؛ لە چاوپێکەوتنیشیاندا لەگەڵ توێژەر، بەرپرسانی ئەو کەناڵانە ئاماژەیان بەوەکرد دامەزراوە فەرمییەکان هیچ هاوکارییەکیان ناکەن لە پێدانی زانیاریی و بگرە بەربەستیشیان بۆ دروست دەکەن و ئامادە نین یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاریی کە لەساڵی ٢٠١٣ەوە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە، جێبەجێ بکەن؛ بەڵام لە بەرامبەردا ئەو کەناڵانەی سەر بە حزبە حکومڕانەکانن یان نزیکن لێیانەوە، بەرپرسانی حکومەت و دامەزراوە حکومییەکان سەرچاوەی بەشێکی زۆری زانیارییەکانیان لەبارەی هەواڵەکانی گەندەڵیی داراییەوە؛ رەنگە ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەبێت ئەو حزبانە پێگەکانیان لە ناو حکومەتدا بەکاردەهێنن بۆ پێدانی زانیاریی بە دەزگا راگەیاندنەکانی سەربە خۆیان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤).

**خشتەی ژمارە (٤)**

**دەستەی سەرچاوەی زانیاریی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لە کەناڵەکاندا**

| کەناڵ / دەستە | NRT | | Speda | | Rudaw | | GKsat | | Kurdsat | | Kurdistantv | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | |
| خودی کەناڵ | ١٩ | ٥٩,٣ | ١٢ | ٦٦,٦ | ٣ | ٣٣,٣ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣٤ | ٥١,٥ | ١ |
| هاوڵاتیان | ٣ | ٩,٣ | ٣ | ١٦,٦ | ١ | ١١,١ | ٢ | ٥٠ | ١ | ٥٠ | ٠ | ٠ | ١٠ | ١٥,١ | ٢ |
| بەرپرسە حکومییەکان | ١ | ٣,١ | ١ | ٥,٥ | ٥ | ٥٥,٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ٨ | ١٢,١ | ٣ |
| پەرلەمانتاران | ٣ | ٩,٣ | ١ | ٥,٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٤ | ٦ | ٤ |
| کۆمەڵە و سەندیکاکان | ٢ | ٦,٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٢٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣ | ٤,٥ | ٥ |
| چالاکانی مەدەنی | ١ | ٣,١ | ١ | ٥,٥ | ٠ | ٠ | ١ | ٢٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣ | ٤,٥ | ٥ |
| بەرپرسە حزبییەکان | ٢ | ٦,٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ٣ | ٦ |
| دامەزراوە حکومییەکان | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٥٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١,٥ | ٧ |
| بەرپرسانی حکومەتی عێراق | ١ | ٣,١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١,٥ | ٧ |
| کۆی گشتی | ٣٢ | ١٠٠ | ١٨ | ١٠٠ | ٩ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٦٦ | ١٠٠ | - |

**٣- دەستەی جۆری لێدوان:**

بە گوێرەی داتا بەدەستهاتووەکانی پەیوەست بە "دەستەی جۆری لێدوان" دەردەکەوێت کە: هاوڵاتیان لەناو هەواڵەکانی پەیوەست بە گەندەڵیی دارایی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، ٤٢ لێدوانیان داوە و بە رێژەی ٤٢% بە پلەی یەکەم دێن؛ بەرپرسە حکومییەکان ١٦ لێدوانیان داوە و بە رێژەی ١٦% بە پلەی دووەم دێن؛ چالاکانی مەدەنی ١٤ لێدوانیان داوە و بە رێژەی ١٤% بە پلەی سێیەم دێن؛ پەرلەمانتاران بە ١٢ لێدوان و بە رێژەی ١٢% بە پلەی چوارەم دێن؛ کارمەندانی کەرتی تایبەت پێنج لێدوانیان لە هەواڵەکانی گەندەڵیی داراییدا لێ وەرگیراوە و بە رێژەی ٥% بە پلەی پێنجەم دێن؛ فەرمانبەرانی حکومەت چوار لێدوانیان داوە و بە رێژەی ٤% بە پلەی شەشەم دێن؛ کۆمەڵە و سەندیکا پیشەییەکان سێ لێدوانیان داوە و بە رێژەی ٣% بە پلەی حەوتەم دێن؛ کەسانی پسپۆڕ تەنها دوو لێدوانیان لێ وەرگیراوە و بە رێژەی ٢% بە پلەی هەشتەم دێن؛ بەرپرسە حزبییەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا، هەریەکە و لێدوانێکیان داوە و بە رێژەی ١% بە پلەی نۆیەم دێن.

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن هاوڵاتیان لە زۆرینەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، بەبێ جیاوازی ئەوەی سەربە حزبە دەسەڵاتدارەکانن یان ئۆپۆزسیۆن، زۆرترین لێدوانیان داوە؛ ئەمەش لە لایەکەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە لەناو راپۆرتەکاندا لە جیاتی تەنها یەک لێدوان، هاوڵاتیان زیاتر لە لێدوانێکیان لێ وەرگیراوە؛ لە لایەکی ترەوە دەرخەری ئەوەیە گەندەڵیی راستەوخۆ پەیوەندی بە هاوڵاتیانەوە هەیە و کاریگەریی زۆر لەسەر ژیانیان دادەنێت، بۆیە هەمیشە وەکو لایەنێک لە لایەنەکانی دۆسیەکە ئامادەییان هەیە؛ هەروەها بەرپرسە حکومییەکان بە رێژەیەکی بەرچاو لێدوانیان لێ وەرگیراوە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە کاتی کارکردن لەسەر هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی، هەوڵیانداوە بە هاوسەنگیی کاری لەسەر بکەن و لایەنە پەیوەندیدارەکان وەربگرن، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥).

**خشتەی ژمارە (٥)**

**دەستەی جۆری لێدوان لەناو هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵەکاندا**

| کەناڵ / دەستە | NRT | | Speda | | Rudaw | | GKsat | | Kurdsat | | Kurdistantv | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | |
| هاوڵاتیان | ١٢ | ٣٤,٢ | ١٨ | ٤٦,١ | ٨ | ٤٤,٤ | ٢ | ٥٠ | ٢ | ٦٦,٦ | ٠ | ٠ | ٤٢ | ٤٢ | ١ |
| بەرپرسە حکومییەکان | ٦ | ١٧,١ | ٣ | ٧,٦ | ٦ | ٣٣,٣ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ١٦ | ١٦ | ٢ |
| چالاکانی مەدەنی | ٦ | ١٧,١ | ٧ | ١٧,٩ | ٠ | ٠ | ١ | ٢٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٤ | ١٤ | ٣ |
| پەرلەمانتاران | ٣ | ٨,٥ | ٦ | ١٥,٣ | ١ | ٥,٥ | ١ | ٢٥ | ١ | ٣٣,٣ | ٠ | ٠ | ١٢ | ١٢ | ٤ |
| کارمەندانی کەرتی تایبەت | ٢ | ٥,٧ | ٢ | ٥,١ | ١ | ٥,٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٥ | ٥ | ٥ |
| فەرمانبەرانی حکومەت | ٢ | ٥,٧ | ١ | ٢,٥ | ١ | ٥,٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٤ | ٤ | ٦ |
| کۆمەڵە و سەندیکاکان | ٢ | ٥,٧ | ١ | ٢,٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣ | ٣ | ٧ |
| کەسانی پسپۆڕ | ٠ | ٠ | ١ | ٢,٥ | ١ | ٥,٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ٢ | ٨ |
| بەرپرسە حزبییەکان | ١ | ٢,٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٩ |
| ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا | ١ | ٢,٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٩ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ١٠٠ | ٣٩ | ١٠٠ | ١٨ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١٠٠* | ١٠٠ | - |

*لەبەرئەوەی لە هەواڵ و راپۆرتەکاندا زیاد لە یەک لێدوان هەبووە.

**٤- دەستەی رادەی هاوسەنگیی:**

بە گوێرەی داتا بەدەستهاتووەکانی پەیوەست بە "دەستەی رادەی هاوسەنگیی" دەردەکەوێت کە: لە زۆرینەی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەبارەی گەندەڵیی دارایی، هاوسەنگیی پارێزراوە بە جۆرێک لە کۆی ٦٦ هەواڵیی گەندەڵیی دارایی کە لەم توێژینەوەیەدا وەرگیراوە، لە ٤٤ هەواڵیان هاوسەنگیی بەدی دەکرێت، بەوەش بە رێژەی ٦٦,٦% بە پلەی یەکەم دێت؛ لە بەرامبەردا لە ٢٢ هەواڵ هاوسەنگیی بەدی ناکرێت بەوەش بە رێژەی ٣٣,٣% بە پلەی دووەم دێت.

پاراستنی هاوسەنگیی لە زۆرینەی هەواڵەکاندا، دەرخەری لایەنێکی ئەرێنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانە بۆ مامەڵەکردنێکی پیشەییانە و بابەتیانە لەگەڵ هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی؛ بەڵام لە هەمانکاتدا نەپاراستنی هاوسەنگیی لە بەشێکی دیکەی هەواڵەکاندا، بە لایەنێکی نەرێنی هەژمار دەکرێت، کە وا دەخوازێت کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئەم خاڵە بە گرنگییەوە لە بەرچاو بگرن و هەوڵبدەن لە کاتی کارکردن لە سەر هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی، ئاماژە بە هەموو ئەو کەس و لایەنانە بدەن، کە پەیوەستن بە ناوەڕۆکی هەواڵەکەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦).

**خشتەی ژمارە (٦)**

**دەستەی رادەی هاوسەنگیی لە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵەکاندا**

| کەناڵ / دەستە | NRT | | Speda | | Rudaw | | GKsat | | Kurdsat | | Kurdistantv | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | |
| هاوسەنگ | ٢٢ | ٦٨,٧ | ١٢ | ٦٦,٦ | ٧ | ٧٧,٧ | ١ | ٢٥ | ١ | ٥٠ | ١ | ١٠٠ | ٤٤ | ٦٦,٦ | ١ |
| نا هاوسەنگ | ١٠ | ٣١,٢ | ٦ | ٣٣,٣ | ٢ | ٢٢,٢ | ٣ | ٧٥ | ١ | ٥٠ | - | - | ٢٢ | ٣٣,٣ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٣٢ | ١٠٠ | ١٨ | ١٠٠ | ٩ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٦٦ | ١٠٠ | - |

**دووەم: دەستەی چی وتراوە (دەستەی ناوەڕۆک):**

**١- دەستەی بوارەکانی گەندەڵیی دارایی:**

بە گوێرەی داتا بەدەستهاتووەکانی پەیوەست بە "دەستەی بوارەکانی گەندەڵیی دارایی" دەردەکەوێت کە: یەکێک لەو بوارانەی گەندەڵیی دارایی کە زۆرترین هەواڵی لە بارەوە بڵاوکراوەتەوە بەهەدەردانی سامانی گشتییە، بە جۆرێک ٢٦ هەواڵی لە بارەوە بڵاوکراوەتەوە و بە ڕێژەی ٣٩,٣% بە پلەی یەکەم دێت؛ بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەی بەهەدەردانی سامانی گشتیی نموونەی هەواڵێکی کەناڵی ئێن ئاڕ تی[١] دەهێنینەوە کە تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە "بۆ پاڵاوتنی بەرمیلێک نەوت حکومەتی هەرێم ١٧ دۆلار بە کۆمپانیای کار گروپ دەدات، لەکاتێکدا هەمان کۆمپانیا بەرمیلێک نەوت بە ١٠ دۆلار بۆ حکومەتی عێراق دەپاڵێوێت".

قۆرخکاریی کەرتی تایبەت یەکێکی ترە لە بوارەکانی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستان کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان تیشکی زۆریان خستووەتە سەر، بە جۆرێک ١٤ هەواڵیان لەبارەوە ئامادەکردووە و بە ڕێژەی ٢١,٢% بە پلەی دووەم دێت؛ بۆ نموونە کەناڵی ڕووداو[٢] لە هەواڵێکدا ئاماژەی بەوەکردووە "لە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی هەولێر شەوی ١٥٠٠ دۆلار لە تووشبووانی کۆرۆنا وەرگیراوە، نەخۆشێکی کۆرۆنا بۆ پێنج شەو ١٠ هەزار دۆلاری بە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی داوە".

قاچاخچێتی و نادیاری داهاتی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان یەکێکی دیکەیە لە بوارەکانی گەندەڵیی دارایی کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەم چەند ساڵەی دوایدا بایەخی زیاتریان پێداوە، لەم توێژینەوەیەدا بە ڕێژەی ١٦,٦% لە پلەی سێیەمدایە و ١١ هەواڵی لەبارەوە ئامادەکراوە، بۆ نموونە کەناڵی ئاسمانی سپێدە[٣] لە هەواڵێکدا ئاماژەی بەوەکردووە "حزب و هێزی چەکدار دەستی بەسەر بەشێکی زۆری داهاتی خاڵە سنوورییەکاندا گرتووە و حکومەت توانای ئەوەی نییە ڕێگە لە بەهەدەردانی سەروەت و سامانی وڵات بگرێت".

خراپ بەکارهێنانی موڵک و ماڵی دەوڵەت نۆ هەواڵی لەبارەوە ئامادەکراوە و بە ڕێژەی ١٣,٦% بە پلەی چوارەم دێت؛ بۆ نموونە کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان[٤] لە هەواڵێکدا ئاماژەی بەوەکردووە "لە هەولێر نەخۆشخانەیەکی منداڵان کە لەسەر بودجەی گشتی بنیاتنراوە و موڵکی گشتی بووە دراوەتە کەرتی تایبەت".

فێڵی یاسایی سێ هەواڵی لەبارەوە ئامادەکراوە و بە ڕێژەی ٤,٥% بە پلەی پێنجەم دێت، بۆ نموونە کەناڵی ئاسمانیی سپێدە[٥] لە هەواڵێکدا ئاماژەی بەوەکردووە "هەرچەندە ئەمساڵ حەج ناکرێت، بەڵام بەشێک لە کۆمپانیاکان ڕیکلام بۆ بەدەل حەج دەکەن و پارەی خەیاڵیان لە خەڵک وەرگرتووە".

---

[١] گەشتی سەرەکی هەواڵەکانی کاتژمێر هەشتی شەوی کەناڵی ئێن ئاڕ تی، (٢٧ی ئەیلولی ٢٠٢٠). https://fb.watch/dsJV5lRO0a/

[٢] گەشتی سەرەکی هەواڵەکانی کاتژمێر هەشتی شەوی کەناڵی ڕووداو، (١٢ی ئابی ٢٠٢٠). https://fb.watch/dsLvUpkFAx/

[٣] گەشتی سەرەکی هەواڵەکانی کاتژمێر هەشتی شەوی کەناڵی سپێدە، (٨ی تەمموزی ٢٠٢٠). https://fb.watch/dsO39sq8E4/

[٤] گەشتی هەواڵەکانی کاتژمێر ١٠ی شەوی کەناڵی ئاسمانیی گەلی کوردستان، (٢٧ی ئابی ٢٠٢٠).

[٥] گەشتی سەرەکی هەواڵەکانی کاتژمێر هەشتی شەوی کەناڵی سپێدە، (١ی تەمموزی ٢٠٢٠). https://fb.watch/dsRSG9XZij/

قۆرخکاری کەرتی گشتی دوو هەواڵی لەبارەوە ئامادەکراوە و بە ڕێژەی ٣% بە پلەی شەشەم دێت، بۆ نموونە کەناڵی ڕووداو[١] لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوە کردووە "لەمەودوا گۆڕینەوەی دۆلار بە دینار لە کوردستان بە فرۆشتنی ئاشکرا دەبێت، ئەم بڕیارە بۆ ئەوەیە تاوەکو قۆرخکاریی نەمێنێت و هەلی یەکسان بۆ هەمووان بڕەخسێت".

خزمایەتی Nepotism یەک هەواڵی لەبارەوە ئامادەکراوە و بە ڕێژەی ١,٥% بە پلەی حەوتەم دێت، بۆ نموونە کەناڵی کوردسات نیوز[٢] لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەوەکردووە "بڕی ٥٠ هەزار دۆلار بۆ پزیشکان و کارمەندانی نەخۆشخانەی ڕزگاری هەولێر تەرخانکراوە بەڵام بە نادادپەروەرانە بەسەر سەد کەسدا دابەشکراوە لەسەر بنەمای حزبی"؛ بڕوانە خشتەی ژمارە (٧).

[١] گەشتی سەرەکی هەواڵەکانی کاتژمێر هەشتی شەوی کەناڵی ڕووداو، (٢٠ی ئەیلولی ٢٠٢٠).
https://fb.watch/dsUuQoovrv/
[٢] گەشتی سەرەکی هەواڵەکانی کاتژمێر هەشتی شەوی کەناڵی کوردسات نیوز، (١٠ی ئابی ٢٠٢٠).
https://fb.watch/dsU_QT1FHf/

**خشتەی ژمارە (٧)**

**دەستەی بوارەکانی گەندەڵیی دارایی لە هەواڵی کەناڵەکاندا**

| کەناڵ / دەستە | NRT | | Speda | | Rudaw | | GKsat | | Kurdsat | | Kurdistantv | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | |
| بەهەدەردانی سامانی گشتی | ١٤ | ٤٣,٧ | ٨ | ٤٤,٤ | ٣ | ٣٣,٣ | ١ | ٢٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٦ | ٣٩,٣ | ١ |
| قۆرخکاریی کەرتی تایبەت | ٤ | ١٢,٥ | ٥ | ٢٧,٧ | ١ | ١١,١ | ٢ | ٥٠ | ١ | ٥٠ | ١ | ١٠٠ | ١٤ | ٢١,٢ | ٢ |
| قاچاخچێتی خاڵە سنورییەکان | ٥ | ١٥,٦ | ٢ | ١١,١ | ٤ | ٤٤,٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١١ | ١٦,٦ | ٣ |
| خراپ بەکارهێنانی موڵک و ماڵی دەوڵەت | ٦ | ١٨,٧ | ٢ | ١١,١ | ٠ | ٠ | ١ | ٢٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٩ | ١٣,٦ | ٤ |
| فێڵی یاسایی | ٢ | ٦,٢٥ | ١ | ٥,٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣ | ٤,٥ | ٥ |
| قۆرخکاریی کەرتی گشتی | ١ | ٣,١ | ٠ | ٠ | ١ | ١١,١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ٣ | ٦ |
| خزمایەتی Nepotism | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٥٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١,٥ | ٧ |
| کۆی گشتی | ٣٢ | ١٠٠ | ١٨ | ١٠٠ | ٩ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٦٦ | ١٠٠ | - |

**٢- دەستەی ئامانجی خستنەڕوو:**

به گوێرەی داتا بەدەستهاتووەكانی پەیوەست بە "دەستەی ئامانجی خستنە روو" دەردەكەوێت كە: زۆرینەی هەواڵەكانی گەندەڵیی دارایی لە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكاندا، بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی دۆسییەكانی گەندەڵیی دارایی ئامادەكراون و بڵاوكراونەتەوە؛ بە جۆرێک بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوە ٣٩ هەواڵی پێ ئامادەكراوە و بە رێژەی ٥٩% بە پلەی یەكەم دێت؛ راگەیاندنی ئەنجامی لێكۆڵینەوە ١٤ هەواڵی پێ ئامادەكراوە و بە رێژەی ٢١,٢% بە پلەی دووەم دێت؛ بە ئامانجی وروژاندنی هەست و سۆزی وەرگر ١٣ هەواڵی گەندەڵیی دارایی پێ ئامادەكراوە و بە رێژەی ١٩,٦% بە پلەی سێیەم دێت.

بە گوێرەی ئەنجامەكان دەردەكەوێت زۆربەی كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان، چ ئەوانەی سەر بە حزبە حكومڕانەكان بن یاخود سەر بە حزبە ئۆپۆزسیۆنەكان بن، زیاتر بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی ئەو گەندەڵییەی كە هەژاندویانە، كاریان لەسەر هەواڵەكانی گەندەڵیی دارایی كردووە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وروژاندنی هەست و سۆزی وەرگر لە لایەن ئەو كەناڵانەی كە هەڵگری جۆرێک لە گوتاری ئۆپۆزسیۆنن، تا رادەیەک بوونی هەیە؛ هاوكات ئەو كەناڵانەی كە سەر بە حزبە حكومڕانەكانن یاخود نزیكن لێیانەوە، زیاتر بە ئامانجی بڵاوكردنەوەی ئەنجامەكانی لێكۆڵینەوە لە دۆسییەكانی گەندەڵیی، هەوڵی رووماڵكردنی هەواڵەكانی گەندەڵیی داراییان داوە؛ بڕوانە خشتەی ژمارە (٨).

**خشتەی ژمارە (٨)**

**دەستەی ئامانج لە خستنەڕووی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لە کەناڵەکاندا**

| کەناڵ / دەستە | NRT | | Speda | | Rudaw | | GKsat | | Kurdsat | | Kurdistantv | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | |
| هەوڵدان بۆ بەرەنگاربوونەوە | ١٨ | ٥٦,٢ | ١٤ | ٧٧,٧ | ٤ | ٤٤,٤ | ١ | ٢٥ | ١ | ٥٠ | ١ | ١٠٠ | ٣٩ | ٥٩ | ١ |
| راگەیاندنی ئەنجامی لێکۆڵینەوە | ٧ | ٢١,٨ | ١ | ٥,٥ | ٤ | ٤٤,٤ | ١ | ٢٥ | ١ | ٥٠ | ٠ | ٠ | ١٤ | ٢١,٢ | ٢ |
| وروژاندنی هەست و سۆز | ٧ | ٢١,٨ | ٣ | ١٦,٦ | ١ | ١١,١ | ٢ | ٥٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٣ | ١٩,٦ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٣٢ | ١٠٠ | ١٨ | ١٠٠ | ٩ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٦٦ | ١٠٠ | - |

**٣- دەستەی ڕەهەندی ناوچەیی:**

بە گوێرەی داتا بەدەستهاتووەکانی پەیوەست بە "دەستەی ڕەهەندی ناوچەیی" دەردەکەوێت کە: زیاتر لە نیوەی هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەبارەی گەندەڵیی داراییەوە، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بووە، بە جۆرێک لە کۆی ٦٦ هەواڵ، ٣٦ هەواڵیان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بووە و بە ڕێژەی ٥٤,٥% بە پلەی یەکەم دێت؛ ١٣ هەواڵ پەیوەست بووە بە گەندەڵیی دارایی لە هەولێر و بە ڕێژەی ١٩,٦% بە پلەی دووەم دێت؛ سلێمانی بە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی ١٢,١% و هەشت هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەبارەوە بڵاوکراوەتەوە؛ دهۆک بە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی ٧,٥% و پێنج هەواڵی گەندەڵیی دارایی تیایدا ئامادەکراوە؛ گەرمیان بە پلەی پێنجەم دێت بە ڕێژەی ٤,٥% و سێ هەواڵی لەبارەوە بڵاوکراوەتەوە؛ لە پلەی کۆتاییدا ڕاپەڕین دەبینرێت کە بە ڕێژەی ١,٥% بە پلەی شەشەم دێت و تەنها یەک هەواڵیی گەندەڵیی دارایی تیایدا ئامادەکراوە.

ئەنجامەکان دەرخەری ئەوەن کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان زیاتر کاریان لەسەر ئەو دۆسێیانەی گەندەڵیی دارایی کردووە، کە پەیوەستن بە کۆی هەرێمی کوردستانەوە؛ بە دوای ئەوەدا هەولێر زۆرترین هەواڵیی گەندەڵیی دارایی لەبارەوە بڵاوکراوەتەوە، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت کە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە و زۆرینەی دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتی هەرێم دەکەونە ئەو شارەوە؛ سلێمانییش لە دوای هەولێر بە دووەم گەورەترین شاری هەرێمی کوردستان دادەنرێت، هەروەها بە پایتەختی ئەو زۆنە دادەنرێت کە بە "زۆنی سەوز" ناسراوە، ڕەنگە هەر ئەوەش وایکردبێ کە بە پلەی سێیەم بێت لە ڕیزبەندی هەواڵەکانی گەندەڵیی داراییدا؛ لە لایەکی ترەوە دهۆک کە بە پلەی سێیەم هاتووە، تەنها لە لایەن کەناڵەکانی ئێن ئاڕ تی و سپێدەوە، ڕووماڵی هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی لەو شارە کراوە؛ بڕوانە خشتەی ژمارە (٩).

**خشتەی ژمارە (٩)**

**دەستەی رەهەندی ناوچەیی لە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵەکاندا**

| کەناڵ / دەستە | NRT | | Speda | | Rudaw | | GKsat | | Kurdsat | | Kurdistantv | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | |
| لەسەر ئاستی هەرێم | ٢١ | ٦٥,٦ | ٨ | ٤٤,٤ | ٥ | ٥٥,٥ | ١ | ٢٥ | ١ | ٥٠ | ٠ | ٠ | ٣٦ | ٥٤,٥ | ١ |
| هەولێر | ٣ | ٩,٣ | ٦ | ٣٣,٣ | ١ | ١١,١ | ١ | ٢٥ | ١ | ٥٠ | ١ | ١٠٠ | ١٣ | ١٩,٦ | ٢ |
| سلێمانی | ٤ | ١٢,٥ | ١ | ٥,٥ | ١ | ١١,١ | ٢ | ٥٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٨ | ١٢,١ | ٣ |
| دهۆک | ٣ | ٩,٣ | ٢ | ١١,١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٥ | ٧,٥ | ٤ |
| گەرمیان | ٠ | ٠ | ١ | ٥,٥ | ٢ | ٢٢,٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣ | ٤,٥ | ٥ |
| راپەرین | ١ | ٣,١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١,٥ | ٦ |
| کۆی گشتی | ٣٢ | ١٠٠ | ١٨ | ١٠٠ | ٩ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٦٦ | ١٠٠ | - |

## دووەم: ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا

لێرەدا ئەنجامەکانی فۆرمی راپرسی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، یەکەمجار تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی لێتوێژەران نیشاندراوە کە بۆ هەر یەکێکیان خشتەیەکی تایبەت دروستکراوە؛ پاشان ئەنجامەکانی راپرسی رای لێتوێژەران بە پشتبەستن بە پرۆگرامی (spss)[1] خراوەتەڕوو؛ دواتر جیاوازییە ئامارییەکان لە وەڵامی لێتوێژەراندا بەگوێرەی گۆڕاوە بنەڕەتییەکان شیکراوەتەوە؛ لە کۆتاییشدا دەرئەنجامەکان و پێشنیاز و راسپاردەکان خراونەتەڕوو.

### یەکەم: تایبەتمەندییەکانی لێتوێژەران

لەم بەشەدا، ئەو زانیارییانە دەخرێنە روو و وەسف دەکرێن کە لەبارەی لێتوێژەرانی بەشداربووی راپرسییەکە کۆکراونەتەوە، زانیارییەکان لە چەند خشتەیەکی جیا جیای یەک بە دوای یەکدا خراونەتە روو، بەمشێوەیە:

١- زانیارییە بنەڕەتییەکانی لێتوێژەران:

أ- رەگەزی لێتوێژەران: بە گوێرەی داتا بەدەستهاتووەکان ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە زۆرینەی بەشداربووی ئەم راپرسییە کە ٦٨ کەسن، لە رەگەزی نێرن و بە رێژەی ٧٠,١% بە پلەی یەکەم هاتوون؛ رەگەزی مێ ٢٩ کەسن و بە رێژەی ٢٩,٨% بە پلەی دووەم دێن.

ئەم ئەنجامە پەیوندی بە چەندین هۆکارەوە هەیە، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە رەگەزی مێ لە بواری سیاسیی و حکومڕانی هەرێمی کوردستاندا، هاوشێوەی رەگەزی نێر ئامادەییان نییە؛ خۆ ئەگەر سیستمی کۆتای ژنان نەبێت، کە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق[2] جێگیرکراوە، کە دەبێت رێژەی ژنان ٣٠%ی کورسییەکانی پەرلەمان کەمتر نەبێت، ئەوا رێژەی ژنان زۆر لەوە کەمتر دەبوو، کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان بوونی هەیە؛ بەو پێیەش ئەو ئەنجامەی لەم خشتەیەدا خراوەتەڕوو، تا رادەیەکی زۆر نزیکە لە رێژەی راستەقینەی هەردوو رەگەزی نێر و مێ، لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا؛ بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠).

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**دابەشبوونی لێتوێژەران بەپێی رەگەز**

| رەگەز | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| نێر | ٦٨ | ٧٠,١ | یەکەم |
| مێ | ٢٩ | ٢٩,٨ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ١٠٠ | |

ب- تەمەنی لێتوێژەران: ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی، لە رووی تەمەنەوە بە پلەی یەکەم ئەوانە دێن کە تەمەنیان لە نێون ٣٥ - ٤٤ ساڵیدایە؛ ئەوانەش تەمەنیان لە نێوان ٤٥ - ٥٥ ساڵیدایە، بە پلەی دووەم دێن؛

---

[1] spss: پرۆگرامی ئاماریی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (Statistical Package for the Social Sciences) کە کورتکراوەکەی (spss)ە و بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٨ خزمەتگوزاری دەستپێکردووە و بەردەستبووە؛ پرۆگرامەکە بەشێوەیەکی فراوان بۆ شیکاریی ئامار لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە لایەن توێژەرانی بازاڕ و راپرسیی و تەندروستیی و پەروەردە و حکومەت و کۆمپانیاکان بەکاردەهێندرێت.

[2] بڕوانە: یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، مادەی ٢٢، بڕگەی یەک. https://bit.ly/3RVoycF

هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ٢٥ - ٣٤ ساڵیدایە، بە پلەی سێیەمی ریزبەندییەکە هاتوون؛ هەر وەک ئەوانەی تەمەنیان لە ٥٥ ساڵ و سەروترە، پلەی چوارەمیان گرتووە.

هۆکاری دیارییکردنی دەستپێکی تەمەنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٥ ساڵیدا لەم توێژینەوەیەدا، لەو روانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بە گوێرەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، دەبێت ئەندامی پەرلەمان گەیشتبێتە تەمەنی بیست و پێنج ساڵ(١)، لە بەرامبەریشدا هیچ مەرجێک نییە کە بەرزترین ئاستی تەمەن دیاری بکات؛ بڕوانە خشتەی ژمارە (١١).

**خشتەی ژمارە (١١)**

**دابەشبوونی لێتوێژەران بەپێی تەمەن**

| تەمەن بە ساڵ | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ٢٥ - ٣٤ | ٢٣ | ٢٣,٧ | سێیەم |
| ٣٥ - ٤٤ | ٣٩ | ٤٠,٢ | یەکەم |
| ٤٥ - ٥٥ | ٢٨ | ٢٨,٨ | دووەم |
| ٥٥ و سەروتر | ٧ | ٧,٢ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ١٠٠ | |

ج- ئاستی خوێندنی لێتوێژەران: بەگوێرەی ئەنجامەکان، زۆرینەی لێتوێژەران کە پلەی یەکەمیان گرتووە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن؛ دوای ئەوییش هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا بە پلەی دووەم دێن؛ پلەی سێیەمیش بەر هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم کەوتووە؛ پلەی چوارەم و کۆتاییش هەڵگرانی بڕوانامەی بنەڕەتی دەگرێتەوە.

وەکو لە ئەنجامەکانەوە دەردەکەوێت، زیاتر لە نیوەی لێتوێژەران هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن؛ هەروەها رێژەی هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا لە ئاستێکی باشدایە و بە پلەی دووەم هاتووە؛ ئەوەش رەنگە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە حزب و لایەنە سیاسییەکان لەم ساڵانەی رابردوودا، هەوڵیانداوە زیاتر ئەو کەسانە بۆ ئەندامێتی پەرلەمان کاندید بکەن، کە هەڵگری بڕوانامەی زانستی باڵا و خاوەنی پسپۆڕێتیین لە بوارە جیاوازەکاندا؛ ئەوە لەکاتێکدایە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، هیچ مەرجێکی دانەناوە بۆ بڕوانامەی ئەندامانی پەرلەمان، تەنها ئەوە نەبێت کە ئاماژەی بەوەکردووە، پێویستە پەرلەمانتار بە چاکی خوێندنەوە و نوسین بزانێت(٢)؛ بڕوانە خشتەی ژمارە (١٢).

**خشتەی ژمارە (١٢)**

**دابەشبوونی لێتوێژەران بەپێی بڕوانامەی زانستی**

| ئاستی خوێندن | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بنەڕەتی | ٦ | ٦,١ | چوارەم |
| دبلۆم | ١١ | ١١,٣ | سێیەم |
| بەکالۆریۆس | ٥٤ | ٥٥,٦ | یەکەم |
| خوێندنی باڵا | ٢٦ | ٢٦,٨ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ١٠٠ | |

د- فراکسیۆنی لێتوێژەران: ئەو ئەنجامانەی لەڕێی فۆرمی راپرسی توێژینەوەکەوە بەدەستهاتوون، تارادەیەکی زۆر نزیکە لە ژمارە و قەبارەی فراکسیۆنەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان؛ هەر

(١) بڕوانە: بڕگەی دوو، لە مادەی ٢١ی هەمان یاسا.

(٢) بڕوانە: یاسای پێشوو، مادەی ٢١، بڕگەی سێیەم.

بۆیە دەبینین ئەو لێتوێژەرانەی کە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانن، بە پلەی یەکەم دێن؛ بە پلەی دووەمیش فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دێت؛ فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆڕان لە پلەی سێیەمدایە؛ پێکهاتەکان کە وەکو یەک فراکسیۆن مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، بە پلەی چوارەم دێن؛ فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان لە پلەی پێنجەمدایە؛ فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پلەی شەشەمی گرتووە؛ فراکسیۆنی جوڵانەوەی نەوەی نوێ بە پلەی حەوتەم دێت؛ فراکسیۆنی پەرلەمانتارە سەربەخۆکان کە پێشتر لە فراکسیۆنی نەوەی نەوێ جیابوونەوە، بە پلەی هەشتەم دێن؛ فراکسیۆنی ئازادی (حزبی شیوعی کوردستان) کە تەنها یەک پەرلەمانتاری هەیە، بە پلەی نۆیەم دێت؛ بڕوانە خشتەی ژمارە (١٣).

**خشتەی ژمارە (١٣)**

**دابەشبوونی لێتوێژەران بەپێی فراکسیۆن**

| فراکسیۆن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| پارتی | ٤٠ | ٤١,٢ | یەکەم |
| یەکێتی | ١٩ | ١٩,٥ | دووەم |
| گۆڕان | ١١ | ١١,٣ | سێیەم |
| پێکهاتەکان | ٩ | ٩,٢ | چوارەم |
| کۆمەڵ | ٧ | ٧,٢ | پێنجەم |
| یەکگرتوو | ٤ | ٤,١ | شەشەم |
| نەوەی نوێ | ٣ | ٣ | حەوتەم |
| سەربەخۆ | ٣ | ٣ | هەشتەم |
| ئازادی | ١ | ١ | نۆیەم |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ١٠٠ | |

**٢- ئاستی پشتبەستنی لێتوێژەران بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان:**

دوای لێک جیاکردنەوەی وەڵامی لێتوێژەران سەبارەت بەوەی، ئایا ئەوان پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی، بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی ٧٥,٢٥% وەڵامیان بە بەڵێ بوو کە ٧٣ پەرلەمانتار دەکات؛ بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٢٤,٧٥% وەڵامیان بە نەخێر بوو کە ٢٤ پەرلەمانتار دەکات.

پشتنەبەستنی بەشێک لە پەرلەمانتاران بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، بە خاڵێکی نەرێنی تەماشا دەکرێت، ڕەنگە هەر ئەم خاڵەش وایکردبێ کە ڕەخنەیەکی زۆر لە پەرلەمانتاران و پەرلەمان بە گشتی بگیرێت کە لە ئاست بەدواداچوون و جوڵاندنی دۆسییەکانی گەندەڵیی سست و ناچالاکن و وەکو پێویست بەدوای دۆسییەکاندا ناچن، تەنانەت هەندێک لە پەرلەمانتاران کە دەبێت چاودێربن بەسەر کارەکانی حکومەتەوە، کەچی لایەنگری حکومەت دەکەن و پاساو بۆ کارەکانی دەهێننەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٤).

**خشتەی ژمارە (١٤)**

**ئاستی پشتبەستنی لێتوێژەران بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵەکان**

| ڕادەی پشتبەستن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٧٣ | ٧٥,٢٥ | یەکەم |
| نەخێر | ٢٤ | ٢٤,٧٥ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ١٠٠ | |

**٣- هۆکارەکانی پشتنەبەستن بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان:**

بۆ خستنەڕووی هۆکارەکانی پشتنەبەستن بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، لە لایەن ئەو ٢٤ لێتوێژەرەی کە بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە، ئەم توێژینەوەیە چەند هۆکارێکی خستە بەردەم لێتوێژەران کە بۆیان هەبوو زیاد لە هۆکارێک هەڵبژێرن؛ لە ئەنجامدا دەرکەوت، هۆکاری سەرەکی پشتنەبەستنی بەشێک لە پەرلەمانتاران بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی متمانەیان بە زانیارییەکان نییە؛ بە پلەی دووەمیش هۆکارەکەی ئەوەیە، کە ئەو لێتوێژەرانە لە بەدواداچوونی خۆیانەوە زانیارییان دەستدەکەوێت؛ بە پلەی سێیەمیش هۆکارەکەی بۆ نەبوونی کاتی پێویست دەگەڕێننەوە بۆ تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن.

ئەو پاساوانەی بەشێک لە پەرلەمانتاران خستوویانەتەڕوو بۆ هۆکاری پشتنەبەستن بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بە هۆکارگەلێکی لاواز لە قەڵەم دەدرێن، چونکە لە پرسێکی هەستیاری وەکو گەندەڵیی داراییدا، نابێت پەرلەمانتار کە هەواڵێک لەبارەی گەندەڵییەکەوە دەبینێت بە پاساوی ئەوەی متمانەی بەو کەناڵانە نییە، هەواڵەکە پشتگوێی بخات، بەڵکو بەدواداچوونی بۆ بکات و ئەگەر ناڕاستیش بوو، لە ڕێگەی داواکاریی گشتییەوە سکاڵا لە دژی کەناڵەکە بگرێتەبەر، هەروەها نەبوونی کات بۆ تەماشاکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەکو ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران ئاماژەیان بۆ کردووە، بەهەمانشێوە بە پاساوێکی لاواز وەسفدەکرێت، چونکە پەرلەمانتار لەو ماوەیەی کە لە ئەرکدایە ژینگەیەکی وای بۆ دەڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی بە شتی دیکەوە سەرقاڵ نەبێت و هەموو کاتەکانی خۆی بۆ بەدوادچوون و چاودێرییکردنی کارەکانی حکومەت تەرخان بکات، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٥).

**خشتەی ژمارە (١٥)**

**هۆکارەکانی پشتنەبەستن بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵەکان**

| هۆکارەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| متمانەم بە زانیارییەکان نییە | ١٥ | ٤٨,٣ | یەکەم |
| لە بەدواداچوونی خۆمەوە زانیاریم دەستدەکەوێت | ١٣ | ٤١,٩ | دووەم |
| کاتم نییە تەماشای تەلەڤزیۆن بکەم | ٣ | ٩,٦ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٣١(*) | ١٠٠ | |

**دووەم: خستنەڕووی ئەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپرسی:**

بۆ ئاشکراکردنی ئەنجامی لایەنی پراکتیکی تایبەت بەلایەنی پێوانەکردن لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر مامەڵەی لەگەڵ وەڵامی ئەو لێتوێژەرانەدا کرد کە پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستن، لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا و وەڵامی فۆڕمی پێوانەکردنەکەیان داوەتەوە، کە ژمارەیان (٧٣) پەرلەمانتار بووە؛ بۆ گەیشتن بە چارەسەرە ئامارییەکان و دەرهێنانی نێوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بڕگەکان و پلەبەندکردنیان، توێژەر پرۆگرامی (spss)ی بەکارهێناوە؛ هەروەها بۆ دیارییکردنی ئاستی کاریگەری بڕگەکانیش، توێژەر ئەم ڕێگایەی گرتەبەر:

بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە بژاردەی لیکەرتی پێنجی بەکارهێناوە، بژاردەی (هەمیشە) بەهای ٥ وەردەگرێت؛ بژاردەی (زۆرجار) بەهای ٤ وەردەگرێت؛ بژاردەی (هەندێکجار) بەهای ٣ وەردەگرێت؛ بژاردەی (کەمجار) بەهای ٢ وەردەگرێت و بژاردەی (هەرگیز) بەهای ١ وەردەگرێت.

(*) لێتوێژەران بۆیان هەبووە زیاد لە وەڵامێک هەڵبژێرن.

لەسەر ئەم بنەمایە بۆ دەرهێنانی مەودا (range)، زۆرترین بەها کەمترین بەهای لێدەردەکەین و دابەشی کۆی بژاردەکانی دەکەین، تا ئەنجامی مەودا بەردەست دەکەوێت؛ واتە (٥-١=٤) (٤÷5=0.80). کەواتە مەودا دەکاتە: ٠,٨٠ ؛ بۆیە رادەی کاریگەری لەسەر پلەی بژاردەکان بەمشێوەیە دەبێت: ١ تا ١,٨٠ کاریگەرییەکی زۆر لاواز؛ ١,٨١ تا ٢,٦٠ کاریگەرییەکی لاواز؛ ٢,٦١ تا ٣,٤٠ کاریگەرییەکی مامناوەند؛ ٣,٤١ تا ٤,٢٠ کاریگەرییەکی بەهێز؛ ٤,٢١ تا ٥,٠٠ کاریگەرییەکی زۆر بەهێز.

ئەنجامی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەش بەگوێرەی فۆرمی راپرسییەکە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

**١- کاریگەری پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.**

بۆ ئاشکراکردنی کاریگەری پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، توێژەر ئەم هەنگاوانەی گرتەبەر: دەرهێنانی نێوەندی ژمێرەیی راستەقینە کە بریتی بوو لە (٩١,١٩%) لەگەڵ نێوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە بریتی بوو لە (٨٧)؛ نێوەندی ژمێرەیی گریمانەیی بریتییە لە: (کۆی بەهای بژاردەکان ÷ ژمارەی بژاردەکان × کۆی بڕگەکان) واتە (١٥ ÷ 5 × 29=87)، لادانی پێوەری پێوانەکەشمان (١٥,٣٨) بوو، دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی "ت" .One-Sample T Test دەرکەوت کە بەهای "ت" بریتییە لە (٢,٣٢) بە پلەی سەربەستی (٧٢) (df) و بە ئاماژەی (٠,٠٢) (sig)، واتە کەمترە لە بەهای خشتەیی کە (٠,٠٥) دەکات، ئەم ئەنجامەش لە رووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، واتە پشتبەستن بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، کاریگەری لەسەر پەرلەمانتاران دروستکردووە لە رووی (زانیاریی، ویژدانی و رەفتاریی)، دواتر یەک بە یەکی کاریگەرێتییەکان و شێوازەکەی شیدەکرێتەوە؛ بڕوانە خشتەی ژمارە (١٦).

**خشتەی ژمارە (١٦)**

**خستنەڕووی ئەنجامی تاقیکردنەوەی "ت" بۆ وەڵامی لێتوێژەران**

| ئاماژە Sig | پلەی سەربەستی DF | بەهای "ت" T.Test | لادانی پێوەریی | کۆی نێوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | کۆی نێوەندی ژمێرەیی راستەقینەی بڕگەکان | سامپڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٠,٠٢ | ٧٢ | ٢,٣٢ | ١٥,٣٨ | ٨٧ | ٩١,١٩ | ٧٣ |

**٢- ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەکو سەرچاوەی زانیاریی لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.**

بە گوێرەی داتا بەدەستهاتووەکان، بڕگەکانی تەوەرەی یەکەم کە تایبەتن بە ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەکو سەرچاوەی زانیاریی لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، دەردەکەوێت ئاستی نێوەندی ژمێرەیی تەوەرەکە بەگشتی کاریگەرییەکی مامناوەندی هەیە؛ بەو پێیەی نێوەندی ژمێرەیی بۆ کۆی بڕگەکان بریتییە لە ٢,٦٣ و کۆی گشتی لادانی پێوەری تەوەرەکە بریتییە لە ٠,٨٨٢ کە ئەوەش بەپێی پێوەری لیکەرتی پێنجی، واتە ئاستی پشتبەستنەکە بە ئاراستەی هەندێکجارە؛ ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران هەندێکجار وەکو سەرچاوەی زانیاریی پشتیان بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەستووە لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.

لەسەر ئاستی بڕگەکانییش، بڕگەی ژمارە (١٠) کە ئاماژە بەوە دەدا "هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، کارئاسانی دەکات ئاگاداری کاریگەرێتییەکانی گەندەڵیی دارایی بم لەسەر ژیانی خەڵک." بە پلەی یەکەم دێت و بەرزترین نێوەندی ژمێرەیی هەیە لە تەوەرەکەدا، کە بریتییە لە ٣,١٨ هەروەها لادانی پێوەرییەکەی ٠,٨٥٥ بەو پێیەش کاریگەری بڕگەکە مامناوەندە.

بڕگەی ژمارە (١) کە جەخت لەوە دەکاتەوە "هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئاگادارم دەکات لە دوایین پێشهات و رووداوەکانی گەندەڵیی دارایی." بە پلەی دووەم دێت، بەو پێیەی نێوەندی ژمێرەییەکەی ٢,٧٥ و لادانی پێوەرییەکەی ٠,٧٦٠، کاریگەری بڕگەکە مامناوەندە.

بڕگەی ژمارە (٢)ە کە باس لەوە دەکات "هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، زانیارییم دەداتێ دەربارەی لێکەوتە خراپەکانی گەندەڵیی دارایی." بە نێوەندی ژمێرەیی ٢,٧١ و لادانی پێوەری ٠,٨٧٤ بە پلەی سێیەم دێت و کاریگەری مامناوەندە؛ ئەم بڕگەیە هەرچەندە نێوەندی ژمێرەییەکەی لەگەڵ بڕگەی ژمارە حەوت وەکو یەکە، بەڵام لەبەرئەوەی بڕگەی ژمارە دوو لادانی پێوەرییەکەی کەمترە، بۆیە هێز بۆ بڕگەی ژمارە دووە.

بڕگەی ژمارە (٧) کە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی "هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، زانیارییم ناداتێ دەربارەی دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی." بە پلەی چوارەم دێت و نێوەندی ژمێرەییەکەی ٢,٧١ ە و لادانی پێوەرییەکەی ٠,٩٩٣ یە، کاریگەری بڕگەکە مامناوەندە. بڕگەی ژمارە (٩) کە دەڵێت "متمانە بە زانیارییەکانی هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەم بۆبەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی." بە پلەی پێنجەم دێت بە نێوەندی ژمێرەیی ٢,٦١ و لادانی پێوەری ٠,٨٢٧ بەو پێیەش کاریگەری بڕگەکە مامناوەندە.

پلەی شەشەم بۆ بڕگەی ژمارە (٦)ە کە ئاماژە بەوەدەدا "هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، زانیارییم دەداتێ دەربارەی شێواز و ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی." کە نێوەندی ژمێرەیی بڕگەکە ٢,٥٦ و لادانی پێوەرییەکەی ٠,٨٩٧، بڕگەکە کاریگەرییەکی نزمی هەیە.

بڕگەی ژمارە (٥) کە باس لەوە دەکات "هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئاشنام دەکات بەو کەس و لایەنانەی لە گەندەڵیی دارایی تێوەگلاون" بە پلەی حەوتەم دێت کە نێوەندی ژمێرەییەکەی ٢,٥٣ و لادانی پێوەرییەکەی ٠,٨٩٩یە، بڕگەکە کاریگەرییەکی نزمی هەیە.

بڕگەی ژمارە (٨) کە تیایدا هاتووە "هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئاشنام دەکات بە رێرەوی لێکۆڵینەوە لە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی رابردوو." بە پلەی هەشتەم دێت و کاریگەرییەکی نزمی هەیە، بەو پێیەی نێوەندی ژمێرەییەی بڕگەکە ٢,٤٨ و لادانی پێوەرییەکەی ٠,٩١٥ە.

پلەی نۆیەمی تەوەرەکە بۆ بڕگەی ژمارە (٤)ە کە دەڵێت "هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ئاشنام دەکات بە ئەزموونی نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی." بە نێوەندی ژمێرەیی ٢,٤٢ و لادانی پێوەری ٨,٤٨، بڕگەکە کاریگەرییەکی نزمی هەیە.

دوا بڕگەی ئەم تەوەرەیە کە لە پلەی دەیەمدایە و کاریگەرییەکی نزمی هەیە بڕگەی ژمارە (٣)یە کە ئاماژە بەوەدەدا "هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان کۆمەکم دەکات لە ئامادەکردنی پرۆژەیاسا و بڕیارەکان." نێوەندی ژمێرەیی بڕگەکە ٢,٤٠ و لادانی پێوەرییەکەی ٠,٩٥٤.

بەپێی ئەنجامی بڕگەکانی ئەم تەوەرەیە دەردەکەوێت، هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، توانیویەتی زانیاریی باش لەبارەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گەندەڵیی دارایی لەسەر ژیانی خەڵک بگوازێتەوە و ئەو زانیارییانەش گەیشتووەتە پەرلەمانتاران، بەڵام لە بەرامبەردا وەک دەردەکەوێت ئەو زانیارییانەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بڵاویانکردووەتەوە بە ئاستێکی زۆر کەم هاوکاری پەرلەمانتارانی کردووە تاوەکو لە ئامادەکردنی پڕۆژەیاسا و بڕیارەکاندا سودی لێ وەربگرن؛ بڕوانە خشتەی ژمارە (١٧).

**خشتەی ژمارە (١٧)**

**پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی کەناڵە کوردییەکان وەکو سەرچاوەی زانیاریی**

| ژ | بڕگەکان | بژاردەکان | ژ | % | ن.ژ | لا.پ | ئاست | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | کارئاسانی دەکات ئاگاداری کاریگەرێتییەکانی گەندەڵیی دارایی بم لەسەر ژیانی خەڵک. | هەمیشە | ٢ | ٢,٧ | ٣,١٨ | ٠,٨٥٥ | مامناوەند | ١ |
| | | زۆرجار | ٢٧ | ٣٧,٠ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٧ | ٣٧,٠ | | | | |
| | | کەمجار | ١٦ | ٢١,٩ | | | | |
| | | هەرگیز | ١ | ١,٤ | | | | |
| ١ | ئاگادارم دەکات لە دوایین پێشهات و ڕووداوەکانی گەندەڵیی دارایی. | هەمیشە | - | - | ٢,٧٥ | ٠,٧٦٠ | مامناوەند | ٢ |
| | | زۆرجار | ١١ | ١٥,١ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٣٦ | ٤٩,٣ | | | | |
| | | کەمجار | ٢٣ | ٣١,٥ | | | | |
| | | هەرگیز | ٣ | ٤,١ | | | | |
| ٢ | زانیاریم دەداتێ دەربارەی لێکەوتە خراپەکانی گەندەڵیی دارایی. | هەمیشە | - | - | ٢,٧١ | ٠,٨٧٤ | مامناوەند | ٣ |
| | | زۆرجار | ١٥ | ٢٠,٥ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٧ | ٣٧,٠ | | | | |
| | | کەمجار | ٢٦ | ٣٥,٦ | | | | |
| | | هەرگیز | ٥ | ٦,٨ | | | | |
| ٧ | زانیاریم ناداتێ دەربارەی دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی. | هەمیشە | ٣ | ٤,١ | ٢,٧١ | ٠,٩٩٣ | مامناوەند | ٤ |
| | | زۆرجار | ١٤ | ١٩,٢ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٠ | ٢٧,٤ | | | | |
| | | کەمجار | ٣١ | ٤٢,٥ | | | | |
| | | هەرگیز | ٥ | ٦,٨ | | | | |
| ٩ | متمانە بە زانیارییەکان دەکەم بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی. | هەمیشە | - | - | ٢,٦٢ | ٠,٨٢٧ | مامناوەند | ٥ |
| | | زۆرجار | ١١ | ١٥,١ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٨ | ٣٨,٤ | | | | |
| | | کەمجار | ٢٩ | ٣٩,٧ | | | | |
| | | هەرگیز | ٥ | ٦,٨ | | | | |
| ٦ | زانیاریم دەداتێ دەربارەی ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی. | هەمیشە | - | - | ٢,٥٦ | ٠,٨٩٧ | نزم | ٦ |
| | | زۆرجار | ١٢ | ١٦,٤ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٥ | ٣٤,٢ | | | | |
| | | کەمجار | ٢٨ | ٣٨,٤ | | | | |
| | | هەرگیز | ٨ | ١١,٠ | | | | |
| | ئاشنام دەکات بەو کەس و | هەمیشە | ١ | ١,٤ | | | | |
| | | زۆرجار | ١٠ | ١٣,٧ | | | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | لایەنانەی لە گەندەڵیی دارایی تێوەگلاون. | هەندێکجار | ٢٣ | ٣١,٥ | ٢,٥٣ | ٠,٨٩٩ | نزم | ٧ |
| | | کەمجار | ٣٢ | ٤٣,٨ | | | | |
| | | هەرگیز | ٧ | ٩,٦ | | | | |
| ٨ | ئاشنام دەکات بە ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە لە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی رابردوو. | هەمیشە | ١ | ١,٤ | ٢,٤٨ | ٠,٩١٥ | نزم | ٨ |
| | | زۆرجار | ٧ | ٩,٦ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٩ | ٣٩,٧ | | | | |
| | | کەمجار | ٢٥ | ٣٤,٢ | | | | |
| | | هەرگیز | ١١ | ١٥,١ | | | | |
| ٤ | ئاشنام دەکات بە ئەزموونی نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی. | هەمیشە | - | - | ٢,٤٢ | ٠,٨٤٨ | نزم | ٩ |
| | | زۆرجار | ٦ | ٨,٢ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٣٠ | ٤١,١ | | | | |
| | | کەمجار | ٢٦ | ٣٥,٦ | | | | |
| | | هەرگیز | ١١ | ١٥,١ | | | | |
| ٣ | کۆمەکم دەکات لە ئامادەکردنی پرۆژەیاسا و بڕیارەکان. | هەمیشە | ٢ | ٢,٧ | ٢,٤٠ | ٠,٩٥٤ | نزم | ١٠ |
| | | زۆرجار | ٤ | ٥,٥ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٩ | ٣٩,٧ | | | | |
| | | کەمجار | ٢٤ | ٣٢,٩ | | | | |
| | | هەرگیز | ١٤ | ١٩,٢ | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | **٢,٦٣** | **٠,٨٨٢** | **مامناوەند** | |

**٣- کاریگەری هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەسەر ویژدانی پەرلەمانتاران لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.**

بە گوێرەی داتا بەدەستهاتووەکان، بڕگەکانی تەوەرەی دووەم کە تایبەتن بە کاریگەری هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەسەر ویژدانی پەرلەمانتاران، دەردەکەوێت ئاستی نێوەندی ژمێرەیی تەوەرەکە بەگشتی کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە؛ بەو پێیەی نێوەندی ژمێرەیی بۆ کۆی بڕگەکان بریتییە لە ٣,٧٧ و کۆی گشتی لادانی پێوەری تەوەرەکە بریتییە لە ١,٠١٠ کە ئەوەش بەپێی پێوەری لیکەرتی پێنجی، واتە ئاستی پشتبەستنەکە بە ئاراستەی زۆرجارە؛ ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەفزیۆنە ئاسمانییە کوردییەکان لە رووی ویژدانییەوە، زۆرجار توانیویەتی کاریگەری لەسەر پەرلەمانتاران دروست بکات.

لەسەر ئاستی بڕگەکانیش بڕگەی ژمارە (٩) بە پلەی یەکەم دێت کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "ئاسودە دەبم بە بیستنی هەواڵی دادگاییکردنی گەندەڵکاران." ئەم بڕگەیە بەرزترین نێوەندی ژمێرەیی هەیە کە بریتییە لە ٤,٤٠ بە لادانی پێوەری ٠,٩٥٤ ، بەو پێیەش ئاستی کاریگەری بڕگەکە زۆر بەهێزە.

لە پلەی دووەمیش بڕگەی ژمارە (٥) دێت کە تیایدا هاتووە "نیگەران دەبم کاتێک لێپێچینەوە لە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی هیچ ئەنجامێکی نابێت." نێوەندی ژمێرەیی بڕگەکە ٤,٢١ و لادانی پێوەرییەکەی ٠,٩٩٩ ، بەهەمانشێوەی بڕگەی یەکەم، ئاستی کاریگەری ئەم بڕگەیەش زۆر بەهێزە.

لە پلەی سێیەمی ئەم تەوەرەیەدا بڕگەی ژمارە (٢) بەرچاو دەکەوێت کە ئاماژە بەوەدەدا "ئاسودە دەبم کاتێک هەواڵی لێپێچینەوە لە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی دەبیستم." نێوەندی ژمێرەیی بڕگەکە ٤,١٦ یە و لادانی پێوەرییەکەی ٠,٩٧٢ بەو پێیەش ئاستی کاریگەری بڕگەکە بەهێزە.

بڕگەی ژمارە (٧) کە جەخت لەوە دەکاتەوە "هەست بە بێزاری دەکەم کە قەبارەی گەندەڵیی لە هەرێم وەک خۆی ناخرێتە ڕوو." بە پلەی چوارەم دێت و نێوەندی ژمێرییەکەی ٣,٩٥ و لادانی پێوەرییەکەی ١,٠٣٩یە بەو پێیەش ئاستی کاریگەری بڕگەکە بەهێزە.

بڕگەی ژمارە (١) بە پلەی پێنجەم دێت کە ئاماژە دەدا بەوەی "هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەم بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی." نێوەندی ژمێرەیی بڕگەکە بریتییە لە ٣,٧٧ و لادانی پێوەرییەکەی ٠,٩٦٥ بەو پێیەش ئاستی کاریگەری بڕگەکە بەهێزە.

لە پلەی شەشەمدا بڕگەی ژمارە (٨) هاتووە کە جەختدەکاتەوە لەوەی "دابەشبوونی کەناڵەکان بەسەر حزبەکاندا، بێ متمانەم دەکات بەرامبەر بە زانیارییەکان." نێوەندی ژمێرەیی بڕگەکە ٣,٦٧ و لادانی پێوەرییەکەی ١,١٠٦ بەو پێیەش ئاستی کاریگەری بڕگەکە بەهێزە.

بڕگەی ژمار (٤) کە ئاماژەی بەوەکردووە "هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵەکان پێداگری زیاترم بۆ دروست دەکات بۆ لێپێچینەوە لە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی." بە پلەی حەوتەم دێت کە نێوەندی ژمێرەیی بڕگەکە ٣,٤٩ یە و لادانی پێوەرییەکەی ١,٠٠٢ ئەمەش وایکردووە ئاستی کاریگەری بڕگەکە بەهێز بێت.

پلەی هەشتەمی ئەم تەوەرەیە بەر بڕگەی ژمارە (٣) کەوتووە کە تیایدا باسی لەوەکردووە، "هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئیرادەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییم لا بەهێز دەکات." کە نێوەندی ژمێرییەکەی ٣,٣٧ و لادانی پێوەرییەکەی ١,٠٧٤ بەگوێرەی ئەوەش ئاستی کاریگەری بڕگەکە مامناوەندە.

لە کۆتا پلەشدا کە پلەی نۆیەمە، بڕگەی ژمارە (٦) بەرچاو دەکەوێت کە تیایدا هاتووە "تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەبم بەرامبەر دۆخی گەندەڵیی دارایی لە هەرێم." کەمترین نێوەندی ژمێرەیی هەیە لەنێو بڕگەکاندا کە ٢,٩٥ و لادانی پێوەرییەکەی ٠,٩٨٤ بەوەش ئاستی کاریگەری بڕگەکە مامناوەندە.

بە وردبوونەوە لە ئەنجامەکانی تایبەت بەم تەوەرەیە دەردەکەوێت، بەگشتی هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، لە رووی هەست و سۆزەوە کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر ویژدانی پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دروستکردووە؛ هەروەها دیارترین کات کە کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر پەرلەمانتاران دروستکردبێت، ئەو کاتەیە کە هەواڵی دادگاییکردنی ئەو کەسانە بڵاوکراوەتەوە، کە لە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی تێوەگلاون؛ لە بەرامبەر ئەوەشدا دەردەکەوێت، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی گەندەڵیی داراییدا، کەمترین کات ترس و دڵەڕاوکێیان بۆ پەرلەمانتاران دروستکردووە، کە ئەمەش بە لایەنێکی ئەرێنی هەژماردەکرێت بۆ رووماڵکردنی هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا؛ بەڵام دابەشبوونی کەناڵەکان بەسەر حزبەکاندا، زۆرجار وای لە پەرلەمانتاران کردووە کە بێ متمانەبن بەرامبەر بەو زانیارییانەی لەبارەی دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی بڵاوی دەکەنەوە؛ بڕوانە خشتەی ژمارە (١٨).

**خشتەی ژمارە (١٨)**

**هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەسەر ویژدانی پەرلەمانتاران**

| ژ | بڕگەکان | بژاردەکان | ژ | % | ن.ژ | لا.پ | ئاست | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | ئاسودە دەبم بە بیستنی هەواڵی دادگاییکردنی گەندەڵکاران. | هەمیشە | ٤٦ | ٦٣,٠ | ٤,٤٠ | ٠,٩٥٤ | زۆر بەهێز | ١ |
| | | زۆرجار | ١٦ | ٢١,٩ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٦ | ٨,٢ | | | | |
| | | کەمجار | ٤ | ٥,٥ | | | | |
| | | هەرگیز | ١ | ١,٤ | | | | |
| ٥ | نیگەران دەبم کاتێک لێپێچینەوە لە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی هیچ ئەنجامێکی نابێت. | هەمیشە | ٣٩ | ٥٣,٤ | ٤,٢١ | ٠,٩٩٩ | زۆر بەهێز | ٢ |
| | | زۆرجار | ١٦ | ٢١,٩ | | | | |
| | | هەندێکجار | ١٢ | ١٦,٤ | | | | |
| | | کەمجار | ٦ | ٨,٢ | | | | |
| | | هەرگیز | - | - | | | | |
| ٢ | ئاسودە دەبم کاتێک هەواڵی لێپێچینەوە لە دۆسیەکانی گەندەڵیی دارایی دەبیستم. | هەمیشە | ٣٤ | ٤٦,٦ | ٤,١٦ | ٠,٩٧٢ | بەهێز | ٣ |
| | | زۆرجار | ٢٤ | ٣٢,٩ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٨ | ١١,٠ | | | | |
| | | کەمجار | ٧ | ٩,٦ | | | | |
| | | هەرگیز | - | - | | | | |
| ٧ | هەست بە بێزاری دەکەم کە قەبارەی گەندەڵیی وەک خۆی ناخرێتە ڕوو. | هەمیشە | ٢٧ | ٣٧,٠ | ٣,٩٥ | ١,٠٣٩ | بەهێز | ٤ |
| | | زۆرجار | ٢٤ | ٣٢,٩ | | | | |
| | | هەندێکجار | ١٤ | ١٩,٢ | | | | |
| | | کەمجار | ٧ | ٩,٦ | | | | |
| | | هەرگیز | ١ | ١,٤ | | | | |
| ١ | هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەم بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی. | هەمیشە | ١٨ | ٢٤,٧ | ٣,٧٧ | ٠,٩٦٥ | بەهێز | ٥ |
| | | زۆرجار | ٢٨ | ٣٨,٤ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٠ | ٢٧,٤ | | | | |
| | | کەمجار | ٦ | ٨,٢ | | | | |
| | | هەرگیز | ١ | ١,٤ | | | | |
| ٨ | دابەشبوونی کەناڵەکان بەسەر حزبەکاندا، بێ متمانەم دەکات بەرامبەر زانیارییەکان. | هەمیشە | ٢٠ | ٢٧,٤ | ٣,٦٧ | ١,١٠٦ | بەهێز | ٦ |
| | | زۆرجار | ٢٢ | ٣٠,١ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢١ | ٢٨,٨ | | | | |
| | | کەمجار | ٧ | ٩,٦ | | | | |
| | | هەرگیز | ٣ | ٤,١ | | | | |
| ٤ | پێداگری زیاترم بۆ دروست دەکات بۆ لێپێچینەوە لە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی. | هەمیشە | ١٢ | ١٦,٤ | ٣,٤٩ | ١,٠٠٢ | بەهێز | ٧ |
| | | زۆرجار | ٢٥ | ٣٤,٢ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٥ | ٣٤,٢ | | | | |
| | | کەمجار | ٩ | ١٢,٣ | | | | |
| | | هەرگیز | ٢ | ٢,٧ | | | | |
| ٣ | ئیرادەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییم لا بەهێز دەکات. | هەمیشە | ١٣ | ١٧,٨ | ٣,٣٧ | ١,٠٧٤ | مامناوەند | ٨ |
| | | زۆرجار | ٢٠ | ٢٧,٤ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٢ | ٣٠,١ | | | | |
| | | کەمجار | ١٧ | ٢٣,٣ | | | | |
| | | هەرگیز | ١ | ١,٤ | | | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەبم بەرامبەر دۆخی گەندەڵیی دارایی لە هەرێم. | هەمیشە | ٤ | ٥,٥ | ٢,٩٥ | ٠,٩٨٤ | مامناوەند | ٩ |
| | | زۆرجار | ١٦ | ٢١,٩ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٣٠ | ٤١,١ | | | | |
| | | کەمجار | ١٨ | ٢٤,٧ | | | | |
| | | هەرگیز | ٥ | ٦,٨ | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | **٣,٧٧** | **١,٠١٠** | **بەهێز** | |

**4- ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە نواندنی ڕەفتار لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.**

بە گوێرەی داتا بەدەستهاتووەکان، بڕگەکانی تەوەرەی سێیەم کە تایبەتن بە زانینی ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە نواندنی ڕەفتاردا، دەردەکەوێت ئاستی نێوەندی ژمێرەیی تەوەرەکە بەگشتی کاریگەرییەکی مامناوەندی هەیە؛ بەو پێیەی نێوەندی ژمێرەیی بۆ کۆی بڕگەکان بریتییە لە ٣,٠٨ و کۆی گشتی لادانی پێوەری تەوەرەکە بریتییە لە ١,٠٢٦ کە ئەوەش بەپێی پێوەری لیکەرتی پێنجی، واتە ئاستی پشتبەستنەکە بۆ نواندنی ڕەفتار بە ئاراستەی هەندێکجارە؛ ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران هەندێکجار، پشتیان بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە ئاسمانییە کوردییەکان بەستووە بۆ نواندنی ڕەفتار لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا.

لەسەر ئاستی بڕگەکانیش، بڕگەی ژمارە (٧) بە پلەی یەکەم دێت کە تیایدا هاتووە، "کاتێک هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبینم وادەکات هەوڵی دروستکردنی فشار و پێکهێنانی کۆدەنگی بدەم" ئەم بڕگەیە بەرزترین نێوەندی ژمێرەیی هەیە لە تەوەرەکەدا کە بریتییە لە ٣,٤٧ بە لادانی پێوەری ٠,٩٥٩ ، بەو پێیەش ئاستی کاریگەری بڕگەکە بەهێزە.

بڕگەی ژمارە (١) بە پلەی دووەم دێت کە جەخت لەوە دەکاتەوە "بەدواداچوون بۆ زانیارییەکان دەکەم و ڕێوشوێنە یاساییەکان دەگرمەبەر." نێوەندی ژمێرەیی بڕگەکە ٣,٣٤ و لادانی پێوەرییەکەی ٠,٩١٦ ئەوەش وایکردووە ئاستی کاریگەری بڕگەکە مامناوەند بێت.

بڕگەی ژمارە (٦) کە دەڵێ "لە ڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەوە هەوڵی جوڵاندنی دۆسییەکان دەدەم." بە پلەی سێیەم دێت، نێوەندی ژمێرەییەکەی ٣,٣٣ و لادانی پێوەرییەکەی ٠,٩٨٧ ئەمەش ئاستێکی کاریگەری مامناوەندی بە بڕگەکە بەخشیوە.

بڕگەی ژمارە (١٠) بە پلەی چوارەم دێت کە ئاماژە بەوە دەدات "هۆکاری ڕاگەیاندنی جیاواز بەکاردەهێنم بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی." نێوەندی ژمێرەیی بڕگەکە بریتییە لە ٣,٢٧ و لادانی پێوەرییەکەی ٠,٩٧٦ بەوەش بڕگەکە ئاستێکی کاریگەری مامناوەندی هەیە.

بڕگەی ژمارە (٢) بە پلەی پێنجەم دێت کە تیایدا هاتووە "لەگەڵ هاوکارەکانم لە پەرلەمان تاوتوێی هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی دەکەم." نێوەندی ژمێرەییەکەی ٣,٢٣ و لادانی پێوەرییەکەی ١,٠٢١ بەوەش ئاستی کاریگەری بڕگەکە مامناوەندە.

بڕگەی ژمارە (٨) بە پلەی شەشەم دێت کە ئاماژە دەدا بەوەی "هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵەکان وا دەکات بەشداری چالاکییە جەماوەرییەکان بکەم." نێوەندی ژمێرەییەکەی ٣,١٥ و لادانی پێوەرییەکەی ١,١٦٣ بەهەمانشێوە ئەم بڕگەیەش ئاستی کاریگەرێتییەکەی مامناوەندە.

بڕگەی ژمارە (٤) کە پلەی حەوتەمی ئەم تەوەرەیەی گرتووە و تیایدا دەڵێت "پرسیار ئاراستەی حکومەت دەکەم و داوای روونکردنەوە دەکەم." نێوەندی ژمێرەیی بڕگەکە ٣,١١یە و لادانی پێوەرییەکەی ١,٠٣٥ و ئاستی کاریگەری بڕگەکە مامناوەندە.

پلەی هەشتەم کە بەر بڕگەی ژمارە (٥) دەکەوێت تیایدا ئاماژە بەوە دەدا "وەزیر و لایەنی پەیوەندیدار بانگهێشت دەکەم بۆ پەرلەمان." نێوەندی ژمێرەیی بڕگەکە ٢,٨٦ و لادانی پێوەرییەکەی ١,٠٧٩ بەمەش بڕگەکە ئاستێکی کاریگەری مامناوەندی هەیە.

پلەی پێش کۆتایی کە پلەی نۆیەمە بۆ بڕگەی ژمارە (٣)ە و تیایدا هاتووە "وا دەکات پڕۆژە یاسا پێشکەش بکەم بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی." نێوەندی ژمێرەییەکەی ٢,٦٦ و لادانی پێوەرییەکەی ١,٠٠٣ یە بەوەش ئاستێکی کاریگەری مامناوەندی هەیە.

بڕگەی ژمارە (٩) بە پلەی دەیەم هاتووە کە دەڵێ "لە هەژماری خۆم لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی جارێکی تر هەواڵەکان بڵاودەکەمەوە." نێوەندی ژمێرەیی بڕگەکە ٢,٤٤ و لادانی پێوەرییەکەی ١,١١٨ بەمەش بەراورد بە بڕگەکانی تری تەوەرەکە کەمترین کاریگەری هەبووە لەسەر رەفتاری پەرلەمانتاران و ئاستێکی نزمی هەیە.

بە وردبوونەوە لە ئەنجامی بڕگەکانی ئەم تەوەرەیە دەردەکەوێت، پەرلەمانتاران لە ئەنجامی پشتبەستن بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، هەندێک رەفتاریان نواندووە لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، کە زیاتر رەفتارەکان بە ئاراستەی دروستکردنی فشار و کۆدەنگی بووە و کەمتر بە ئاراستەی کاری پەرلەمانیی بووە وەکو پێشکەشکردنی پڕۆژەیاسا، رەنگە ئەوەیش هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە پەرلەمانتاران زۆر دڵنیانین لەو زانیارانەی کەناڵەکان لەبارەی پرسەکانی گەندەڵیی دارایی بڵاویدەکەنەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٩).

**خشتەی ژمارە (١٩)**

**پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵەکان لە نواندنی رەفتاردا**

| ژ | بڕگەکان | بژاردەکان | ژ | % | ن.ژ | لا.پ | ئاست | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | وا دەکات هەوڵی دروستکردنی فشار و پێکهێنانی کۆدەنگی بدەم. | هەمیشە | ١٠ | ١٣,٧ | ٣,٤٧ | ٠,٩٥٩ | بەهێز | ١ |
| | | زۆرجار | ٢٨ | ٣٨,٤ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢١ | ٢٨,٨ | | | | |
| | | کەمجار | ١٤ | ١٩,٢ | | | | |
| | | هەرگیز | - | - | | | | |
| ١ | بەدواداچوون بۆ زانیارییەکان دەکەم و رێوشوێنە یاساییەکان دەگرمەبەر. | هەمیشە | ٥ | ٦,٨ | ٣,٣٤ | ٠,٩١٦ | مامناوەند | ٢ |
| | | زۆرجار | ٣٠ | ٤١,١ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٥ | ٣٤,٢ | | | | |
| | | کەمجار | ١١ | ١٥,١ | | | | |
| | | هەرگیز | ٢ | ٢,٧ | | | | |
| ٦ | لە رێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەوە هەوڵی جوڵاندنی دۆسییەکان دەدەم. | هەمیشە | ٨ | ١١,٠ | ٣,٣٣ | ٠,٩٨٧ | مامناوەند | ٣ |
| | | زۆرجار | ٢٦ | ٣٥,٦ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٢ | ٣٠,١ | | | | |
| | | کەمجار | ١٦ | ٢١,٩ | | | | |
| | | هەرگیز | ١ | ١,٤ | | | | |
| | هۆکاری راگەیاندنی جیاواز | هەمیشە | ٨ | ١١,٠ | | | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | بەکاردەهێنم بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی. | زۆرجار | ٢١ | ٢٨,٨ | ٣,٢٧ | ٠,٩٧٦ | مامناوەند | ٤ |
| | | هەندێکجار | ٢٩ | ٣٩,٧ | | | | |
| | | کەمجار | ١٣ | ١٧,٨ | | | | |
| | | هەرگیز | ٢ | ٢,٧ | | | | |
| ٢ | لەگەڵ هاوکارەکانم لە پەرلەمان تاوتوێی هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی دەکەم. | هەمیشە | ٦ | ٨,٢ | ٣,٢٣ | ١,٠٢١ | مامناوەند | ٥ |
| | | زۆرجار | ٢٦ | ٣٥,٦ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٤ | ٣٢,٩ | | | | |
| | | کەمجار | ١٣ | ١٧,٨ | | | | |
| | | هەرگیز | ٤ | ٥,٥ | | | | |
| ٨ | وا دەکات بەشداری چالاکییە جەماوەرییەکان بکەم. | هەمیشە | ١٠ | ١٣,٧ | ٣,١٥ | ١,١٦٣ | مامناوەند | ٦ |
| | | زۆرجار | ١٩ | ٢٦,٠ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٢ | ٣٠,١ | | | | |
| | | کەمجار | ١٦ | ٢١,٩ | | | | |
| | | هەرگیز | ٥ | ٨,٢ | | | | |
| ٤ | پرسیار ئاراستەی حکومەت دەکەم. | هەمیشە | ٥ | ٦,٨ | ٣,١١ | ١,٠٣٥ | مامناوەند | ٧ |
| | | زۆرجار | ٢٤ | ٣٢,٩ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٢ | ٣٠,١ | | | | |
| | | کەمجار | ١٨ | ٢٤,٧ | | | | |
| | | هەرگیز | ٤ | ٥,٥ | | | | |
| 5 | وەزیر و لایەنی پەیوەندیدار بانگهێشت دەکەم بۆ پەرلەمان. | هەمیشە | ٤ | ٥,٥ | ٢,٨٦ | ١,٠٧٩ | مامناوەند | 8 |
| | | زۆرجار | ١٨ | ٢٤,٧ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٤ | ٣٢,٩ | | | | |
| | | کەمجار | ١٨ | ٢٤,٧ | | | | |
| | | هەرگیز | ٩ | ١٢,٣ | | | | |
| ٣ | وا دەکات پڕۆژەیاسا پێشکەش بکەم بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی. | هەمیشە | ٢ | ٢,٧ | ٢,٦٦ | ١,٠٠٣ | مامناوەند | ٩ |
| | | زۆرجار | ١٤ | ١٩,٢ | | | | |
| | | هەندێکجار | ٢٢ | ٣٠,١ | | | | |
| | | کەمجار | ٢٧ | ٣٧,٠ | | | | |
| | | هەرگیز | ٨ | ١١,٠ | | | | |
| ٩ | لە هەژماری خۆم لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی جارێکی تر هەواڵەکان بڵاودەکەمەوە. | هەمیشە | ٤ | ٥,٥ | ٢,٤٤ | ١,١١٨ | نزم | ١٠ |
| | | زۆرجار | ٩ | ١٢,٣ | | | | |
| | | هەندێکجار | ١٧ | ٢٣,٣ | | | | |
| | | کەمجار | ٢٨ | ٣٨,٤ | | | | |
| | | هەرگیز | ١٥ | ٢٠,٥ | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | **٣,٠٨** | **١,٠٢٦** | **مامناوەند** | |

**٥- ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە سەرجەم تەوەرەکاندا:**

بە وردبوونەوە لە زانیارییەکانی پەیوەست بە پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، دەردەکەوێت کە کاریگەری هەواڵەکان لەسەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتاران بە پلەی یەکەم دێت؛ بە پلەی دووەمیش تەوەرەی ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتارانە بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە نواندنی رەفتاردا؛ پلەی سێیەم و کۆتاییش ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتارانە بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەکو سەرچاوەی زانیاریی؛ ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان زیاتر کاریگەری کردووەتە سەر هەست و

سۆزی پەرلەمانتاران؛ هەروەها هەندێکجار وەکو سەرچاوەی زانیاریی پشتیان پێ بەستووە؛ بەهەمانشێوە هەندێکجاریش لە نواندنی رەفتاردا پشتیان پێ بەستووە؛ بەگشتی ئاستی پشتبەستن لە هەر سێ تەوەرەکە لە یەکترەوە نزیکە و بە کۆی گشتی هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی، بەشێوازێکی "مامناوەند" لە لایەن پەرلەمانتارانەوە پشتی پێ بەستراوە لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا؛ بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٠).

**خشتەی ژمارە (٢٠)**

**ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی لە سەرجەم تەوەرەکاندا**

| تەوەرەکان | جۆری پشتبەستن | ن.ژ | لا.پ | ئاست | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | زانیاریی پەرلەمانتاران | ٢,٦٣ | ٠,٨٨٢ | مامناوەند | ٣ |
| دووەم | ویژدانی پەرلەمانتاران | ٣,٧٧ | ١,٠١٠ | بەهێز | ١ |
| سێیەم | رەفتاری پەرلەمانتاران | ٣,٠٨ | ١,٠٢٦ | مامناوەند | ٢ |
| **کۆی گشتی** | | **٣,١٦** | **٠,٩٧٢** | **مامناوەند** | |

**٦- جیاوازییە ئامارییەکان لە وەڵامی لێتوێژەراندا:**

أ- جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی رەگەز:

لە رێگەی تاقیکردنەوەی (T) دەردەکەوێت کە لە هەر سێ تەوەرەی یەکەم و تەوەرەی دووەم و تەوەرەی سێیەم، کە تایبەتن بە ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە رووی زانیاریی و ویژدانی و رەفتارییەوە لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە وەڵامی لێتوێژەراندا بە گوێرەی جیاوازی رەگەز؛ چونکە بەهای ئاماژە بۆ تەوەرەی زانیاریی ٠,٧١٣ و بۆ ویژدانی ٠,٢٠٥ و بۆ رەفتاری ٠,٥١٠ یە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەهای ئاماژە لە هەر سێ تەوەرەکەدا، زیاترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ بە واتای ئەوەی جیاوازی رەگەزی پەرلەمانتاران، هیچ جیاوازییەکی دروست نەکردووە لە پشتبەستنیان بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی؛ واتە پەرلەمانتار لە هەر رەگەزێک بێت، نێر بێت یان مێ بێت، وەکو یەک پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستن لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؛ لێرەدا بەهای (T) بۆ زانیاریی بریتییە لە ٠,٢٧٥ و بۆ ویژدانی بریتییە لە ٠,٥٩٠ و بۆ رەفتاری ٠,١٢٦ ە.

هەروەها نێوەندی ژمێرەیی رەگەزی نێر بۆ ئاستی زانیاریی ٢,٦٥ و لادانی پێوەری ٠,٦٢١ ە؛ بۆ رەگەزی مێ نێوەندی ژمێرەیی ٢,٦٠ و لادانی پێوەری ٠,٥٣١ ە.

بۆ ئاستی ویژدانی، نێوەندی ژمێرەیی رەگەزی نێر ٣,٤٢ و لادانی پێوەری ٠,٥٧٤ ە؛ هەروەها بۆ رەگەزی مێ نێوەندی ژمێرەیی ٣,٣٣ و لادانی پێوەری ٠,٦٥٥ ە.

لەسەر ئاستی رەفتاری، نێوەندی ژمێرەیی رەگەزی نێر ٣,٠٩ یە و لادانی پێوەری ٠,٧٤٢ ە؛ بۆ رەگەزی مێ نێوەندی ژمێرەیی ٣,٠٦ و لادانی پێوەری ٠,٨٣٤ ە؛ بڕوانە خشتەی ژمارە (٢١).

**خشتەی ژمارە (٢١)**

**خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی رەگەزی لێتوێژەران**

| تەوەرەکان | رەگەز | ن.ژ | لا.پ | بەهای (T) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| زانیاریی پەرلەمانتاران | نێر | ٢,٦٥ | ٠,٦٢١ | ٠,٢٧٥ | ٠,٧١٣ |
| | مێ | ٢,٦٠ | ٠,٥٣٧ | | |
| ویژدانی پەرلەمانتاران | نێر | ٣,٤٢ | ٠,٥٧٤ | ٠,٥٩٠ | ٠,٢٠٥ |
| | مێ | ٣,٣٣ | ٠,٦٥٥ | | |
| رەفتاری پەرلەمانتاران | نێر | ٣,٠٩ | ٠,٧٤٢ | ٠,١٢٦ | ٠,٥١٠ |
| | مێ | ٣,٠٦ | ٠,٨٣٤ | | |

ب- جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی تەمەن:

لە رێگەی تاقیکردنەوەی (F) دەردەکەوێت کە لە هەر سێ تەوەرەی یەکەم و تەوەرەی دووەم و تەوەرەی سێیەم، کە تایبەتن بە ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە رووی زانیاریی و ویژدانی و رەفتارییەوە لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی‌دا، هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی جیاوازی تەمەن؛ چونکە بەهای ئاماژە بۆ تەوەرەی زانیاریی ٠,٠٧٢ و بۆ ویژدانی ٠,٤٦٤ و بۆ رەفتاری ٠,٢٣٥ ە؛ ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەهای ئاماژە لە هەر سێ تەوەرەکەدا، زیاترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ بە واتای ئەوەی جیاوازی تەمەنی پەرلەمانتاران، هیچ جیاوازییەکی دروست نەکردووە لە پشتبەستنیان بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی؛ واتە پەرلەمانتار لە هەر تەمەنێکدا بێت، پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستێت لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی‌دا؛ لێرەدا بەهای (F) بۆ زانیاریی بریتییە لە 2.442 و بۆ ویژدانی بریتییە لە ٠,٨٦٤ و بۆ رەفتاری ١,٤٥٥ ە.

لەسەر ئاستی زانیاریی نێوەندی ژمێرەیی بۆ تەمەنی ٢٥-٣٤ ساڵ، بریتییە لە ٢,٤٠ و لادانی پێوەری ٠,٦١٤ یە؛ هەروەها بۆ تەمەنی ٣٥-٤٤ ساڵ، نێوەندی ژمێرەیی ٢,٨١ و لادانی پێوەری ٠,٥٣٩ یە؛ بۆ تەمەنی ٤٥-٥٥ ساڵ، نێوەندی ژمێرەیی بریتییە لە ٢,٧٠ و لادانی پێوەری ٠,٥٤٨ ە؛ هەروەها بۆ تەمەنی ٥٥ سەروتر، نێوەندی ژمێرەیی بریتییە لە ٢,٤٠ و لادانی پێوەری ٠,٧١٠یە.

لەسەر ئاستی ویژدانی، نێوەندی ژمێرەیی بۆ تەمەنی ٢٥-٣٤ ساڵ، بریتییە لە ٣,٣٦ و لادانی پێوەری ٠,٦٦٢ یە؛ هەروەها بۆ تەمەنی ٣٥-٤٤ ساڵ، نێوەندی ژمێرەیی ٣,٢٩ و لادانی پێوەری ٠,٦٥٨ یە؛ بۆ تەمەنی ٤٥-٥٥ ساڵ، نێوەندی ژمێرەیی بریتییە لە ٣,٤٩ و لادانی پێوەری ٠,٤٣٧ ە؛ هەروەها بۆ تەمەنی ٥٥ ساڵ سەروتر، نێوەندی ژمێرەیی بریتییە لە ٣,٧٠ و لادانی پێوەری ٠,٥٢٤ یە.

لەسەر ئاستی رەفتاری، نێوەندی ژمێرەیی بۆ تەمەنی ٢٥-٣٤ ساڵ، بریتییە لە ٣,٠٨ و لادانی پێوەری ٠,٩٥٣ یە؛ هەروەها بۆ تەمەنی ٣٥-٤٤ ساڵ، نێوەندی ژمێرەیی ٣,١٣ و لادانی پێوەری ٠,٦٧٠ یە؛ بۆ تەمەنی ٤٥-٥٥ ساڵ، نێوەندی ژمێرەیی بریتییە لە ٢,٨٨ و لادانی پێوەری ٠,٦٣٢ ە؛ هەروەها بۆ تەمەنی ٥٥ ساڵ سەروتر، نێوەندی ژمێرەیی بریتییە لە ٣,٦٦ و لادانی پێوەری ٠,٧٦٣ یە؛ بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٢).

**خشتەی ژمارە (٢٢)**

**خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی تەمەنی لێتوێژەران**

| تەوەرەکان | تەمەن | ن.ژ | لا.پ | بەهای (F) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| زانیاریی پەرلەمانتاران | ٢٥-٣٤ ساڵ | ٢,٤٠ | ٠,٦١٤ | ٢,٤٤٢ | ٠,٠٧٢ |
| | ٣٥-٤٤ ساڵ | ٢,٨١ | ٠,٥٣٩ | | |
| | ٤٥-٥٥ ساڵ | ٢,٧٠ | ٠,٥٤٨ | | |
| | ٥٥ سەروتر | ٢,٤٠ | ٠,٧١٠ | | |
| ویژدانی پەرلەمانتاران | ٢٥-٣٤ ساڵ | ٣,٣٦ | ٠,٦٦٢ | ٠,٨٦٤ | ٠,٤٦٤ |
| | ٣٥-٤٤ ساڵ | ٣,٢٩ | ٠,٦٥٨ | | |
| | ٤٥-٥٥ ساڵ | ٣,٤٩ | ٠,٤٣٧ | | |
| | ٥٥ سەروتر | ٣,٧٠ | ٠,٥٢٤ | | |
| ڕەفتاری پەرلەمانتاران | ٢٥-٣٤ ساڵ | ٣,٠٨ | ٠,٩٥٣ | ١,٤٥٥ | ٠,٢٣٥ |
| | ٣٥-٤٤ ساڵ | ٣,١٣ | ٠,٦٧٠ | | |
| | ٤٥-٥٥ ساڵ | ٢,٨٨ | ٠,٦٣٢ | | |
| | ٥٥ سەروتر | ٣,٦٦ | ٠,٧٦٣ | | |

ج- جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی بڕوانامە:

لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی (F) دەردەکەوێت کە لە هەردوو تەوەرەی یەکەم و تەوەرەی دووەم، کە تایبەتن بە ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ڕووی زانیاریی و ویژدانییەوە لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی‌دا، هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە وەڵامی لتوێژەراندا بە گوێرەی جیاوازی بڕوانامە، چونکە بەهای ئاماژە بۆ تەوەرەی زانیاریی بریتییە لە ٠,١٢٨ و بۆ تەوەرەی ویژدانی بریتییە لە ٠,٣٩٧ ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەهای ئاماژە لەو دوو تەوەرەدا، زیاترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ ؛ ئەوەش بە واتای ئەوە دێت کە جیاوازی بڕوانامە لە ڕووی زانیاریی و ویژدانییەوە، هیچ جیاوازییەکی دروست نەکردووە لە پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان؛ واتە پەرلەمانتار هەر بڕوانامەیەکی هەبێت، پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستێت لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی‌دا؛ لێرەدا بەهای (F) بۆ تەوەرەی زانیاریی بریتییە لە١,٩٦١ و بۆ تەوەرەی ویژدانی بریتییە لە ١,٠٠٣.

تەوەرەی سێیەم کە تایبەتە بە ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ڕووی ڕەفتارییەوە لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی‌دا، دەردەکەوێت جیاوازی هەیە لە وەڵامی لێتوێژەراندا؛ بەو پێیەی بەهای ئاماژەی ئەم تەوەرەیە بریتییە لە ٠,٠٤٤ کە کەمترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ ؛ ئەو جیاوازییە بەگوێرەی تاقیکردنەوەی (LSD) لە بەرژەوەندی ئەوانەیە کە بڕوانامەی دیبلۆمیان هەیە؛ چونکە بەرزترین نێوەندی ژمێرەییان هەیە لە تەوەرەکەدا کە ٣,٧٠ یە؛ دواتر ئەو پەرلەمانتارانەی بڕوانامەی بنەڕەتییان هەیە، بە نێوەندی ژمێرەیی ٣,٣٣ بە پلەی دووەم دێن؛ بە دوای ئەوەدا پەرلەمانتارانی هەڵگری برانامەی خوێندنی باڵا، بە نێوەندی ژمێرەیی ٣,١٨ بە پلەی سێیەم دێن؛ هەروەها پەرلەمانتارانی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بە نێوەندی ژمێرەیی ٢,٩١ بە پلەی چوارەم دێن؛ لەم تەوەرەدا بەهای (F) بریتییە لە ٢,٨٤٩ بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٣).

**خشتەی ژمارە (٢٣)**

**خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی بڕوانامەی لێتوێژەران**

| تەوەرەکان | بڕوانامە | ن.ژ | لا.پ | بەهای (F) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| زانیاریی پەرلەمانتاران | بنەڕەتی | ٣,١٦ | ٠,٣٢١ | ١,٩٦١ | ٠,١٢٨ |
| | دیبلۆم | ٢,٣٢ | ٠,٦٨١ | | |
| | بەکالۆریۆس | ٢,٧٠ | ٠,٥٨٨ | | |
| | خوێندنی باڵا | ٢,٥٣ | ٠,٥٤٠ | | |
| ویژدانی پەرلەمانتاران | بنەڕەتی | ٣,٤٣ | ٠,٧٥٠ | ١,٠٠٣ | ٠,٣٩٧ |
| | دیبلۆم | ٣,٧٣ | ٠,٤٧١ | | |
| | بەکالۆریۆس | ٣,٣٤ | ٠,٥٣٤ | | |
| | خوێندنی باڵا | ٣,٣٦ | ٠,٧٥٥ | | |
| ڕەفتاری پەرلەمانتاران | بنەڕەتی | ٣,٣٣ | ٠,٥٥٠ | ٢,٨٤٩ | ٠,٠٤٤ |
| | دیبلۆم | ٣,٧٠ | ٠,٩٤٥ | | |
| | بەکالۆریۆس | ٢,٩١ | ٠,٦٩٣ | | |
| | خوێندنی باڵا | ٣,١٨ | ٠,٧٦٩ | | |

د- جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی فراکسیۆن:

لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی (F) دەردەکەوێت، کە لە هەردوو تەوەرەی یەکەم و تەوەرەی سێیەم کە تایبەتن بە بە ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەکو سەرچاوەی زانیاریی و نواندنی ڕەفتار لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە وەڵامی لێتوێژەراندا بەگوێرەی جیاوازی فراکسیۆن؛ چونکە بەهای ئاماژە بۆ تەوەرەی زانیاریی بریتییە لە ٠,٦٥١ و بۆ تەوەرەی ڕەفتاری بریتییە لە ٠,٢٦٠ ؛ ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەهای ئاماژە لەو دوو تەوەرەدا، زیاترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ ؛ ئەوەش بە واتای ئەوە دێت کە جیاوازی فراکسیۆن هیچ جیاوازییەکی دروست نەکردووە لە وەڵامەکانی لێتوێژەراندا؛ واتە پەرلەمانتار لە هەر فراکسیۆنێک بێت، بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی و نواندنی ڕەفتار لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی داراییدا، پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستێت؛ لێرەدا بەهای (F) بۆ تەوەرەی زانیاریی بریتییە لە ٠,٧٤٦ و بۆ تەوەرەی ڕەفتاری بریتییە لە ١,٣٠٠.

تەوەرەی دووەم کە تایبەتە بە کاریگەری ویژدانی بەهۆی پشتبەستن بە هەواڵی گەندەڵی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، دەردەکەوێت جیاوازی هەیە لە وەڵامی لێتوێژەراندا؛ بەو پێیەی بەهای ئاماژە لەم تەوەرەدا بریتییە لە ٠,٠٤٠ کە ئەمەش کەمترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ ؛ ئەو جیاوازییەش بە گوێرەی تاقیکردنەوەی (LSD) لە بەرژەوەندی فراکسیۆنی ئازادی دایە؛ چونکە بەرزترین نێوەندی ژمێرەیی هەیە لە تەوەرەکەدا کە ٤,٢٠ ە، فراکسیۆنی ئازادی، فراکسیۆنی حزبی شیوعی کوردستانە و تەنها لە یەک پەرلەمانتار پێکهاتووە؛ کە وەکو فراکسیۆنێکی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان خۆی ناساندووە، بەپێی ئەنجامەکانی تەوەرەی دووەم ئەو هەواڵانەی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بڵاودەبنەوە تایبەت بە گەندەڵیی دارایی، کاریگەری لەسەر ویژدانی ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی ئازادی دادەنێت؛ بە پلەی یەکەم و هاوسۆزی لەگەڵ دروست دەبێت.

بە پلەی دووەم پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان دێن، بە نێوەندی ژمێرەیی ٣,٨٨ ؛ هەرچەندە بزوتنەوەی گۆڕان بە فەرمی بەشداری لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کردووە، بەڵام زۆرینەی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکەی هەر لەسەر شێوازی ئۆپۆزسیۆن کار دەکەن؛ هەر بۆیە دەبینین

هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، زیاتر کاریگەری کردووەتە سەر ویژدانیان و هاوسۆزن لەگەڵ ئەو هەواڵانەی لەبارەی گەندەڵیی دارایی بڵاودەکرێنەوە.

پەرلەمانتارە سەربەخۆکان، بە نێوەندی ژمێرەیی ٣,٧٣ بە پلەی سێیەم دێن لەوەی هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی کاریگەری کردووەتە سەر ویژدانیان؛ ئەمانیش وەکو پەرلەمانتاری ئۆپۆزسیۆن کار دەکەن و پێشتر بەشێک بوون لە فراکسیۆنی نەوەی نوێ و دواتر جیابوونەوە.

فراکسیۆنەکانی کۆمەڵ و یەکگرتوو، هەردووکیان یەک نێوەندی ژمێرەییان هەیە کە ٣,٦٥ ە ؛ بەڵام بەگوێرەی لادانی پێوەری، فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پێشە؛ هەر بۆیە فراکسیۆنی یەکگرتوو بە پلەی چوارەم و فراکسیۆنی کۆمەڵ بە پلەی پێنجەم دێت؛ ئەمانیش دیسان دوو فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنن لە پەرلەمانی کوردستاندا.

پلەی شەشەم بە نێوەندی ژمێرەیی ٣,٦٣ بۆ فراکسیۆنی نەوەی نوێ یە، کە ئەویش یەکێکە لە فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکان؛ فراکسیۆنی پارتی بە نێوندی ژمێرەیی ٣,٢٥ بە پلەی حەوتەم و پەرلەمانتارانی پێکهاتەکان بە نێوەندی ژمێرەیی ٣,١٨ بە پلەی هەشتەم و فراکسیۆنی یەکێتی بە نێوەندی ژمێرەیی ٣,١٤ بە پلەی نۆیەم دێت. لێرەدا بەهای (F) بۆ تەوەرەی ویژدانی بریتییە لە ٢,١٩١.

بەپێی ئەو ئەنجامانە دەردەکەوێت، هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، زیاتر کاریگەری کردووەتە سەر ویژدانی ئەو پەرلەمانتارانەی کە لە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنن؛ لە بەرامبەردا ئەو پەرلەمانتارانەی حزبەکانیان لە حکومەتدایە، دەردەکەوێت هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی لە رووی ویژدانییەوە، کەمتر کاریگەری لەسەر دروستکردوون، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٤).

**خشتەی ژمارە (٢٤)**

**خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی فراکسیۆنی لێتوێژەران**

| تەوەرەکان | فراکسیۆن | ن.ژ | لا.پ | بەهای (F) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| زانیاریی پەرلەمانتاران | پارتی | ٢,٦٧ | ٠,٦٦٥ | ٠,٧٤٦ | ٠,٦٥١ |
| | یەکێتی | ٢,٤٢ | ٠,٦٠١ | | |
| | گۆڕان | ٢,٧٥ | ٠,٧١٩ | | |
| | کۆمەڵ | ٢,٨٨ | ٠,٤٠٢ | | |
| | پێکهاتەکان | ٢,٥٥ | ٠,٣٥٥ | | |
| | یەکگرتوو | ٣,٠٥ | ٠,٠٥٧ | | |
| | نەوەی نوێ | ٢,٥٠ | ٠,٧٢١ | | |
| | سەربەخۆ | ٢,٤٠ | ٠,٦٢٤ | | |
| | ئازادی | ٢,٦٠ | ٠ | | |
| ویژدانی پەرلەمانتاران | پارتی | ٣,٢٥ | ٠,٦٣٣ | ٢,١٩١ | ٠,٠٤٠ |
| | یەکێتی | ٣,١٤ | ٠,٦٤٩ | | |
| | گۆڕان | ٣,٨٨ | ٠,٢٧٤ | | |
| | کۆمەڵ | ٣,٦٥ | ٠,٤٣٧ | | |
| | پێکهاتەکان | ٣,١٨ | ٠,٥٠١ | | |
| | یەکگرتوو | ٣,٦٥ | ٠,٢٣٨ | | |
| | نەوەی نوێ | ٣,٦٣ | ٠,٣٧٨ | | |
| | سەربەخۆ | ٣,٧٣ | ٠,٦٤٢ | | |
| | ئازادی | ٤,٢٠ | ٠ | | |
| ڕەفتاری پەرلەمانتاران | پارتی | ٢,٨٥ | ٠,٦٨٨ | ١,٣٠٠ | ٠,٢٦٠ |
| | یەکێتی | ٣,٠١ | ٠,٧٧٣ | | |
| | گۆڕان | ٣,٥٦ | ٠,٨٥٥ | | |
| | کۆمەڵ | ٣,٣٦ | ٠,٧٤٢ | | |
| | پێکهاتەکان | ٢,٨٢ | ٠,٨٤٤ | | |
| | یەکگرتوو | ٣,٢٠ | ٠,٣٣٦ | | |
| | نەوەی نوێ | ٣,٨٠ | ٠,٩٥٣ | | |
| | سەربەخۆ | ٣,٢٦ | ٠,٩٦٠ | | |
| | ئازادی | ٣,٣٠ | ٠ | | |

هـ جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی ئامرازی تەماشاکردن:

لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی (F) دەردەکەوێت لە تەوەرەی یەکەمدا کە تایبەتە بە ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەکو سەرچاوەی زانیاریی لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، جیاوازی هەیە لە وەڵامی لێتوێژەراندا؛ بەو پێیەی بەهای ئاماژە لەم تەوەرەدا بریتییە لە ٠,٠٠٥ کە ئەمەش کەمترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ ؛ ئەو جیاوازییەش بەگوێرەی تاقیکردنەوەی (LSD) لە بەرژەوەندی ئەوانەیە کە ئامرازی کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن بۆ تەماشاکردنی تەلەفزیۆن؛ چونکە بەرزترین نێوەندی ژمێرەیی هەیە لە تەوەرەکەدا، کە ٣,٥٥ ە؛ ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو پەرلەمانتارانەی کە ئامرازی کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن زیاتر وەکو سەرچاوەی زانیاریی پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستن لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت کە ئەو پەرلەمانتارانە بە مەبەستەوە کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن بۆ گەڕان بە دوای زانیارییەکانی پەیوەست بە

گەندەڵیی دارایی، چونکە کۆمپیوتەر بەراورد بە ئامرازەکانی دیکە، زیاتر کردەییترە بۆ گەڕان و کۆکردنەوە و تۆمارکردنی زانیاری لەبارەی بابەتە جیاوازەکان.

هەرچی ئەو پەرلەمانتارانەی کە خودی ئامرازی تەلەڤزیۆن بەکاردەهێنن، بە پلەی دووەم دێن؛ نێوەندی ژمێرەییان لە تەوەرەکەدا ٢,٨٣یە؛ رەنگە ئەو پەرلەمانتارانەش بە مەبەستەوە ئەو ئامرازە بەکاربهێنن بۆ ئاگاداربوون لە دوایین زانیاریی و هەواڵەکانی پەیوەست بە گەندەڵیی دارایی؛ بەڵام ئەو پەرلەمانتارانەی مۆبایل بەکاردەهێنن، کەمترین نێوەندی ژمێرەییان هەیە لە تەوەرەکەدا کە بریتییە لە ٢,٤٩ ؛ رەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت ئەو پەرلەمانتارانەی مۆبایل بەکاردەهێنن، بەشێوەیەکی گشتی گەڕان دەکەن بە نێو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەبێ ئەوەی مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراویان هەبێت؛ لەم تەوەرەیەدا بەهای (F) بریتییە لە ٥,٦٢٠.

هەرچی سەبارەت بە تەوەرەی دووەم و تەوەرەی سێیەمە کە تایبەتن بە ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە رووی ویژدانی و رەفتارییەوە لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؛ دەردەکەوێت هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە وەڵامی لتوێژەراندا بەگوێرەی جیاوازی ئامرازی تەماشاکردن؛ چونکە بەهای ئاماژە بۆ تەوەرەی ویژدانی بریتییە لە ٠,٩٠٣ و بۆ تەوەرەی رەفتاری بریتییە لە ٠,١٠٣ ؛ ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەهای ئاماژە لەو دوو تەوەرەدا، زیاترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥، ئەوەش بە واتای ئەوە دێت کە جیاوازی ئامرازی تەماشاکردن لە رووی ویژدانی و رەفتارییەوە، هیچ جیاوازییەکی دروست نەکردووە؛ واتە پەرلەمانتار هەر ئامرازێک بەکاربهێنێت، هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە رووی ویژدانییەوە کاریگەری لەسەر دروستکردوون و هەروەها پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستێت بۆ نواندنی رەفتار لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؛ لێرەدا بەهای (F) بۆ تەوەرەی ویژدانی بریتییە لە ٠,١٠٢ و بۆ تەوەرەی رەفتاری بریتییە لە ٢,٣٠٥، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٥).

**خشتەی ژمارە (٢٥)**

**خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی ئامرازی تەماشاکردن**

| تەوەرەکان | ئامراز | ن.ژ | لا.پ | بەهای (F) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| زانیاریی پەرلەمانتاران | تەلەڤزیۆن | ٢,٨٣ | ٠,٦١٨ | ٥,٦٢٠ | ٠,٠٠٥ |
| | مۆبایل | ٢,٤٩ | ٠,٥٢٣ | | |
| | کۆمپیوتەر | ٣,٥٥ | ٠,٦٣٦ | | |
| ویژدانی پەرلەمانتاران | تەلەڤزیۆن | ٣,٤٢ | ٠,٦٢٦ | ٠,١٠٢ | ٠,٩٠٣ |
| | مۆبایل | ٣,٣٨ | ٠,٥٩٦ | | |
| | کۆمپیوتەر | ٣,٢٥ | ٠,٤٩٤ | | |
| رەفتاری پەرلەمانتاران | تەلەڤزیۆن | ٣,٣٥ | ٠,٦٤٩ | ٢,٣٥٣ | ٠,١٠٣ |
| | مۆبایل | ٢,٩٤ | ٠,٧٩١ | | |
| | کۆمپیوتەر | ٣,٢٥ | ٠,١٠٦ | | |

و- جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی ماوەی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن:

لە رێگەی تاقیکردنەوەی (F) دەردەکەوێت لە تەوەرەی یەکەمدا کە تایبەتە بە ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەکو سەرچاوەی مەعریفی لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، جیاوازی هەیە لە وەڵامی لێتوێژەراندا؛ بەو پێیەی بەهای ئاماژە لەم تەوەرەدا بریتییە لە ٠,٠٤٠ کە ئەمەش کەمترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ ؛ ئەو جیاوازییەش بەگوێرەی تاقیکردنەوەی (LSD) لە

بەرژەوەندی ئەوانەیە کە لە ٣ کاتژمێر بۆ سەرەوە تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەن؛ چونکە بەرزترین نێوەندی ژمێرەیی هەیە لە تەوەرەکەدا کە ٣,٢٧ ە؛ ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت ئەو پەرلەمانتارانەی زیاتر تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەن، زیاتر وەکو سەرچاوەی زانیاریی پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستن لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی بەو پێیەی بەهۆی زۆری ماوەی تەماشاکردنەوە زانیاریی زیاتریان پێدەگات؛ بەڵام ئەو پەرلەمانتارانەی کەمتر تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەن، کەمتر پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستن لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؛ لەم تەوەرەیەدا بەهای (F) بریتییە لە ٢,٦٢٣.

لە تەوەرەی دووەم و تەوەرەی سێیەمدا کە تایبەتن بە ئاستی پشتبەستن بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە رووی ویژدانی و رەفتارییەوە لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە وەڵامی لتوێژەراندا بەگوێرەی جیاوازی ماوەی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن؛ چونکە بەهای ئاماژە بۆ تەوەرەی ویژدانی بریتییە لە ٠,٤٠٤ و بۆ تەوەرەی رەفتاری بریتییە لە ٠,٣٨٣ ؛ ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەهای ئاماژە لەو دوو تەوەرەدا زیاترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ ؛ ئەوەش بە واتای ئەوە دێت، کە جیاوازی ماوەی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن، هیچ جیاوازییەکی دروست نەکردووە لە نێوان پەرلەمانتاراندا لە رووی ویژدانی و رەفتارییەوە؛ واتە پەرلەمانتار لە هەر ماوەیەکدا تەماشای تەلەڤزیۆن بکات، هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە گەندەڵیی دارایی لە رووی ویژدانییەوە کاریگەری لەسەر دروست دەکات و هەروەها پشت بەزانیارییەکانی دەبەستێت بۆ نواندنی رەفتار لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؛ لێرەدا بەهای (F) بۆ تەوەرەی ویژدانی بریتییە لە ٠,٧٣٢ و بۆ تەوەرەی رەفتاری بریتییە لە ٠,٩٧٣، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٦).

**خشتەی ژمارە (٢٦)**

**خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی ماوەی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن**

| تەوەرەکان | ماوەی تەماشاکردن | ن.ژ | لا.پ | بەهای (F) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| زانیاریی پەرلەمانتاران | ١-٢ کاتژمێر | ٢,٦١ | ٠,٥٤٨ | ٢,٦٢٣ | ٠,٠٤٠ |
| | ٢-٣ کاتژمێر | ٢,٦٨ | ٠,٥٧٥ | | |
| | ٣ کاتژمێر زیاتر | ٣,٢٧ | ٠,٩٥٣ | | |
| ویژدانی پەرلەمانتاران | ١-٢ کاتژمێر | ٣,٤٢ | ٠,٦١٨ | ٠,٧٣٢ | ٠,٤٨٤ |
| | ٢-٣ کاتژمێر | ٣,٣٩ | ٠,٥٠٩ | | |
| | ٣ کاتژمێر زیاتر | ٣,٠٥ | ٠,٨٧٣ | | |
| رەفتاری پەرلەمانتاران | ١-٢ کاتژمێر | ٣,٠٨ | ٠,٨١٧ | ٠,٩٧٣ | ٠,٣٨٣ |
| | ٢-٣ کاتژمێر | ٢,٩٩ | ٠,٥٩٢ | | |
| | ٣ کاتژمێر زیاتر | ٣,٥٧ | ٠,١٠٥ | | |

## سێیەم: خستنەڕووی دەرئەنجامەکان و پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

### ١- دەرئەنجامەکان

پاش تاوتوێکردنی ورد بۆ داتا و زانیارییە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە، توێژەر بە چەند ئەنجامێک گەیشت:

١- ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان تا ڕادەیەکی باش پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستن لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا.

٢- ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان نابەستن و تێبینییان لەسەر هەواڵەکان هەیە، دیارترین ئەو تێبینیانە ئەوەیە، کە متمانەیان بەو زانیارییانە نییە کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەوبارەیەوە بڵاویدەکەنەوە.

٣- پەرلەمانتاران بەشێوەیەکی گشتیی بەئاستی "مامناوەند" لە ڕووی زانیاریی و ویژدانی و ڕەفتارییەوە پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستن، کە لە هەندێک ڕووەوە ئەو ئاستی پشت پێ بەستنە زیاترە و لە هەندێک ڕووی دیکەوە کەمترە.

٤- پەرلەمانتاران هەندێکجار وەکو سەرچاوەی زانیاریی پشت بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستن لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.

٥- لەسەر ئاستی ویژدانی هەواڵەکانی گەندەڵی دارایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، کاریگەری بەهێزی لەسەر پەرلەمانتاران هەبووە؛ دیارترین کات کە هەواڵەکان کاریگەرێتی لەسەر پەرلەمانتاران دروستکردووە و ئاسودەیی پێبەخشیوون، ئەو کاتە بووە کە هەواڵی دادگاییکردنی گەندەڵکاران و لێپێچینەوە لە دۆسییەکانی گەندەڵیی بڵاوکراوەتەوە؛ لە بەرامبەردا نیگەران بوون لەوەی کە قەبارەی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا، وەکو خۆی ناخرێتەڕوو.

٦- پەرلەمانتاران هەندێکجار پشت بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستن بۆ نواندنی ڕەفتار لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، کە زیاتر ڕەفتارەکان بە ئاراستەی دروستکردنی فشار و کۆدەنگی بووە و کەمتر بە ئاراستەی کاری پەرلەمانیی بووە وەکو پێشکەشکردنی پرۆژەیاسا.

٧- جیاوازییەکانی وەکو ڕەگەز و تەمەن، هیچ جیاوازییەکی دروست نەکردووە لە پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا؛ بەڵام جیاوازی بڕوانامە جیاوازی دروستکردووە، بە جۆرێک هەڵگرانی بڕوانامەی دیبلۆم لە لایەنی ڕەفتارییەوە، زیاتر پشتیان بە هەواڵەکان بەستووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی، دواتر هەڵگرانی بڕوانامەی بنەڕەتی.

٨- ئەو پەرلەمانتارانەی کە کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن زیاتر وەکو سەرچاوەی زانیاریی پشتیان بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەستووە، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت، کۆمپیوتەر ئامرازێکی کردەییترە بۆ گەڕان و کۆکردنەوەی زانیاریی؛ لە بەرامبەردا ئەو پەرلەمانتارانەی مۆبایل بەکاردەهێنن، کەمتر پشتیان بە هەواڵەکان بەستووە ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت، ئەو پەرلەمانتارانە بەشێوەیەکی گشتی گەڕان بەنێو

ماڵپەرەكانی ئینتەرنێت و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا دەكەن، بەبێ ئەوەی مەبەست و ئامانجێكی دیاریكراویان هەبێت.

٩- ئەو پەرلەمانتارانەی كە ماوەیەكی زیاتر تەماشای تەلەڤزیۆن دەكەن، زیاتر وەكو سەرچاوەی زانیاریی پشت بە هەواڵی كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان دەبەستن، بەڵام ئەو پەرلەمانتارانەی كەمتر تەماشای تەلەڤزیۆن دەكەن، كەمتر پشت بە هەواڵی كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان دەبەستن.

١٠- كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكانی وەكو "ئێن ئاڕ تی" و "سپێدە" كە لە لایەن حزبە ئۆپۆزسیۆنەكانەوە پاڵپشتی دەكرێن، زۆرترین ژمارەی هەواڵی گەندەڵیی داراییان بڵاوكردووەتەوە.

١١- زۆرینەی هەواڵەكانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی لە تەلەڤزیۆنە ئاسمانییە كوردییەكان، بە فۆڕمی (راپۆرت VT) ئامادەكراون.

